# گەلاوێژی نوێ

**گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە**

**بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەکات**

**ژمارە ٦٤ شوبات- ٢٠١٤**

**سەرنووسەر**
**عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی**

**سکرتێری نووسین**
**دانا فایەق**

**دیزاین**
**ئارام عەلی**

سلێمانی- بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ- ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر- گردی ئەندازیاران- نزیك هۆڵی ڕۆشنبیری

٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥

gelawejinwe@yahoo.com

*گوتاری جەستە لە ڕۆماندا ........ حەمە مەنتک ........ ٤
*مینیمالّیزم لەهەرادان ........ عەبدولخالق یەعقووبی ........ ٣٨
*کێ بکوژی خواجە نەسرەدینە؟ ........ ئارام سدیق ........ ٤٨
*شێرکۆ بێکەس و زمانی شیعر ........ نالّە حەسەن ........ ٥٦
*مەلەفی ئەلیس مۆنرۆ ........ ٦٢-١٠٦
*تاریکەسەلات ........ بریا کاکەسووری ........ ١٠٧
*مرۆڤێک سەری قورسە ........ سیروان کەریم ........ ١١١
*بەرپەنجەرە ........ و: بەختیار حەمەسوور ........ ١١٦

*وێنە و کوژاندنەوەی مێژوو …… موحسین ئەدیب …… ١٢٠
*ئەزموونی فۆکنەر، مارکیز، ئیکۆ، گراس …… و: ئیمان خودایی …… ١٢٤
*بابەخی فۆرم لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە …… و: بابەک سەحرانەوەرد …… ١٣٠
*پەیوەندیی گەلاوێژ و کتێبخانەی ئازادی …… دڵشاد محەمەد خدر …… ١٣٥
*چاوپێکەوتن لەگەڵ نیاز لە تیف - دا …… سازدانی: داستان بەرزان …… ١٤١
*ڕۆمانێکی کورت و زستانێکی سارد …… ئیدریس عەلی …… ١٤٨
*ژیانی ڕاستەقینەی ئەلیخاندرۆ مایتا …… ١٥٤
*دۆسیەی تایبەتی باسم ڕەسام …… ١٥٧-




# گوتاری جەستە لە ڕۆماندا

## (کازینۆی منداڵان)ـی کاروان عومەر کاکەسوور بە نموونە

**حەمە مەنتک**



توێژینەوە لە ڕۆماندا، لە پانتایی توێژینەوە و ڕەخنە لە ڕۆمانی کوردیدا لە چەند تەوەرەیەکی دیاریکراو و پاتەبووەوەدا دەخولێتەوە و خۆی دەرباز ناکات. ئەو توێژینەوە ئەکادیمیانەی لەبارەی ڕۆمانەوە نووسراون تاکوتەرای نەبێ زۆربەیان لە بابەتگەلی وەکو: کارەکتەر لە ڕۆماندا، ڕووداو لە ڕۆماندا، تەکنیکی ڕۆمان... تاد هەمیشە پاتە دەبنەوە. بۆ نموونە ڕەنگە لە سێ نامەی ماستەر پتر لە بارەی توخمی ڕووداوەوە نووسرابن، هەمووشیان لەو سەرچاوانەی بە کاریان بردوون هاوبەشن. ئەمە بۆ توخمی کارەکتەر و توخمەکانی دیکەیش هەر ڕاستە. لە دەرەوەی ئەکادیمیش هەوڵەکان زێتر خوێندنەوەی ڕۆمانن، نەک توێژینەوە لە ڕۆمان (بێگومان لێرەیش تاکوتەرا هەوڵی باش هەن.)

زۆر نووسین، لە بارەی توخمی کارەکتەرەوە نووسراون، بەڵام تاکو ئێستا نووسینێکم (لانیکەم خۆم) نەدیوە لە بارەی کارەکتەرسازییەوە لە ڕۆماندا نووسرابێت. مەبەستم هەوڵێک نەدراوە لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە لە گوتار و بوونی کارەکتەری کۆڵیبێتەوە. ئەم توێژینەوەیەم لەم چوارچێوەیەدا خۆی نمایش دەکا. هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە لە گوتاری کارەکتەر لە ڕۆمان بکۆڵێتەوە. واتا لەڕێی کەسایەتی (الشخصیە) و بەخشینی جەستەیەکی ماتریاڵەوە بە کارەکتەر هەوڵی خوێندەوەی کەسایەتیی کارەکتەر دەدەین. بۆ ئەمەیش دەبێ لایەنی سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی، ژینگەی کارەکتەر، شێوازی قسەکردن... تاد لەبەر چاو بێت. بۆ ئەمەیش هەوڵدەدەین لە سێ تەوەرە لێکۆڵینەوەکەمان دیاری بکەین:

1. پێکهاتەی کارەکتەر لەڕێی جۆری جەستە ناوی کارەکتەر، هەڵکەوتەی جەستەیی(کوێر، شەل، کورت، درێژ، بەهێز، لاواز... تا)، پێوەندی ناو و جەستەی کارەکتەر.
2. پێکهاتەی جەستە لە ڕێی شتەکانەوە: جلوبەرگ، بۆن، خواردنەوە، قسەکردن... تاد.
3. گوتاری جەستە و گوزارشتە دەلالییەکان: ڕووخسار (گرژ، پێکەنیناوی)، ڕەنگی چاوی، ڕەنگی قژ، چۆنیەتیی ڕۆیشتن، جووڵەی دەست...تاد.

کارەکتەرسازیی واتا خەلق کردنی کارەکتەر، وەگێڕ (الروای- السارد) کاتێک چیرۆک دەگێڕێتەوە دەبێ ئەو کارەکتەرانە خەلق بکات. ئەوەتا یەکێک لە وەگێڕەکانی ئەم ڕۆمانە، بە ناوی (بەهاران هامان داخانی) لەبارەی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە، کە بووەتە حیکاتەخوان لە کازینۆی مام ئەلیاس دەڵێت: "ئەو تەنیا چیرۆک ناگێڕێتەوە، بەڵکو چ کەسەکان و چ شتەکان بە ڕاستی خەلق دەکات... دەڵێم خەلقیان دەکات و ناڵێم دەیانهێنێتە بەرچاو، بەوەی دەکرێت لە ڕێی جەستەوە هەستیان پێ بکەیت، دەستیان بگوشیت، یان شەقیان تێ هەڵبدەیت و شتی لەم بابەتە." لە ڕاستیدا ئەم چەند ڕستەیە وای لێکردم لە خۆم بپرسم: ئایا دەکرێت من هەست بە جەستەی کارەکتەرێک لەسەر رووپەلی کاغەز بکەم؟ ئایا ئەوان خەڵقکراون؟ ئەدی ئەوە نییە وەکوو من دەپەیڤن، بیردەکەنەوە، دەڕۆن، دێن...تاد، کەواتە گوتاری ئەوانە لەسەر ئەم کاغەزە چییە؟ ئێ باشە منی خوێنەر چۆن جەستەیەک بۆ ئەوانە دروست بکەم؟ ئەوەی بۆ بەرجەستەکردنی جەستەیەک بۆ ئەم کارەکتەرانە بەکەڵکم بێت و بێتە هانام، سیمیۆلۆژیایە. لە ڕێی زانستی نیشانەوە دەتوانین پرۆسێسەی خەلق کردنی کارەکتەر لە ڕۆماندا ببینین، هاوکات دەتوانین دەستیان بگوشین، یان شقیان تێ هەڵدەین.

سەرەتا دەموێ بڵێم بەستنەوەی کارەکتەر بە جیهانی دەرەوە (واقیع)، تەنێ بەستنەوەیەکی دەروونناسانە و کۆمەڵناسانە نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەستنەوەیەکی ڕۆشنبیریی و کۆلتوورییە لە نێوان جیهانی واقیع و جیهانی مومکینات، بە واتا ئیکۆیەکەی بونیادێکی ڕۆشنبیرییە بۆ ئەزموونی واقیع بە هەموو ڕەنگ و گۆڕانکارییەکانییەوە. لەم بۆچوونەوە کارەکتەری ڕۆمان تەنێ دالێکی زمانی نییە، بەڵکو مەدلوولێکی ڕۆشنبیریی و کلتووریشە.

خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیانە پشتی تەواو بە بەراودکردنی دەقەکان، نیشانەکان و هێماکان دەبەستێت. ڕەخنە و ڕاڤەی هەموو شێوە و نیشانە و نەسەقێکی زمانی و نازمانی دەکات، بە واتاکایەکی دیکە هەوڵێکە بۆ

دۆزینەوەی واتایەک. بەڵام ((واتایەک دوور لە هەرنیگا و تێڕوانینێکی میتافیزیکی و نموونەیی. کەواتە سیمیۆلۆژیا ڕەخنەیە لە خودی واقیع، بە واتای بەشێکە لە واقیع، یان بەشێک نییە لێی.))1 ئەوەی خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە هەوڵی بۆ دەدات واتایە. بەرهەمهێنانی واتا لە جەدەلی واقیع، کۆمەڵگە، ڕۆشنبیریی و ئایدیۆلۆژیا، کە بە شێوەی ژمارەیەک لە هێما و نیشانە هەن. بیرکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی جیهان، مرۆڤ، ژیان و مردن چییە؟ لە هەر کۆمەڵگەیەک جۆرێک لە ڕۆشنبیری و کلتوور ڕۆڵ دەبینن لە پێکهاتەی بیرکردنەوە و کەسایەتی تاک، شێوەیەک لە تێڕوانینی لەکن دروست دەکەن. سیمیۆلۆژیا دێ ڕەخنە لەو تێڕوانینە بە واقیع بووە دەگرێت، لەڕێی نیشانە و هێماکانەوە هەوڵی کردنەوەی کۆدەکان دەدات.

کارەکتەر لە ڕۆماندا لە ژینگەیەک و کۆمەڵگەیەکدا دەژیەت. ئەو ژینگە و کۆمەڵگایە کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتیی ئەو کارەکتەرە هەیە. کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) بە جەستەیەکی تەواوەوە خەریکی ژیانکردنن. ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی فرەدەنگە، هەر کارەکتەرەی خاوەن بیرکردنەوە و چیرۆکی خۆیەتی. سێ وەگێڕی سەرەکیی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دەگێڕنەوە. من لێرەدا نامەوێ لە ڕووی تیۆرییەوە توخمی کارەکتەر

بەرباس بدەم، بەڵکو خەریکی ڕاڤە و ڕەخنە دەبم لە پێکهاتەی جەستەیی هەریەک لەو کارەکتەرانە. ئەوەی جێی سرنجە و لەم ڕۆمانەدا بە وردی کاری لەبارەوە کراوە زەمەنە. زەمەن وەک توخم نا، بەڵکوو وەک چەمک. کارەکتەرەکان کێشەیان لەگەڵ زەمەن هەیە، تەنێ یەک کارەکتەر (سوهاد) بە زەمەنی ڕابردووەوە پێوەستە، دەنا ئەوانی دیکە بە زەمەنی داهاتووەوە پێوەستن. تەنانەت لەو بڕوایەدام شوێنیش هەر زەمەنە، هەرچەندە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیاتی گێڕانەوە کات و شوێن بە یەک دادەنێن، ئەوەتا (باختین) بە لێکدانی ئەم دوو توخمە، فەزای (کرۆنۆتۆپ) دەدەۆزێتەوە. تەنانەت ناوونیشانی ڕۆمانەکە بە بڕوای من تەنێ داڵێکی زمانییە و ناوێکە و گەمەیەکە ڕۆماننووس دەیکات. دەنا ئەم ناوونیشانە جگە لە زەمەنێک شتێکی دیکە نییە. بە بڕوای (مامۆستا سوهاد) کاتی خۆی شوێنێک هەبووە، ناوی (کازینۆی منداڵان) بووە، بەڵام (وریا) یەکێک لە وەگێڕ و کارەکتەرەکانە بڕوای وایە ئەو شوێنە، هەمان ئەو شوێنەیە گۆمێکێ لێ بووە و مانگایان لێ لەوەڕاندووە. "تۆ سووری لەسەر ئەوەی بڵێیت کاتی خۆی ئێرە (کازینۆی منداڵان) بووە، بەڵام من ئەوە یەکەمجارە ناوی دەبیستم... ئەوەندە دەزانم لەم شوێنە گۆمێک هەبوو... ئێواران (مەیسوون)مان دەهێنا، تاکو تێر تێر ئاوی لێ بخواتەوە." هەروەها وشەی (کازینۆ) بە چەند واتایەک دێ وەکوو: دۆزەخ، شوێنی قوماركردن، خانووی لادێ. دەبینین ئەم واتایانە هەمووی لە یەک خاڵدا کۆکن، ئەویش شوێنی کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنی مرۆڤە. کەواتە (کازینۆ) خاڵێکی زەمەنەیە زۆربەی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە لەوێدا کۆدەبنەوە. ئەم خاڵە دەستپێکی جیابوونەوە، یان دەسپێکی ڕووداوەکانە. ئەم خاڵە زەمەنییە منداڵیی کارەکتەرەکانە، ئەم خاڵەیە هەمووان بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

له ڕۆمانی نوێدا به پێچەوانەی ڕۆمانی کۆن، له باری زۆر پێویست نەبێ پەنا بۆ وەسفکردن نابردرێت. وەسفکردن هەرچەندە وەکوو تەکنیکێک سوودی خۆی بۆ ڕۆمان هەیە، بەڵام درێژدادڕی و وەسفکردنی هەموو شتێکی کارەکتەر بوار بۆ بیرکردنەوەی خوێنەر، یان بوار به خوێنەر نادات پێکهاتەیەکی جەستەیی بۆ کارەکتەر له مێشکی دروست بکات. له ڕۆمانی نوێدا وەگێڕ خۆی ڕێ به کارەکتەر دەدات وەسفی خۆی بکات، نەک وەگێڕی هەمووشتزان، یان ڕۆماننووس وەسفی بکات. لێرەدا کارەکتەر، خۆی خۆی نمایش دەکات، ((وەگێڕ داوا له کارەکتەرەکان دەکات، کە خۆیان گوزارشت له خۆیان بکەن بەبێ یارمەتی ئەو، یان کارەکتەری دیکە.))2 هەروەک (باختین) پێداگریی لەسەر کۆمەڵایەتیبوونی کارەکتەر دەکاتەوە، تەنانەت پەیڤەکانیشی به پەیڤی کۆمەڵایەتی دادەنێت. کەواتە کارەکتەر هەم کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە دەبێ، هەمیش کاریگەریی ئەوانی دیکەی لەسەر دەبێت. ئەمەیش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە هەموو کارەکتەرێک خاوەن بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیایەکە، خاوەن زمانێکی ئاخاوتنە، خاوەن چیرۆکێکە. خوێنەری هوشیار به وردی چاودێری هەڵسوکەوتی کارەکتەر دەکات، چونکو ((کردەوەی کارەکتەر و هەڵسوکەوتی له ڕۆماندا زۆر پێویستە بۆ ئاشکرابوونی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی کارەکتەر.))3


له ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا فرەیی له کارەکتەر به شێوەیەکی زۆر هونەریانە کاری له بارەوە کراوە. دەبینین پتر له سێ کارەکتەر ناویان "مەیسوون"ە، دوو کارەکتەر ناویان (پەریهان)ـە. هەمووشیان به شێوەیەکی زۆر ورد به یەکەوە بەستراونەتەوە.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، ئەم ڕۆمانە له سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم لەلایەن (مامۆستا سوهاد)ـەوە دەگێڕدرێتەوە. بەشی دووەم لەلایەن (وریا)ـوە دەگێردرێتەوە. بەشی سێیەم هێندێکی لەلایەن (پەریهان)، کە دەکاتە خوشکی (سوهاد، وریا) و هێندێکی دیکەی لەلایەن (بەهاران هامان داخانی) دەگێڕدرێتەوە.

لێرەوە من هەوڵ دەدەم هەر بەشەی به جودا



**شێرکۆ بێکەس و کاروان کاکەسوور**



کارەکتەرەکانی لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە ڕاڤە بکەم و شێوە جەستەیەکیان بۆ دروست بکەم. ئەمەیش واتای ئەوە نییە، هەر بەشەی سەربەخۆیە و کارەکتەرەکانی لە یەکتری جودان، نەخێر هەموو کارەکتەرەکان لە هەرسێ بەشەکان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. تەنانەت هەندێک کارەکتەری لە بەشی یەکەمدا دەردەکەون، لە بەشی سێیەم تەواو هەموو کەلێنەکانی ژیانیت بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەوەی وا دەکات من وەها شتێک پێڕەو بکەم، ئەوەیە هێندێک کارەکتەر لە بەشی یەکەم ڕۆڵیان زێترە و هێندێک لە بەشی دووەم و هێندێک لە بەشی سێیەم، هاوکات دەبێ بڵێم کاتێک هەوڵی لێکدانەوەی گوتاری هەر کارەکتەرێک دەدەم، مەبەست ئەوە نییە، ئەو کارەکتەرە تەنێ ئەو گوتارەی هەیە، بەڵکوو دەکارێ لە چەند لایەنێکی دیکەوەش لێک بدرێتەوە، بەڵام من هەوڵمداوە تەنێ گوتاری سەرەکیی کارەکتەر لەڕووی سیمیۆلۆژییەوە ڕاڤە بکەم.

لە سەرەتای بەشی یەکەم، یەکەم کارەکتەرێک ئاشنای دەبین، (مامۆستا سوهاد)ە. ئەم کارەکتەرە پیر بووە و گەڕاوەتەوە و بەدوای شوێنێک دەگەڕێت، ناوی "کازینۆی منداڵان"ـە. هەر لە سەرەتاوە لە ڕێی کۆمەڵێک نیشانەوە دەزانین کەسێکی پیرە." بەردەوام دەستی چرچ و لەرزۆکی لەو ئۆتۆمبیلانە ڕادەگرت، کە تیژ تیژ بەسەر ئەو شەقامە جەنجاڵەدا تێدەپەڕین."4 باوکی ئەم ناوەی لە دیوانی "سقط الزند"ی (ئەبو عەلای مەعەڕی) وەرگرتووە، بە واتای کەسێک خەوی بزڕێت. لێرەدا دەبینین ناوەکەی لە دیوانێکی شیعری وەرگیراوە، بە واتای خەوزڕان دێت. پێوەندییەک لەنێوان هەموو ئەوانەدا هەیە، چونکوو ئەم کارەکتەرە دەبێتە شاعیر، هەروەها شاعیریش خەسڵەتی وایە بە هۆی بیرکردنەوەی زۆر خەوی دەزڕێت. خەسڵەتێکی دیکەی ئەم کارەکتەرە زۆر بە ڕابردووەوە پێوەستە، هۆکاری ئەمەیش دایک و باوکی خۆی نەدیوە. باپیری، کە ناوی (خەلۆ چاوسوور)ە، کوڕێکی دەبێت ناوی (مەڕوان)، ئەم کوڕەی دەڕوات و دەچێتە بەغدا لەوێ ژن دەهێنێ و دەچێتە سلێمانی، باوکی چەند کەسێک دەنێرێ مەڕوانی کوڕی بکوژن، بەڵام کوڕەکەی بە شێوەیەکی نادیار دەکوژرێت. لێرەوە (سوهاد)ی نەوەی بۆ دەهێننەوە، تا گەورەبوونیش ئەم کارەکتەرە نازانێ دایکوباوکی کێن؟ بۆیەیش هەمیشە دەیوێ بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی ناسنامە و کەسایەتی خۆی بدۆزێتەوە."

کاتێ بەنەخوێنی، دەبەستەوە لێی پرسی:

-دایکت ناوی چییە...؟!

ئەو پرسیارە قرچەی لە دڵییەوە هێنا."5

خەسڵەتێکی دیکەی ئەم کارەکتەرە، لە خەودا پەنجەی ژنەکەی دەمژێت و چرنووک لە شانەکانی گیر دەکات. ئەم کارەکتەرە لەگەڵ ژنەکەی قسە ناکات، لەوەتەی کچەکەیان ونبووە. مژینی پەنجە بارێکی سێکسی نیشان دەدات، ئەگەر بەپێی بۆچوونەکانی (فرۆید) لەم بارە بنۆڕین، دەلالەت لە مژینی مەمک دەدات. هەروەها بارێکی چەپاندنی سێکسی دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی لە واقیع لەگەڵ ژنەکەی قسە ناکات، ئەمەیش تووشی جۆرێک لە چەپاندنی کردووە، بۆیەیش لە خەودا، کە دنیایەکی تەواو ئازادە و نائاگایی مرۆڤ لەوێدا باڵادەستە، هەوڵدەدا بە ئازادی پرۆسێسەی

بکات. لێرەوە دەزانین ئەم کارەکتەرە دەروونێکی ئاڵۆزی هەیە، چونکوو لەلایەک ڕابردووی نادیارە، لەلایەکی دیکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کێماسی هەیە، کەواتە خاوەنی چەند گرێیەکە، گرێی نەبوونی دایک. بۆیەیش شەوان ژنەکەی خۆی بە دایک دەبینێ و هەوڵی مژینی پەنجەی لە بری مەمکی دایکی دەدات. "بۆچی ئاوا لە خۆم دەکەم...؟ باشە چی بووە..؟ هەتا ئێستا وام هێناوەتە بەرچاو دایکمە و شەوان لە باوەشی دەخەوم... لەمەودوا باوکێکیشم هەیە... دەبێ جێگای من لە نێوان خۆیان دابخەن... ناهێڵم لە یەکتر نزیک ببنەوە... لە نێوەشەودا خۆم نەخۆش دەخەم و ورک بۆ ئەو شتانە دەگرم، کە بە ئاسانی دەست ناکەون. دایە بە بابە دەڵێت هەر ئێستا دەچیت بۆی پەیدا دەکەیت... ئەو سەرەتا بیانوو دەهێنێتەوە، گوایە ماندووە و خەوی دێت... هەرگیز نامەوی بخەوم، ئەگەر نەزانم دەستم لەسەر سەرینەکەی دایە داناوە و ئەویش ملی خستۆتە سەری، بۆ ئەوەی لە هەر جوولە و چرپەیەکەدا بێدار ببمەوە و نەهێڵم نینۆکیان لە نینۆکی یەکتر نزیک بکەنەوە."6 لە ڕێی ئەم پەرەگرافەوە تەواو بۆچوونەکانی (فرۆید) بەسەر ئەم کارەکتەرەدا جێبەجێ دەبێت. ئەم کارەکتەرە تووشی خۆشەویستی دایک بووە. دەتوانین تووشی (گرێی ئۆدیپ) بووە. ئەم قۆناغەیش لەکن منداڵانی کورد زۆر دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی ژووری تایبەتی خەوتن. هەمیشە منداڵ وا هەست دەکات، باوکی خەریکە دایکی لێ زەوت دەکات. لێرەدا ((پێوەندی منداڵ بە دایکییەوە پێوەندییەکی سۆزدارییە، لەم قۆناغە نوێییەدا، باوک لەڕێی خۆشەویستی و بەزەییەوە بۆ دایک وەکوو چاودێری منداڵ دەردەکەوێت.))7 بە بڕوای (فرۆید) هەموو منداڵێک بەم قۆناغەدا تێپەڕ دەبێت، چونکوو هەوڵی سەلماندنی نێرایەتی خۆی دەدات. ئەم کارەکتەریش دایکی خۆی نەدیوە و لەم خۆشەویستییە بێبەش بووە، لەڕێی ژنەکەیەوە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەروونی دەدات. تەنانەت مژینی پەنجەی ژنەکەی لە خەودا شێوەیەک لە سێکسی دەمی دەگەیەنێت. لێرەوە دەتوانین جەستەیەک لەڕێی ئەو نیشانانەی باسمان کردن بۆ ئەم کارەکتەرە دروست بکەین. کەسێکە گرێی دەروونی هەیە، هەمیشە هەوڵی دروستکردنی ڕابردوو دەدات. بە پیریش بۆ ئەو شوێنەی، کە ناوی (کازینۆی منداڵان)ە دەگەڕێتەوە، بەڵام بە بڕوای من ئەوە جگە لە زەمەنی منداڵی خۆی، کە لەگەڵ (وریا)ی لەوێدا بەسەر بردووە شتێکی دیکە نییە.

(تیشکەشان) کارەکتەرێکی دیکەیە لە بەشی یەکەم، ئاشنای دەبین. ئەم کارەکتەرە ژنی (مامۆستا سوهاد)ـە. دوای پەنجا و سێ ساڵ ژیانی هاوسەرگیری بڕیاری جیابوونەوە لە (مامۆستا سوهاد) دەدات. ئەم ژنومێردە کچەکەیان بەناوی (گوڵباران) دیار نامێنێت و بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە دوایدا دەگەڕێن نایدۆزنەوە. ئەم ژنومێردە قسە بەیەکەوە ناکەن، بۆ؟ هاوکات زۆر شەوان بەبێ دەنگی سێکس دەکەن، بۆ؟ ئایا ژنومێردێک بەیەکەوە قسە نەکەن، چۆن سێکس دەکەن؟ (تیشکەشان) تەمەنی بیستوحەوت ساڵە و پێشتر دوو مێردی دیکەی کردووە و لێیان جیابۆتەوە، (مامۆستا سوهاد) تەمەنی حەفدەساڵە، کە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. لێرەوە هەندێک نیشانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. "ڕاستیەکەیشی ئەگەر ئەو دۆستەی ناپاکیی لێ نەکردایە، ئەوا بێگومان شووی سێیەمی بەو دەکرد و مەحاڵ بوو بە (سوهاد)ێکی بێکەس ڕازی ببێت،

کە نە پلەوپایەی بەرزی هەبوو نە بیریشی لە ژیانی هاوسەرگیری کردبووەوە، هیچ نەبێت لەو تەمەنە زووەدا... ئەوەندە هەیە ساتێ ئەو نەیویست لەو سەربانە و لەژێر تریفەی مانگی چواردەدا خۆی ڕووت بکاتەوە، بی ئەوەی پێی بڵێت نایەوێت گیانی بدرەوشێتەوە."8 لێرەدا چەند ئاماژەیەک هەن. (تیشکەشان) بەدوای پیاوی دەوڵەمەند و خاوەن پلەوپایە دەگەڕا ببێتە مێردی سێیەمی، ئەوەی ناپاکی لێ کردووە دۆستێکی بووە دوای دوو مێردەکەی پێوەندی لەگەڵ بەستووە. کەواتە ئەم کارەکتەرە، چونکوو لە بنەماڵەیەکی ناودار و دەوڵەمەند بووە، هەمیشە خۆی لە سەرووی چینی هەژارەوە بینیوە. کەواتە کەسێکی ئۆرستوکراتە، چونکوو دوو مێردەکەی پێشتری بە هەمان شێوە خاوەن پلەوپایە و دەوڵەمەند بوونە، بەڵام بۆ جیابۆتەوە؟ تەنانەت لە (مامۆستا سوهاد)یش.


ئەم کارەکتەرە جارێک ژنی بازرگانێکی بەناوبانگ و جارێک ژنی ئەفسەرێکی گەورەی پۆلیس و جارێک دۆستی گەنجێکی ڕۆشنبیر بووە. دەبینین بە لێکدانی ئەم سێ خەسڵەتە (بازرگان= پارە، ئەفسەر= پلەوپایە، ڕۆشنبیر= تێگەیشتوو)، ئەو هەمیشە هەوڵیداوە کەسێک ببێتە مێردی ئەم سێ خەسڵەتی تێدا بێت، بۆیەیش مێردی بە هەریەک لەوانە کردووە، سەیری کردووە، لایەنێکی دیکەی نەبووە. بۆ نموونە لە شوێنێکی ڕۆمانەکە ئاماژە بەوە دەکات، لەبەر پلەی ئەفسەریەکە مێردی بەو پیاوە کردووە، بەڵام کاتێک دەبینێت، کە ئەو گۆرانی دەڵێت، پیاوەکەی پێی ناخۆشە. ئەمەیش لە ڕووی دەروونییەوە، ناخی ئەم کارەکتەرە پڕ ناکاتەوە. لەلایەکی دیکە ئەم کارەکتەرە حەزی لە تیشکدانەوەی جەستەی نەبووە. ناوەکەی پێچەوانەی ئەم خووەیەتی.

لە پەرەگرافی سەرەوە دەزانین لە شەوی بووکێنی مەرجی ئەوەبووە لە ژێر لێفە سێکس بکەن نەوەک جەستەی لەبەر تریفەی مانگ بدرەوشێتەوە. ئەو شەوانەی سێکسی کردووە هەمیشە لە تاریکیی ئەوەی کردووە. بێگومان ئەم کارەکتەرە لەلایەن مێردی یەکەم و دووەمی غەدری لێکراوە. مێردی یەکەمی خەریکی بازرگانی بووە و لە وڵاتان ڕاییواردووە، مێردی دووەمی ئەفسەر بووە و لایەنی سۆزداری ئەو ژنەی فەرامۆش کردووە و لە سەر گۆرانی گوتن لە ماڵەوە بەر قامچی داوە، دۆستە ڕۆشنبیرەکەی خیانەتی لێ دەکات. ئەم شکستانە ڕەنگدانەوەیان لە ناخی دەبێت و خوێندنەوەیەکی بەرانبەر پیاو لەکن دروست بێت. هەر پیاوێکی هەڵبژاردووە لەسەر بنەمای پلەوپایە و پارە و ڕۆشنبیری، بەڵام هەمیشە پیاوەکان تەنێ یەک لەو خەسڵەتانەیان هەبووە و غەدریشیان لێ کردووە. هەوڵدان بۆ شاردنەوەی جەستەی، نیشانەیە بۆ ئەوەی بە ناچاری مێردی بە (مامۆستا سوهاد) کردووە و جەستەی خۆی بە هی ئەو نەزانیوە. تەنانەت کە لێی جیادەبێتەوە و دەڕوات جلی بووکێنی نابات، واتا ئەمە یادگاری هاوسەرگیرییانە و بەجێی دەهێڵێ. ئەمە نیشانەی ڕازی نەبوویەتی لە سەر ئەم هاوسەرگیرییە. دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی شکستەکانی لە هاوسەرگیری، یان کاردانەوە بەرانبەر ئەوانی دیکە ئەم پرۆسێسەی هاوسەرگیرییەی ئەنجام داوە. دەتوانین وا وێنای جەستەی ئەم کارەکتەرە بکەین، کە

کەسایەتییەکی ئۆرستۆکراتی هەبووە، هەمیشە چاوی لە پیاوێک بووە خاوەن پارە، پلەوپایە، ڕۆشنبیر بێت، لە چینی دەوڵەمەندەکان بێت. لێرەوە ((کارەکتەر کاتێک لە ناو دەقێکی گێڕانەوەیی خۆی نمایش دەکات، جگە لە پێکهاتەیەکی کلتووری چیدیکە نییە، شێوازی دەرکەوتنی، جلوبەرگی، جووڵەی نیشانەی ژینگە و کلتوورێکە، هاوکات ئەو پێوەندییەی لەگەڵ کارەکتەرەکانی تر هەیەتی.))9 ئەم کارەکتەرە، چونکوو خەونی پیاوێک بووە ئەم سێ خەسڵەتەی سەرەوەی هەبێ، بەڵام لە مێردی یەکەم نەبووە، هەوڵی بۆ داوە لە مێردی دووەمیش نەبووە... تاد، بۆیەیش لە ڕۆمانەکەدا ئەم کارەکتەرە بێهیوا دەبێت و بە یەکجاری بزر دەبێت.

(خەلۆ چاوسوور) کارەکتەرێکە زۆربەی ڕووداوەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن. ناوەکەی دیارە وەکوو زۆربەی ناوی خەڵکی لە هەولێر کورت کراوەتەوە و هاوکات نازناوێکیشی هەیە. هەر لەناوەکەیەوە دەزانین ئەم کارەکتەرە، کەسێکی توڕە و شەڕانییە. لە هەولێر ئەگەر کەسێک زۆر توڕە بێت دەڵێن: خوێن بەری چاوی گرتووە. واتا چاوی سوور بۆتەوە و هیچ نابینێ ڕەنگە تاوانێک بکات. خەسڵەتێکی دیکەی ئەم کارەکتەرە زۆر ڕقی لە ژنە. "لە تەمەنی هەرزەکاری دوو خوشکی خۆی دەکوژێت، گوایە یەکەمیان لەسەربان بە دەم هەڵخستنی جلەوە چاوە ڕەشەکانی لە دێوەرەیەک داگرتووە و دووەمیان بۆی پۆشیوە... هەر ئەوسا ئەگەر دایکە بیوەژنەکەیان لەژێە چنگی دەرنەهێنایە، ئەوا خوێنی ئەویشی تێکەڵی هیی ئەوان دەکرد."10 تەنانەت شەوێک ژنەکەی خۆی (مەیسوون) دەکوژێت و لەسەر قەلات فڕێی دەداتە خوارەوە. ئایا ئەو ڕقەی بەرانبەر ژن هەیەتی هۆکاری چییە؟ وەگێڕ لەکاتی گێڕانەوەدا هێندێک ئاماژە دەدات، لەڕێی شیکردنەوەی ئەم نیشانانە هۆکاری چاوسووری و ئەو ڕقەی لە ژن هەیەتی بۆمان ئاشکرا دەبێت. "ژنێکی دراوسێیان پێی گوتووە دایکی دوای ئەوەی باوکی ژەهرخوارد کردووە، خودا سزای داوە و ڕەنگی چاوی لە ڕەشەوە بۆ سوور گۆڕیوە...ئەوسا ئەمی لە سک بووە، بۆیە ئەو ڕەنگە لە چاوی ئەویشدا دەرکەوتووە....... بەڵام وای بۆ چووە ئەو ژنە شتێکی دیکەی لە دایکی دیوە، کە نەیویستووە ئەوی پێ بڵێت و بۆ ئەمەی گۆڕیوە... ئەمە وای کردووە زیاتر ڕقی لە ڕەنگی چاوەکانی بێت و وا بزانێت کچان قێزی لێ دەکەنەوە."11

لەم پەرەگرافەدا دوو شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. یەکەم بۆ دەبێ دایکی، باوکی ئەم ژەهرخوارد بکات؟ دیارە هۆکارێک هەیە، دواتر بە ناڕوونی ئەوەمان پێ دەڵێت دەبێ دۆستی هەبێت و خیانەتی لە باوکی ئەم کردبێت. لە ئەنجامی ئەم خیانەتە و ژەهرخواردکردنی مێردەکەی خوا غەزەبی لێ گرتووە، ئەمەیش بووەتە چاوسووربوونی، ئەویشی لە سک بووە، ئەم چاوسوورییە بۆ ئەویش گواستراوەتەوە. کەواتە هۆکاری چاوسوورییەکەی بۆ دایکی، یان تاوانەکانی دایکی دەگەڕێنێتەوە، چونکوو کاتێک گەورە دەبێت کچان قێز لە ڕەنگی چاوی دەکەنەوە، ئەمەیش کاریگەریی خەراپی لەسەر دەروونی دەبێت. لە ئەنجامی ئەو ڕقەی لە دایکی، ڕقی لەسەرجەم ژنان دەبێتەوە. خیانەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کەسی خیانەتکەر جگە لەوەی کەسێکی ناپاکە، ناپاکیشە بەرانبەر بە بەها ڕووحی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانیش. بەبێ ئەوەی ئەو کەسە ناپاکە ئاگەدار بێ توندوتیژییەکی ڕووحی و جەستەیی گەورە پیادە دەکات. بۆیەیش دەبینین دایکی (خەلۆ چاوسوور) لە ئەنجامی ناپاکی مێردەکەی



ژەهرخوارد دەکات. کوڕەکەی (خەلۆ) دەبینین کاتێ گەورە دەبێت، پەرچەکرداری لە ئەنجامی زانینی ئەو کردارانەی دایکی دەبێت، دەبینین باوەڕی وایە هەموو ژنانی دنیا ناپاکن. هەمیشە گومانی لە خوشکەکانی هەیە، خوشکێکی تەنێ لەسەر چاوداگرتنێک و ئەوی تر تەنێ لەبەر ئەوەی بۆی پۆشیوە کوشتووە. ئەم کارەکتەرە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی ناتەواو دەردەچێ. هەمیشە لە گومان دەژیەت. ژنەکەی تەنێ لەسەر ئەوەی وێنەی گیانداری چاو ڕەشی لەسەر گوشەیەک کێشاوە، یەکسەر خوێندنەوەی (خەلۆ) بۆ ئەم ڕەشیەی چاو ئەوەیە ژنەکەی دەیوێ خیانەتی لێ بکات و بە دووی کەسێکی چاوڕەش بکەوێ. لێرەوە کارەکتەر دەبێتە جەستەیەک و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینین. چۆن مرۆڤێک لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە تێکدەشکێنێ و دەیکاتە مرڤێکی زیانبەخش. ئەم کارەکتەرە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە جەستەکراوە، یان جەستەیەک لەنێو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە ئامادەیی هەیە.

ترس لەکن ئەم کارەکتەرە هەمیشە ئامادەیی هەیە. بە تایبەت ترس لە سەفەر، هۆکاری ئەمەیش ئەوە بووە بە شەو بە گوتەی خۆی ئاژەل و مرۆڤی ترسناکی هاتووتە سەر ڕێ. بۆیەیش سەفەر ناکات، جگە لەوە بە منداڵی قەرەجێک پێی گوتووە یەک سەفەر دەکات، بەڵام ناگەڕێتەوە. بێگومان ئەم ترسەیشی لەخۆوە نییە و ڕەهەندێکی هەیە، چونکوو ترس بەشێکە لە مرۆڤ، بەڵام هێندێک ترس هەیە، هۆکاری هەیە. ترسی ئەم کارەکتەرە ((نالۆژیکییە، یان بەهانەیەکی لۆژیکی و واقیعی نییە.))[12] چونکوو هۆکارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، لە نائاگایی ئەم کارەکتەرە ئامادەیی هەیە. بۆ ئەمە دەچێت سەگێک دەکڕێ و ناوی دەنێت (دێوبەزێن). ناوی سەگەکە نیشانەی نالۆژیکی و ئەفسانەیی دیاردەکە دەگەیەنێت. کەسێکی گوماناوییە، قسەی منداڵە قەرەجەکەیش هۆکارێکە و کاریگەری لەسەر دەروونی هەبووە. کەواتە (خەلۆ چاوسوور)، کەسێکە لە ئەنجامی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کەسایەتییەکی تێکشکاو و ناتەندروستە. هەمیشە بیرکردنەوەیەکی خێڵەکی و تۆڵە ئامادەیی لە مێشکیدا هەیە. کەواتە گومان، تۆڵە، ڕق بەرانبەر ڕەگەزی مێ، ترس لە جەستەی ئەم کارەکتەرەدا بوونیان هەیە. ئەو مرۆڤێکی تەندرووست نییە، جەستە و دەروونێکی تەندرووستیشی نییە.

(مەڕوان) کوڕی (خەلۆ چاوسوور)، یەکێکە لەو کارەکتەرانەی تەنێ لە چەند لاپەڕەیێکدا دەردەکەوێت، بەڵام بەم دەرکەوتنە کەمە، جەستەکەی هەڵگری گوتارێکی گەورەیە. گوتاری ئەم کارەکتەرە هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی کۆی سیستەمی باوکایەتی و دژایەتیکردنی کۆی بیرکردنەوەکانی باوک، بەڵام زۆر دیپلۆماسیانە ئەمە دەکات. ململانێی نێوان باوک و کوڕ، یاخیبوونی کوڕ لە باوک. ئەگەر ئەمە لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە لێک بدەینەوە، باوک واتا سیستەم، دەسەڵات هەمیشە دەیوێ ئەو سیستەم و دەسەڵاتە بە هەمان شێوە بۆ کوڕەکەی بگوازێتەوە (بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات). دەکرێ باوک بە چەمکی (من ego)ی (فرۆید) دابنێین.


(من) بنکەی ئاگایی و هەستی دەرەوەیە. هەموو کارە

ئاگایی و عەقڵییەکان لە ڕێی ئەمەوە ئەنجام دەدرێ، سەرپەرشتی ئەو جووڵە و ئیرادانەی ئەنجامیان دەدەین دەکات. بە پێی ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین ڕەفتار دەکات. چارەسەرێکە لەنێوان (ئەو) و (منی باڵا)، چونکوو هەریەکەیان داواکاری جودا و دژواز لە یەکتریان بۆ دەروون هەیە، هەر لەنگی و تێکچوونی پارسەنگی (من) هەبێ، ئەوا دەروون بەرەو نەخۆشی دەبات. بە پێچەوانەوە دەتوانین کوڕ بە چەمکی (ئەو- id)، ئەم چەمکە (فرۆید)یە هەمیشە سەرپێچی عەقڵ و لۆژیک دەکات، هەمیشە دەیوێ کۆتوبەندی یاساکانی کۆمەڵگە بشکێنێ، چونکوو ڕاستەوخۆ پێوەندی بە نائاگایی مرۆڤەوە هەیە. ((کۆگایەکی گەورەی وزەی پاڵنەرە.))13 ئەو وزەیەی مرۆڤ پێویستیەتی بۆ ڕەفتارکردن بەبێ بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانی کۆمەڵگە. لێرەدا (مەڕوان) کەسێکە لە باوکی یاخی دەبێت، ڕۆماننووس لە خۆوە ئەم ناوەی هەڵنەبژاردووە. لە زمانی عەرەبیدا بە چەند واتایەک دێت، لەوانە: بەردێکی سپی بریقەدارە بە لێکدانی دوو پارچە پریشکی ئاگر فڕێدەدا (بەردە ئەستێ)، دارێکی بۆنخۆشە، ناوی چەند شاعیرێکی عەرەبە وەکوو (مروان بن حفصه) شاعیری سەردەمی عەبباسی. ئەم واتایانە، واتای شۆڕش و نوێبوونەوە دەگەیەنن. بۆ نموونە پریشکی ئاگر واتای شۆڕش، یان سەرهەڵدان ئاگرێک بۆ لەناوبردنی شتێک، داری بۆنخۆش واتای تازەیی و سوود گەیاندن دەگەیەنێ. ئەم کارەکتەرە پڕە لە وزە، دەیەوێ سیستەمی باوک لەناو ببات، چونکوو خاوەن سیستەمێکی تازەیە. بۆیەیش لایەنی ترسانی باوکی لە سەفەر بە هەل دەزانێت و دەچێتە بەغداد، دەزانێ باوکی دەترسێ سەفەر بکات، بەمەیش ڕکابەری و ململانێی باوک و سێستەمەکەی دەکات. کەواتە (مەڕوان) واتا سیستەمی تازە، باوک واتا کولتوور، دابونەریت، دەسەڵات. ئەم دەسەڵات و دابونەریتە دەیەوێ لە ڕێی دەستوپێوەندەکانی ئەو پریشکە ئاگرانە لەناو ببات.

(حەمدی و مەیسوون) باپیر و داپیرەی (خەلۆ چاوسوور). لێرەدا پرسیارێک دێتەپێش بۆ باسی باپیرە و داپیرەی (خەلۆ چاوسوور) دەکرێت؟ ئایا پێویست دەکات، ڕۆماننووس ناوی هەر کارەکتەرێک بهێنێت، یەکڕاست باسی ڕەچەڵەک و بنەماڵەی بکات؟ بە بڕوای من لە ڕۆمانی نوێدا بە شێوەی ڕۆمانی کۆن گوێ بە گێڕانەوەی زنجیرەیی و هەڵڕشتنی زانیاری لەبارەی کارەکتەرەکانەوە نادرێت. دیارە لەم ڕۆمانەدا (کاروان کاکەسوور) بە مەبەست ئەوەی کردووە، چونکوو لە شوێنێکی ڕۆمانەکەدا (خەلۆ چاوسوور) ناوی باپیری لە خۆی دەنێت، (حەمدی باخەوان). هەروەها وەکوو باپیری خێزانەکەی ناوی (مەیسوون)ـە. لێرەدا جێی خۆیەتی بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە، چوار کارەکتەری جوایەز بەناوی (مەیسوون) هەن.

1. مەیسوون: ژنی حەمدی باپیری خەلۆ.
2. مەیسوون: ژنی خەلۆ.
3. مەیسوونی مانگا (دەبێتە دایکی پەریهان).
4. دادەمەیسوون: جیرانی (پەریهان)ی دایکی وریا.

بۆ ئەم کارەکتەرانە دوایی دێمە سەر باسکردنی هەریەکەیان. (حەمدی) بە منداڵی لەگەڵ دایکی دەچن تاقە مانگایەکەیان لە مەیدان بفرۆشن، بەلای کۆشکی باوکی (مەیسوون)دا تێدەپەڕن، ئەو کچە لەبەر دەرگایە. کاتێک (حەمدی) کچە دەبینێ، لێرەوە (حەمدی)



خەون بەو کچەوە دەبینێ،کە بیکاتە هاوسەری خۆی. لێرەدا خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە نابێ لە بیر بکرێت. لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانە هەر کە ناوی یەکێک لە "مەیسوون"ـەکان دێت، لە پاڵی ناوی مانگا دێت، بۆ؟ پێوەندییەک لە نێوان ناوی (مەیسوون) لەگەڵ مانگادا هەیە. بۆ نموونە لە گێڕانەوەی چیرۆکی (حەمدی) باپیری (خەلۆ چاوسوور)، (حەمدی) چاوی بە کچێک دەکەوێت ناوی (مەیسوون)ە و عاشقی دەبێت، هاوکات ئەوان مانگایەکیان پێیە بۆ مەیدانی دەبەن. کاتێک (خەلۆ چاوسوور) خێزانەکەی خۆی (مەیسوون) دەکوژێت و لە قەلات فڕێی دەداتە خوارەوە، لە خوارەوە گاوانێک مانگاکانی لە لەوەڕ دێنێتەوە و تەرمی (مەیسوون) دەکەوێتە ژێر سمی مانگاکان. (پەریهان) دایکی (وریا) مانگایەک لە (خەلۆ) دەکرێت و ناوی دەنێت (مەیسوون).

ئەگەر تەماشا بکەین لەگەڵ زۆربەی ناوی ئەو کارەکتەرانەی ناویان (مەیسوون)ـە، ئاماژە بە مانگا دراوە. ئەگەر وردبینەوە لەم ئاژەڵە، لەلای میسرییە کۆنەکان گوزارشتە لە خواوەند (هاتور)، ئەم خوداوەندە هێمایە بۆ نەرمونیانی و بەخشین و چاودێریکردن. تەنانەت وێنەیەک لەسەر دیوار کێشراوە، مانگایەک لە نێوان قۆچەکانیدا مانگێکی هەڵگرتووە، ئەم مانگە ئاماژەیە بۆ فیرعەون. مانگا لەلای هیندۆسییەکان پیرۆزە، لە ئایینە ئاسمانییەکان زۆر چیرۆکی مانگا هەن وەکوو لە قورئان لە سورەتی (البقرە) باسی مانگاکەی نەتەوەی موسا دەکات. تەنانەت ئێستا لە سویسرا مانگا وەکوو هاوڵاتییەک ناسنامەی لەدایکبوونی هەیە. ((ئەوەی مانگا لە خەودا ببینێ ئاماژەیە بۆ ساڵ، مانگای ڕەش، یان زەرد ئاماژەیە بۆ ساڵێکی پڕ خۆشی، یان ناخۆشی. هەروەها ئاماژەیە بۆ ماڵ و پارە و ژن.))14 لێرەوە دەزانین ڕۆماننووس هەروا ئەمەی نەکردووە.

" بەڵام حەمدی وەسیەتی کردووە، کە لەمەودوا نابێت، بگرە کوفرە ژنی بێگانە بهێنن، بەڵکو هەر دەبێت کچی یەکتر بخوازن، تاکو بنەماڵەکەیان زیندوو و ڕەسەن بمێنێتەوە... بەردەوامیش ناوی (مەیسوون) لە کیژەکانیان بنێن."15 ئایا (حەمدی)ی باپیر بۆ ئەو وەسیەتە دەکات؟ لەسەرەوە ئاماژەمان بەوەدا مانگا هێمای چییە. کاتێک (حەمدی) عاشقی (مەیسوون) دەبێ و دەیوێ ببێتە هی خۆی، بەڵام جوایەزی بنەماڵە و ئاستی گوزەران ڕێگرە لەمە. ئەم تەنێ خۆی و دایکین و هەژارن، بەڵام ماڵی باوکی (مەیسوون) دەوڵەمەند و خاوەن کۆشکن. بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی، سەرەتا لە باخەوانەکەی ماڵی (مەیسوون) نزیک دەبێتەوە و خۆی دەکاتە برادەری، تاکوو بزانێ ئەم کچە ئارەزووی چ دەکا و حەزی بە چییە؟ بۆی دەرکەوێت ئەم کچە حەزی لە گۆرانییە، هەروەها ئارەزووی پیاوێک دەکات، دوو خەسڵەتی تێدا بێ. "حەزی لە پیاوێکە دوو خەسڵەتی تێدا بێ: یەکەمیان، زمانی ڕەوان بێت... واتە بزانێت چۆن دەدوێت، چ گوتە و چ شێوازی دەربڕینی سەرنجڕاکێش بن... دووەم، حەزی لە سەفەر بێت. هاوکات (حەمدی) ئەوەیشی زانیوە، کە باوکی ناهێڵێت شوو بکات، مەگەر ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرێت، بازرگانێکی سەرچڵ و لێهاتوو بێت... لەمەوە ڕێگای بازرگانی دەگرێت، بێ ئەوەی هیچ سەرمایەیەک شک ببات."16

لەم پەرەگرافەدا یێک دوو خاڵ هەیە دەبێ بە وردی لەسەری بوەستین. گوتمان مانگا نیشانە و ئاماژەیە بۆ نەرمونیانی و بەخشین، ماڵ و پارە، ژن، ساڵ. کارەکتەر (حەمدی) بە هۆی (مەیسوون)ەوە دەبێتە بازرگانێکی گەورە و خاوەن ماڵ و سامانێکی زۆر. چونکوو (مەیسوون) حەزی لە پیاوێکە هەم زمانڕەوان بێ، هەم حەزی بە سەفەر بێت. هەموو بازرگانێک لە دنیا پێویستی بەم دوو خەسڵەتە هەیە، ئەگەر ئەم دوو خەسڵەتەی تێدا بوو، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت. ئەم خەسڵەتانەی (مەیسوون) حەزی پێیەتی، پێشمەرجن بۆ مەرجەکەی باوکی، کە ئەو کەسەی ببێتە مێردی کچەکەی دەبێ بازرگانێکی سەرچڵ و لێهاتوو بێ. هەر کەسێک زمانڕەوان نەبێ و حەزی لە سەفەر نەبێ، نابێتە بازرگانێکی سەرچڵ و باش. (حەمدی) هەوڵدەدات ئەم خەسڵەتانە لە خۆیدا دروست بکات، دروستیشی دەکات، دەبێتە بازرگانێکی سەرچڵ، دەبێتە خاوەن پارەیەکی زۆر، دەبێتە خاوەنی (مەیسوون). کەواتە هەموو ئەو دەوڵەمەندی و سامانە و ناوبانگە لە (مەیسوون)ەوە دەزانێت. ئەگەر ئەو نەبووایە و ئەوان بە منداڵی لەگەڵ دایکیان، کاتێ چوون مانگاکەیان بفرۆشن، بە پێش ئەو کچەدا نەڕۆیشتنایە و کاری لە دڵی (حەمدی) نەکردایە، نە دەبووە خاوەنی ئەو هەموو سامانە. ئەم کۆچکردنە لە هەژارییەوە بۆ دەوڵەمەندی، کۆچکردنە لە نەزانیی تاکەوە بۆ زانایی تاک. هەوڵێکە بۆ ئەو گۆڕانکارییە تاکایەتییەی لەم کارەکتەرەدا ڕوودەدات. گۆڕانکارییە لە داخرانەوە بۆ کرانەوە، بۆیەیش ئەو وەسیەتە دەکات. ئەم گۆڕانکارییە لە ڕۆماندا جەستە دەکاتە دەقێکی کولتووری و ڕۆشنبیری، چونکو کارەکتەر گۆڕانکارییەک لە داخرانەوە بۆ کرانەوە لە ژیانیدا ڕوودەدات، خۆیشی وەکو تاک ڕۆڵی سەرەکیی لەم گۆڕانکارییەدا هەیە. کەواتە جەستە ئەو تەوەرەیەیە هەموو پێکهاتە و توخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمان لە دەوریدا خۆیان ڕێک دەخەن. جەستە لە هەموو لایەکی ڕۆمان، تەنانەت لە هەموو گێڕانەوەیەکی ورد و درشتی ئامادەیی هەیە. ((جەستە لە وێنەکان، وشەکان، خەونەکان، سیاسەت، ئاکار و دەسەڵات ئامادەیی هەیە. هەموو شتێک لە دەوری جەستە دەسوڕێتەوە.))17

جەستەی (حەمدی) و (مەیسوون) وەکوو باپیرە و داپیرە زۆر زیندووە، بە تایبەت (مەیسوون) لە زۆربەی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکەدا ئامادەیی هەیە، بە بڕوای من ئەگەر جەستەی (مەیسوون) نائامادە، یان غیاب بوایە ئەوا ڕۆمانەکە شکستی دەهێنا و دەڕووخا.

جەستەی ئەم کارەکتەرە، کارەکتەرێکی سەرەکییە و بزوێنەری زۆربەی ڕووداوەکانە. بەڵام دەبینین (خەلۆ چاوسوور) ڕێک پێچەوانەی باپیرەی دەردەچێت، باپیر هەوڵ و ڕەنجی زۆری داوە تاکوو بە (مەیسوون- مانگا- ماڵ و پارە- ژن... تاد) بگات، بەڵام (خەلۆ) بە پێچەوانەوە خوێنی دوا (مەیسوون)ی بنەماڵەکەیان دەڕێژێت.

(دادە ئەنتوانێت) و (فەوزی بەگ) ژن و مێردێکی جوولەکەن. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا لەلای ژن و مێردەکان هەن، هەموویان بیرکردنەوە و حەزیان پێچەوانەی یەکترە. (دادە ئەنتوانێت) حەزی بە باخداری و کشتوکاڵە، حەزی بە ئاوەدانییە، بەڵام (فەوزی بەگ) بە پێچەوانەوە حەزی بەوەیە لە چۆڵەوانی بژیەت. ئەم لێکدژییە لە بیرکردنەوە، تەنێ لە دیدێکی سۆسیۆلۆژیانەوە دەبێ تەماشا بکرێت. دەبینین (فەوزی بەگ) ئاوەدانی بە شوێنی ململانێ دادەنێت. بێگومان لە ئاوەدانی، یان بە واتایەکی دیکە (شار)

چینەکانی نێو کۆمەڵگە هەمیشە لە ململانێی دابینکردنی بژێوی ژیانن. واتا لە شار مرۆڤ دەبێ لە ململانێدا بێت، لە شەڕدا بێت بۆ ئەوەی بتوانی بەردەوام بیت لە ژیان. لێرەدا چەمکی بردنەوە و دۆڕان هەیە، لە شار دەبێ براوە بیت، ئەگەر دۆڕاو بیت، ژیانت سەخت دەبێت. "زۆرم بەلاوە سەیرە، کە دەڵێن مرۆڤ دەبێت لە ئاوەدانی بژییێت... یاوەدانی بۆ من شوێنی ئیش و ململانێیە... بۆچی لە شوێنی ئیش بژیم...؟! چۆن لە شوێنی ململانێ بخەوم..؟! ئەوە سواڵکەرەکانن لەوێ دەژین و بە قووڵی لێی دەخەون... ئەرێ جیاوازیی لە نێوان یەکێک، کە سواڵی نان دەکات لەگەڵ ئەوەی تر، کە سواڵی سۆز، بەزەیی و خۆشەویستی دەکات، چییە؟ دەسا ئاوەدانی مەڵبەندی ئەو شتانەیە."18 لە شار ململانێ لە پێناو مانەوەدا، هەمیشە ململانێ و شەڕێکی قورس بووە. ئەگەر بەوردی سەیر بکەین، ئەم ململانێیە لە ئاستی منداڵانیشدا دەبیندێت. شەڕە گەڕەکی منداڵان، ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو شەڕەیە چینەکانی نێو شار لەگەڵ یەکدی لە پێناو مانەوەدا دەیکەن. (فەوزی بەگ) کەسێکە شار (ئاوەدانی) بە شوێنی وەدەست خستنی بژێوی دادەنێ، نەک شوێنی دانیشتن، کەواتە ئەم کارەکتەرە باوەڕی بە ململانێی چینایەتی هەیە. لەم شەڕەشدا دەبێ هەمیشە هێزت هەبێ، هێزێکی وەکوو: پارە، بنەماڵە، دەسەڵات ...تاد. دەبینین ئەوانەی ئەم هێزانەیان نییە، هەمیشە دۆڕاون. کەواتە (فەوزی بەگ) باوەڕێ بە شار هەیە، چونکوو ململانێی چینایەتی لە شار هەیە.

بە پێچەوانەوە (دادە ئەنتوانێت) باوەڕی بە ململانێی چینایەتی نییە. ئەو حەزی بە ئاوەدانییە، بەڵام ئاوەدانییەک لەسەر بنەمای هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتری لەپێناو مانەوەدا. واتا دەکرێ بڵێین ژیانێکی لادێی. لە لادێ هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن دەبێ خۆیان بژێوی ژیان دابین بکەن، نەک لەسەر بنەمای بەزاندی بەرانبەر. لە لادێ ((لە یەک شتدا کۆکن و یەکدەگرنەوە کە ئەویش پابەندبوونە بە بونیادە ئۆرگانیکیەکەیانەوە: واتە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت خواردن بەرهەم بهێنن، بیخۆن و زاوزێ بکەن لە پێناو خۆ بەرهەمهێنانەوەدا. بە مانایەکی دیکە دەتوانین بڵێین: خێزانەکان لەناو لادێدا سەر بە یەک چینن، ئەوان ئەو چینە کۆمەڵایەتیەن لەو شوێنەدا دەژین کە خۆراکی لێ بەرهەم دێت.))19

ئەم کارەکتەرە باوەڕی بە هەرەوەزی بۆ دەستخستنی خواردن هەیە. لادێ پێچەوانەی شار ململانێی چینایەتی نییە، هەوڵی یەکتر سڕینەوە نییە، چونکوو خێزانەکان زۆربەیان لە یەک ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووریدان. بۆیەیش دەبینین (فەوزی بەگ) نارەزایی لە بەرانبەر ئەو شێوە ژیانەی (دادە ئەنتوانێت) دەردەبرێت. " هیچ کارێک هێندەی کشوکاڵ بێ مانا و ناشیرین نییە... ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ نانی خۆی لەژێر زەوی پەیدا بکات... ئەوێ هەر بۆ ئەوە کراوە مردووی لێ بنێژرێت."20 ئەگەر وەکوو (هێربەرت سبنسەر) لە کۆمەڵگە بنۆڕین، ئەم سۆسیۆلۆژیستە وا دەروانێت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان تاکەکانی پیشەکانیان لە یەکترییەوە نزیک بووە، وەکوو ئەوەی زۆربەیان خەریکی کشتوکاڵ، یان ڕاوە ماسی بوونە، بەڵام وردە وردە لەگەڵ پەیدابوونی شار بە واتا مۆدێرنەکەی

خەڵک بۆ ژیانکردن دەستی داوەتە ئیشی دیکە وەکوو: پیشەسازی، بازرگانی، پاسەوانی، فەرمانبەری... تاد. لێرەوە چینەکان و ململانێ دروست دەبێت. ئەم تیۆرەی (سبنسەر) بە تیۆری گەشەیی دادەنرێت. تەنانەت کۆمەڵگەکانیش دابەش دەکات، وەکوو: کۆمەڵگەی سەرەتایی، کۆمەڵگە تێکەڵاوەکان. کەواتە لە ئەنجامی ئەوە ململانێی نێوان شار و لادێ دروست دەبێ. بە واتایەکی دیکە ململانێ و جوایەزی نێوان (دادەئەنتوانێت و فەوزی بەگ) ململانێی نێوان شار و لادێیە. لێرەوە دەزانین ڕۆماننووس چەندە هونەریانە تیۆرێکی کۆمەڵناسانەی لە ڕێی دوو کارەکتەرەوە نیشان داوە، بەڵام ئەگەر خوێنەر پشتخانێکی ڕۆشنبیریی نەبێت و یارمەتی لە سیمیۆلۆژیا وەرنەگرێت، ئەم پەرەگرافانە تێدەپەڕێنێت.

(وریا)، کارەکتەرێکی سەرەکیی و وەگێڕی بەشی دووەمی ڕۆمانەکەیە، بەڵام چ لە بەش یەکەم و چ لە بەشی سێیەم ئامادەیی تەواوی هەیە. ئەم کارەکتەرە لەوێوە دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەشی دووەم دەکات، کە لە تاراوگە دەگەڕێتەوە. کوڕی (پەریهان و سامی عومەر پیروەیس)ە، باوکی بە دەستی (موفید) دەکوژرێت. تەمەنی بچووکە، کاتێک (خەلۆ چاوسوورـ حەمدی باخەوان) نەوەکەی (سوهاد) دەباتە لایان بۆ ئەوەی بەخێوی بکەن. بەمەیش (وریا و سوهاد) وەکوو دوو برا دەژین. دوای مردنی دایکی، مامۆستاکەی دەیباتە لای ژنومێردێکی جوولەکە، کە تازە کوڕەکەیان کوژراوە. ئەم کارەکتەرە جوایەزی لەگەڵ (سوهاد) ئەوەیە هەمیشە بە داهاتووەوە پێوەستە، پێچەوانەی (سوهاد) بە ڕابردووەوە پێوەستە. "(سوهە)ی برام، جاران یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوانمان ئەوە بوو، تۆ بە ڕابردووەوە بەسترابوویتەوە و من ئایندە تەفرەی دەدام... تۆ بە گۆڕانی دنیا تێک دەچوویت و من دڵم بە نەگۆڕان تەنگ دەبوو، ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی پاڵیان پێوەنام زۆر زوو ئەم وڵاتە جێ بهێڵم و ڕوو لە هەندەران بکەم."21 ئایا ئەم کارەکتەرە بۆ بە ئاییندەوە پێوەستە؟ ئایا ئاییندە چییە؟ سەرەتا ئەوەمان بیر نەچێت ئەم کارەکتەرە کەسێکە هەمیشە گومان دەکات. بە واتای ئەوەی هەر نەخشەیەک بۆ داهاتوو دابنێت، زوو دەستکاری دەکات و دەڵێ کۆن بووە.

ئایا ئاییندە کاتە؟ بێگومان ئاییندە کاتە، بەڵام (کات)ێک هێشتا نەهاتووە. مەسەلەی کات بە درێژایی مێژوو بەرباس دراوە. تەنانەت لە میتۆلۆژیاشدا زۆر بە وردی باسی کات کراوە، بەڵام ئەوەی لە ئەفسانەدا سەبارەت بە کات جەختی لەسەر کراوەتەوە هەمیشە ڕابردووە. بۆ؟ دیارە ئەفسانە هەمیشە دەیوێ پیرۆزی خوداوەندەکان بگێڕێتەوە، پاڵەوانی دەسەڵاتی خوداوەندەکان بگێڕێتەوە. ((لە جیهانبینی میتۆلۆژیادا، کات بە پێی دوور و نزیکی لە (سەرەتاوە) دابەشکراوە و کاتێکمان هەیە (سەرەکی)یە و دوو دۆخی لاوەکی کاتیشمان هەیە. کاتێکمان هەیە (ڕابردوو) و لە سەنتەردایە و دوو دۆخی پەراوێزیی کاتیشمان هەیە کە (ئێستا) و (داهاتوو)ن.))22 بە پێی ئەم بۆچوونە ڕابردوو پیرۆزە و نابێ فەرمۆش، یان لە بیر بکرێت. ئەوە داهاتووە دەبێ فەرامۆش لە پێناو داهاتوو بکرێت. لێرەدا دەزانین (وریا) کەسێکە، پیرۆزی، بنەماڵە، ڕابردوو لای ئەو هەمیشە فڕێدەدرێت. ئەو دەیوێ داهاتوو دروست بکات. (ئەرستۆ) لە باسکردنی جوایەزی نێوان شیعر و مێژوو، کات دەکاتە پێوەری ئەو جوایەزییە. دەڵێت: ((جیاوازییەکە لەوەدایە یەکێ باسی شتێ دەکا کە

ڕووی داوە و ئەوەی تر باسی شتێ دەکا کە لەوانەیە ڕووبدا. هەر لەبەر ئەمەشە شیعر لە مێژوو فەلسەفیتر و بەهادارترە.))23 کەواتە داهاتوو زۆر لە فەلسەفە نزیکترە وەک لە ڕابردوو (مێژوو)، چونکوو هەمیشە مرۆڤی بیرکەرەوە و بە گومان نیشانەی پرسیار لەسەر چەمک و دیاردەکان دادەنێت، ئەو چەمک و دیاردانەی وەرامێکی سەت لە سەتیان نییە، یاخود هێشتا بۆ مرۆڤ ڕوون نین، بۆیەیش داهاتوو وەکوو ئەو چەمک و دیاردانە دیار نییە.

(هایدیگەر) یێکێکە لەو فەیلەسووفانەی کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوتی فەلسەفە و پرسیار لە (بوون) بە گشتی و بوونی مرۆڤ بەتایبەتی هەیە. ئەم فەیلەسووفە بوونی مرۆڤ بۆ دوو بوونی سەرەکی دابەش دەکات، (بوونی ڕەسەن و بوونی ناڕەسەن.) بوونی ڕەسەن ئەو بوونەیە خاوەن پرۆژەیە، سەربەخۆیە، داهێنان دەکات، بەڵام بوونی ناڕەسەن خاوەنی بوونی خۆی نییە، بەپێی فەرمانی ئەوانی تر دەجووڵێتەوە، بێ پرۆژەیە، هەمیشە وەستاوە. ئەم فەیلەسووفە چەند پێشمەرجێکیش بۆ بوونی مرۆڤ دادەنێت. یەکەمیان بوونە لەناو جیهان، مرۆڤ لە ڕێی جیهان بە هەموو پێکهاتە و شتەکانییەوە دەرک بە بوونی خۆی دەکات. ((بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبێت دەبێت جیهانیش هەبێت. بوونی ئەو بەبێ بوونی ئەم نییە و نابێت و ناتوانرێت بیر لە مرۆڤ بەبێ بوونی لەناو جیهاندا بکرێتەوە.))24 پێشمەرجێکی دیکە (بوونە لەناو شوێنێکدا)، واتا مرۆڤ بەبێ شوێن، بوونی نابێت و شوێنیش بەبێ بوونی مرۆڤ واتای نابێت، کەواتە ئەوە بوونی مرۆڤە واتا بە شوێنەکان دەدات. پێشمەرجێکی دیکە بوونی ئەوانی ترە، مرۆڤ لەڕێی بوونی ئەوانی تر، کە لەگەڵی دەژین و لە دەورووبەرین هەست بە بوونی خۆی دەکات، هاوکات (د.محەمەد کەمال) داهێنانیش بە پێشمەرجێک دادەنێت، کە هایدیگەر باسی نەکردووە. مەبەستمان لە هێنانەوەی زۆر بە کورتی و چڕی بۆچوونی (هایدیگەر) بۆ بوون چییە؟ لەو ڕێیەوە دەتوانین خوێندنەوە بۆ بوونی کارەکتەر (وریا) بکەین، هاوکات دەزانین ئەم کارەکتەرە بۆ بە داهاتوو پێوەستە؟ ئەم کارەکتەرە هەمیشە بیر لە داهاتوو دەکاتەوە و پرۆژەی هەیە، لەگەڵ (گوڵدان) زوو زوو پلانی داهاتوو دادەنێت.

کەواتە بوونێکی ڕەسەنە. خاوەنی خۆیەتی و بە ڕابردووەوە پێوەست نییە. تەنانەت لە کاتی کوژرانی (ئارۆن) ئەو بیر لە داهاتوو دەکاتەوە، پرۆژەی هەیە. "نەدەکرا ئەوسا بیر لە (مارینا)یش نەکەمەوە، ئاخۆ دوای ئەو ڕووداوە پێوەندییەکەمان بە چ ئاراستەکەیدا دەچێت و چۆن لێم دەڕوانێت... ئایا گومانیم لێ ناکات، بگرە هەر بەبێ چەند و چۆن نایخاتە سەرم...؟!"25 ئەم ساتە، ساتێکە دەبێ بچێت دڵی (مارینا) بداتەوە، کەچی ئەو لە خەمی داهاتووە. لەو ساتەدا ئەو پرسیارانە دەکات، کە پرسیارن لە داهاتوو، لە ژیانی داهاتووی ئەو. (هایدیگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا لە باسکردنی کاتی ژیانی ڕۆژانەی دازاین (بوونی ڕەسەن)دا دەڵێت: ((پێویستە ڕاڤەکردنی کاتی ژیانی ڕۆژانەی دازاین لەو بونیادانەوە دەستپێبکات، کە ئاشکراکردن پێکدەهێنن: وەکوو، تێگەیشتن، مەزاج، کەوتن و گوتار.))26 ئەم چەمکانە ئەو شێوازانەی کاتن، دازاین دەیوێ کاتێتی

خۆی تێیاندا بەرجەستە بکات. تێگەیشتن واتا ساتی تێڕوانینی دازاینە بۆ دیاردەکان. لێرەوە پڕۆژە دادەنێت. کەواتە تێگەیشتن ساتی داهاتووە، نەک کاتی (ئێستا)، کە هایدیگەر بە دیاردەیەکی کاتیی دادەنێت زوو دێت و لەناو دەچێت، بەڵام ساتی تێڕوانین، کە ئەم فەیلەسووفە بۆ ڕانەبردووی ڕەسەن بە کاری دەهێنێت، هیچ شتێک ڕوونادات، بەڵکوو ساتێکە لەوێدا بوون دەتوانێت ڕووبەڕووی دیاردەکان ببێتەوە. (وریا) هەمیشە هەوڵی تێگەیشتن لە دیاردەکان دەدات، بۆیەیش زوو زوو پلانەکانی دەگۆڕێت و دەڵێت: کۆن بوون. کاتی مەزاج ئەو کاتەیە دازاین بیر لە چۆنییەتی بوونی خۆی دەکاتەوە. ئەو ئەزموونانەی تووشی مرۆڤ دەبن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بارودۆخی دەروونی ئەو دەبێت، کەواتە مەزاج پێوەندیی بە ئێستاوە هەیە، ئێستایش بە بۆچوونی هایدیگەر دیاردەیەکی کاتییە و زوو تێپەڕ دەبێت، بەڵام تێگەیشتن پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە. بۆیەیش مرۆڤ هەمیشە لەو مەزاجانە (ئەزموونانە)ی، کە لە ئێستادا تێیان دەژی هەوڵی دروستکردنی داهاتوو دەدات، تاکوو بۆ بوونی خۆی بگەڕێتەوە.

هەرچی کەوتنە ئەویش پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە، هەروەک (هادیگەر) دەڵێت: ((خۆتێهەڵقورتاندن هەڵوێستێکی دیاری بوونی دازاینە، کە تیایدا بایەخ بە تەوانایی-بۆ- بینین دەدات. وەکوو چەمکی تێڕوانین، بینین بە ئاگامەندییەوە لە ڕێگەی چاوەکانی لەشەوە سنووردار نەکراوە. ئاگامەندی بە واتا بەرفراوانەکەی ڕێگە بە بابەتەکانی- بەردەست و بابەتە دەرەکییەکان دەدات بە هۆی (تەن)یانەوە خۆیان نیشان بدەن. ئەم ڕێگەپێدانە پەیوەندی بە ڕانەنردووەوە هەیە. ڕانەنردوو، بە گشتی، بواری ئامادەبوونی تەنەکانە.))27 مرۆڤ بۆ پلان بۆ داهاتوو دادەنێت؟ بێگومان دەبێت بە چاوێکی جوایەز لە دیاردەکان و شتەکان بنۆڕێت. بوونی ڕەسەن بە چاوی ئاسایی تەماشای دیاردەکان ناکات، بەڵکوو بە چاوێکی دیکە، خۆی لە داهاتوودا هەڵدەقورتێنێ. واتا پێش ئەوەی شتەکان، دیاردەکان بێن و پەیدا بن ئەو بوونە خوێندنەوەیان بۆ دەکات، لێکدانەوەیان بۆ دەکات.

(ئارۆن و مارینا) ژنومێردێکی جولەکەن. دوای ئەوەی کوڕەکەیان دەکوژرێت، لە هەمان کاتدا (وریا) دایکی دەمرێت، بۆیەیش (مامۆستا عەلی فەیزی) باسی (وریا)یان بۆ دەکات، ئەوانیش لە خۆیانی دەگرن و بەخێوی دەکەن. ئەم ژنومێردە دوو خەسڵەتی سەرەکییان هەیە، یەکەم: پێوەندیی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ خەڵک زۆر کەمە، تا ڕادەی نەبوون. دووەم: خانووەکەیان لە لاچەپێکە بۆ ئەوەی دوور بن لە خەڵک. "هەر لە سەرەتاوە دەبووایە لەوە تێبگەم ژیان لەو ماڵە بە شێوەیەک لە شێوەکان مانای دابڕانە لە ئاوەدانی، بەوەی پێوەندیمان لەگەڵ خەڵک زۆر کەم بوو، یان دەکرا بڵێم هەر نەمانبوو، تەنانەت لەگەڵ (مامۆستا عەلی فەیزی) کە منی پێ ناساندبوون و ئەوان بە جێگای متمانەی خۆیانیان دەزانی، تەنیا لە بۆنەکان دەیانبینی، هەروەها شوێنەکەیشمان لەو گەڕەکە لاچەپە، کە هەندێک لە بەیانیانی وەرزی پاییز و زستان تەمومژ دای دەپۆشی، هێندەی دیکە لە خەڵکی دابڕیبووین..." 28 دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە هۆکاری ئەم خۆ لە خەڵک دوور گرتنە، خۆ بە دوور گرتنە لە کارەسات. دەکرێ هۆکاری ئەوەیش ئەوە بێت، چونکوو کوڕەکەیان بەهۆی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵک کوژراوە. دەکرێ لێرەدا بپرسین: ئایا بە ڕاست پێوەندی کۆمەڵایەتی و خەڵک

ناسین دەبێتە هۆی کارەسات؟ بە بڕوای من هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەوان لە شارێکی وەکوو هەولێر دەژین، خەسڵەتی دیاری هەولێر ئەوەیە کۆمەڵی نەتەوە و ئایین و مەزهەب بەیەکەوە دەژین. هەریەک لەم نەتەوە و ئایینانە کلتوور و دابونەریتی جوایەزیان هەیە. بۆیەیش زۆرجار پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کێشە دروست دەکەن.

دەبینین لەم ململانێیەدا هاوکێشەی ئایینی سەرەکیی و نەتەوەی سەرەکیی بوونی هەیە. بۆ نموونە نەتەوەی کورد و ئایینی ئیسلام لەم شارە زێترن، لە مەسیحییەکان. یان لە جولەکەکان. تەنانەت لەساڵی 1947 کاتێک زۆربەی جوولەکەکانی هەولێر کۆچیان بۆ ئیسرائیل پێکرا، ئەوانەی مانەوە و نەڕۆیشتن، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان بدەن بوون بە موسڵمان. ئێستایش مزگەوتی (حاجی موراد) لەسەر شەست مەتری ماوە. دەڵێن هی کابرایەکی جوولەکەیە دوای ئەوەی بووەتە موسڵمان ئەو مزگەوتەی دروست کردووە. کاتێک هاوکێشەی کلتووری من و ئایینی من زاڵترە و دەبێ تۆ ملکەچی من بیت دێتە پێشەوە، ناچار ئەو نەتەوە و ئایینانەی کەمینەن، دەبێ ملکەچی ئەوانیتر بن. ئەگەر ملکەچ نەبێت تووشی سزا و کارەسات دەبێت. بۆچی مەسیحییەکانی (عەنکاوا) تاکو ئێستایش تێکەڵی موسلمانەکان نەبوونە؟ یان خانووبان لەناو گەڕەکەکانی شاری هەولێر

نەکڕیوە؟ چونکوو هەمیشە ئەوان ویستوویانە دووربن لەوەی نەتەوە و ئایینی زاڵ ببێتە خاوەنیان، ئەم خۆ دوورگرتنە، هاوکات خۆ دوورگرتنە لە کێشە و کارەسات. ئەم خۆر دوورگرتنەیش وا دەکات جێی لە کۆمەڵگەدا نەبێتەوە. ((بۆیە ئەم تاکەکەسە تەنیا ئەوکاتە لە کۆمەڵگە جێگەی دەبێتەوە، کە هەردەم ملکەچی ئەو فەرمان و ئامۆژگاری و لە هەمان کاتدا ڕەچاوکەری ئەو مەرج و سنوورانە بێت، کە یەکەی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینی بۆیان داناوە، چاوەڕێ دەکەن بۆیان جێبەجێیان بکات، چونکە ئەو (نوێنەر)ی ئەو یەکانەیە کە لێیانەوە هاتووە.))29 بۆیەیش جوولەکەیەک نایەت، پێڕەوی لە کولتوورێکی مەسیحی، یان ئیسلام بکات. تەنانەت ئێستایش لە (عەنکاوا) یەکێک لە کێشەی مەسیحییەکان ئەوەیە، موسڵمان زۆر ڕوو لەوێ دەکەن و خانوو و موڵک دەکڕن، ئەمەیش کاریگەری لەسەر شێوە ژیانی مەسیحییەکان دەبێت، چونکوو کوردێکی موسڵمان هێندێک کولتوور لە جیرانە مەسیحییەکەی قبووڵ ناکات، بەمەیش ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە. ترسی ئەم دوو کارەکتەرە لەوەیە، بۆیەیش (ئارۆن) هەوڵدەدات، بەدیلی ئەوە بۆ کۆمەڵگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە. هەوڵدەدات، ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە لە ئاستی کۆمەڵگە و دەورووبەری بۆ نێو ماڵی خۆی دابەزێنێت. "(ئارۆن) هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو لە دەرەوە خەڵک چۆن لێی دەڕوانن و چیی لەبارەیەوە دەڵێن... بۆ ئەو ماڵ مانایەکی زۆر تایبەتی دەگەیاند، بۆیە بایەخی بە وردەکارییەکانی دەدا و هەمیشە شتەکانی ڕێک دەخست، چونکە وەک جارێکیان پێی گوتم بۆ ئەوەی هەست بکەیت ماڵت هەیە، دەبێت هەمیشە جێگۆڕکێ بە شتەکانی بکەیت و بە شێوەیەکی جیاوازتر ڕێکیان بخەیتەوە."30 لێرەدا دەکرێت باس لە شوناس بکەین. بە بڕوای من (ئارۆن) لە دەرەوە هەست بەبێ شوناسی دەکات، هەست دەکات


کەسێک نییە ناسنامەیەکی هەبێت. لێرەوە هەوڵدەدات لە ڕێی ماڵەکەی خۆیەوە شوناسێک بۆ خۆی دروست بکات.

مرۆڤ کاتێک لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی نەیتوانی شوناسێک بۆ خۆی دیاری بکات، ئەوا هەوڵدەدا هیچ نەبێ لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئەو شوناسە بۆ خۆی دروست بکات. ماڵ بۆ ئەم کارەکتەرە شوێنێکی ئارامە، شوێنێکە دەیپارێزێ، بۆیەیش هەموو گرینگییەک بە ماڵ دەدات. لە ماڵ هەست دەکات خاوەن شوناسی خۆیەتی.

لەو سەردەم لەبەرئەوەی گەڕەکەکان کەم بوون، شێوە ژیانێکی گوندیانە بوونی هەبووە. ئەم کارەکتەرە ویستوویەتی شوناسی تاکایەتی بۆ خۆی دروست بکات. لە دەرەوەی شوناسی ئایینی و شوناسی خێڵ...تاد، چونکوو ئەم شوناسانە، شوناسی سەرەکیی مرۆڤی ئەو کات بوون. بۆیەیش هەروەک لە ڕۆمانەکە وەگێڕ بۆمان باس دەکات، ماڵ بۆ خەڵک واتای ڕابردووی دەگەیاند، بەڵام بۆ ئەم واتای داهاتوو. لێرەوە دەزانین خەڵک لەو سەردەم شانازی بە ڕابردووی خۆیەوە دەکرد، ڕابردووی بنەماڵەی، خێڵەکەی، ناوچەکەی... تاد. واتا خەڵک وەکوو تاک بەبێ ئەو شوناسانە واتایەکی بۆ تاکبوونی خۆی نەدەدۆزیەوە، خۆی لەو شوناسانە دانەدەبڕی. (ئارۆن) دەیوێ بە ڕێکخستنی ماڵ و جێگۆڕکێ بە شتەکانی نێو ماڵ شوناسێکی تاکایەتی بۆ خۆی دروست بکات. ئەو ویستوویەتی لە دەرەوەی ئەو سنوورانە بێت کە واتایان بە ژیانی تاکەکەس بەخشیوە.

ئەو کارەکتەرە بە ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت کۆمەڵێک ئەزموونی لەبارەی وێنەی نەوەکانی بەر لە خۆی و کۆمەڵگەکەی هەیە. بۆیەیش کۆمەڵێک ئەرک دەخاتە سەرشانی خۆی بۆ ئەوەی شوناسێک بۆ خۆی دروست بکات، واتا پێڕەوی لە شێوە ژیانێک دەکات کە خۆی دەیوێت. ((بەشێکی گەورەی ئەم وێنەیە زادەی ئەو ئەرک و فەرمانانەیە، کە ئەو دەیخاتە سەرشانی خۆی لە ڕێگای پیادەکردن یان نەکردنیانەوە شوناسێکی تایبەت بە خۆی دەبەخشێت.))31 دروستکردنی شوناسێک بۆ تاک، هەمیشە ترسێک ئامادەیی هەیە. ترسی ئەم تاکە لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە پێ دەنێتە دەرەوەی حەوشە. ئەم ترسە، ترسێکی ئاسایی نییە، چونکو دەبینین شێوازی خانووکەیشی وەها دروستکردووە، بۆ ئەم ترسە یارمەتی بدات. " ڕووبەری خانووەکەمان زۆر گەرە نەبوو، بەڵام لە دوو نهۆم پێک دەهات... حەوشەیەکمان لە پێشەو و یەکمان لە دواوە هەبوو، ئەگەرچی ئەوەی پشتەوە لە سێ چوار مەتر دووجا تێنەدەپەڕی... دوو دەرگایشمان هەبوو، یەکیان لە ڕۆژهەڵاتی دەڕوانی و ئەوی دیکەیان لە ڕۆژئاوا... ئەمیان بە ڕەنگی سپی و ئەویان بە ڕەنگی ڕەش بۆیە کرابوو..."32 شێوازی دروستکردنی خانووەکە دیارە، مادام دوو دەرگای هەیە، دیارە ترسێک لەلای ئەم کارەکتەرە بوونی هەیە.

دەتوانین لەڕێی هێندیک ئاماژەوە بگەین بە وەرامێک بۆ ترسی ئەو کارەکتەرە. خانووی ئەم کارەکتەرە دوو دەرگای هەیە، هەر دەرگایەکی ڕەنگێکی هەیە. دوو ڕەنگی پێچەوانەی یەکتر. لە زانستی دەروونناسی ڕەنگدا، هەریەک لەم ڕەنگانە نیشانەن بۆ لایەنی سایکۆلۆژی ئەو تاکە. ڕەنگی ڕەش نیشانە و ئاماژەیە بۆ غەم، مەرگ، شەو، تاریکی، شوومی، شەڕانگێزیی. کەڵەکەبوونی هەستونەست، هەستکردنی تاک بەنەگونجان، خۆ بەکەم زانین. هەرچی ڕەنگی سپییە ڕێک پێچەوانەی ئەمەیە، ئاماژەیە بۆ کەسایەتییەکی بێوەی و دوور لە



کێشە، ئاماژەیە بۆ کەسایەتییەک هەمیشە عەقڵ دەکاتە پێوەر، هێمایە بۆ زیندوێتی و ڕوونی، لە کولتووری ڕۆژئاوایی ئاماژەیە بۆ هاوسەرگیری. لەگەڵ ئەم دوو ڕەنگە بەر دوو چەمکی دیکە لە پێکهاتەی ئەم خانووە دەکەوین، ئەویش هەردوو چەمکی (ڕۆژهەڵات) و (ڕۆژئاوا)یە. ئایا ئەم دوو چەمکە مەبەستی لە کلتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە؟ یان ئایا مەبەست لەم شێوە دانانە چییە؟ بە بڕوای من پێوەندییەک لەنێوان دانانی ڕەنگی سپی بۆ دەرگای ڕۆژهەڵات و ڕەنگی ڕەش بۆ ڕۆژئاوادا هەیە.

ئەگەر سەیری بۆچوونی ئارکیۆلۆژیستەکان بکەین سەبارەت بە لێکدانەوەیان بۆ هەڵبژاردنی ئەشکەوت لەلایەن مرۆڤی نیاندەرتاڵ، مرۆڤی نیاندەرتاڵ ئەشکەوتێکیان هەڵبژاردووە ڕووی دەرکی ئەشکەوتەکە لە ڕۆژهەڵات بووایە. لێرەوە دەتوانین خوێندنەوەی ئەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی سپی بۆ دەرگەی ڕۆژهەڵاتی خانووەکەی (ئارۆن) بکەین، لەم دەرگایەوە ئەم کارەکتەرە ڕۆژێکی نوێی بینیوە، هەستی بە خۆشی و ڕوونی و ئارامی کردووە. واتا ژیانێکی نوێ لەم دەرگایەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەرچی دەرگەی ڕۆژئاوایە ڕەنگی ڕەشە، ئەمەیش دەلالەتە لە تاریکی، لە ئاوابوونی ڕۆژێکی تازە، شەرانگێزی...تاد. دەبینین زۆربەی تاوانەکان لە شەودا ئەنجام دەدرێن وەکوو: دزیکردن، کوشتن...تاد.

ئەم کارەکتەرە هەمیشە ترسێک لە ناخییدا ئامادەیی هەبووە. ئەم ترسە، ترسە لە ئەوانی تر، ترسە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی، کە بەسەرچاوەی کێشە و گرفتی دەزانێت. ئەم کارەکتەرە هەمیشە دەترسێ لەوەی تێکەڵاوی خەڵک بێت و دواتر ببێ بە سەرچاوەی کێشە بۆی، بۆیەیش هەمیشە خۆی لە هەموو کەسێک بە دوور دەگرێت. تەنانەت کاتێک کورەکەی دەکوژن، خۆی و ژنەکەی لە تاوانبارەکە خۆش دەبن. ((ترس هێزێکی سایکۆلۆژییە بەڵام دەرئەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری سەختی لێدەکەوێتەوە.))[33] هەر ئەو هێزەیە کەسێکی وەکوو (ئارۆن) دەکاتە قوربانی، چونکوو هیچ کاتێک ئەو ئیرادەیە لە ناخی خۆیدا پەرەپێنادات، کە مرۆڤ پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا هەیبێت. دەبینین کاتێک ئەم کارەکتەرە بە تەنیا دەبێت، هێزێکی جوانی تێدایە، بۆ نموونە زۆر جوان یاری تۆپپێ دەکات، جووڵانەوەی جوان بە کار دێنێت. هەر ئەم ترسەشە بەردەوام لەگەڵیەتی و دەیکاتە قوربانی، قوربانییەک لە شەودا. ئەم کارەکتەرە بە نادیاری لە شەوێکدا لە ماڵەی خۆیدا دەکوژرێت، (وریا) تەنێ چوار تارمایی دەبینێ وا لە ماڵەکەی دەچنە دەرەوە، کە دەچێتە خوارەوە وا تەرمی (ئارۆن) خەڵتانی خوێن بووە و مردووە.

(گوڵدان) یەکێکە لەو کارەکتەرانەی لە بەشی دووەم پێوەندییەکی تەواوی لەگەڵ وەگێڕی ئەم بەشە (وریا) دا هەیە. وەگێڕ بە کچێکی چاونەترس و زۆرزانی وەسف دەکات. قژی زەردە، لێوی تەنک، ڕەنگی چاوی لەنێوان شین و سەوزدایە. هەر لە تەمەنی زووەوە لەگەڵ (وریا) بیر لە داهاتووی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام ڕێک ناکەون. یەکێ لەو شتە جوانانەی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە هەمیشە لەنێوان کارەکتەرەکان ململانێ و لێکدژی ئامادەیی هەیە. بەتایبەت لەنێوان ئەو کارەکتەرانەی ژنومێردن،

یان خۆشەویستی یەکترن. لێرەشدا لێکدژی لەنێوان (گوڵدان) و (وریا)دا هەیە. بۆ نموونە کاتێک نەخشە بۆ ژیانی داهاتوویان دادەنێن، لەسەر ژمارەی منداڵ و چۆنیەتی پەروەردەکردنیان ناکۆکن و ڕێکناکەون. "ئینجا هەر بە ڕاستی ئەوە ڕوویدا، لەوەی لەسەر ژمارەی منداڵ و چۆنیەتیی پەروەردەکردنیان ڕێک نەکەوتین و ئەنجام وازمان لە یەکتر هێنا... من منداڵێک زیاترم نەدەویست و هیوام دەخواست کچ بێت، بەوەی خۆم خوشکم نەبوو... ئەو دەیگوت کچ و کوڕ کێشە نییە، بەڵام لە سێ کەمتری ناوێت و بە کەسێکی خۆپەرستی دادەنام."34 ئەگەر لە ناوی ئەم کارەکتەرە بنۆڕین، (گوڵدان) چاڵایی و قووڵاییەکی تێدایە، ئەم قووڵاییە دەکرێ گوڵی تێدا بروێنی.

ئەم کارەکتەرە باوەڕی بە قووڵایی هەیە. هەموو شتێک بۆ قووڵایی دەگەڕێنێتەوە." قاچە ڕووتەکانمان دەخستە ناویەوە و پوزەکانی لەوانەی من دەخشاند... دەمگوت:

-تۆ زۆر حەز لە چاڵ دەکەیت.

ڕوومەتی دەخستە سەرشانی و هاوکات یەکێ لە چاوەکانی دادەخست، تاکو بە دەم نازێکەوە بڵێت:

-نا، وانییە... من شێتی قووڵاییم.

چێژێکی سەیرم لەو نازەی دەبینی و دەمگوت:

-ئەمەمان لە یەکتر دەچێت گوڵدان.

پەنجەی دۆشاومژەی بە سووکی دەخستە سەر لێوم و دەیگوت:

-هەندێک کەس حەز لە فڕین دەکەن، ورەگیان، بەڵام من دەزانم هەموو نهێنییەکان لە قووڵاییدان."35

قووڵایی بە بڕوای من ناوەڕۆک دەگرێتەوە. واتا ناوەڕۆکی مرۆڤ، جەوهەری مرۆڤ. ئەم کارەکتەرە بە بڕوای من بڕوای بە ناوەوەی مرۆڤ هەیە. هەموو نهێنییەکان لە دەروونی مرۆڤدا دەبینێتەوە، نەک لە دەرەوەی مرۆڤ. کەواتە سەرچاوەی کەسێتی مرۆڤ دەروونییەتی، بەڵام ئایا مەبەست لە دیاریکردنی کەسێتیی مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە، هەمان بۆچوونی فرۆیدیانەیە؟ فرۆید مرۆڤ بە چوارچێوەیەکی داخراو دەزانێت، کەسایەتییەکەی لەڕێی تێرکردن، یان تێر نەکردنی غەریزەکانییەوە دیاری دەکات، بەڵام دواتر ئەم بۆچوونەی فۆرید لەلایەن قوتابییەکانی وەکوو: کارل گۆستاف یۆنگ، ئەدلەر، ئانا فرۆید...تاد. ڕەخنەی لێ گیرا و ڕەتکرایەوە. (ئێریک فرۆم) ئەویش هەر بە قوتابییەکی فرۆید دادەنرێت. لەو بڕوایەدایە مرۆڤ ((کەسێیەتییەکەی لەژێر کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندایە، ئەوانەن کە کاردەکەنە سەر تاکەکەس لە سنووری ڕۆشنبیریی کۆمەڵگادا و ئەو هێزانەش کە جیهانین و بە درێژایی مێژوو کاری خۆیان لەسەر مرۆڤ نەخشاندووە.))36 واتا مرۆڤ بە شێک لە کەسایەتی خۆی دەتوانێ خۆی دیاری بکات، چونکوو مۆرڤ ماددەیەکی سرووشتە، بەڵام بەشەکەی دیکە هێزە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کەسایەتی مرۆڤ دیاری دەکەن. بێگومان ئەو هێزانەیش بە گوێرەی ویستی خۆیان داوا دەکەن مرۆڤ بەو شێوەیە بێت، کە خۆیان دەیانەوێت. ئەم کارەکتەرە گرینگی بە جەوهەر دەدات، جەوهەرێک لەوێدا مرۆڤ بیەوێت خۆی وەکوو تاک بونیاد بنێت. هێزە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کاریگەریی گەورەیان لە سەرمان هەیە. زۆرجار مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی ئەو هێزانە، ئەوە ئەو هێزانەن مرۆڤ ئاڕاستە دەکەن، ئەو هێزانەن مرۆڤەکان بەڕێوە دەبەن. هۆکاری ئەوەیش دیارە مرۆڤێک نەتوانێت ئەو هێزە سرووشتەی خۆی بە کار بهێنێت، یان پەراوێزی بکات ئەوا جەوهەری خۆی دۆڕاندووە. ئەم

کارەکتەرە پێداگری لە سەر جەوهەری خۆی دەکاتەوە. ئایا دەکرێت مرۆڤ تەنێ پشت بە جەوهەری خۆی ببەستێت؟ بێگومان وەکوو (فرۆم) پێداگری لە سەر دەکاتەوە ناکرێت مرۆڤ هێزەکانی دەرەوەی دەروونی فەرامۆش بکات، بۆیەیش دەبی بەلانسێک لە نێوان ئەو هێزانەی دەرەوە و ناوەوەی خۆی ڕاگرێت، تاکو بتوانێت ببێتە مرۆڤێکی سەرکەتوو.

لە شەوی کوژرانی (ئارۆن)دا، هاوکات خوێنێکی دیکە دەڕژێت، بەڵام خوێنێکی جوایەز بە واتا و چەمکی جوایەز. هەردوو خوێنەکە خوێنی مرۆڤە، بەڵام دوو دەلالەتی جوایەزیان هەیە. لەو شەوەدا (وریا) لە ژوورەکەی خۆی دەبێت و دەخواتەوە، لەوکاتەدا (گوڵدان) دەچێتە لای پرسیاری ئەوەی لێ دەکات لەگەڵ کێ قسەی دەکرد. لە ئەنجامی ئەو دەمەقالێیەدا ئاوێزانی یەکتر دەبن و سێکس دەکەن. "یەکەمجار بوو خۆم هێندە بە بچووک و بێئیرادە بزانم... کاتێک چەند دڵۆپێک خوێنم بە شەنتووزیەوە بینی، کە لە سەر ڕیتمێکی چەسپاو دەتکانە سەر چەرچەفە سپییەکەمەوە، ئینجا زانیم ئێمە زیاد لە پێویست شوڵمان لێ هەڵکێشاوە..."37


ئەگەر تێبینی بکەین کەس نازانێت کێ خوێنی (ئارۆن)ی ڕشتووە، لە هەمان کاتدا (وریا) خوێنی (گوڵدان) دەڕژێنێت، بەڵام خوێنێکی جوایەزە، تەنانەت دەلالەتیشی جوایەزە. ئەم خوێنەی لە ئەنجامی نەمانی پەردەی کچێنییەوە دەڕژێت، لەنێو کورددا دەلالەتی زۆرە. سەرەتا هەموو شتێک پاکیی کچ بە بوونی ئەم خوێنەوە لە شەوی بووکێنیدا دیاری دەکرێت. کەواتە ئەم خوێنە واتای پاکیی، شەڕەف، کچێتی... تاد. لێرەوە (گوڵدان) گومانی لە (وریا) هەیە لە بارەی کوشتنی (ئارۆن)ەوە. لەم ڕێیەوە دەیوێ پێی بڵێت تۆ خوێنرێژیت، ئەوە تۆیت خوێنی (ئارۆن)ت ڕشت، هەرچەندە (گوڵدان) ئەمەی لەسەر ئارەزووی خۆی کردووە. دەلالەتێکی دیکەی ئەم خوێنڕژانە ئەوەیە، (گوڵدان) هەمیشە لە خەونی ئەوەدابووە (وریا) بکات بە هی خۆی. لەبەرئەوەی لەگەڵ (وریا) هەمیشە پلانی داهاتوویان دادەنا، کە ماڵێکیان هەبێت، بەڵام (وریا) لێی تووڕە بووە. لەم ڕێیەوە دەیوێ ئەم کارەکتەرە بکاتە هاوسەری خۆی و پێی بڵێت ئەوەتا تۆ وەکوو هاوسەرێک بە واقیعی جەستەت لەگەڵ جەستەم تێکەڵاو کرد. لەو ڕێیەوە دەیوێ ئەو ماڵەی لە خەیاڵیدایە بیکاتە واقیع. دەلالەتێکی دیکەی بەهێز ئەو سەرەمێکوتەیەیە، کە لە ئەنجامی ئەو کردارەوە لە سکی (گوڵدان) دایە. سپێرمی (وریا) لە منداڵدانی (گوڵدان)ە، ئەمەیش واتای منداڵ دروست کردن دەدات، واتای داهاتوو دەدات. لەلایەک (وریا) دەیویست خۆی لە (گوڵدان) بە دوور بگرێت، بەڵام ئێستا ئەو سەرەمێکوتەیە زێتر بەوی دەبەستێتەوە. یان زێتر بەو داهاتووەی دەبەستەوە، کە (گوڵدان) لە خەیاڵی خۆی دایناوە. کەواتە (گوڵدان) کارەکتەرێکە، هەمیشە هەوڵی داهاتوو دروستکردنە، تەنانەت لەسەر حیسابی جەستەی خۆیشی، ئەو بەم ڕێیە هەوڵی بە دەستهێنانی کەسێک دەدات بۆ ئەوەی داهاتووی خۆی بونیاد بنێت.

(موفید) کارەکتەرێکە عاشقی (پەریهان)ـە، "پەریهان"ـی دایکی (وریا). دوای ئەوەی خۆشەویستەکەی (پەریهان) کەسێکی دیکە بۆ هاوسەرگیری هەڵدەبژێرێت. هۆکاری

ئەمەیش پیشەکەی (سامی)یە، بۆیەیش مێرد بەو دەکات. شەوێک لەکاتی خواردنەوە (سامی) و (موفید) بە شەڕ دێن و (سامی) بە دەستی (موفید) دەکوژرێت. لە زیندان بە خەیاڵی خۆی شت لە قوڕ دروست دەکات، بۆیەیش کاتێک بەردەبێت هونەرمەندێکی چاکی لە سیرامیک لێ دروست دەبێت. لەم ڕێیەوە دەیوێ زەمەن ببڕێت. ئەم شەڕەی زەمەن بڕینە لەگەڵ کەسێکە کوڕی (پەریهان)ی کۆنە خۆشەویستیەتی. "بەڵام گەیشتمە ئەو باوەڕەی بگەڕێمەوە دواوە، یان نا، ئەوا ئەو لە ڕێگای هونەرەکەیەوە زەمەنی خۆی بڕیوە و گەیشتۆتە زەمەنی من... ئینجا بۆم دەرکەوت هونەرمەندە داهێنەرەکان لە زەمەنی دوای خۆیان دەژین و ئەوانەی هەستی پێدەکەن، کەسانێکن، بە دەست زەمەنەوە ئازار دەچێژن... بەڵێ چاک دەزانم (موفید) پێی خستۆتە ناو زەمەنی منەوە..."38 لەم پەرەگرافەدا دەزانین ئەم کارەکتەرە لە ڕێی هونەری سیرامیکەوە هەوڵی شەڕی زەمەنە بڕین دەدات، بەبێ ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە ئەم هونەرەی خوێندبێت، بەڵکوو تەنێ لە زیندان لە ڕێی خەیاڵەوە، یان وای داناوە وا خەریکی ئەم هونەرەیە. بۆیەیش کاتێک ئازاد دەکرێت، تاکە چەکێک شەڕی پێ بکات، ئەو هونەرەیە بۆ ئەوەی شەڕی بەرانبەرەکەی پێ بکات. کاتێک دەیوێ لەگەڵ (وریا) دابنیشێ و نامەیەکی بۆ دەنێرێ گوایە زۆر نهێنی هەیە بۆی باس دەکات، بەڵام (وریا) ئەم دیدارە ڕەت دەکاتەوە، چونکوو ئەمە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی دەزانێت، (وریا) هەمیشە دەیوێ بۆ داهاتوو بڕوات، ڕەتکردنەوەی ئەم دیدارە (موفید) بە ململانێ دەزانێت، بۆیەیش لەڕێی هونەرەوە شەڕی داهاتووی لەگەڵ دەکات، دەیوێ پێی بڵێت: من بە هونەر دەتوانم زەمەن ببڕم، هونەر واتا زەمەنی داهاتوو. کەواتە ئەم کارەکتەرە لەڕێی هونەرەوە شەڕی داهاتوو دەکات. دەیوێ داهاتوو بخوێنێتەوە.

(مەزهەر مەزاهیر)، کارەکتەرێکە بە خەسڵەتی درۆزنی ناسراوە. لەگەڵ خوشکێکی دەژیەت، باوکیان پارەدار بووە و دوای ژنێکی سۆزانیی موسڵاوی کەتووە. پسپۆرە لە خوێندنەوەی ناخی مرۆڤ لەڕێی تۆنی دەنگەوە، هەروەها دەتوانێ لەڕێی ئاماژەی جەستەوە مرۆڤ بخوێنێتەوە. لێرەوە بۆمان هەیە بپرسین ئەم کارەکتەرە بۆ درۆ دەکات؟ ئایا درۆکردن پێویستییەکی ژیانە؟ سەرەتا دەمەوێ بڵێم هەر مرۆڤێک درۆزن بێت، یان بیەوێ درۆ بکات، پێویستە توانایەکی زهنی باشی هەبێت. واتا درۆ بە هەموو کەسێک ناکرێت. مەبەستمان لە درۆیەکە توانای قەناعەتپێکردنی هەبێت، درۆ پێویستی بە بیرکردنەوەی باش و یادگەیەکی بەهێز و خەیاڵێکی فراوان هەیە، هاوکات دەبێ پاکانەی ئامادەی هەبێت. ئەم کارەکتەرە (مەزهەر مەزاهیر) مرۆڤێکە توانایەکی سەیری هەیە، دەتوانێ مرۆڤ لە ڕێی جەستە و تۆنی دەنگەوە بخوێنێتەوە. کەواتا درۆکردن پێوەندی بە خەلقکردنی چیرۆکێکە، قسەیەکە، کە لە بنەڕەتەوە بوونی نییە، دەبێ دروست بکرێت، یان بە شێوەیەکی دیکە بگێڕدرێتەوە. پرۆسێسەی خەلقکردن و بە شێوەیەکی دیکە گێڕانەوە پێویستی بە هەمان ئەو کەرەستانە هەیە، کە بۆ درۆکردن پێویستن. وەکوو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، توانای بیرکردنەوەی بەهێز، یادگەی بەهێز، خەیاڵی فراوان... تاد.

ئەم کارەکتەرە وێڵە بە دوای ئافراندنی جوانییدا. بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ (وریا) و (نەوشیت کۆنترین) دەچنە ناو تیلمەکان، لەوێ دان بە دزینی کاتژمێرەکەی (وریا)دا دەنێت. "بەڵێ، من بووم... فرۆشتم و پارەکەم



بۆ یەکێ لە تیلمەکان بە ملوانکە دا... ئەگەر حەز دەکەیت تیلمەکەت نیشان دەدەم... هەستم دەکرد ئەگەر ملوانکەیەکی سوور لە مل بکات، بە مەرجی مووروووەکانی هەندێک زل بن، ئەوا لەسەر ئەو پێستە ئەسمەرەی وا دەردەکەوێت یەکێ گازی لێ گرتووە و ئاسەواری ددانەکانی دەرکەوتوون... وەک بڵێی مووروووەکان خوێن بن و لەو شوێنانە فیچقەیان کردبێ."39 دواتر دەڵێت: "لێرە شتێک هەیە ناوی زەوقە و شتێکی تریش لەوێ پێی دەگوترێت هونەر، کە بە داخەوە تۆ هیچ یەکێ لەو دووانە ناناسیت."

کارەکتەر بە هۆی بوونی خەیاڵێکی هونەریانە هەوڵی ئافراندنی جوانی دەدات. بۆیەیش دزی و درۆ لە پێناوی ئافراندنی دنیایەکی جواندا دەکات. هاوکات عاشقی تیلمەیەک دەبێت، بۆ؟ دیارە هەر مێینەیەک ببێتە تیلمە (بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات) هەروا بە حەزی خۆی نییە، بەڵکوو چیرۆکێکی لە پشتەوەیە. کەواتا هەر تیلمەیەک هەڵگری چیرۆکێکە، ئەم کارەکتەرەیش بەهۆی نزیکی بیرکردنەوە و خەیاڵی لە پرۆسێسەی ئافراندنی درۆ (بە دیوێکی دیکە درۆ واتا دروستکردنی چیرۆکێک، یان گێڕانەوەی ڕووداوێک بە شێوەیەکی دیکە)، عاشقی ئەو چیرۆکە تراژیدیایانە دەبێت، کارەکتەرێکە هەمیشە لەژێر کاریگەری سیحری گێڕانەوەدایە، هەر ئەم کاریگەریەشە عاشقی یەکێک لە تیلمەکانی کردووە. لە گێڕانەوەدا ((هەر پەیڤێک، کە جیهانێک دەگەڕێنێتەوە بۆ زەین کە لە هەردوو ڕەهەندی مادیی و مەعنەوەییەوە بە جیهانێکی ڕاستی وەرگیرابێت و دەکەوێتە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە و زۆربەی کاتیش بە هەڵگەڕاوەیی لە ڕێگەی گۆشەنیگای کارەکتەرێک یان زیاتر پشکەش دەکرێت.))40 دیارە تیلمەکان لە گێڕانەوەی ژیانی خۆیاندا بە توانا بوونە، چونکوو هێندە بەس نییە ڕووداوەکان بگێڕیتەوە، بەڵکوو هاوکات چۆنییەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان گرینگترە. لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەم کارەکتەرە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی چۆنیەتیی گێڕانەوەکە، نەک ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکانە. "ئەوا کاتێ دەیانگێڕنەوە، نەک هەر ناچاریت گوێیان لێ بگریت، بەڵکو بێ ئەوەی ئاگات لێ بێت وا دەزانیت ئەو ڕووداوانە بە سەر خۆتدا هاتوون، بەڵام هێندەی پێ ناچێت سیحری گێڕانەوە وات لێ دەکات هەست بکەیت هەموو ئەو تاوانانە دەستی تۆیان تێدایە، بگرە هەر خۆت بکەریانی..."41 کەواتە ئەم کارەکتەرە کەسایەتییەکە عاشقی پرۆسێسەی گێڕانەوەیە، بە دیوێکی تر حەز بە ئافراندنی ڕووداو دەکات، هەر بۆیەیش درۆ وەکوو ئامرازێکی ئافراندنی ڕووداو دەبینێت و پراکتیکی دەکات. ئەو چێژ لە هونەری گێڕانەوەدا دەبینێت، هونەری گێڕانەوەیش بە سەرەتایەک بۆ دروست بوونی خۆشەویستی دەزانێت. ئەگەر هونەری گێڕانەوە و چێژی گێڕانەوە نەبووایە (شەهرزاد) چۆن لە مەرگ ڕزگاری دەبوو؟!

(عورێقە) یەکێکی دیکەیە لە کارەکتەرەکان، تیلمەیەکە (وریا) دەچێتە لای. نێوی ڕاستەقینەی (عێراق) بووە. "ناوی ڕاستەقینەی خۆی (عێراق) بوو... لە مانگی ئۆگەستی یەکێک لە ساڵەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا و لەژێر دەستی دکتۆرێکی ئینگلیزی لە دایک دەبێت..."42 ئەگەر لە ناوەکەی وردبینەوە، دیارە مەبەست لە وڵاتی (عێراق)ە،

دکتۆرە ئینگلیسییەکەیش مەبەست لێی ئینگلتەرایە، ئەوکات دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی یەکەمی جیهانی، میراتی عوسمانیان دابەش کرد. وڵاتێکیان لەم ناوچەیە دروست کرد و ناویان نا (عێراق). ئەگەر بۆ واتای وشەکە بگەڕێین دیارە لە سەرچاوە مێژووییەکان بە واتای (کەنار دەریا- ڕووبار) هاتووە، بەڵام لە زمانی فارسییدا بە (ایراک) هاتووە بە واتای (وڵاتی خواروو). لە ماددەی دووی یاسای دروشمی کۆماری عێراق ژمارە 57ی ساڵی (1959)دا وشەکە بە (اراکی) بە واتای (وڵاتی خۆر) هاتووە. کەواتە ناوی ئەم کارەکتەرە چیرۆکێکی تراژیدی هەڵگرتووە، ئەویش دروستبوونی وڵاتێکە هەمیشە ململانێ و شەڕ تێیدا بەردەوامی هەیە. ناوەکە ئاماژەیەکی وردی لە پشتە، تەنانەت کاتێک خۆشەویستەکەی خیانەتی لێ دەکات و دەچێتە لای مامی، بەڵام مامیشی ئازاری دەدات و چاوی تێدەبەڕێت، لەوێش ڕا دەکات و پەنا بۆ (عورێبە) دەبات. لێرەوە دەکرێ سیمیۆلۆژیا یارمەتیمان بدات، ئەم کارەکتەرە ئاماژەیە بۆ وڵاتێک، شوێنێک (دەکرێ ئاماژە بی بۆ شتی دیکەیش)، لەم وڵاتەدا فرەیی لە ئایین و ئایینزا، نەتەوە بوونی هەیە.

(ئامیرا بابل) پیرەژنێکە، پوری دایکی (مالینا)، کاتێک (وریا) لە زانکۆ لە شاری بەغدا وەردەگیرێت، لە خانووی ئەو دەژیەت. ئەم ژنە پیرە جوولەکەیە و تەنێ خۆی ماوەتەوە و بۆ ئیسرائیل کۆچی نەکردووە. دەکرێ لێرەدا بپرسین بۆ نازناوی (بابل)ی هەڵگرتووە؟ ئاشکرایە بابل گوزارشتە لە شارستانییەتی بابلییەکان. دیارترین پادشای بابلییەکانیش (حامورابی)یە، لە ماوەی ساڵانی (1750 - 1792)ی پێش زایین حوکمداری بابلی کردووە. دیارترین کاریشی ئەو یاسایانەیە، کە دایناوە. لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە کراوە، جوولەکەکان ئەو کاتەی لەلایەن ئاشووری و یەهودییەکانەوە بە دیل گیراون و هێنراونەتە عیراقەوە. ئەم پرۆسێسەی بە دیل گیرانە بە سێ پرۆسێسەی جودا ئەنجام دراوە. یەکەمیان لەلایەن (سامریا 721پ.ز) ئاشوورییەکان، جوولەکەکانیان بە دیل گرتوون و بۆ عێراقیان هێناون. دووەم لەلایەن ( یەهواخن- یەهواکین ساڵی 597پ.ز) کاتێک (نەبو خدنصر) نزیکەی دە هەزار جوولەکەی لە ئورشەلیمەوە بۆ بابل گواستەوە. سێیەمیان لەلایەن (سدقیا 586پ.ز) کۆتا ڕاگواستن بووە و کۆتایی بە مەملەکەتی یەهودی هاتووە، بە تەواوی شاری ئورشەلیم و پەرستگای سلێمانی یەکەمیان ڕووخاندووە. نزیکەی چل هەزار بە دیل گیران و بۆ بابل گواسترانەوە.*

کەواتە لە پشتی ئەم نازناوە، ڕابردوویەک و مێژوویەک بوونی هەیە. کاتێک لە بەغدا لە ساڵی 1947 بە دواوە جوولەکەکان بۆ ئیسرائیل کۆچ پێ دەکەن، ئەم ناڕوات. لێرەوە دەتوانین پێوەندییەک لەنێوان کۆچ پێ کردنی جوولەکەکان لە سەردەمی بابلییەکان و لە ساڵی 1947دا بەدی بکەین. ئەم کارەکتەرە خۆی بە بەشێک لەم شارستانییەت و خاکە دەزانێت. "دەیتوانی بەشێکی زۆری مێژووی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەیشی بگێڕێتەوە، بەڵام تا بۆی بکرایە بەلای ئەو ڕابردووەدا نەدەچوو... مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ناچار نەبووایە، باسی نەدەکرد، ئەگینا دەمزانی لە ناخی خۆیدا بەردەوام لەگەڵی دەژیێ..."[43] نەڕۆیشتنی ئەو، یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەیەتی بەرانبەر بەو پرۆسێسەی ڕاگواستنە. ئەو دیلبوون لەم پرۆسێسەیەدا دەبینێت. بۆیەیش نایوێ جارێکی دیکە دیل ببێت. واتا پێشتر لە سەردەمی بابلییەکان

جوولەکەکان خاوەن ئایینی خۆیان بوون، لە ئورشەلیم خاوەن خاک و شارستانییەت بوون، بەڵام کاتێک ڕادەگوێزرێن ئەمانەیان لێ وێران دەکرێت. پاتە کاتێک دێنە عێراق دەست بە بونیادنانەوە دەکەن لەم خاکەدا. کەواتە جوولەکەکان ڕۆڵیان دەبێت لە دروستکردنی شارستانییەت و ئاوەدان کردنەوەی عێراق. ئەم کارەکتەرە شارەزایی لە بوارەکانی ئایین، ئەدەب، هونەر و سیاسەتدا هەیە. ئەمانە هەمووی دەلالەتی ئەوەن ئەم کارەکتەرە وەکوو نوێنەری کۆی جوولەکە نیشان دەدات و شارەزاران لەم بوارانە.

لەلایەکی دیکە لەم ڕۆمانە ئاماژە بە قوتابخانەی (عامرە) دەکرێت. "دوایی زانیم لە قوتابخانەی (عامرە) خوێندوویەتی، کە ساڵی 1865 جووەکان دایانمەزراندووە و لەسەر شێوازی قوتابخانەکانی ئەورووپا لەپاڵ ماتماتیک، فیزیا، کیمیا، بایۆلۆجی و بابەتی دیکەدا، زمانی ئینگلیزی، فرانسی، عیبری، تورکی و عەرەبییشی تێدا دەخوێندرا..."44 ئەم قوتابخانەیە دەلالەتە بۆ بنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێ، شارستانییەتێک لەسەر مۆدێلی ئەورووپا. ڕابردووی ئەم کارەکتەرە بریتییە لە هێنانی مۆدێلێکی تازەی ژیان، بۆیەیش نایوێ پاتە ئەو مۆدێلەی کە خۆی (جووەکان) دروستیان کردووە، وێران بکرێتەوە. ئەو خۆی بە پارێزەری ئەو مۆدێلەی ژیارە دەزانێت، ئەگەرچی بە تەنێ بێت.

(مونیر بۆتانی) کارەکتەرێکە لە ڕێی چەند نیشانەیەکەوە ئایدیۆلۆژیاکەی دەزانین. کەسێکی کۆمۆنیستە. ئەم نازناوەی لەبەر سێ هۆکار لە خۆی ناوە. "ئەو (بۆتانی) یەی خستبووە شوێنی ناوی باوکیەوە، چونکە یەکەم، حەزی لە نازناوی بەگ نەبوو، بەوەی نەیدەویست وەکوو دەرەبەگ بێتە بەرچاو...، دووەم، سەرنجی کچانی پێ ڕادەکێشا و سێیەم، خۆی لە سیخورەکان دەپاراست، بە تایبەت ئەو لە خێزانێکی دیار بوو..."45 ئەگەر هۆکارەکانی پشت هەڵبژاردنی ئەو نازناوە لێک بدەینەوە، دەزانین ئەم کارەکتەرە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای مارکسییە. چونکوو یەکەم دەلالەت ڕقی لە پاشناوی (بەگ)ە، بەگەکانیش بە چەوسێنەری چینی جوتیار و کرمانج دادەنرێن. ((کۆمۆنیستی بزووتنەوەیەکە کە دژ بە سیستەمی سەرمایەداری و پرۆگرامێکی دابەزیوە کە بە تەواوی ڕێگای لە سەرمایەداری و ئیمپیریالیزم گرتووە.))46 ئەم ئایدیۆلۆژیایە دژی سێستەمی سەرمایەدارییە، (کارڵ مارکس و فرێدریش ئەنگڵەس) بە خاوەن بیرۆکە و نووسەری مانیفێستی کۆمۆنیستی دادەنرێن.


کەواتە کۆمۆنیستی ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە، ئامانجی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی شۆڕشیی ئیشتیراکیی بەتاڵ لە چینایەتییە. باوەڕی بە موڵکایەتیی هاوبەش بۆ بەرهەمهێنان هەیە. چونکو (بەگ) نازناوە بۆ چینێک، کارەکتەر خۆی لێ دەپارێزێت، بەتایبەت باوکی خاوەن سەرمایەیە و لە بنەماڵەیەکی دیارە. هەر ئەو بنەماڵە دیارەیشە وا دەکات خۆی لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی بپارێزێت. باوەڕی وایە پێوەندی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا هەبووە، ئەو پێوەندییانە مەیل و ئارەزوویەکی بەرژەوەندیخوازانەیان لە پشتەوەیە، ئەویش دژی بەرژەوەندییە. لێرەوە دەزانین ئەم کارەکتەرە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای مارکسییە.

ئەم کارەکتەرە زۆر بە ئاو و دەریاوە پێوەستە. تەنانەت

ڕۆشتنی لە شاری هەولێر بۆ نەبوونی ئاو و دەریا دەگەڕێنێتەوە. بڕوای وایە شار ئەگەر نەکەوێتە سەر دەریا بە شار دانانرێت. دەنێو کوردەواریدا پەندێک هەیە دەڵێت: ئاو و ئاوەدانی. کەواتە بووژانەوە و دروستبوونی ئاوەدانی پێوەستە بەو شوێنەی ئاوی لێیە، بەڵام دەبێ لەوە قووڵتر لە بیرکردنەوەی ئەو کارەکتەرە بنۆڕین. لە ئایینی ئیسلامدا و لە قورئاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە هەموو شتێک لە ئاوەوە دروست کراوە. ((أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ)) 47 لێرەدا ئامژە بۆ ئەوە کراوە ئاو بنچینەی ژیانە. بە هەمان شێوە ئاو، دەریا ڕۆڵێکی گرینگیان لە بونیادنانی زۆربەی شارستانیەتەکان هەبووە. بۆ نموونە شارستانییەتی میسر لەسەر ڕووباری نیل بووە، شارستانییەتی سۆمەری و بابلی لەنێوا دوو ڕووباری دیجلە و فورات بووە...تاد. فەیلەسووفێکی وەکوو (تالیس) ئەویش بە بنەڕەتی دروست بوونی هەموو شتێک دادەنێت، بەڵام (ئەناکسیمینس) هەوا بە بنەڕەت دادەنێت. ئەم کارەکتەرە هێندە شەیدای ئاو و دەریایە بەبێ بوونی ئەوانە ژیان نابینێت. لە شوێنێکدا دەڵێت: "ئەی دەریا هیچ کەسێک ناتوانێت لەو گەنجینەیە تێبگات، کە تۆ لە ناخی خۆتتدا شاردووەتەوە..."48 ئەمە لەلایەک مەسەلەیەکی بوونناسی بۆ ئاو و دریا هەیە، لەلایەکی دیکە جووڵەی شار و و پێشکەوتنی شار بە دەریاوە دەبەستێتەوە. بۆ ئەمەیش بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانەی لە پشتە.

ئەم کارەکتەرە پێوەندییەک لە نێوان ئاو و ڕووتکردنەوەدا دەبینێت. ئەو بڕوای وایە ئەو شارانەی ناکەونە سەر دەریا، یان لە ئاوی سەرزەوی دوورن هەمیشە تەنێ بە نهێنی بیر لە جەستە دەکەنەوە. دەبینین بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ چەپاندن دەکات، چەپاندێک لە ئەنجامی شاردنەوەی جەستەوە پەیدا دەبێت. مرۆڤی ئەم شارانە هەمیشە لە ڕواڵەت مرۆڤەکان دەبینێت، بە جلوبەرگ مرۆڤەکان دەخوێنێتەوە، بەڵام کاتێک مرۆڤ ڕووت دەبێت واتا دەتوانێت خۆی بێت، جلوبەرگ لێرەدا ئاماژە و نیشانەیە بۆ مادییەتی ژیان، بەڵام ڕووتی ئاماژەیە بۆ ڕووحی مرۆڤ. واتا لێرەدا شارستانیبوونی شار بە ڕووتبوونی مرۆڤەکانەوە دەبەستێتەوە، مەبەستمان لە ڕووتبوون خۆ داماڵینە لە هەموو ئالۆزییەکانی ژیان، لەو هەموو پێویستیانەی ژیان، کە مرۆڤیان سەرقاڵ کردووە، هەمیشە ئەو پێویستیانە لە زێدەبووندان. بۆیەیش مرۆڤەکان ناپرژێنە سەر ئەوەی بیر لە بوونی خۆیان، لە خودی خۆیان بکەنەوە، کاتێکیش مرۆڤ نەتوانێت بیر لە بوونی خۆی بکاتەوە، خۆی بناسێت ئەوا ناتوانێت بیر لە بوونەکانی دیکەیش بکاتەوە.

(پەریهان) وەگێڕ و کارەکتەرێکە، وەگێڕی بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەیە. ئەم (پەریهان)ە دەبێتە خوشکی (مامۆستا سوهاد و وریا)، کچی (حەمدی باخەوان) و (مەیسوونی مانگا)یە. لەم پەرەگرافەی خوارەوە دیدگەی ئەم کارەکتەرە لەبارەی مرۆڤەوە دەزانین. "بەڵی دەمگوت چوار جۆر مرۆڤ هەن: یەکەمیان سەرەتا چ گیانلەبەر و چ بێگیان بە گچکەیی دەبینن و دوایی وردە وردە ئەوانەیان لا گەورە دەبن، تاکو لە ئاستێکدا دەوەستن و بە شێوەی ئاسایی دەکەونە بەرچاویان... دووەمیان، ئەوانەن سەرەتا هەموو شتێک بە گەورەیی دەبینن دوایی قەبارەی ئەو شتانە لە بەردەمیان بچووک و بچوکتر دەبنەوە، تا دەگەنە ئەوەی ئاسایی دەردەکەون... سێیەمیان، شتەکان



گچکە و مرۆڤەکان گەورە دەبینن... ماوەیەک دەخایەنێت و بۆ باری ڕاستەقینەی خۆیان دەگەڕێنەوە ... چوارەمیان، ئەوانەن مرۆڤ ورد و شتەکان قەبە دەکەونە بەردیدەیان..."49

دابەشکردنی مرۆڤ بۆ ئەم چوار جۆرە، ئەوەمان نیشان دەدات هەموو مرۆڤێک لە دیدێکەوە مرۆڤ و شتەکان دەبینێت. واتا هەموو تێڕوانینێک بیرکردنەوە و ڕۆشنبیرییەکی لە پشتەوەیە. لەوێوە قەبارە و چۆنیەتی دیتنی مرۆڤ و شتەکان ئەنجام دەدرێت. ئەو ڕەهەندانەی مرۆڤ هەڵگریەتی، مرۆڤەکان بۆ تێڕوانین لە شتەکان و بەخشینی قەبارە پێیان دیاری دەکات. واتا شتەکان و مرۆڤ قەبارە و شێوەیەنا هەر چۆنێک بێت، ئەوە ڕەهەندەکانی ئێمەیە هەوڵی دیاریکردنی ئەو شتانە دەدات، ئەوە ئێمەین بەپێی ئەو ڕۆشنبیرییە و پشتخانەی هەمانە قەبارە و تێڕوانینمان بۆ شتەکان دیاری دەکەین. ئەگەر شتەکان لەبەر تێڕوانینی ئێمە، یان بەپێی بیرکردنەوەی ئێمە بچووکتر بوو، ئەوا دەیکشێنین و گەورەی دەکەین، تاکوو دەگاتە ئاستی ئەو بیرکردنەوەی، کە هەڵگرین، بەڵام ئەگەر گەورەتر بوو ئەوا بچووکتری دەکەینەوە. بیرکردنەوەی مرۆڤ هەمیشە لە ژێر کاریگەرییە.

ئەم کارەکتەرە زۆر بیر لە زەمەن، مەرگ، تەمەن دەکاتەوە. هەرسێ ئەم چەمکەیش لە زەمەندا کۆدەبنەوە. ئەو هەمیشە پێش زەمەن دەکەوێت. بۆیەیش کاتێک بیر لە مردن دەکاتەوە، مردن مرۆڤ دەکاتە ڕابردوو چەمکی هەرە سەرەکیش لەم ڕۆمانەدا کاری لەبارەوە کراوە زەمەنی داهاتووە، یان ململانێی زەمەنی داهاتوو و ڕابردووە. ئەم کارەکتەرە دەیوێ نەبێت بە ڕابردووە بۆیەیش دەیوێ پێش زەمەن بکەوێت و شتەکان بە گەورەیی ببینێت. ئەم کارەکتەرە دەیوێ سنوورەکانی سەرەتا و کۆتایی، کە بۆ مرۆڤ دانراوە ببڕێت. بە بڕوای من زەمەن واتا خودی مرۆڤ، چونکوو هەر چرکەیەک لە کاتی ئێمە دەڕوات، ئەوا خودی ئێمە دەڕوات و لە سنووری مەرگ نزیک دەکەوینەوە، کەواتە ئێمە هەمیشە بەرەو داهاتوو دەچین. بە بڕوای ( (هایدیگەر مرۆڤ بریتییە لە داهاتوو لەبەر ئەوەی هەریەک لە ئێمە هەمیشە لەبەردەم خودی خۆیدایە و بوونی تایبەتی خۆی لە شێوەی ئەو ئامانجەدا دێتە پێشچاو کە هەوڵی بۆ دەدات یان ئەو داهاتووەی بەرەڕووی دەڕوات و ئەو کۆمەڵە ئەگەرەی کە کار بۆ بەدیهێنانیان دەکات.))50 کارەکتەر (پەریهان) وەکوو خۆی ئاماژەی پێدەدا هەرچەندە تەمەنی بچووک بووە، بەڵام شتەکانی بە گەورە بینیوە، واتا ئەو هەمیشە ئامانجی هەبووە، ویستوویەتی لەڕێی بڕینی زەمەنەوە بگات بە ئامانجەکەی، بگات بە داهاتووە. لەبنەڕەتدا ئەو شتانەی کارەکتەر لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا بە گەورەی بینیون، چکۆلانە بوونە، بەڵام ئەو بۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵێک ڕاز و نهێنی هەوڵی گەیشتن بە داهاتووی داوە. ئەو کۆمەڵە ئەگەری نێوی داهاتووە، هەوڵی بە دیهێنانیان دەدات. دەکرێ بێژین گوتاری ئەم کارەکتەرە ململانێیە لەگەڵ زەمەن، ئەو خۆی بە مرۆڤێک دادەنێت لە داهاتوودا دەژیەت، لەکن ئەو مرۆڤ واتا داهاتوو و نایەوێ ببێتە ڕابردوو.

(مەردان خودادا) کارەکتەرێکە نەخوێندەوارە، باخەوانە. کاتێک گوێبیستی شیعرەکانی (ئاگریان) دەبێت، زۆر شەیدایان دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی

ئەخوێندەواره ناتوانێت بیاننووسێتەوه. ئەمەیش بارێکی دەروونی ناخۆش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەکن دروست دەکات. بۆیەیش بڕیار دەدات گەڕەکێک لەسەر شێوەی شیعرەکانی (ئاگریان) دروست بکات. بێگومان ئەمە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە هەست بە کەمکردنە، ئەو هەستەی (ئەلفرێد ئەدلەر) بە یەکێک لە کێشە دەروونییەکان دایدەنێت. ئەم هەستە هەستێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو هەستێکی قووڵی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە. لێرەوە تاک هەوڵدەدا قەرەبووی ئەو شتە بکاتەوە، کە نەیتوانیوە بە دەستی بهێنێت. (ئەدلەر) بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە دەروونیە چەمکی تێکۆشان و هەوڵدان پێشنیاز دەکات. کەواتە تاک دەبێت بەر لە هەموو شتێک هێزێکی تێکۆشانی هەبێت تاکوو بتوانێت ئەو کەلێنە پڕبکاتەوە. دەبینین ئەم کارەکتەرە ئەم هێزەی هەیە، لەسەر شێوازی شیعرەکان هەوڵی بنیاتنانی گەڕەکێک دەدات و دروستی دەکات.

گەڕەک واتا شوێن، کەواتە ئەم کارەکتەرە هەوڵی دروستکردنی شوێنێک دەدات، بەڵام ئایا ئەم شوێنەیش وەکوو زەمەن مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە؟ ئەگەر بە وردی بنۆڕین ئەم بیرەی کارەکتەر هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی داهاتوو، واتا ئەم کارەکتەرە ئامانجێکی هەیە، سەرەتای نەخشەیەکە بۆ ئەو ئامانجەی هەیەتی. ئەوەی لێرەدا خاڵێکی سەرنجڕاکێشە ڕای جوایەزی مێژوونووسانە لەبارەی ئەم کارەی (مەردان خوداداد). هەموو بۆچوونە جوایەزەکانیش بە پۆزەتیڤ ئەم کارە لێک دەدەنەوە، هەموویشیان ئاماژەیەکی نەتەوەیی و ناسیونالیستی لەپشتی ئەم کارەی دەبینن. وەکوو دروستکردنی یەکێتیی نێوان خەڵک، ناردنی پارەی ئەو خانووانە بۆ شۆڕش، تەنانەت بەراوردکردنی بە کەسانی وەکوو: مارتن لۆسەر، یوهان هێردەر، فیختە، بیسمارک...تاد.

(مارتن لۆسەر) ڕەبەنێکی ئەڵمانی بوو، هاوکات مامۆستای لاهوت بوو. یەکێک بوو لەو کەسانەی داوای چاکسازی لە ئایینی مەسیحی دەکرد. بە هەموو شێوەیەک دژی (پسوولەی لێخۆشبوون) وەستایەوە و ڕەتی دەکردەوە. ئەو پسوولەیەی بە خەڵک دەفرۆشرا، گوایە خودا لێیان خۆش بووە. چونکوو ئەو پێی وابوو لێخۆشبوونی خودا دیارییەکە لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤی گوناهبار، نەک لەلایەن ڕەبەنەکانەوە بە خەڵک بدرێ. لە ساڵی (1517) نامەیەکی نووسی و بڵاویکردەوە، تێیدا پەنجا خاڵی نووسی، تێیدا داوای (لاهوتی ئازاد) ی دەکرد، واتا لەژێر چنگی پاپا دەربێت و دژی پاپا وەستایەوە. (یۆهان هێردەر) شاعیر و فەیلەسووف و ڕەخنەگر و لاهوتێکی ئەڵمانی بوو. کاریگەریی هەریەک لە کانت و هامانی بەسەرەوە بووە. لە ساڵی (1769) گەشتەکەی خۆی بۆ (نانت) دەست پێ دەکات، بە گەشتی ئازادی دەناسرێت.

(یۆهان فیختە) فەیلەسووفێکی ئەڵمانیە، بە دامەزرێنەری بزووتنەوەی فەلسەفەی میسالی ئەڵمانی دادەنرێت. هەروەها بە باوکی نەتەوەیی ئەڵمانی دادەنرێت. لە ساڵی (1792) کتێبێک لەبارەی پێوەندیی سرووشی ئیلاهی و فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت دەنووسێت.

هەموو ئەو فەیلەسووف و نووسەرانە، فەلسەفە و کارەکانیان لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بووە. هاوکات هەوڵەکانیان هەوڵی چاکسازی بووە لەپێناو مرۆڤایەتی و نەتەوەکەی خۆیان. پرۆژەکانیان پرۆژەیەکی نەتەوەیی بووە. ئەم کارەکتەرەیش تەنێ ئامانج و بیرکردنەوەیەکی هەبووە، فەلسەفەکەیش لێرەدا ئەوەیە تەنێ بیرکردنەوەیەکی گەورە هەبێت، دواتر

ئەوە مرۆڤەکانن ئەو بیرکردنەوەیە دەکەن بە واقیع. ئەم کارەکتەرە خەونێکی هەیە، خەونی بنیاتنانی گەڕەکێک (وڵاتێک)، گەڕەکێک لە داهاتوودا وەکوو بیرۆکەیەک بوونی هەیە، هەوڵێکە بۆ چاکسازی دەنێو نەتەوەیەک. هەموو ئەو بیرۆکە و ئاماژانە، ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم کارەکتەرە فریادرەسێکە هەوڵی چاکسازی و هێنانەدی ئەو ئامانجەی لە داهاتوو بوونی هەیە، دەدات.

(بەهاران هامان داخانی)، کچێکە کەسایەتی بە دەوڵەمەندەکان دەچێت، بەڵام باوکی کرێکاری کۆمپانیای نەوتە. باوکی کۆمۆنیست بوو. ئەم کارەکتەرە دەبێتە وەگێڕی چیرۆکی (پەلکشان). ئەم کارەکتەرە بۆچوونێکی هەیە، جێی لەسەر وەستانە. " بە کورتی ئەو دەیویست وات تێبگەیەنێت ژن بە هەندێ خەسڵەتی ناسک دەناسرێتەوە و کاتێ لەبەر هەر هۆیەک و لەژێر زەبری هەر بارودۆخێکدا ئەو خەسڵەتانەی لە دەست دەدات، ئیتر وەک ژن نامێنێت، بێ ئەوەی ببێتە پیاویش..."51 ئەگەر بە وردی لەم ڕستانە بنۆڕین، خاڵێکی وردی تێدا دەدۆزینەوە. ئەویش بۆچوونیەتی لەبارەی جوداوازبوونی سرووشتی ژن و پیاوە. مەبەستمان لەڕووی فیزیکی و پێکهاتەی جە ستە ییيە و ە یە . زۆرێک لەو ژنانەی بەنێوی فینیمێستیەوە لە کوردستان کار بۆ مافەکانی ژنان دەکەن، کاریگەری خەراپیان لەسەر ڕەوشی ژنان هەبووە. لەوەتەی ئەم ڕێکخراوانە بەنێوی فێمینیستیەوە کار دەکەن، توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان زێتر بووە. ئەوەی دەموێ بیڵێم ئەو بەنێو چالاکوانانەی بوای ژنان تاکوو ئێستایش بە هەڵە لە ڕەوتی فێمینیستی گەیشتوون. ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت ژن سرووشتێکی ناسکی هەیە، واتا ژن لەڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە لەگەڵ پێکهاتەی جەستەی پیاو جواداوازە. ئێمەیش لەگەڵ ئەوەداین لەڕووی عەقڵ و مافەوە یەکسانن، بەڵام ناکرێ ئەو جوداوازیە فیزیکییە لەبەرچاو نەگرین. کاتێک بەزۆر خەسڵەتی دیکەی جوداواز لە سرووشتی خۆی پێدەبەخشیت ئەوا لە بوونی ژنایەتی دەردەچێت.

ئەم بیرکردنەوەیەی کارەکتەر زۆر وردە، لێرەوە دەزانین ئەم کارەکتەرە دەیوێ تاک دروست بکات. واتا ژن ببێتە تاک، بەڵام بە سرووشتی خۆی. ژن و پیاو سرووشتیان زۆر لە یەکدییەوە جوایەزە، بۆیەیش کاتێک هەوڵی بە تاک بوون دەدات، نابێ سرووشتی خۆی لە دەست بدات. لە دەرەوەی سرووشتی خۆی تاکایەتی خۆی لە دەست دەدات، ڕاستە مرۆڤ لە ژیاندا هەمیشە بەرەو کەسانی دیکە و کۆمەڵگە دەڕوات، ئەمەیش واتای ئەوە نییە خۆی تەسلیم بە ئەوان بکات. کەواتە تاکبوون لەکن وی تاکبوونە بە سرووشتی خۆت، نەک بکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا و ئەوانی دیکە. نموونەی (پەلکشان)مان بۆ دەهێنێتەوە توانیویەتی لە سرووشتی ژنایەتی خۆیدا ببێتە تاک و بەتەنیا بێتە ئەم شارە و خۆی دروست بکات.

(پەلکشان) یەکێکە لەو کارەکتەرانەی بەشەکانی کۆتایی ڕۆمانەکە لە بارەی چیرۆکی ژیانی ئەون. ئەم کارەکتەرە ماڵیان لە نزیک گوندیکی عەرەبانە، براکەی عەرەبێک دەکوژێت و عەرەبەکانیش بەسەر ماڵیان دا دەدەن برا و باوکی دەکوژن، ئەویش وەکوو کەنیزەک لەلایەن عەرەبەکان دەبرێت و لە باوکی ئەو عەرەبەی

براکەی کوشتی مارە دەکرێت و شەوێک ئەو پیاوە دەکوژێت و هەڵدێت. دێتە ئەم شارەی (مەردان) و بە کورتی لەبەر چاوە سوورەکانی (خەلۆ چاوسوور) مێرد بە خەلۆ دەکات و دەیویٚ کوڕی چاوسووری لیٚ ببێت. هەروەها هەمیشە جلی سوور لەبەر دەکات.

لەڕێی چەند ئاماژە و نیشانەیەکەوە دەتوانین سایکۆلۆژییەتی ئەم کارەکتەرە لێک بدەینەوە. کوژرانی باوکی و برای و خۆخنکاندنی دایکی ئەمانە کاریگەریان لەسەر دەروونی هەبووە. بۆیەیش چاوسووری (خەلۆ) بە نیشانەی هێز دەزانێت، دەیوێت منداڵی چاوسووری ببن، تاکوو خاوەن هێز بن. ئەو بە شێوەیەکی نائاگایی وا بیر دەکاتەوە ئەگەر مرۆڤ خاوەن هێز بیٚ دەتوانیٚ بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بێت. تەنانەت نایەڵیٚ منداڵەکانی بچنە کن منداڵە شێتەکانی (دادەهێلانە)، چونکوو لەو بڕوایەدایە بە بینینی ئەو شێتانە منداڵەکانی ڕەنگە هەست و سۆزیان بجولێت و کەسێکی میهرەبان دەرچن. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە منداڵەکانی لەسەر بنەمای هێز و دڵڕەقی پەروەردە بکات. لەلایەکی دیکە ناو لە هیچ یێک لە شەش کوڕەکی نانەنێت ئەمەیش نەوەک لەڕێی ناوەکانیانەوە میهرەبان دەرچن. " هەر ئەوسا زانیت مەبەستی (پەلکشان) لەو هاوسەرگیرییە تەنیا ئەوەیە چەند کوڕێکی چاوسووری لێی ببێت، بەو هیوایەی لە دواڕۆژ ببنە نموونەی مرۆڤی بەسام و دەستوەشێن..."52

ئەم کارەکتەرە بۆ ژیانکردن پشت بە لۆژیکی هێز دەبەستێت، بە بۆچوونی ئەو مانەوەی مرۆڤ لە ڕێی هەبوونی هێزەوە دەبێت. ئەگەر مرۆڤ بیٚ هێزبوو ناتوانیٚ خۆی بێت، تەنانەت دەبێت بە کۆیلە، چونکوو ئەگەر ماڵباتی ئەو، هێزیان هەبووایە دەیانتوانی ڕووبەڕووی عەرەبەکان ببنەوە و باوکی و برای نەدەکوژران، خۆیشی نەدەبوو بە کۆیلە و بەزۆر لە پیرە پیاوێک مارە بکرێت. لێرەوە لۆژیکی هێز بە سەرچاوەی ئازادی و پێوەر بۆ ئاکاری مرۆڤ دەزانێت. ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئەم هێزە بوو، دەتوانی ئازاد بێت. ئەگەر وردتر بنۆڕین لەلای (نیتشە) هێز سەرچاوەی ئازادی مرۆڤە، لەوێوە (مرۆڤی باڵا- سوپەرمان) دروست دەبێت. واتا مرۆڤ ئەگەر خاوەنی ئەو هێزە بێت و لە ژێر ڕکێفی مێگەل- کۆمەڵگەدا نەبێت دەتوانی ببێتە مرۆڤی باڵا. ((ئەو پیاوە نایابە - بە بۆچوونی نیچە- ئەو کەسە تاکڕەوەیە کە خۆی لە خەڵکی بە دوور دەگرێت تاوەکوو خۆی تەریک بکات و بڕوای بە خۆی هەبێت و دوور لە کۆمەڵگە بژی، بەڵام مرۆڤی لاواز ئەو کەسەیە کە هەست بەوە دەکات پێویستی بەوەیە لە ناو خەڵکدا بێت و تێکەڵ بە مێگەلەکە ببێت بڕوای بە پێوەرەکانی زۆرینە هەبێت.))53

بە بڕوای (نیتشە) مرۆڤ ئەو کاتە دەتوانیٚ ببێتە خاوەنی ئەو هێزە خۆی لە مێگەل بە دوور بگرێت و نەکەوێتە ژێر باری پێوەر و ڕێساکانی. (پەلکشان) ئەو هێزە لەوەدا دەبینێتەوە کە منداڵەکانی خاوەنی هێزێکی جەستەیی باش بن، هەروەها منداڵەکانی خۆیان لە بینین و ژیانکردن لەگەڵ مرۆڤی لاواز و شێتەکان و ئەو هێمایانەی ئاماژەن بۆ میهرەبانی بە دوور بگرن. بەڵام (نیتشە) ئەوەی لە بیرچووە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانیٚ لە دەرەوەی کەسانی دیکە بژیەت، هاوکات کەسانی دیکە پێشمەرجی بوونی ئەون (وەک هایدیگەر دەڵێت)، بۆیەیش دواتر دەبینین کوڕەکانی (پەلکشان) هەریەکەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیایەک و هێزی خۆیان لە خزمەتی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەڵگرین دەخەنەکار. بەو هۆیەوە دەزانین کاتێک مرۆڤ دەبێتە

کۆیلەی ئایدیۆلۆژیا و وەکوو ڕۆبۆتێک کاری پێ دەکرێت، پرۆسێسەی تاکبوون واتایەکی نامێنێت.

لەلایەکی دیکە ئەم کارەکتەرە هەمیشە جلی سوور لەبەر دەکات. هەمووومان دەزانین ڕەنگی سوور دەلالەت لە خوێن دەکات. لەبەرئەوەی پێشتر خوێنی باوک و برا و دایکی ڕژاوە، ژیان لەکن وی دەبێتە ڕەنگی سوور، واتا تۆڵەکردنەوە و ڕشتنی خوێن لەڕێی هێزەوە ئامانجی ئەم کارەکتەرە دەبێت. واتا ڕەنگی سوور بە نیشانەی هێز دەزانێت، هەر لەبەر ئەوەیشە عاشقی (خەلۆ چاوسوور) دەبێت.

(شێرکۆ) کارەکتەرێکە ڕۆڵی دوو وەگێڕ دەبینێت. یەکەمیان وەگێڕی چیرۆکی (کوا پلیتی دوکانەکەت...؟)، لەلایەکی دیکە لە کازینۆی (ئەلیاس داخان) دەبێتە حیکایەتخوان. چۆن ڕۆمانووس دەبێ کارەکتەر و هەموو توخمەکانی دیکەی ڕۆمان خەلق بکات، ئاوهایش ئەم کارەکتەر لە دەمی گێڕانەوەی حیکایەت کەسەکان خەلق دەکات. بە واتا ئەوەی قەناعەت لەکن گوێگران دروست دەکات، هەموو ئەو بەردەنگانەی دانیشتوون وەها تێکەڵی ڕووداوەکانی نێو گێڕانەوە دەبن. هەروەها بۆ خەلق کردنی ڕووداو بە شێوەیەکی بێ وێنە دەسکاری واقیع دەکات. ئەمەیشیان یێکەم کاری وەگێڕە، چونکو ڕۆماننووس ناکرێت واقیع و مێژوو بۆ بەردەنگ بگێڕێتەوە، بەڵکوو دەبێت واقیعێک بە خوێنەر پیشان بدات، خوێنەر هاوکات وابزانێ ئەو واقیعە بوونی هەیە و بوونی نییە. واتا ئەو کارەکتەرانەی ئەم وەگێڕە خەڵقیان دەکات، کارەکتەری کۆمەڵایەتین، هەروەک (باختین) دەڵێت: ((مرۆڤی قسەکەر لە ڕۆماندا مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە، پەیڤیشی، پەیڤێکی کۆمەڵایەتییە.))54 کەواتە (شێرکۆ) کارەکتەرەکانی وەها خەلق دەکات وەکوو کەسێکی کۆمەڵایەتی، تەنانەت دیالۆگ و پەیڤیان هێندە کۆمەڵایەتین بەردەنگەکان خۆیان تێدا دەبیننەوە. کارەکتەرەکان وەها خەلق دەکات بوونی خۆیان دەسەلمێنن. ئەم سەلماندنەیش بەهۆی کۆمەڵایەتی بوونەوە ئەنجام دەدرێت. لێرەدا گێڕانەوە بریتیی دەبێت لە ((گێڕانەوەی چەند ڕووداو، کاریگەری لە پێدانی ئازادی بە کارەکتەر، چونکە لەوێدا هەر کارەکتەرە خاوەن چیرۆکی خۆیەتی، کەواتە خاوەن ڕووداوێکە، کە جیایە لە ڕووداوی کارەکتەرێکی دیکە.))55 توانای گێڕانەوەی ئەم کارەکتەرە لە خەلق کردنی ڕووداو و کارەکتەری حیکایەتەکانی بۆ فرەیی لەو دوو توخمە دەگەڕێتەوە. کەواتە ئەم کارەکتەرە توانای قەناعەت پێکردنی بەردەنگەکانی هەیە، توانای ئەوەی هەیە واقیعێکی دیکە پیشانی گوێگرەکانی بدات و سەرسامیان بکات.

کوڕەکانی (پەلکشان) هەروەک دایکیان دەیویست زۆر شەڕانی و دڵڕەق دەبن. بێ ناوی ئەم کوڕانە یەکێکە لەو کێشانەی ئەوان ڕووبەڕووی دەبنەوە. بێ ناوی بە بڕوای من دەلالەتە لە بێ ناسنامەیی و شوناسی. کاتێک دەچنە لای (مەلا ظبیان) ئەو ناویان لێ دەنێت. ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە، چونکوو مرۆڤ کاتێک بێ ناسنامە دەبێت، هاوکات بێ پێناسەیە، شوێنێکی نییە تێیدا پێناسەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. هاوکات ئەو کوڕانە هەوڵدەدەن وەکی هەموو مرۆڤەیلی دیکە شوناسێکیان هەبێت، چونکوو شوناسنامە چێژ بە مرۆڤ دەگەیەنێت.

دوو لە کوڕەکانی بە هۆی هاتووچۆکردنی مزگەوت و گوێ ڕاگرتن لە خوتبەکانی (مەلا ظبیان) دوو ناویان بۆ هەڵدەبژێرێت. (عەبدولجەبار و عەبدولموهەیمەن). ئەم دوو ناوە پتر ڕەهەندێکی ئایینیانەیان هەیە. ئەمەیش ئاماژەیە بە پەیدابوونی ڕەوتی ئایینی و ئیسلامی سیاسی، ئەو ڕەوتەیش ڕەوتێکی سوونەیە. لە عێراق دژایەتی دوو ڕەوتی ئایینی سوونە و شیعە مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە بۆ سەتەی حەفتەمی زایینی دەگەڕێتەوە. دەبینین بەعس هەوڵی دەدا ناسنامەیەکی نەتەوەی عەرەبی بەسەر گەلانی عێراقدا بسەپێنێ. ئەو دوو منداڵەی (پەلکشان) شەڕی کۆڵان دەبەنەوە ماڵەوە، لەوێدا دژی دایکیان دەوەستنەوە بەوەی ئەو جلوبەرگەی لەبەری دەکات لەگەڵ ئایین ناگونجێت و شکاتی لێ دەکەن. "یەکی لەو ژنانەی سەر بە عەشیرەتەکەی (مەلا ظبیان)ە و منداڵی نابێت، دێتە پێشێ و دەڵێت ئامادەیە هەردووکیان بکاتە کوڕی خۆی و وەک منداڵی ساوا نازیان بداتێ... بە پاڵپشتی خزمێکیان، کە ئەفسەرێکی گەورەیە لەو دێپارتمێنتەی بە (مدیریە النفوس العامە) ناسراوە، بە زووترین کات کاروبارەکەی تەواو دەکرێت و دەبێتە دایکی دوو کوڕ... لەمەوە (نوضە) بە (ام عبدالجبار) دەناسرێت ناوی دەچێتە سەر ناسنامەی کوڕەکانی (عبدالجبار طحنون) و (عبدالمهیمن طحنون)... ئیتر ئەو دوو برایە بۆ یەکەمجار دەبنە خاوەنی ناسنامە..."56

لە یەک کاتدا ئەم دوو کوڕە دوو ناسنامەیان پێ دەدرێت، ناسنامەیەکی ئایینی و ناسنامەیەکی نەتەوەیی. لێرەدا دەلالەتە لەسەر ئەوەی کورد خۆی هەوڵی نەداوە ناسنامەیەک بۆ خۆی دابنێت، بەڵکوو لەزۆر شوێن بەسەریدا سەپێنراوە، یان ڕوونتر لەبەر بێ ناسنامەیی، ناسنامەی دیکەی هەڵبژاردووە، چونکوو کورد هەمیشە چاوی لە هێزی خۆی بووە، هێز لەکن کورد لە ناسنامە گرینگترە، واتا هەوڵی نەداوە بە خەڵکی دیکە بڵێ ئەمەیە ناسنامەی من، بەڵکوو هێزی جەستەی (ئەمەیش دەلالەتی خۆی هەیە)، پیشانی خەڵکی داوە، بەڵام هێز شتێکی ڕێژەییە، کەچی ناسنامە شتێکە هەمیشە ئامادەیی هەیە. لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا دوو ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی بەیەکەوە هاتوون، واتا عەرەب هەمیشە ئایینی لەپێناو ناسنامەی نەتەوەپەرستی خۆیدا بە کار هێناوە، لەڕێی ئایینەوە هەوڵیداوە ناسنامەی خەڵکی دیکە لە عێراق بگۆڕێت. کوردیش وەکوو نەتەوەیەکی پێوەست بە ئایینەوە بە درێژایی مێژوو میللەتانی دیکەی وەکوو تورکە عوسمانییەکان و عەرەبەکان لە ڕێی ئایینەوە فریوی کوردیان داوە. ئەوە تەنێ کوردە بە گوتاری ئایینی فریو دەخوات. دەبینین لە سەردەمی عوسمانییەکان کورد بەهۆی ئایینەوە هێندە خزمەتی عوسمانییەکانی کردووە هیچ نەتەوەیەکی دیکەی وەکوو عەرەب و نەتەوەکانی تر ئەوەیان نەکردووە. (شێخ مەحموودی حەفید) بە خۆی و هەزار پیاوەوە دەچێتە دیوانیە شەڕ لەگەڵ ئینگلیس دەکات لە پێناوی بەناو خەلیفەی موسڵمانان. هەرچی نەتەوەکانی دیکە بوون هاوپەیمانیان دەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بۆ ڕزگاربوون لەبن دەستی عوسمانییەکان دەبەست.

لەلایەکی دیکە (پەریهان) وەکوو زڕخوشکی ئەو برایانەی، بە بابەتی ناسیونالیستی دێتە پێشەوە. ئەو خوشکەیان ناویان لێ دەنێت، بەڵام ناوێکی کوردیانە. ئەم پرۆسێسەیەیش هەوڵێکە بۆ گەڕاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ڕێی ناوەکانیانەوە. ناوی (عەبدولجەبار

و عەبدولموهەیمەن) بۆ (گۆران و بێکەس) دەگۆڕێت. هەروەها ئەو دوو کوڕەی سەریان هەڵگرتووە ناویان دەنێت (قانیع و هەدری)، کوڕێکی دیکەیان ناو دەنێت (زێوەر)، و ئەویتریشیان (دڵدار)ی ناو دەنێت. هەموو ئەو ناوانە دەلالەتن لە کۆمەڵێک شاعیری کورد. ئەم شاعیرانە دەکارێ دوو خوێندنەوەیان بۆ بکرێت. لەلایەن ئەم کۆمەڵە شاعیرە بە شیعرەکانیان هەستی نەتەوەییان لەنێو خەڵکدا دەبووژاندەوە، لەلایەکی دیکە زمانی شیعرییان نوێ کردەوە. واتا زمانی شیعرییان لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی پاککردەوە. ئەمانە هەوڵی بووژاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەییان دەدا. هەوڵی ئەم شاعیرانە لەبارەی زمانەوە هەوڵێکی ناسیونالیستی بووە، لەگەڵ ئەوەیش زمانی کوردی بە هۆی زاڵبوونی کلتوور و زمانی نەتەوەکانی کوردیان داگیرکردووە هەمیشە ڕێگری لێ کراوە و بواری گەشەکردنی کەمتر بووە، بەڵام ئەوە زمانی کوردییە ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەی پاراستووە.

ڕۆماننووس بۆ خەلقکردنی کارەکتەرەکانی دەبینین سوود لە ناوی ئەو شاعیرانە وەردەگرێت. لە ڕێی ئەو ناوانەوە چەند بابەتێکی وەکوو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و بابەتی ناسیونالیستی و بێ ناسنامەیی دەخاتە ڕوو. هاوکات کاتێک بابەتی نەتەوایەتی دێتە پێشێ، هەر لەنێو ئەو چینە ڕۆشنبیرە دوو ڕەوتی ئایدیۆلۆژی دێتە کایەوە. ڕەوتێکی ناسیونالیستی و ڕەوتێکی مارکسیستی. (زێوەر) نکۆڵی لەو ناوەی خۆی دەکات و دەڵێ: من ناوم (کرێکار)ە. ئەمە ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژی هەیە و دەلالەتە لە بیری مارکسی و دەچێتە شاخ و چەک هەڵدەگرێت. (گۆران) ناوی بۆ (شالاو) دەگۆڕێت. (بێکەس)، کە پێشتر ناوی (عەبدولموهەیمەن) بووە، دەبێتە ئەفسەر لە سووپای عێراق و زۆر بە دڵسۆزی بەشداری شەڕی ئێران- عێراق دەکات، هەر لە ناوەکەوە دیارە ئەم کوڕە تووشی بزربوونی ناسنامە دەبێت و بی ناسنامەیی وا دەکات بە هەموو شێوەیەک لە خزمەتی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەی دیکە بێت.

لەلایەکی دیکە ئەم ناوانە دەلالەتە لە بوونی دوو ڕەوتی جوایەز لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد. ئەویش ڕەوتی مارکسی و نەتەوەییە. مارکسییەکان پێیانوابوو سەرەتا دەبێ هەموو میللەتانی دنیا ڕزگار بکرێن جا خەمی ڕزگاریی میللەتی خۆمان بخۆین، هەرچی ڕەوتی نەتەوەخوازیی بوو تێدەکۆشا بۆ ڕزگارکردنی میللەتی خۆی کە کوردە. لێرەدا ئەم بزاڤە تووشی قەیران دەبێت و لێرەشدا ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە قوربانیی ململانێی نێوان ئەو دوو ڕەوتە.

سیمیۆلۆژیا یارمەتی زۆرمان دەدات، لە ڕێی لێکدانەوەی نیشانە و سیمبول بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانە، مێژوو، فەلسەفە...تاد دەتوانین ڕاڤە و خوێندنەوە بۆ زۆرێک چەمک و دیاردەکان بکەین. ئەوەی ئێمە لێرەدا کردوومانە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوە و کردنەوەی بەشێک لەو کۆدانەی لەم ڕۆمانەدا کاریان لەبارەوە کراوە. سیمیۆلۆژیا یارمەتی دەرێکی باش بووە بۆ کردنەوەی ئەو کۆدانە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


1.دروس فی السیمیائیات، حنون مبارک، دار التوبقال للنشر و دار البیضاء للنشر، 1987، ص5.

2.الکلمه فی الروایه، میخائیل باختین، ترجمه: یوسف حلاق، منشورات وزاره الثقافه، دمشق، 1988، ص110.

3.سەرچاوەی پێشوو، ل111.

4.کازینۆی مندالآن، کاروان عومەر کاکەسوور، رۆمان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، 2013، ل9.

5.سەرچاوەی پێشوو، ل50.

6.کازینۆی مندالآن، ل62 - 63.

7.نقد روانکارانه نمایشنامه هملت، رامین سلدن.ت: حسین پاینده، مجله نقد ادبی نو، چاپ سوم.تهران،1383، ص125.

8.کازینۆی مندالآن، ل17.

9.شخصیات النص السردی، سعید بنکراد، البناء الثقافی، منشورات کلیه الاداب، مکناس،1995، ص25.

10.کازینۆی مندالآن. ل25.

11.سەرچاوەی پێشوو، ل25 - 26.

12.علم الصحه النفسیه، مصطفی خلیل الشرقاوی، دار النهضه العربیه، بیروت، ص286.

13.مراجع الشخصیه، الهو، الانا والانا العلیا، محموعه من المولفین، ت: وجیه اسعد، منشورات وزاره الثقافه، دمشق، 2002، ص92.

14.قاموس تفسیر الاحلام للنابلسی: .www.mktbtk/dir/nab/2/d-0063 html

15.کازینۆی مندالآن، 35.

16.سەرچاوەی پێشوو، ل36.

17.شخصیات النص السردی، سعید بنکراد، ص111.

18.کازینۆی مندالآن، ل43.

19.پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسیی فەلسەفی، رێبوار سیوەیلی، دەزگای موکریان، هەولێر، 2010، ل155.

20.کازینۆی مندالآن، ل43

21.سەرچاوەی پێشوو، ل74.

22.هاوکاتی و هاوشوناسی، رێبوار سیوەیلی، دەزگای سپیرێز، دهۆک، 2004، ل13.

23.هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، 2004، ل37.

24.بوون و داهێنان، د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2004، ل94.

25.کازینۆی مندالآن، ل107.

26.بوون و کات، مارتن هایدیگەر، و: د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی، 2013، ل433.

27.سەرچاوەی پێشوو، ل447.

28.کازینۆی مندالآن، 78.

29.نەتەوە و حیکایەت، رێبوار سیوەیلی، بەرگی یەکەم، دەزگای موکریان، هەولێر، چاپی دووەم، 2008، ل240.

30.کازینۆی مندالآن، ل83.

31.شوناس و ئالۆزی، مەریوا وریا قانیع، لە بلاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی ،2004، ل139.

32.کازینۆی مندالآن، ل79.

33.شوناس و ئالۆزی، مەریوان وریا قانیع، ل166.

34.کازینۆی مندالآن، ل102.

35.سەرچاوەی پێشوو، ل104.

36.مرۆڤ لەنێوان رواڵەت و جەوهەردا، ئەریک فرۆم، و: سابیر بەکرد بۆتانی، کتێبخانەی سۆران، سلێمانی ،2004، ل7.

37.کازینۆی مندالآن، ل119.

38.سەرچاوەی پێشوو، ل147.

39.سەرچاوەی پێشوو، ل155.

40.تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارە پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی،2009، ل23 - 24.

41.کازینۆی مندالآن، ل158.

42.سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

*ئەم زانیاریانەم لە سایتی ویکیپیدیا وەرگرتووە.

43. کازینۆی مندالآن، ل162.

44. هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

45.سەرچاوەی پێشوو، ل180.

46.http://en.wikipedia.org/wiki/List_of_anti-capitalist_and_communist_parties_with_national_parliamentary_representation

47. قورئانی پیرۆز، سورەتی ئەنبیاء، ئایەتی 30.

48. کازینۆی مندالآن، ل181.

49.سەرچاوەی پێشوو، ل203.

50. کێشەی مرۆڤ، د.زەکەریا ئیبراهیم، و:محەمەد مستەفا قەرەداغی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، 2013، ل137.

51.کازینۆی مندالآن، ل222.

52.سەرچاوی پێشوو، ل227.

53.کێشەی مرۆڤ، د.زەکەریا ئیبراهیم، و: محەمەد مستەفا وەرەداغی، ل260.

54.الکلمه فی الروایه، میخائیل باختین، ترجمه: یوسف حلاق، منشورات وزاره الثقافه، دمشق، 1988، ص110.

55. تەکنیکی فرەدەنگی لە رۆمانی کوردیدا، حەمە مەنتک، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، 2013، ل118.

56.کازینۆی مندالآن، ل276.




# مینیماڵیزمی لەهەرادان

## لە هۆنراوە تاکدێڕییەکانی عەباس عەبدوللا یوسف-دا

### ئاوڕێکی ڕەخنەکارانە لە دەفتەرەشیعری "نانۆ تاتۆ دەکەم"

**عەبدولخالق یەعقووبی**




ئەگەر لە بەرهەمی ئەدەبی، وەک ئۆبژە یان شتێکی جوانیناسانە بڕوانین کە بۆی هەیە خوێنەرەوە لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بگۆڕێت بۆ "مرۆڤێکی باشتر و وردبینتر و تێگەیشتووتر"، ئەوکات بیرۆکەی، بە زمانی تیۆری داڕێژانی ئەدەبی، "سووژەی لیبراڵ" (liberal subject)، سەرهەڵدەدات کە بە کەسێک دەگوترێت کە لە ڕێگەی زەینییەتی تاکەکەسیی (واتە عەقلانییەت و ئەخلاق) خۆیەوە پێناسە دەکرێت نەک پێگە و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی (کالێر جاناتان، ل٥٣). ئێمە، وەک خوێنەرەوە، ئەو کاتە دەبینە سووژەی لیبراڵ کە لەگەڵ

ئۆبژەی جوانیناسانە، واتە دەقی ئەدەبی، کارلێکمان دەبێت و هەستمان دەورووژێنێت و هەڵویستمان تێدا بەدی دەهێنێت. ئەدەبیات، وەک کالێر باسی دەکات، ئەم کارە لە رێگەی هاندانی خوێنەرەوەوە بۆ تاوتوێکردنی پێچوپەناکانی دەق بە بێ پەلەکردن بۆ دواهەڵسەنگاندن، سەرقاڵکردنی زەین بە باسوخواسە ئەخلاقییەکان و دنەدانی خوێنەرەوە بۆ شەنوکەوکردنی هەڵسوکەوت (یەک لەوان هەڵسوکەوتی خۆی) ئەنجام دەدات. ئەدەبیات برەوپێدەری غەرەزومەرەز وەلانان و فێرکەری حەساسییەت و لێکجیاکردنەوەی وردبینانەیە (هەمان، ل٥٤). بەڵام ئەم بۆچوونە لە مەڕ ئەدەبیات رەخنەیەکی جددیی لە سەرە و ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەدەبیات دەخوازێت لە ڕێگەی دروستکردنی پردێک بۆ گەیشتن بە "نیشتمانێکی باڵادەست و دوورەدەست" زەینی مرۆڤە هەژار و چەوساوەکان لە تێگەیشتنی دۆخی کارەساتباری خۆیان دوور بکاتەوە؟! ئایا ئەدەبیات مرۆڤ بە خۆیەوە، واتە بە زمان و خەیاڵ و نواندنەوە، خەریک دەکات تا ئاگای لە جیهان و واقیع و راستییەکان نەمێنێت؟! ئەدەبیات دواجار چییە؟ ئایا ئەدەبیات ئامرازێکی ئایدیالۆژیکە و تۆوی ئاگایی و وشیاریی درۆیین دەوەشێنێت تا مرۆڤ پێملی ئەو شتە بێت کە هەیە و قەناعەت بەو دۆخە بهێنێت کە تێیدایە؟ ئایا ئەدەبیات دەستی لەگەڵ دەسەڵات تێکەڵە و ڕێگە بۆ رەوتی ئاسایی مێژوو خۆش دەکات و بەردی جەبری واقیع لە سینگی دەدات و پاساو بۆ بوونی هەبوو دەهێنێتەوە؟ یان نا، ئایا ئەدەبیات ئەو پانتاییەیە کە تێیدا ئایدیالۆژی لێی لە هەرا دەدرێت و گومانی لێ دەکرێت و ئەگەر و ئیمکانی هەڵوەشاندنەوەی لە سەر دەبێت؟! ئایا ئەدەبیات ئەو گوتارەیە کە شک لە هەر گوتارێک دەکات کە خۆی بە ئەزەلی و ئەبەدی و پشتیوان و پارێزەر و هەڵگر و دەربڕی هەتاهەتایی هەقیقەت و رزگاری ناودێر دەکات؟

وەک جاناتان کالێر باسی دەکات ئیمکانی هەر دوو لایەنی ئەم باسە لە گۆڕێ دایە: ئەوەی ئەدەبیات لەخۆگر و پارێزەری ئایدیالۆژی بێت و ئەوەی بنکەیەک بێت بۆ تێکتەپاندن و تێکڕماندنی ئایدیالۆژی. ئەدەبیات هاندەری خوێندنەوە و تێڕامان لە چرکەساتەکانی تەنیایی و تەریکییە و ئەمەش جۆرێکە لە دوورکەوتنەوە و دژایەتیکردن لەگەڵ چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە خۆیان چەشنێک سەرچاوەی گۆڕانکارین لە جیهاندا. ئەم بەتاککەوتن و خۆلادانە لە رەوتی رووداوەکانی جیهانی واقیع و ژیانی رۆژانە زۆر جار بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ دەبێتە هۆی دانان بە دۆخی بەردەست و ئاوڕنەدانەوە لە بارودۆخی قابیلی گۆڕان و دواجار جۆرێک نەزۆکی و خەسان لە کردەوەدا. بەڵام ئەدەبیات، لە لایەکی تر، زۆر جار دەبێتە دیاردەیەکی جێی مەترسی بۆ ئەو گوتارانەی کە باڵادەستیی خۆیان بە بابەتێکی سروشتی و نەگۆڕ دەهێننە ئەژمار و ڕێگەی گومانکردن و لێپرسینەوە لە سریشت و ناسنامەیان دەگرن. مەترسیداربوونی ئەدەبیات بۆ گوتارگەلی خاوەن پێگەی بەرزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەو روانگەیە ئاو دەخواتەوە کە ئەدەبیات نەک هەر ئاکامی گۆڕانکاریی هزرییە بەڵکو خۆی دواجار دەبێتە سەرچاوەی گۆڕانکاریی هزری و ئەمەش واتە تێکدانی نەخشەی دابەشکاریی دەسەڵات و سەروەریی گوتارگەلی گۆڕین.

کەواتە، بە کورتی دەکرێت بگوترێت ئەدەبیات لە لایەکەوە بۆی هەیە سەرمایەی کولتووریی کۆمەڵگە بخاتە ژێر رکێفی ئایدیالۆژیی دۆخی بەردەست، ئەو کاتەی دەبێتە سەلمێنەری دۆخی بەردەست؛ لە لایەکی ترەوە، دەتوانێت ئەو سەرمایە کولتوورییە لە چنگی گوتاری ئایدیالۆژیی باڵادەست دەربهێنێت و رزگاری



بکات، ئەو کاتەی دەبێتە ڕەخنەگری وەها گوتارێک.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم باسەی سەرەوەمان لە هۆنراوە تاکدێڕییەکانی عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە کتێبی "نانۆ تاتۆ دەکەم"دا بڕوانین، دەبینین ئەم شاعیرە هەوڵی داوە ئەدەبیاتی شاعیرانەی خۆی لە سەر بنچینەی ڕەخنەگرتن لەو گوتارە باوانە بنیاد بنێت کە وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەوری کۆمەڵگەی کوردییان تەنیوە و هزر و زمانی مرۆڤی کوردیان داگیر کردووە. عەباس عەبدوڵڵا یووسف لەم بەرهەمەدا ئەم ئەرکە لە ڕێگەی ئەو هۆنراوە تاکدێڕییانەوە (شیعری مینیمالیستی) ڕادەپەڕێنێت کە بە زمانی تەنز و تەوس و تانە و لە دووتوێی کۆمەڵێک گەمەی زمانبازانە لە واقیعە تاڵەکانی سەردەم دەدوێن. ئەم مینیمالیزمەی عەباس لە سەر بنەمای تێگرتنی بەردی بچووک لە هەڵە و ناحەزیی گوتارە گەورەکان دامەزراوە کە دواجار لە هەرادانێکی مەعریفی و جوانیناسانەی لێ دەکەوێتەوە.

## تەوس: زمانێک بۆ لەهەرادان

مۆدێرنیتە، ئەو ڕێکار و شێوازانە بۆ بوون کە خواستی ژیانی دوای شۆڕشی پیشەسازییە، مرۆڤی تووشی ڕاچڵەکانێکی مێژوویی کرد، بەو واتایە کە خێرایی کەڵەکەکردنی سەرمایە لە سیستەمی سەرمایەداریی پێکهاتوو لە دوای شۆڕشی پیشەسازی، خاوی و ئارامیی ژیانی پێشووی تێک دا و ژیان بۆ زۆربەی مرۆڤەکان بوو بە مەیدانی ڕاکردن و کارکردنی بێوچان لە پێناوی دابینکردنی لانیکەمی بنەڕەتیترین پێداویستییەکانی ژیان. مۆدێرنیتە و سەرمایەداری مرۆڤیان لە نێو ماڵ هێنایە دەرێ کردیانن بە ژمارە (چەند کرێکارن؟) و هێز (چەندەیان کار کردووە؟) لە کێڵگە و کارگەکاندا. کار چیتر بۆ مرۆڤ نەبوو؛ مرۆڤ بوو بە موڵکی کار، چونکی مالیکی کار سەرمایەداران بوون، ئەوانەی بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دۆخی ناوشیاریدا ڕابگرن پێویستیان بە دروستکردنی وەهمێکی شیرین بوو لە ناخی کرێکاراندا. لێرەوە بوو ئایدیالۆژیاکانی مۆدێرنیتە کە بریتین لە عەقڵانییەت و پێشکەوتن و تێکنۆلۆژیا و دوورکەوتنەوە لە بەرپەرییەت و هتد بە تایبەتی بوون بە گۆپاڵی دەستی ئیمپێریالیزم و کۆلۆنیالیزم و فاشیزم و لەم دواییانەشدا گلۆبالیزم.

ئەدەبیاتی مۆدێرن لەم نێوانەدا یان دەبوایە پێملی یاساکانی عەقڵانییەتی ئامێری (واتە ئەو عەقڵانییەتەی کە دەبێتە ئامرازی پاراوکردنی مەیلی تۆتالیتاریستەکانی سیاسی و ئابووریی سەردەمی مۆدێرن) بوایە، یان پشتی لەم ڕەوتە کردبا و عەقڵانییەتی پێوەندیی کردبایە ڕێبازی کار و ئەرکی خۆی، ئەو عەقڵانییەتەی کە تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکانی لە ڕێگەی پێوەندیی نێوانیانەوە مسۆگەر دەکرد. مرۆڤی مۆدێرن لە ئاکامی دابڕان لە ئەنجام و دەستکەوتی کاری خۆی (کە دەچووە گیرفانی خاوەن ئامێرەکانی بەرهەمهێنان یان لەم دواییانەدا مالیکی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت و پیشەسازیی قورس کە بە شەریکایەتی و یارمەتیی دەسەڵاتداران سیاسەت بازاڕی جیهانی قۆرغ دەکەن) لە خۆی نامۆ بوو و کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوان ئەو شتەی دەیخوازێت و ئەو شتەی دەیکات.

ئێستا پرسیار ئەمەیە لەم نێوانەدا شیعر کە لە بنەماوە تێڕامانێکی وردی زمانبازانەی جوانیناسانەیە لە جیهان و مرۆڤ چ پێگەیەکی لە دنیایەکی ئەوتۆدا هەیە کە تێیدا سەنگی محەکی بەهاکان لە مرۆڤ خۆیەوە دەگوێزێت بۆ ئەو برە کارەی کە مرۆڤ بە قیمەتێکی هەرزان بۆ دەسەڵاتدار و سەرمایەدار دەیکات؟ شیعر کە

بریتییە لە وشە و وێنە و خەیاڵ چۆن بەرپەرچی هێز و سەرمایە و چەوساندنەوە دەداتەوە؟

عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە "نانۆ تانۆ دەکەم"دا مینیمالیزمی شیعریی خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەو واقیعانەی کە مرۆڤی بە گشتی و مرۆڤی کوردی بە تایبەتی لە خۆی نامۆ و تەنانەت نەیار کردووە بە کار دەهێنێت. ئەو هۆنراوەی تاکدێڕییانە هەم هەڵگری لایەنی جوانیناسانەی زمانین، هەمیش دەربڕی لایەنێکی مەعریفی کە تێیدا پاژێک لە وجوودی مرۆڤ، رووداوێک لە جیهان، یان شتێک لەم گەردوونەدا زەق دەکرێتەوە و دەکەوێتە بەر سەرنج و تێڕامانی رەخنەگرانەی خوێنەرەوەوە. لە روانگەی دەنگە شیعرییەکانی زۆربەی هەرە زۆری ئەم هۆنراوەوە مرۆڤ نوقسانیی زۆرە، جیهان پڕاوپڕە لە کەمایەسی و ژیان تژییە لەو شتانەی کە ناحەزن و قابیلی لۆمەکردن.

"تەوسی شیعری" یان "ئایرۆنی" (irony) تەکنیکێکی کەلامی و تەمهیدێکی جوانیناسانەیە بۆ ئەوەی شاعیر ئەو شتانەی کە لە روانگەی ئەوەوە شایانی رەخنەلێگرتنن لە هەرا بدات. تەوسی شیعری فۆرمێکی گاڵتەجارییە کە تێیدا شاعیر وشەکانی بە مەبەستێک بە کار دەهێنێت کە دژی ئەو شتەیە کە مانای وشەکان لە راستیدا دەیگەیەنن. بە وتەیەکی تر، تەوس یان ئایرۆنی بریتییە لە خوڵقاندنی شتێکی بە رواڵەت پڕبەها بە مەبەستی لە هەرادانی ئەوەی ئەو بەها و بایەخە شتێکی وەهمی و رووکەش و بێ بنەمایە. تەوس زۆر جار بۆ نیشاندانی رەشبینیی شاعیرە و نیەتێکی رەخنەگرانەی لە پشتە. تی. ئێس. ئێلیۆت، بۆ نموونە، لە شیعری The Love Song of J. Alfred Prufrock (سترانی ئاشقانەی جێی ئالفرێد پروفراک)دا دەڵێت: "I have measured out my life in coffee spoons"

"من ژیانی خۆم ئەندازە گرتووە بە کەوچکەکانی قاوە" کە لەم نموونەیەدا "ئەندازەگرتنی ژیان" لەگەڵ "کەوچکەکانی قاوە" لە دژوازییەکی واتاییدان و ئەمەش لە رێگەی ئەو تەوسەوە هەستی پێ دەکرێت کە شاعیر لەم دێڕەدا لە رێگەی سازکردنی پێوەندیی نێوان گرینگیی فەلسەفەی ژیان لە تیۆریدا و بەتاڵیی ژیانی رۆژانە لە کردەوەدا گونجاندوویەتی.

عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە "نانۆ تانۆ دەکەم"دا نموونەی تەوسی زۆرە و لەم رێگەیەوە زۆر دیاردەی گچکە بەڵام گرینگی جیهانی دوروبەری خۆی دەخاتە بەر چاوی خوێنەرەوەوە بۆ ئەوەی بە هەڵسەنگاندنی باوی خۆی لە مەڕ ئەو دیاردانە بچێتەوە و ئەم جارەیان لە کونی کامێرای جیهانی شیعریی ئەوەوە سەیریان بکات:


•رووپۆشی خۆی تووڕ دا و چووە ئەفریقیا، لەوێ رووپۆشی بە راستی هەیە. ل:٧

•بە قەڵەمی مکیاج، مێژووی نێران تۆمار دەکات. ل:١٣

•بۆ بە خەنینهێنانی گەلی ستەمدیدە، نزامان کرد مێش ببێتە گامێش. ل:٧٠

•ئاو راوەستا، مەکینە رانەوەستا. ل:٧٢

لەم نموونانەدا، شاعیر لەوە دەچێت بە شیعری خۆی شانۆیەکمان نیشان دەدا کە تێیدا ژنێکی جوان دەور دەگێڕێت و تەماشاچی هەموو نوقمی سەرنج گرتنە لایەنی ژنانەی ئەو دەورگێڕەن، بەڵام دواجار و لە دوایین ساتەکانی شانۆکەدا دەردەکەوێت کە ئەوە پیاوێک بوو کە دەوری ئەو ژنەی دەگێڕا و هەر بۆیە تەماشاچی ناچارە بە هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی خۆیدا بچێتەوە و تەنانەت هەندێک هەست بکات لە خشتە چووە و گاڵتەی پێ کراوە. دیارە لە پشت ئەم زمانە تەوساوییەدا مەبەستێکی جوانیناسانە و ماناناسانە خۆی مەڵاس داوە: ئەوەی کە دیمەنەکان شتێکن و راستییەکان شتێکی تر؛ ئەوەی کە هەقیقەتەکان دەتوانن رەنگ و رووخساریان بگۆڕن و لە خشتەمان ببەن و دەسخەرۆمان بکەن. بۆیە شاعیر دێت بە زمانی



تەوس دەماندوێنێت تا تاو و تەئسیری مەبەست و مەرامی خۆی کاریگەرتر لە هەناوماندا هەڵکۆڵێت.

بۆ وردتر باسکردن لە سەر کارایی و توانایی تەوس لەم بەرهەمەی عەباس عەبدوڵڵا یووسفدا هەوڵ دەدەم لێرەدا سووکەلەنگەرێکی رەخنەکارانە لە سەر یەک لەو نموونانەی سەرەوە بگرم و پتر و وردتر تەتەڵە و تاوتوێی بکەم:

- بۆ بە خەنینهێنانی گەلی ستەمدیدە، نزامان کرد مێش ببێتە گامێش. ل: ٧٠

لەم هۆنراوە تاکدێڕی و مینیمالەدا، دەنگی شیعری، کە بە شێوەی "کۆ" دەرکەوتووە (چونکی دەڵێت "نزامان کرد")، باس لە ئامانجێکی ئینسانی دەکات، واتە "بە خەنینهێنانی گەلی ستەمدیدە". کەرەستەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە "نزا"یە کە دیارە نزا چەمکێکە رەهەندێکی ئایینپەروەرانە و مانەوی هەیە نەک دنیاویستانە و مادی. تا ئێرە خوێنەرەوە لەگەڵ دۆخێکی جددی و کەموزۆر مرۆڤخوازانەدا رووبەڕوو بووەتەوە؛ کەسێک یان کەسانێک دەخوازن لە ڕێگەی نزاوە خەندە بخەنە سەر لێوی گەلێکی ستەملێکراو. بەڵام لە بەامبەر ئەو دەستپێکە بەهێز و گرینگەدا، کۆتایی ئەم هۆنراوە تاکدێڕە گاڵتەجارانە و دەسخەڕۆئامێز دەنوێنێت: "مێش ببێتە گامێش". "نزا"، کە وشەیەکە هەڵگری باری ئایینییە و کردەیەکە کە رووی لە هێزێکی میتافیزیکییە بۆ گۆڕانی دۆخی جیهانی فیزیک، لە مانای پیرۆزگەرایانەی خۆی بەتاڵ دەبێت و واتایەکی نامەعنەویی پێ دەدرێت. راستە گۆڕانی "مێش" بۆ "گامێش" خۆیشی هەر جۆرێک گۆڕانی فیزیکییە، فیزیکی دەنگ و پیت، بەڵام تەوسەکە لەوێوە دەست پێدەکات کە گەلێکی ستەمدیدە لە بەرامبەر گۆڕانی وادا و ئەویش لە ئەنجامی کردەیەکی ئایینپەروەرانەی لە چەشنی نزا ناچار بە پێکەنین بکەی. هەروەها خوێنەرەوە لێرەدا مافی ئەوەی هەیە پرسیار لە خۆی بکات کە بۆچی دەنگی کۆ لەم شیعرەدا قسە دەکات؛ ئایا ئەوە کەسایەتییەکی ئایینپەروەری لە چەشنی شێخ و مەلا و سۆفی و زاهید قسە دەکات یان دەسەڵاتدارێکی سیاسی و ئابووری لە چەشنی رێبەری حیزبێکی سیاسی یان فیۆدالێکی خاوەن زەویوزار کە بۆ رێزلەخۆنان و خۆبەگەورەدانان راناوی کۆ بە کار دەهێنێت؟! یان لەوانەیە ئەوە شاعیر یان نووسەرێک بێت کە دەخوازێت گەلی خۆی لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەی کە تێیدا گۆڕانکاری لە چەشنی "مێش"کردنە "گامێش" زۆر باوە پاراو بکەن و بەم جوانکارییە زمانییە خونچەی پێکەنین لە سەر لێویان بروێنن؟!

لەم هۆنراوەی تاکدێڕییەدا ژیان و چارەنووسی دوو جۆر مرۆڤ دەکەوێتە هەمبەر یەک: گەلی ستەمدیدەی بێ دەسەڵات و نزاکەرانی خاوەن دەسەڵات. گەلی ستەمدیدە تەنیا ویستی هەیە و نزاکەرانی دەسەڵاتدار کردەوە. ئەگەر ویستی گەلی ستەمدیدە گۆڕان بێت لە بارودۆخی ژیانیان، کردەوەی نزاکەرانی خودان دەسەڵات تەنیا دروستکردنی گۆڕانێکە کە دەبێتە مایەی خەنینی گەلی ستەمدیدە، نەک هۆکاری گۆڕانی دۆخی ژیان و چارەنووسیان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم گۆڕانی "مێش" بۆ "گامێش"ـە لە راستیدا دەبێتە مایەی خەنین و رابواردنی خودی نزاکەران؛ لە راستیدا ئەوان بۆ کەیفخۆشی و دروستکردنی هەلی پێکەنینی خۆیان "مێش" بۆ گەلی ستەمدیدە دەکەنە "گامێش"، دەنا زۆر روونە "گامێش"، خوازە بۆ ئیمتیازەکانی ژیانی دەسەڵاتداری، لە گەلی ستمەدیدە حەرامە و ئەوان، لە روانگەی نزاکەرانەوە، هەر شایانی ژیانێکی مێش ئاسان. ئەم هۆنراوە تاکدێڕییە نموونەیەکە لە

"تەوسی تێکرمانی دەمودەست" (irony of instant deflation) کە تێیدا دۆخێکی ئینسانیی جددی دەکەوێتە سەرەتای شیعرێکەوە و دواجار و دەستبەجێ بە هاتنەئارای دۆخێکی گاڵتەجارانە پیرۆزیی دۆخی سەرەتا دەکەوێتە مەترسییەوە و تێکدەرمێت و لە ئەنجامی دژوازیی نێوان ئەم دوو دۆخە خوێنەرەوە بە قەزاوەتێکی ماناناسانە و جوانیناسانەی ئەودیوی دیمەن و وشەکانی شیعرەکە دەگات. عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە ئەدەبیاتی مینیمالیستیی خۆیدا تەوس دەکاتە زمانێک بۆ خولقاندنی شیعری و راستیبێژیی شاعیرانە؛ زمانێک کە بە رواڵەت سادە و ساکارە و لە بنەڕەتدا لەهەرادەری ناڕاستییەکان و روونکەرەوەی راستییەکان.

## زمانی شتەکان، لەهەرادەری جیهانی مرۆڤەکان

لە تیۆریی ئەدەبیی شیعردا باس لە کۆمەڵێک جوانکاریی دەربڕین دەکرێت کە زۆر جار دەبنە مایەی بەپیتوپێزیی شیعر لە مانا و زماندا و بەردی بناغەی ئەدەبییەتی دەقی شیعری دادەمەزرێنن. "مرۆڤنوێنی" (prosopopoeia) یەک لەو جوانکارییانەیە کە بریتییە لە قایلبوونی هێزی ئاخافتن بۆ شتەکان. یەک لەو تەکنیکانەی کە دەنگی شیعری دراماتیزە دەکات و بزووتنی پێ دەبەخشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی شیعر لە وشە و رستەوە بکاتە جووڵە و رووداو مرۆڤنوێنییە. لە "نانۆ تاتۆ دەکەم"دا زۆرجار شتەکان راستەوخۆ قسە دەکەن و دێنە ئاخافتن و باس لە کەڵکەڵە و کێشەکانی خۆیان دەکەن. بە وتەیەکی تر، شتەکان لە رێگەی بەکارهێنانی زمانەوە وا دەنوێنن کە مرۆڤن و را و سەرنجی خۆیان هەیە. ئەم تەکنیکە شیعرییە لە راستیدا ریشەی لە جۆرێک زێدەوەسفیی (hyperbole) شاعیرانەدایە کە تێیدا شاعیر دەخوازێت رۆح بە بەر گیانی شتەکاندا بکات و لەوێوە بە شێوەیەکی نوێ لە جیهانی مرۆڤەکان بڕوانێت یان تیشکێک بخاتە سەر تاریکایی ئەو جیهانە. لێرەدا هەندێک لەو نموونانە دەخەینە بەر چاو و پاشان یەکیان دەخەینە بەر باس و شیکاریی پتر و هەوڵ دەدەین روونی بکەینەوە مینیمالیزمی لەهەرادان بە کام مانا و چۆن تێیدا خوویا دەبێت:

●زمان هاواری کرد: دەبا بەس بێ چەوسانەوە، چیدیکە قسەم پێ مەکەن. ل: ٤

●پەنجە گوتیە کەوچک: دڵرەقی، ناهێڵی چێژ لە خۆراکێک وەرگرم. ل: ٤

●رووەک قیژاندی: خەڵکینە کلۆرۆفیلم لێ براوە. ل: ٨

●گوێ بۆڵاندی: بۆچ بە لا ناشیرینەکەوە منتان وەرگەڕاندووە؟ ل: ٩

●هیچ گازاندە دەکات: من شتێکم، سفریش شتێکە و مەمانکەن بە هاوتا. ل: ١١


●بەرد ئاماژەی دا، چیدی بە دەستان مەمتراشێنن، با و ئاو و زەویلەرزەم بەسە. ل:١٣

●ژمارە حەوت داڕسا: ئەفسانەداری بێزاری کردم!... دە بەسە بەس. ل: ٤٥

●شای دارستان گازاندی: گەلێک... گەلێک لە من زیاتر، مرۆڤ مامزی قڕ کردووە. ل:٤٦

●بێچووە مشکێک پاڵەوانانە و مارکسییانە هاواری کرد: کیسەی سەرمایەدارێکم کون کرد. ل:٥٠

شیعر با فرە کورت و بە رواڵەت بچووک بێت، لە چەشنی ئەم هۆنراوە تاکدێڕییانەی عەباس عەبدوڵڵا یووسف، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت باسی بابەتێکی شایانی سەرنج بکات. خوێنەرەوەوە شیعر بۆ چێژ و تێگەیشتن دەخوێنێتەوە و ئەم دووەش تەنیا لە شیعرێکدا دەستەبەر دەبێت کە خودان بابەتی گرینگ و شێوەی دەربڕینی نوێ بێت. لە "نانۆ تاتۆ دەکەم"دا وردەکارییەکانی نێو ئاخافتنی شتەکان هەڵگری مانای گشتین و شاعیر لەم رێگەیەوە ناڕاستەوخۆ گەندەڵی و



دزێویی جیهانی مرۆڤەکان لە هەرا دەدات:

•رووەک قیژاندی: خەڵکینە کلۆرۆفیلم لێ براوە. ل:٨

لەم تاکدێڕییەدا رووەک وەک مرۆڤێکی چەوساوە روو لە چەوسێنەرانی خۆی، واتە خەڵکینە، دەکات و بیریان دەهێنێتەوە کە چۆن مافی بوونی کلۆرۆفیلیان لێ زەوت کردووە. شاعیر لێرەدا راستەوخۆ ئاماژە بە پرسی پیسکردنی ژینگە لە لایەن مرۆڤەوە ناکات، بەڵکو هەستی خۆی بۆ هاودەردی لەگەڵ ژینگە دەخاتە سەر زمانی بەشێک لەو سروشتەی کە بە ئەندازەی خودی مرۆڤ لەم گەندەڵکارییەدا زەرەرمەند دەبێت. شاعیر جیهانی خەوتوو و مەند و بێ زمان دەهێنێتە گۆ بۆ ئەوەی مرۆڤی خاوەن ئاوەز و زمان لەو کارەساتەی کە هەر خۆی بە سەر خۆیدا دەهێنێت وە ئاگا بهێنێت. "قیژاندی"، کارێک کە ئەوپەڕی تەنگەتاویی مرۆڤ نیشان دەدات، ئاماژەیەکی وردە بۆ ئەو دۆخە دەروونییەی کە رووەک تێدا دەژیت و دەنگی خۆی بە گوێی "خەڵکینە" دەگەیەنێت. لەم تاکدێڕییەدا "رووەک" راستەوخۆ مرۆڤ بە تاوانبار لە قەڵەم نادات، بەڵام خوێنەرەوەوە لە پاش وردبینیی خوێندنەوەی خۆی تێدەگات کە تاوانبار هەر ئەو "خەڵکینە"یەن. ئەگەر لە ئاستی دەلالەتیی راستەوخۆی وشەکان بترازێین و بازنەی راڤەکاریی ئەم شیعرە هەراوتر بکەین، دەتوانین بڵێین مانای گشتەکیی ئەم تاکدێڕییە بۆی هەیە ئەوە بێت کە هەژاری و بژیولێبڕان هەموو کات لە ئەنجامی چەوساندنەوە و نییەت و کردەی چەوسێنەرانەوە سەرهەڵدەدات و شتێک نییە پێی بگوترێت "هەژاریی زگماک"؛ ئەوە مرۆڤە کە لە رێگەی پیسکردنی ژینگەوە ژیانی دارودرەخت و رووەک دەخاتە مەترسییەوە و سروشت دەچەوسێنیتەوە، وەک چۆن ئەوە سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانن کە لە رێگەی کۆنترۆڵی هێز و خستنە ژێر رکێفی سەرچاوەکانی سەروەت و قودرەت چینە ژێرە دەستەکان دەچەوسێننەوە و ژیانی سەربەرزانەیان لێ زەوت دەکەن. دیارە ئیمکانی گەیشتن بە خوێندنەوەیەکی گشتیی لەم چەشنە تەنیا لە سۆنگەی ئەو جوانکاریی دەربڕینەوە سەرهەڵدەدات کە پێی دەگوترێت "مرۆڤنوێنی"؛ شتەکان قسە دەکەن بۆ ئەوەی بە مرۆڤ بگوترێت جیهانی بەرەو کام ئاست و ئاراستە بردووە و چی بە سەر ژیاندا هێناوە. کە واتە عەباس عەبدوڵڵا یووسف لەم رێگەیەوە دەنگی شتەکان دراماتیزە دەکات و شیعر لە واژەی رووتوقووتەوە دەگوازێتەوە بۆ جۆرێک کردە و رووداو؛ کردە و رووداوێک کە بۆیان هەیە هەم راڤەکاری دۆخی جیهان و ژیان بن، هەمیش بەدیهێنی گۆڕان و دەستتێوەردان.

## جوانیناسیی دەربڕینی لەهەرادان

بابەتێکی تر کە پێویستە لەم وتارەدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە باسکردنە لە هاوسەنگیی نێوان ئاستی چیگوتن و چۆنگوتنی تاکدێڕییەکانی "نانۆ تاتۆ دەکەم" و ئەوەی کە ئەم "مینیمالیزمی لەهەرادان"ـەی عەباس عەبدوڵڵا یووسف تا چەندە توانیویەتی لایەنی جوانیناسانەی دەربڕینێکی شاعیرانە دەستەبەر بکات.

ئەگەر دەربڕینی شاعیرانە پێویستی بە تەکنیکی زمانبازی هەیە، کەواتە شیعر لەو سۆنگەیەوە کە دەخوازێت سەرچاوەی چێژ و کاریگەری و پەیام بێت دەبێتە پیشانگەی هەرە دڵڕفێنی وەها تەکنیکێک (کالێر، ل٩٤). بە گشتی، دەتوانین بڵێین جوانکاریی دەربڕین جۆرێک گۆڕان یان لادان لە بەکارهێنانی باوی زمان و زمانی باوە. بۆ نموونە لەم شیعرەی "رابێرت فراست"دا:

We dance round a ring and suppose ,

. The Secret sits in the middle and knows
هەڵپەرکێمانە بە دەوری بازنەیەکدا و دوودڵین،
بەڵام "ڕاز" لە نێو بازنەکەدا دانیشتووە و دەزانێ.
(و: عەبدولخالق یەعقووبی)

"ڕاز" دەتوانێت وەک مرۆڤ لە شوێنێک دابنیشێت و تەنانەت توانایی زانین و ناسینی هەبێت، واتە ڕۆحی بە بەردا کراوە و خاوەنی کەسایەتییە، چەشنێک جوانکاریی دەربڕین کە پێی دەڵێن بەکەسکردن (تشخیص) یان personification. ئەم جوانکارییە جۆرێک زێدەوەسفیی (hyperbole) شاعیرانەیە کە وا لە خوێنەرەوە دەکات بە شێوەیەکی قووڵتر و بە چێژێکی زیاترەوە لە بابەتەکانی ژیان و ڕووداوەکانی جیهان ورد بێتەوە و هەوڵی تێگەیشتنیان بدات. دەربڕینی شاعیرانە تەنیا بریتی نییە لەوەی چ دەگوترێت، بەڵکو گرینگتر ئەوەیە چۆن دەگوترێت. کاریگەرێتیی شیعری تەنیا لە ئەنجامی پێدانی مەعریفەی نوێوە خوویا نابێت، بەڵکو ئاکامی شێواز و چۆنێتیی دەربڕینی ئەو مەعریفەیەشە. عەباس عەبدوڵڵا یووسف لە هەندێک تاکدێڕیی "نانۆ تانۆ دەکەم"دا، وەک ئەو نموونانەی لە بەشەکانی پێشووی ئەم وتارەدا باسمان کردن، زمانێکی دژەباو و خۆشفۆرم و داهێنەرانەی بە کار هێناوە و توانیویەتی دنیایەکی شیعریی تایبەتی خۆی، با بچووک و ساکاریش، پێک بهێنێت، دنیایەک کە تێیدا شاعیر ناحەزی و کەمایەسی و درم و دەردەکانی ئەو دنیا ڕاستەقینەیە و پڕپێچوپەنا و گەورەیەی کە خۆی و خوێنەرەوەکانی تێیدا دەژین لە هەرا دەدات:

•قورت بە سەری خامۆشی! هەر مرۆڤێکی ئەمڕۆ هەزار زمانی پێوەیە. ل:٥١


•ئەهێو.. ترهێو.. مرۆڤ بە ON و OFF ئیش دەکات!!! ل:٣٩

•هۆیها.. دۆیها!! گشتیان سەددەرسەد پێشبینییان کرد و ئەنجام وا دەرنەچوو. ل: ٣٩

لەم سێ نموونەیەی سەرەوەدا، بەکارهێنانی دەستەواژەی دژوێناویی "قورت بە سەری خامۆشی!" یان ئەو دوو لەفزە دوانەیە (ئەهێو.. ترهێو.. و هۆیها.. دۆیها)، کە مانایان نەک لە وشەکەدا بەڵکو لە زایەڵە و زرینگانەوەی دەنگەکەیاندایە، زەینی خوێنەرەوە ئامادە دەکات تا شاعیر ڕەخنەیەکی گاڵتەجاڕانە لە مرۆڤی سەردەمی نانۆتەکنۆلۆژیا بگرێت و لێی لە هەرا بدات کە ئەوەی دەیکات تا چەندە بۆی هەیە لە هەقیقەتی وجوودیی خۆی دووری بکاتەوە.

ڕاستە ئەم تاکدێڕییانە زۆرتر نیشانەی سەرسووڕمانی دەنگی شیعریی دەقەکانن (بڕوانە شەش نیشانەی سەرسووڕمان لەو سێ تاکدێڕییەدا) تا دەرەنجامگیرییەکی مەنتەقی لە چەشنی ئەو تەفسیرەی گۆڕین، بەڵام شیعر قسەی خۆی بە زمانی ئیماژ و ئاماژە دەکات و پەیامی خۆی لە ڕێگەی کۆدە سەربەمۆرەکانی دەنێرێت و دەگەیەنێت. بۆ نموونە، لە تاکدێڕیی سێهەمی سەرەوەدا، خوێنەرەوە بە دڵنیایی نیشانەیەکی دەقی ناکەوێتە بەردەست بۆ ئەوەی بزانێت مەبەست لە "گشتیان" چییە، و ئەوانەی "سەددەرسەد پێشبینییان" کرد کێن. دیارە خوێنەرەوە لێرەدا دەستی ڕاڤەی ئاواڵەیە و دەتوانێت، بە پێی ئاسۆی چاوەڕوانیی خۆی، کۆمەڵێک کەس و ناوی سەردەمی مۆدێرن ڕیز بکات کە شموولی ئەو لەهەرادانەی دەقی ناوبراو بکەن: سیاسییەک کە سەددەرسەد پێشبینیی سەرکەوتنی حیزبەکەی کردووە، بازرگانێک کە سەددەرسەد پێشبینیی ئیفلاس کردنی ڕەقیبەکەی کردووە، مەلایەک کە سەددەرسەد پێشبینیی قەهری خوا لە ناحەزانی باوەڕەکەی خۆی کردووە، ڕاهێنەرێکی وەرزشی کە سەددەرسەد پێشبینیی بردنەوەی هەڵبژاردەکەی خۆی کردووە، شاعیرێک کە سەددەرسەد پێشبینیی سەرکەوتنی

64



دیوانەکەی خۆی کردووە، زانایەکی کەشناس کە سەددەرسەد پێشبینیی هەوایەکی ساماڵی بۆ سبەی ڕۆژ کردووە و هتد.
ئەم تاکدێڕییە لە لایەک ڕەوایی و ڕاستیی "پێشبینیکردن" لەم سەردەمەدا دەخاتە ژێر چەقۆی گومان و پرسیارەوە، لە لایەکی ترەوە لەهەرادەری پیلانی ئەو کەسانەیە کە لە ڕێگەی پێشبینیکردنەوە مرۆڤەکان هەڵدەخەڵەتێنن و مژدەی داهاتوویەکی سەددەرسەد پرشنگداریان پێ دەدەن.
خاڵی شایانی سەرنج ئەمەیە کە عەباس عەبدوڵڵا یووسف هەموو ئەم لەهەرادانانەی لە قاڵبی مینیمالی هۆنراوەی تاکدێڕیدا دەکات و لە کەمترین مەودای بەردەستیدا بەرفراوانترین مەیدانی ڕاڤەکاری بۆ خوێنەرەوەی خۆی خۆش دەکات. زمان لە زۆربەی هەرە زۆری ئەم تاکدێڕییانەدا تا ڕادەی پێویست چڕ دەبێتەوە و خوێنەرەوە لە بری خوێندنەوەی ڕووتی دەق، واتە وەک بەکارهێن و بەرخۆری دەق، دەبێتە پاژێک لە پرۆسەی نووسینەوەی دەق و خۆی، بە جۆرێک لە جۆرەکان، حوکمی داهێنەر و خوڵقێنەری دەقەکە وەردەگرێت (ڕۆلان بارت بە دەقێک کە تێیدا خوێنەرەوە تەنیا بەکارهێنە دەڵێت "دەقی خوێنەرەوانە" (readerly text) و بە دەقێک کە تێیدا خوێنەرەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانادا پشکدارە دەڵێت "دەقی نووسەرانە" (writerly text).
بەڵام لە "نانۆ تانۆ دەکەم"دا هەندێک تاکدێڕیش هەن کە گەرچی مەودای ڕاڤەی باش بۆ خوێنەرەوە دەهێڵنەوە، کەچی لە جوانیناسیی دەربڕینی لەهەرادانەکانیدا زۆر سەرکەوتوو نین. بۆ نموونە، لەم تاکدێڕییەی خوارەوەدا دەنگی شیعری و دەنگی شاعیر دەبن بە یەک و شاعیر ڕاشکاوانە ڕابوردووی خۆی لە هەرا دەدات:
•بە سەر شۆسەی کۆنە کتێبدا، (لم نیازمە)م کڕی، بڕێکم لێ خوێند تێنەگەیشتم، بە بەلاش دامەوە فرۆشیاری. ل: ٣٩
لەم هۆنراوە تاکدێڕییەدا شاعیر بەشێک لە ڕابوردووی خۆی دەکرێتەوە (کتێبی "لم نیازمە"، کە یەکێک لە دیوانە شیعرییەکانی پێشووی خۆیەتی)، بەڵام کە دەزانێت ئەو ڕابوردووە چ کەڵکێکی مەعریفیی بۆ هەنووکەی نییە حاشای لێ دەکات و وازی لێ دەهێنێت.
خاڵی شایانی ئاوڕلێدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەم هۆنراوە تاکدێڕییەدا ئەوەیە کە شاعیر هیچ تەکنیک و تەمهیدێکی جوانیناسانەی بۆ دەربڕینی ڕاستیی نکووڵیکردن لە ڕابوردووی خۆی بە کار نەهێناوە. شاعیر زمانی لە حاڵەتی باوی خۆیدا بە کار هێناوە، بە چەشنێک کە پەیامی دەق تەنیا لە پشت زمانێکی ئاساییدا خۆی حەشار داوە و هیچ چەشنە زمانبازییەک لە دەربڕیندا و جوانکارییەک لە زماندا پاڵ بە خوێنەرەوە نادەن بۆ ئەوەی کەشفی واتایی هاوشان بە چێژی زمانیی هۆنراوەکە بێت. جیا لە لایەنی بەکارهێنانی باوی زمان و زمانی باو، خاڵێکی تر کە چێژی شیعریی ئەم تاکدێڕە دادەبەزێنێت و لە سنووری هۆنراوەیەکی سەرکەوتوو دووری دەخاتەوە زاڵبوونی هێڵی داستانیی ئەم تاکدێڕییەیە بە سەر خەسڵەتی شاعیرانەیدا. لەم تاکدێڕییەدا هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆکێکی مینیمال بەدی دەکرێت: کەسایەتی (من: خاوەنی دەنگی شیعری یان خودی شاعیر)، ڕووداو (کڕینی کتێبێکی کۆنی شاعیر لە شەقامێکدا)، گرێی داستانی (کتێبی خۆ کڕین و تێنەگەیشتنی)، هەڵکشانی ڕووداو، لوتکەی ڕووداو، داکشانی ڕووداو و کردنەوەی گرێی داستانی (دانەوەی کتێبی خۆ بە بەلاش بە فرۆشیار). ئەم هێڵە گێڕانەوەیی- داستانییە وا لە خوێنەرەوە دەکات کە پتر لەوەی هەست بە خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی تەندراو

به ئیماژ و مەجاز و خوازە و شوبهاندن و بە گشتی زمانبازی بکات، هەست بە خویندنەوەی چیرۆکێکی فرەکورت، بە پێکهاتەیەی زۆر سادە و زمانێکی داڕێژراو بە مەنتقێکی داستانی بکات.

********

ئەوەی لەم وتارەدا خاڵی ناوەندیی بەرباس بوو دیاریکردنی لایەنی مانایی و جوانیناسانەی ئەو چەشنە ئەدەبیاتی لەهەرادانە بووکە عەباس عەبدوڵلا یووسف لەم کتێبی "نانۆ تانۆ دەکەم"دا لە قاڵبێکی مینیمالیستانەدا (واتە هۆنراوەی تاکدێڕی) خوڵقاندوویەتی. ئەدەبیاتی لەهەرادانی عەباس عەبدوڵلا یووسف نە ئەدەبیاتی ئایدیالۆژیکیی هاوشێوەی شیعرە سیاسییەکانی گۆرانە، نە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیی — کۆمەڵایەتیی لە چەشنی شیعری عەبدوڵلا پەشێوە، نە ئەدەبیاتی سیاسی — حەماسیی لە جۆری شیعری شێرکۆ بێکەسە، نە ئەدەبیاتی چەپیی نیشتمانپەروەرانەی سوارە ئیلخانیزادەیە، نە ئەدەبیاتی سیاسی — سۆفیانەی لەتیف هەڵمەتە و نە ئەدەبیاتی ڕۆمانسی — فەلسەفیی ڕەفیق سابیرە. جیهانبینیی شیعریی ئەم کۆڵەکە سەرەکییانەی شیعری کوردی لە سەر گوتارە گەورەکانی لە چەشنی "نیشتمان"، "شۆڕشی ئینترناسیوناڵ"، "مێژوو"، "سۆفیزم"، "نەتەوە"، "فەلسەفە" "مەرگ"، "ژیان"، "حیزب" "دەسەڵات"، "ڕزگاری"، "ئەڤین"، "شەهید"، "خەبات" و هتد دامەزراوە. بەڵام ئەدەبیاتی "نانۆ تانۆ دەکەم" ئەدەبیاتێکە ڕووی لە گوتارە گچکە و نانۆییەکانە، ئەو گوتارانەی بنەمایان لە سەر شتە سادەکانی جیهان و هەستە وردەکانی مرۆڤ دامەزراوە. لەم ئەدەبیاتەدا "ڕووەک" دەقیژێنی و لە بێ کلۆرۆفیلی گلەیی دەکات، "کەرە دێزە" ئافەرینی پێ دەگوترێ، چونکی هەمیشە یاخییە (هەمان، ل: ٥٨)، سەگ لە مرۆڤەوە فێری دووڕوویی و دزی و کوشتن و بڕین دەبێت (هەمان، ل: ٣٦)، پیڵاو دەبێتە ئەڤیندار (هەمان، ل: ٣٢)، سێبەر جاسووسی لە خاوەن سێبەر دەکات (هەمان، ل: ٢٢)، و واژوو لە لمۆزەوە دەبێت بە پڵنگ و لە کلکەوەش دەبابە. وا نییە بڵێین عەباس عەبدوڵلا یووسف باس لە نیشتمان و سیاسەت و ئەڤین و مرۆڤ و ڕزگاری و گوتارگەلی گەورەی لەم چەشنە ناکات؛ ئەوەی جیاوازیی بە دیدی ئەم شاعیرە دەدات پارچەپارچەکردنی ئەو دیسکۆرس و گوتارە زەبەلاحانەیە بە سەر چەندین پاژی زۆر بچووک و بەرهەست و مینیمالیدا و ئەو کات لە گەرووی ئەو گوتارە گچکانەوە دۆخی ژیانی هەنووکە و جیهانی سەردەم وەسف و وێنا دەکات و لەم ڕێگەیەوە دژێوی و دەردودرمەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی بە زمانی هۆنراوە تاکدێڕییەکانی خۆی لە هەرا دەدات.

**سەرچاوەکان:**


عەبدوڵلا یووسف، عەباس (٢٠١٣) نانۆ تانۆ دەکەم. هەولێر: سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.

Culler, Jonathan (2011) Literary Theory: A Very Short Introduction, 2nd ed. Oxford University Press.

Perrine, Laurence (1993) Literature: Structure, Sound, Sense. New York: Harcourt.

Brooks, Cleanth (2004) "Irony as a Principle of structure", in Critical Theory since Plato, 3rd ed., H. Adams. Belmont: Wadsworth Publishing Company.

پاینده، حسین (١٣٩٠) گفتمان نقد: مقالاتی در نقد ادبی. تهران: انتشارات نیلوفر.




# کێ بکوژی خواجە نەسرەدینە؟

**خوێندنەوەی ڕۆمانی**

**(خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)ی عەتا محەمەد**

**ئارام سدیق**



**سەرەتا**

ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین، کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت) ڕۆمانێکی "عەتا محەمەد"ـە و لە ساڵی (2010)دا لە لایەن "یانەی قەڵەم"ـەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە جیا لە زۆرێک لە کارەکانی تری ئەم نووسەرە، ئاوێتەکردنی فیگۆرێکی مێژوویییە و لەگەڵ ڕووداوی کوشتنی کوڕێکی گەنج، هاوکات کارکردنە لەسەر ڕووداوێکی هەنووکەیی. ئێستایەک کە زۆر لێمان نزیکە و ڕۆژانە بەرکەوتنمان لەگەڵیدا هەیە.

ئەم نووسەرە لە ڕۆمانەکانی پێشوویدا هەوڵی داوە کار لە نێو قووڵایی مێژوودا بکات و هەندێک جار ئەو مێژووە بە ئێستاش تێکەڵ بکات. بەڵام لەم ڕۆمانەدا تەواو ئێستاییانە دەنووسێت و دەیەوێت ڕاستەوخۆ ژیانی ئەو نەوەیە بنووسێتەوە، کە پاش ڕاپەڕین لە دایک بووە و بە ئەزموونی حوکمڕانیی کوردیدا تێپەڕیوە.

لەم نووسینەدا دەمەوێت لەسەر کۆی ڕۆمانەکە و هاوکات بەرهەمهێنانی ئەو کۆمیدیایە بوەستم کە ئەم ڕۆمانە بەرهەمی دەهێنێت. ئایا ئەو کۆمیدیایە بۆ ئەوەیە ئێمە پێبکەنین، یان بۆ ئەوەیە تووشی ڕامانمان بکات و پرسیارمان بۆ بەجێ بهێڵێت، پرسیارگەلێک لە بەردەم کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکدا ڕامان بگرێت، نەک ئەو کوشتنە تەنها وەکو کوشتنێکی سادە ببینین.


### لە بارەی کۆمیدیاوە

ئەگەر سەیری مێژووی تەوزیفکردنی کۆمیدیا بکەین لە نێو ئەدەبدا، دەبینین ڕیشەی کۆمیدیا لە نێو تێکستی ئەدەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن و تێکستە شانۆییەکانی ئەرستۆفان (Aristophane) دەتوانین بڵێین کارەکانی ئەم نووسەرە تا چەند سەدەیەک وەکو کۆمیدیا دەناسران. ئەو لە کارەکانیدا فەنتازیا گشت شیمانەیەک دەپچڕێنێ و ڕووداوی گاڵتەئامێز و گاڵتەجاڕی تێکەڵ بە شیعر دەکات و زۆرجاریش واقیعی ڕاستەوخۆی پێدەخوێنێتەوە. ئەرستۆفان زۆرجار لە کارە شانۆییەکانیدا خەڵکی ئاسایی دەهێنایە سەر تەختەی شانۆ، تا ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ڕووداوەکانی ڕۆژانە بکەن. ئەو ئەمەی بە مەبەستی لێدان لە نەریتە باوەکانی شار و نەریتە سیاسییەکان دەکرد. هاوکات لەگەڵ هاتنی مێناندەر (Menander) کۆمیدیایەکی دیکە سەری هەڵدا، کە بە کۆمیدیای نوێ ناسراوە و ئەمەیان تێمای خۆشەویستی و مەسەلەی کەسایەتی و مەرجی دیکەی ژیان بە خۆدوورخستنەوە لە زیادەڕەوییەکانی زمانی کۆمیدی پێش خۆی، دەخاتە ناو کۆمیدیاوە.

بە درێژایی مێژوو، سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمیدیا، چەندین فۆرم و شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە و تاڕادەیەک کەوتۆتە نێو گشت بوارەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر. وەک بوونی کۆمیدیا لە شێوەی ڕووداوی سادە، یان ڕووداوی گاڵتەجاڕی، کە دەتوانین نموونەی (دۆنکیشۆت)ی سێرڤانتس وەکو نموونەیەکی باڵای ئەم جۆرە لە کۆمیدیا وەربگرین. هەروەها کۆمیدیای بێهوودە، یان ڕەش، کە ئەمە نموونەی لەم شێوەیە زۆر زۆرە، کە دەتوانین (ساموئیل بێکیت) وەکو نموونەیەکی باڵا لەمەدا ببینین. جۆرێکی تری کۆمیدیا هەیە، کە تەنها بۆ دروستکردنی پێکەنینە، ئەم جۆرە زۆرجار باس لە کێشە و دەردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و خۆی لە قەرەی هەندێک مەسەلەی سیاسییش دەدات، بەڵام ئامانجەکە دروستکردنی پێکەنین و گاڵتەجارییە، نەک دروستکردنی پێکەنین هۆکار بێت بۆ ئامانجێکی گەورە، کە ڕەنگە لێدان بێت لە نەریتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... هتد.

بە کورتی لە کۆمیدیای ڕاستەقینەدا، دروستکردنی پێکەنین ئامرازە، نەک ئامانج. هەر بۆیە ئەو تێکستانەی پێچەوانەی ئەم لۆژیکە کار دەکەن، ناتوانن کۆمیدیای ڕاستەقینە بەرهەم بهێنن، دواجار گاڵتەجاڕییەکی بێبنەما دەخولقێنن.

ئەگەر سەیری ئەدەبی کوردی بکەین و وەکو وێنەیەکی گشتگیر بیهێنینە بەرچاوی خۆمان، دەبینین کۆمیدیا و تەنز تا ڕادەیەک ئامادەییان لە نێو ئەم ئەدەبەدا




هەیە. بەڵام ئەوەی هەیە کەمتر هاتۆتە نێو دەقی گێڕانەوەییەوە بە گشتی و چیرۆک بە تایبەتی.

### لە نێوان کۆمیدیا و گاڵتەجاڕیدا

یەکێک لەو ئیشکالیاتانەی تا ئێستا لە نێو بەشێک لە نوخبەی خوێندەواری ئێمەدا هەیە ئەوەیە کە جیاکاری لە نێوان هەردوو چەمکی کۆمیدیا و گاڵتەجاڕیدا ناکرێت، یان هەردووکیان وەکو هاومانا سەیر دەکرێن. من لێرەدا هەردوو چەمکەکە لێک جیا دەکەمەوە و دەمەوێت بۆ دوو مەبەستی تایبەتی بە کاریان بهێنم.

چەمکی (کۆمیدیا) لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت بەشێک لە پێکەنین و گاڵتە بەرهەم بهێنێت، بەڵام لە دواجاردا پەیامی تری پێیە، کە خستنەڕووی لایەنێکی دزێوی کۆمەڵگەیە. بەڵام (گاڵتەجاڕی) ئەو جۆرەیە لە ئەدەب تەنها لە پێناو بەرهەمهێنانی پێکەنیندایە و جۆرێک لە ختووکەدانی (خوێنەر/وەرگر) کە ختووکەدانێکی کاتییە و پێکەنین هەم ئامانجە و هەم ئامرازە. لە کاتێکدا وەکو پێشتریش خستمە ڕوو، لە کۆمیدیای ڕاستەقینەدا دروستکردنی پێکەنین ئامرازە، نەک ئامانج. هاوکات داریۆ فۆ لە بارەی ئەدەبی گاڵتەجاڕییەوە دەڵێت: (بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵات، ئەدەبی گاڵتەجاڕی، باشترین چەکە). بەختیار عەلی لە وتاری (لە پێناو ڕزگارکردنی پێکەنیندا) لای وایە کۆمیدیا ڕیشەیەکی فەلسەفیی قووڵی هەیە، بەو پێیەی دەرچوونە لە یاسا باوەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندیی بە نەگونجاندنی مرۆڤەوە هەیە لەگەڵ یاسا گەردوونی و ئیلاهییەکاندا. لە هەمان وتاردا بەختیار لە پێناسەی کۆمیدیادا دەڵێت: کۆمیدیای ڕاستەقینە ئەو دۆخەیە کە ئاماژە بۆ برینێکی تراژیدی و نەگونجاندنێکی بنەڕەتی لەگەڵ هەموو دنیادا دەکات. هەموو نوکتەیەکی ڕاستەقینە، یان هەموو کۆمیدیایەکی گەورە وەیادهێنانەوەی مرۆڤە ئاماژەشە بۆ ئەو شێتخانە گەردوونییەی ئێمە لە ناویدا دەژین... کۆمیدیا شێوازی خۆدەرخستن و تەعبیرکردنی شێتخانەیە لە خۆی، بۆیە هەر کۆمیدیایەک ئەو ڕەگەزە فەلسەفی و ناکۆکییە قووڵە بەرجەستە نەکاتەوە کە لە دۆخی وجودی مرۆڤدایە، کۆمیدیایەکی ڕووکەشگەرا و هیچاوەر دروست دەکات. کەواتە بۆ ئەوەی ئەدەبێکی کۆمیدیی ڕووکەشگەرا بەرهەم نەیەت، پێویستە ئەندێشەیەکی قووڵ لە پشت هەر ڕستەیەکی کۆمیدییەوە ئامادەیی هەبێت، چونکە ئەگەر ئەندێشەیەک لە پشت ڕستە کۆمیدییەکانەوە ئامادەییان نەبوو، ئەوکات گاڵتەجاڕییەکی هیچاوەر بەرهەم دێت، کە جگە لە پێکەنین هیچی تر لای (خوێنەر/وەرگر) بەجێ نامێنێت. ڕەنگە (دۆنکیشۆت) نموونەی ئەو تێکستانە بێت، کە ئەندێشەیەکی قووڵ لە پشت هەر ڕستەیەکییەوە ئامادەیی هەیە. لێدان لەو وێنە ئەفسانەییەی سوارچاکی سەدەکانی ناوەڕاست، دۆنکیشۆت لە تێکستێکی ئاساییەوە دەکاتە تێکستێکی نەمر و هاوکات ئەو ڕووە کۆمیدییەی لە پشت ڕستە و گوزارشتەکانییەوە ئامادەیی هەیە، کۆمیدیایەکە ڕاستەقینەیە، نەک هیچاوەر و بێبنەما. واتە چۆن (سێرڤانتس) لە ڕێی دۆنکیشۆتەوە هەموو وێنەی مێژووی سوارچاکی هەڵگێڕایەوە و وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی لە زهنی خوێنەردا چەسپان. ئاوهاش کۆمیدیای ڕاستەقینە کاری ئەوەیە وێنەیەکی تری

جیهان بەرهەم بهێنێت.
لە وتاری (سیاسەت و پێکەنین)دا مەریوان وریا قانیع، کە نزیکەی ساڵێک دوای ڕۆمانەکەی عەتا محەمەد لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بەو ڕۆڵی بەهلول و لیبۆکەکان لە دەرباری پادشا و فەرمانڕەواکاندا کردوویانە و دەڵێت: بەهلول و لیبۆکەکان دەتوانن کۆمەڵێک شت بڵێن، کە لەگەڵ مەقام و ژینگەی کۆبوونەوەی پادشاکاندا نەدەگونجان، باسی هەندێک بابەت بکەن، کە نەکرێت لە بەردەمی پادشا و دەسەڵاتداراندا باس بکرێت، هەندێک قسە بکەن، کە کەسی تر نەتوانێت بیکات. لە درێژەدا مەریوان باس لەوەش دەکات خاڵێک، کە لە دۆخی ئەم سنوور بەزاندنەدا ئامادە بوو، ئەوەیە کە نوکتە و قسەکردنە سنووربەزێنەکانی بەهلول و لیبۆکەکان، هیچیان لە واقیعی سیاسی نەگۆڕیوە. واتە قسەکردن و کردەیەک بوون ناسیاسی، ئەگەرچی ئەوەی وتوویانە و کردوویانە زۆرجار ڕەخنەی سیاسی بووە. مەریوان لە درێژەدا دەڵێت: "وشەکانیان خاوەنی هیچ هێز و دەسەڵاتێک نین، وشەکان وەکو لەشولار و دەموچاویان نائاساییین و لە بەردەمی کەسێکدا دەیکات، کە توانای کوشتنی قسەکەرەکەی هەیە، بۆیە قسەکان زیاتر دەبنە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی، نەک قسەکردنێکی سیاسی جددی". لێرەدا دووبارە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە گرنگ ڕەخنەگرتن و بەرهەمهێنانی پێکەنین و ساتی کۆمیدی نییە، بەڵکو گرنگ چۆنێتی و شێوازی وتن و خودی ئەو کەسەشە، کە دەیەوێت لە ڕێی پێکەنینەوە پەیامی تر بە گوێی ئەوانی تردا بدات.
لێرەدا دەکرێت ئەوە بخەینە ڕوو عەتا محەمەد لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت) دەیەوێت (کۆمیدیای ڕاستەقینە) بەرهەم بهێنێت، یان (گاڵتەجاڕی بێبنەما) بخولقێنێت. بێگومان ئەوەی ئەم نووسەرە مەبەستیەتی دیوی دووەمی کۆمیدیایە، کە دیوە ڕەشەکەیەتی. بۆیە ئەم نووسەرە وەک لە ڕۆمانەکەشدا ئاماژەی بۆ دەکات، دەیەوێت باس لەو هاوکێشە ئاوەژووبۆوەیە بکات، کە بەرهەمی دنیای کوردییە بە جۆرێک هاوکێشەکە لە پێشوودا و لای کولتوورەکانی تریش بەو شێوەیەیە، کە خەڵکان لە دەرباری پاشا و میرەکاندا گاڵتە دەکەن و فەرمانڕەوایان پێدەکەنن و چێژ لەو نوکتانە دەبینن، بەڵام هەمان هاوکێشە لە دنیای کوردیدا بەو شێوەیەیە، کە فەرمانڕەوایان گاڵتە دەکەن و دەبێت خەڵکان پێبکەنن. خۆ ئەگەر یەکێک لەم هاوکێشەیەی دنیای کوردی لا بدات، ئەوان چارەنووسی وەکو چارەنووسی ئەو کوڕە گەنجەی نێو ڕۆمانەکەی عەتا دەبێت، کە مردنە. بۆیە ئەو پێکەنینەی لە نێو دێڕەکانی ڕۆمانەکەی عەتاوە خۆی مەڵاس داوە، ڕەگە قووڵەکەی لە نێو گریانێکی هەمیشەییدایە بۆ ئەو دنیایەی گاڵتەیەک لە کوڕێکی گەنج قەبووڵ ناکات.
لێرەدا ڕستەیەکی بەختیار عەلیم دێتەوە بیر لە هەمان وتاری سەرەوەدا، کە دەڵێت: هیچ پێکەنینێکی قووڵیش نییە هەوڵێک نەبێت بۆ بیرچوونەوەی تراژیدیا، بەڵام بێ هەوڵی خۆگێلکردن لێی. پێکەنین تەکتیکی پێکەوەژیانە لەگەڵ تراژیدیادا، نەوەک هەوڵی گەمژەکردنی مرۆڤ بێت. بەگشتی ئەم ڕۆمانەی عەتا ئەوەندەی لە هەوڵی پێکەوە کۆکردنەوەی هەردوو چەمکی تراژیدیا و کۆمیدیادایە، لە هەوڵی ئەوە نییە پێکەنینێکی ڕووکەش بەرهەم بهێنێت، هەر بۆیە لێرەدا عەتا تێکستێک بەرهەم دێنێت کە لە هەناویدا تراژیدیایەکی قووڵ هەیە.



## شکاندنی شکۆی دەسەڵات

پێکەنین هێزێکی تایبەتە لە ئینساندا، هەر بۆیە شایەنی گرنگیپێدان بووە لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانەوە. فەیلەسووفی فەرەنسی (هێنری برگسۆن) لەو فەیلەسووفانەیە، کە گرنگییەکی تایبەتی بەم هێزە داوە و لای وایە هەستی کۆمیدی، وەکو بەشێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئینسانە و پێکەنین بە دەروازەیەکی گرنگی هونەر و ئەدەبیات دادەنێت. هاوکات پێکەنین وەکو یەکێک لە ئاکارە سەرەکییەکانی ئینسان وێنا دەکات، ئاکارێک ئینسان لە ئاژەڵەکانی تر جیا دەکاتەوە. لە دیدی ئەم فەیلەسووفەوە نە سروشت نە دونیای ئاژەڵان پێکەنینی تێدا نییە، کەچی دونیای ئینسان پڕە لە پێکەنین. لێرەوە پێکەنین لە ژیانی مرۆڤدا، لەگەڵ ئەوەی زۆرجار بۆ دروستکردنی ساتی گاڵتەئامێز بووە، هاوکات ڕێگەیەک بووە بۆ گوزارشتکردن لەو دەرد و کێشە پەنگخواردوانەی نێو ناخی ئینسانەکان. واتە پێکەنین دوو دیوی هەیە، دیوێکی ئاسایی، کە تەنها خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە. دیوی دووەمیشی ئەوەیە کە مانای نوێ و گوزارشتی نوێ بەرهەم دێنێت. یان وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، تراژیدیا لە هەناویدا خۆی مەڵاس داوە. هەر بۆیە لە قۆناغە جیاوازەکاندا پێکەنین ئەرک و تایبەتمەندیی جیاوازی هەبووە و یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمیدیا ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە و شکاندنی شکۆی میر و پادشاکان بووە و زۆرجار ئەم شکاندنی شکۆیەش، لە ڕێی ئەدەبەوە گوزارشتی لێکراوە. هەربۆیە دەبینین بەشێکی گەورەی ئەدەبی جیهانی بۆ ئەم لایەنە تەرخان کراوە.

لە وتاری (ئەدەب و پادشا)دا بەختیار عەلی، کە ساڵێک دوای ڕۆمانەکەی عەتا محەمەد لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەدەبی گەورە هەمیشە کاری ئەوە بووە سیحری دەسەڵات بەتاڵ بکاتەوە، هەموو دەسەڵاتێکی گەورە بە درێژایی مێژوو شوێن نیازی نووسەران بووە. لە هەمان وتاردا بەختیار باس لەوە دەکات کە بەشی هەرەزۆری ئەدەبیاتی خۆرهەڵات تەرخانە بۆ تەقدیسکردنی دەسەڵات، بەڵام لە بەرانبەر ئەو تەقدیسکردنە گەورەیەی حاکم لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا، پرۆسەی ڕووتکردنەوەی دەسەڵات لە سیحری خۆی، بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی خۆرئاواوە، ڕووبەرێکی کەمی داگیر کردووە. ئەم نووسەرە لە بارەی هۆگەلی ئەمەوە دەڵێت: ڕەنگە هۆکەی ئەوە بێت لە خۆرئاوا نووسەران و هونەرمەندان خۆیان لە پاشاکان گەورەتر بینیوە، بەڵام لە خۆرهەڵات بچووککردنەوەی زاتی هونەرمەند و نووسەر بە جۆرێک گەورەیە، ئێشتا جورئەتی ئەو خەونە دروست نەبووە و خۆی نەگرتووە.

ئەگەر بە وردی سەرنج لەم تێڕوانینانە بدەین، دەبینین بێئومێدیی ئەو پیشان دەدات لە بەرانبەر بوونی ئەدەبێک، کە شکۆی دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە، من تەواو کۆکم لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو تێکستانەی لە ڕۆژهەڵات دەیانەوێت شکۆی دەسەڵات بشکێنن، زۆر کەمن. هاوکات لە بەرانبەر ئەمەدا لە نێو ئەدەبی کوردیشدا بەجۆرێک لە جۆرەکان بە هەمان شێوەیە. بەڵام نابێت تێکستێکی وەکو (لە خەوما)ی جەمیل سائیب لە یاد بکەین، کە یەکێکە لەو تێکستانەی ئەدەبی کوردی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان، شکۆی یەکەم حکوومەتی کوردی دەخاتە ژێر

پرسیارەوە و ڕوویەکی دزێوی ئەو حکومەتە دەخاتە بەر ڕەخنە. هاوکات ڕۆمانی (غەزەلنووس و باخەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی، بە هەمان شێوە دەیەوێت لە شکۆی بارۆنەکانی نێو دەسەڵاتی کوردی بدات دیوە دزێوەکەی بارۆنە کوردییەکان بخاتە ڕوو. ئەگەرچی لەم دوو تێکستەدا بە ڕتووشەوە باس لە دەسەڵات و شکاندنی شکۆی حاکم و سەرداران کرابێت. ئەوا لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)ی عەتا محەمەددا، ئەو ڕتووشەش نامێنێت و بەبێ پەردە دەسەڵاتداران دەخرێنە ژێر پرسیارەوە. بە جۆرێک خوێنەر پاش تەواوکردنی ڕۆمانەکە، گومان لە هەموو خەبات و سەروەرییەکانی ڕابردوویان بکات. بۆیە دیوێکی تری جوانی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت هاوکێشە ئاوەژووبووەوەکەی گاڵتەکردن لە مێژووی میر و حاکماندا لە نێو دنیای کوردیدا تەوزیف بکات، هاوکات دەیەوێت لە شکۆی دەسەڵاتداران بدات و میرو حاکمان لە سیحر و تەقدیسکردن بەتاڵ بکاتەوە.

**کێ بکوژی خواجە نەسرەدینە؟**

ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە ڕۆماننووس هەر لە سەر بەرگی ڕۆمانەکەوە ڕووبەڕووی خوێنەری دەکاتە و ناچاری دەکات بە دوای چیرۆکی ئەو کوژراوەدا بگەڕێت و لاپەڕە و ڕستەکان تەی بکات بۆ ئەوەی بگات بە بکوژەکە، بەڵام ئایا بکوژەکە دیارە، یان بکوژێکی نادیارە و هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە؟ ئایا خوێنەر سیمای ئەو بکوژە هەست پێدەکات، یان وەکو تارمایی دێت و دەڕوات؟

لێرەوە دەبێت بە دوای بکوژی خواجە نەسرەدین بکەوین. ئەگەرچی لە نێو تێکستەکەی عەتادا بکوژەکەی خواجە کەسێکە و کردەی کوشتن ئەنجام دەکات و لە ڕێی چەند فیشەکێکەوە خواجە دەکوژرێت و کۆتایی بە ژیانە گاڵتەئامێزەکەی دێت. بەڵام ئایا کوشتنی خواجە چ شتێک جێدەهێڵێت و بکوژەکەی کێیە؟ خواجە نەسرەدین نوێنەری ئەو چینەی کۆمەڵگەیە، کە بە دەم گاڵتەوە ژیان دەگوزەرێنن و زۆر جار ڕووداوەکان وەکو گاڵتە وەردەگرن. لێرە ڕاستە بکوژی خواجە بە دیوێکدا کەسێک ئەنجامی داوە، بەڵام لە نێو تێکستەکەدا ئەو کەسە ئەوەندە بایەخی نییە، کە ئەو کردەی کوشتنەی ئەنجام داوە. بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئەو بکوژە نوێنەری چ سیستمێکی حوکمڕانییە، کە گاڵتەیەک قەبووڵ ناکات.

بە وردبوونەوە لە سیستمە حوکمڕانییەکانی ئەم ناوچەیە دەبینین تەنها ئەو سیستمانە گاڵتە قەبووڵ ناکەن، کە سیستمێکی سیخناخن بە دیکتاتۆرییەت و هەنگاو بەرەو تۆتالیتارییەت دەنێن. سیستمێک، کە نوقمی گەندەڵی بووە و ڕێزی بەهاکانی مرۆڤبوون ناگرێت و لە سەر گاڵتەیەکی بچووک، یان پێکەنینێک کۆتایی بە ژیانی ئینسانێک دەهێنرێت، واتە ئەگەرچی بە جۆرێک بکوژەکەی خواجە لە ڕووکەشدا نادیارە، بەڵام لە ڕاستیدا بکوژەکەی خواجە هەموو ئەو سیستمە دیکتاتۆرییانەن، کە گاڵتە و پێکەنینی ئینسانەکان قەبووڵ ناکەن و نایانەوێت مرۆڤ بۆ جارێکیش بێت گاڵتە لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتدا بکات. ئەم جۆرە سیستمانە خاوەنی ڕۆحێک نین، کە پلۆرالیزم و جیاوازییەکان قەبووڵ بکەن.

بە کورتی ئەم ڕۆمانە کارکردنە لەسەر ئاوەژووبوونەوەی گەمەیەکی دێرینی پادشاکان و فیگۆرە خواجەئاساکان، کە لە دێرزەمانەوە پادشاکان بۆ بیستنی گاڵتە و دروستکردنی ساتی پێکەنیناوەردا فیگۆری خواجە

ئاساکانیان بۆ کۆشەکانیان بانگ دەکرد و خەڵاتیان دەکردن. بەڵام لەم هاوکێشەیە لە کوردستاندا ئاوەژوو دەبێتەوە و لە بری خەڵاتکردنی، لێسەندنەوەی ژیان دەبێتە خەڵات. بە جۆرێک خواجە نەسرەدین تەنها لە پێناو گاڵتەیەکدا دەکوژرێت.



عەتا محەمەد

## ئەنجام

ئەزموونی چیرۆکنووسیی (عەتا محەمەد) یەکێکە لە ئەزموونە دەوڵەمەند و دیار و تایبەتمەندەکانی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی. بەو پێیەی عەتا توانایەکی بێسنووری لە خوڵقاندنی حیکایەتی ئەندێشەییدا هەیە و هاوکات خەیاڵ و فەنتازیا ئامادەییەکی بەردەوامی لە نێو کارەکانیدا هەیە. بەم شێوەیە دەکرێت وەکو چیرۆکنووسێکی (فەنتازینووس) ناوی بەرین. لایەنێکی تری ئەزموونی ئەم چیرۆکنووسە کارکردنە لە نێو مێژوودا، مێژوویەکی ئەفرێنراوی خەیاڵی عەتا خۆی. ئەو مێژووی لە ڕێی گێڕانەوەوە دەست بە واقیعیەتی دەکەین. یان عەتا ئەوەندە بە (شارەزایانە) دەیگێڕێتەوە، کە وا لە خوێنەر بکات تەواو لای ببێتە واقیعێک و ڕەنگە زۆرجار خوێنەر هەوڵی سۆراغکردنی ئەو واقیعە ئەفرێنراوە بدات. ئەگەر لە بەشی هەرەزۆری چیرۆک و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە ورد بینەوە، دەبینین هەموو (یان بەشی هەرەزۆریان) بەرهەمی خەیاڵ و فەنتازیای لەبنەهاتووی نووسەرن. بەڵام لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)، نووسەر چەند هەنگاوێک زیاتر دەگەڕێتەوە نێو دنیای واقیع و کەڵک لە ڕووداوێکی واقیعی وەردەگرێت و لە ڕێی بەفەنتازیکردنی ئەم ڕووداوەوە دەیەوێت جۆرێک لە نەمری بە ڕووداوی کوشتنی ڕۆژنامەنووسێکی گەنج بدات. هەر بۆیە تەواوی بونیادی ڕۆمانەکە لەسەر ئەم خاڵە دەوەستێت.لە پاش خوێندنەوەی ئەم تێکستە و خستنەڕووی ئەو لایەنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لێرەدا دەکرێت وەکو دوائەنجام چەند خاڵێک دەستنیشان بکرێت، کە لەمانەدا خۆیان دەبیننەوە:

1-ئەم ڕۆمانەی عەتا یەکێکە لە ڕۆمانە جیاواز و تایبەتەکانی ئەزموونی ڕۆماننووسی ئەم نووسەرە و هاوکات نێو ڕۆمانی کوردی، بەو پێیەی دەیەوێت

لە سیحری پادشا و دەسەڵاتداران بدات و ئەو ڕۆحی تەقدیسکردنەی نێو ڕۆحی خۆرهەڵات بە گشتی و دنیای کوردی بەتایبەتی بۆ میر و حاکمان هەیە، بەتاڵی بکاتەوە.

2-زمانی گوتاری زیانی لەو زمانە حیکائییەی عەتا داوە، کە لە سەرجەم بەرهەمەکانی پێشووی ئەم نووسەرەدا هەیە و تارادەیەک وەکو ناسنامەی ئەم نووسەرەی لێهاتووە.

3-کۆمیدیا لەم تێکستەدا بۆ دروستکردنی پێکەنین و ساتی چێژبەخشی کاتی نییە، بەڵکو هەموو چرکەیەکی کۆمیدی و پێکەنینهاوەر لەم ڕۆمانەدا لە هەناوی گریانێکی قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە و بۆیە دەکرێت چەمکی کۆمیدیای ڕەش بە تەواوی بە سەر ئەم بەرهەمەدا بچەسپێت.

4-ئاماژەدان بە هاوەژووبوونەوەی ئەو هاوکێشە کۆنەی کە خەڵک نوکتە بکات و دەسەڵات پێبکەنێت، کە لە دنیای کوردیدا بۆتە ئەوەی دەسەڵات نوکتە بکات و خەڵک پێبکەنێت. بۆیە کاتێک یەکێک دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی ئەو هاوکێشەیە، بە دەردی (خواجە نەسرەدین)ی نێو ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین، کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت) دەچێت.

5-یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لەم ڕۆمانەدا لە بەرهەمەکانی تری عەتا جیاوازە، توانەوەی ڕووداوێکی واقیعییە لە نێو حیکایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا، کە بە بەراورد بە بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە، کەمتر بەرهەمی واقیعن.

**سەرچاوەکان:**

1-عەتا محەمەد، خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت-ڕۆمان، لەبڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم 2010.


2-بەختیار عەلی، ئەدەب و پادشا، ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (257) ڕۆژی (11/1/2011)

3-مەریوان وریا قانیع، سیاسەت و پێکەنین، بڕوانە سایتی ئاوێنە.

4-د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرەەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر 2012

5-ماریۆ ڤارگاس یۆسا، واقیعیەتی نووسەر، و: دڵشاد خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی 2009

6-بەختیار عەلی، لە پێناو ڕزگارکردنی پێکەنیندا، بڕوانە سایتی ئاوێنە.





# شێرکۆ بێکەس و زمانی شیعر

## یان شێرکۆ بێکەس وەك (منداڵێتیی ژیان)

**ناڵە حەسەن**



من هەر لە بەردی هەتاو و
لە کێوی خۆڵەمێشی خۆم
یەزدانی خۆم دروست کرد و
لە دارستانی زمانە چەندجار سووتاوەکەی
خۆمدا هەڵمکرد
من بەفرێکی هەڵگەڕاوی
یاخی بووم و لە سوورەتەکانی
خوای بیابان جیا بوومەوە

**شێرکۆ بێکەس (قەسیدەی نسێ)**

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەنی ئەزموونێکی دووروودرێژی نیو سەدە زیاترە. ئەزموونێکی پڕ لە داهێنان و نوێبوونەوە. بە ستایل و شێوازی جۆراوجۆر. ئەوەی لە ئەزموونی شیعری شێرکۆ زۆر سەرنجراکێشە ئەوەیە، هەمیشە لە نوێکردنەوە دابووە، هەمیشە وەکو وەرزەکان بە شێوەی تر و ڕەنگی تر دەرکەوتووەتەوە.. هەموو شێوازەکانی تاقی کردوونەتەوە.. لە یەک گۆشە و پەنجەرەوە لە شیعر و داهێنانی نەڕوانیوە. شێرکۆ ئەو دەنگە شیعرییە زیندووەیە، کە لە نێو قووڵایی کارەسات و میحنەتەکانی ژیان سەریهەڵداوە و بەردەوامی بە خۆی داوە. شێرکۆ دەنگێکی نائارامە لە نێو ڕووبەری شیعر، سرەوتنی بۆ نییە و ناتوانێ بێدەنگ بێ. دەنگێکە لەگەڵ هاوارەکانی ژیان و شەپۆلەکانی تەریب دەڕوات. شێرکۆ بێکەس لە (تریفەی هەڵبەستەوە تا خێراکە مردن خەریکە بگات) دەبینین، هیچ شتێک نەماوە قسەی لە بارەوە نەکردبێت.. توانایەکی سەرسووڕهێنەر لە بەرانبەر وشە و زمان.. بەکارهێنانی ستایلی جۆراوجۆر، هەر لە پۆستەرەشیعر، شانۆنامە شیعر، چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر... چەندەها ستایلی تر.. لەو ڕۆژەی یەکەمین شیعر دەنووسێت تا دواهەمین شیعری، لە داهێنانەکانی بەردەوام دەبێت.. شێرکۆ بێکەس لە هەموو سەردەمەکان وەکو شاعیرێکی هاوچەرخ و سیمایەکی نوێی نێو ئەدەب و شیعر دەردەکەوێت. تاکە شاعیرێکە لە کورد کە توانی لە ئاستێکی بەرز سنووری نیشتیمان ببڕێت و شیعرەکانی بۆ زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا وەربگێڕدرێن و چەند خەڵاتێکی جیهانییش وەربگرێت. شێرکۆ لە نێو شیعرەکانیدا، عاشقێکی نائارامە.. (عەشقی نیشتیمان و عەشقی مرۆڤ) ئەو دوو خولیایەن کە کە بە ژیانی دەبەستێتەوە و هەمیشە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ژیان بەهێزتر و توندوتۆڵتر دەکات. لە نێو ژیانیشدا، شیعر دەکات بە ماڵ و نیشتیمانی خۆی. زمانی شیعریش

دەکات بە زمانی خۆی، شێرکۆ جگە لە زمانی شیعر هیچ زمانێکی تر نازانێت (بۆ شیعر، بۆ عەشق، بۆ بەرگری، بۆ تووڕەبوون، بۆ داهێنان..) تەنها زمانی شیعر و هیچی تر.. شێرکۆ بێکەس لە نێو ڕووبەرە فراوانەکەی شیعردا هەموو شتێک دەدوێنێ و هەموو شتێک دەهێنێتە نێو شیعر و بە قسەیان دەهێنێ (مرۆڤ، عەشق، نیشتیمان، خاک، چیا، ئاو، باران، وەرزەکان، باڵندەکان، ژنەکان، مردووەکان، مێژوو، مافەکان و ستەمەکان....) هیچ شتێک نامێنێ لە نێو شیعرەکانیدا نەیدوێنێ و حیواری لەگەڵدا نەکات. شێرکۆ شاعیرێکە هەمیشە لە شەڕدایە لە بەرانبەر زۆرداری و ستەمکاری، بە هۆی شیعرەکانی و بە زمانی شیعر هەمیشە بەرگری لە میللەتەکەی کردووە لە دژی لەناوچوون و ڕەشبوونەوە.. شێرکۆ وەکو شاعیرێک هەمیشە دەنگی ئازادی و ئاشتی بووە.. (کەشکۆڵی پێشمەرگە و داستانی هەڵۆی سوور و زۆرێک لە قەسیدە و شیعرەکانی تری..) ئەمە بە ڕوونی پێشان دەدەن.. وەکو کەسێکی هاوچەرخ و مەدەنی هەمیشە بەرگری لە مافەکان و ئازادییەکانی مرۆڤ کردووە.. وەک دەنگێکی پێشکەوتووخواز هەمیشە لە سەنگەری خەباتی ژنان بووە و داوای یەکسانی کردووە.. شێرکۆ بە زمانی شیعر عەشقی کردووە، سیاسەتی کردووە و هەر بە زمانی شیعر نیگەرانی و بێهوودەییەکانی خۆی و خەون و ئومێدەکانی خۆی نووسیوەتەوە.. (شێرکۆ بێکەس زمانی شیعریی کردووە بە زمانی ژیان) بە مانای زمانی شیعر زمانی تێگەیشتن و پەیوەندییەکان و زمانی مانەوە و زمانی ئایینەکان و سروشت و مرۆڤەکان و

مێژوو و زمانی هەموو شتەکان و کاهینەکان بووە. زمانی شیعر زمانی تێگەیشتن و ناسینی مرۆڤ بووە، ئەم ڕاستییەش لە شیعرەکانی شێرکۆ لە بەرانبەر دەسەڵاتی زمانی شیعر، لە نێو داهێنانە جوانەکانی بە ئاشکرا دەبیندرێن بە تایبەت، لە قەسیدە درێژەکانی کە وەکو ئەزموونێکی نوێ ناوی نابوون (دەقی واڵا، واتە دەقی کراوە). لەم دەقە درێژانەی وەک (دەربەندی پەپوولە، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێک، کورسی و گۆڕستانی چراکان و ئێستا کچێک نیشتیمانمە و چەندانی تر..) دەسەڵاتێکی ڕەها و ئەفسووناوی بە زمانی شیعر بەخشیبوو.. بە زمانی شیعر شانۆ دەنووسێت، چیرۆک دەنووسێت، ڕۆمان دەنووسێت، پەخشان دەنووسێت.. زمانی شیعر زاڵ دەکات بە سەر زمانی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تردا.. زمانی شیعر دەکات بە زمانی ئەدەب، کە لێرەدا ئێمە بە زمانی ژیان ناوی دەبەین.. چونکە شێرکۆ جگە لە ئەدەب و شیعر، لەگەڵ عەشق و سیاسەت و مێژوو و لەگەڵ هەموو چەمک و لایەنەکانی تر بە زمانی شیعر دەدوا، جگە لە زمانی شیعر هیچ زمانێکی تری نەدەزانی.. لای شێرکۆ زمانی شیعر زمانێک بوو، لە نێو شیعرەکانیدا دەیتوانی ئەفسانە بخوڵقێنێ.. لە هەر شتێکدا تا ئەوپەڕی قووڵ بێتەوە، گەڕیدەیەک بوو، دەیتوانی هەموو ڕووبەرێک بدۆزێتەوە، سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد. لە ڕێگەی زمانی شیعر لە گەڕانەکانیدا قسەی لە بارەی شتی زۆر ورد و نایابەوە دەکرد، چونکە شێرکۆ بێکەس لە بەرانبەر ڕۆڵی زمان، لە نێو شیعر و ئەدەبدا، خاوەن مەعریفە و بیرکردنەوەیەکی ڕۆشن بوو.. بۆیە هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە "ڕوانگە"یان وەک تەوژمێکی نوێخوازیی ئەدەبی پێک هێنا. بۆ ئەوەی زمانی شیعر و زمانی ئەدەبی کوردی، لە چەقبەستن و دووبارەبوونەوە و جوینەوەی بەردەوام ڕزگار بکەن. بۆ ئەوەی چەمکە میتافیزیک و باوەکانی زمان تێک بشکێنن و دووبارە بە شێوەی تر و مانای تری پێببەخشن. یان فۆکەس بکەنە سەر پارادۆکس و گومان و یاخیبوون و سیمایەکی نوێ بە زمان ببەخشن.. هەرچەندە خۆی لە دیمانەیەکدا، دان بەوەدا دەنێت و دەڵێ (بەیانی ڕوانگەی ئەدەبی قووڵ و هەمەلایەنە نەبوو، بە ڕوونی ئەو بنجوبناوان و هۆ و هۆکارانەی ڕوون کردبێتەوە، نا، بەیانەکە هاوارێ بوو، بۆ ئەوەی خەڵک لە وشەی (تازەکردنەوەی بەردەوام) ئاگادار بکەینەوە. زەنگێک بوو لێمان دا بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بێت پێی بڵێین، شیعر هەر ئەو قاڵبانە نییە کە تا ئێستا پێیان نووسراوە...).

شێرکۆ بێکەس هەمیشە لە قووڵایی دەریاکاندا گەوهەرە بە نرخەکانی دەدۆزییەوە. هەموو گەڕان و داستان و ئەفسانەی نێو شیعرەکانی لە پێناو مرۆڤ و بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بوو.. عەشقی نیشتیمان و عەشقی مرۆڤ دوو هێڵی تەریبی درێژی نێو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بوون. هەموو تەمەن و شیعرەکانی خۆی بەم عەشقەی بەخشیبوو.. ئەو پێی وا بوو ژیان موغامەرەیەکە لە پێناو عەشق، عەشق بە هەموو مانا قووڵییەکەی.. ئەو بۆ چرکەساتێکیش لەو عەشقەی دانەبڕا، چونکە هەمیشە بۆ عەشقەکەی خۆی دەنووسی، بە زمانێک کە عەشق لە هەر بارودۆخێک بێت یان هەرچەندە لێیەوە دوور بێت لێی تێدەگات.. ئەو خۆی دەیزانی چ عاشقێکی سەوداسەرە و بە چ زمانێک لە پێناو عەشقەکەی دەنووسێت، یان هەر وەک خۆی دەڵێت (لە شیعری مندا، یەک ژن و یەک عەشقی

دیارکراو نییە، پۆلێ ژن و پۆلێ عەشق و پۆلێ شیعر هەیە..) بۆیە لە ڕێگەی زمانە شیعرییەکەیەوە خۆی لە شاعیرانی تر جودا دەکاتەوە و پەیوەندیی خۆی و عەشق لە تایبەتمەندیی زمانە شیعرییەکەیەوە پێشان دەدات و لە بەشێکی شیعری (دوو زمان)دا دەڵێت:

جیاوازیی من و زۆر شاعیر هەر ئەوەیە
بە زمانی سادە وەکو ئاوی ڕەوان
بۆ عەشقەکەی خۆم دەنووسم
بۆیە عەشقیش ئەگەر لەوپەڕی دنیاش بێ
لەمن ئەگا...!

شێرکۆ بێکەس لە هەموو ئەزموونی شیعریدا هیچکاتێک، ئەو ئاگاییەی خۆی ون نەکردووە کە لە چوارچێوەی زمانی شیعری دەربچێت.. چ لە شیعر چ گوتار چ لە دیمانە و گفتوگۆ هەمیشە زمانی شیعر زمانێکی ئامادە و زاڵ بووە.. هیچکاتێک توندوتیژی تێکەڵ بە زمانی ئەو نەبووە.. نووسەر هەیە لە کاتی وەڵامدانەوە بە ڕەخنەیەک یان لە بەرامبەر بابەتێکی ڕۆژانە یان لە بۆنەکاندا بێ ویستی خۆیان زمانێکی توندوتیژ بەرامبەر ئەوی تر بە کار دەهێنن.. بێ ئەوەی مەبەستیان بێت، ڕۆڵی کاراکتەرێکی سیاسی دەبینن.. بەڵام شێرکۆ هەمیشە بە زمانی شیعر قسەی کردووە و نووسیویەتی.. ئەوەتا لە شوێنێک بۆ یادی (ڤالانتاین.. ڕۆژی خۆشەویستی) پێش ئەوەی شیعرەکەی بخوێنێتەوە و چەند قسەیەک دەکات دەربارەی ڤالانتاین دەڵێ..

ڕۆژی خۆشەویستی
ڕۆژی عەشق و ژن و خۆشەویستی
ڕۆژی یەکترناسین
بۆ دروستکردنێکی نوێ
لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا
لێرە بی یان لەوێ..

هەمیشە میلۆدی و هارمۆنییەک لە شێوەی قسەکردنی و لە نێوان وشە و دەربڕینەکانیدا هەبوو.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەو توانا ئەفسووناوییەی شێرکۆمان پێشان دەدات بەرامبەر زمان و شیعر.

شێرکۆ بێکەس شاعیرێک بوو بۆ ژیان دەینووسی، پەیوەندیی لەگەڵ ژیان و تەنانەت مەرگیش هەر لە ڕێگەی شیعرەوە بوو.. جگە لەو وەسیەتنامەی بەر لە مردنی کە داوای کرد لە پارکی ئازادی بنێژرێ بۆ ئەوەی، پەیوەندی لەگەڵ خەڵک و شاعیران و نووسەران و مۆسیقاران و عاشقان نەپچڕێت.. مەبەستمە ئەوە بڵێم دەیەویست لە ڕێگەی شیعرەوە لە نێو مردنەوە بگەڕێتەوە نێو ژیان.. لە شیعری (میرات)یش زۆر بە ئاشکرا ئەوە دەڵێت..

کە کەو ئەمرێ
دوای خۆی بۆ شاخ
چەند قاسپەیەك بەجێدێڵێ
کە هەنگ ئەمرێ
دوای خۆی بۆ باخ
هەندێ ماچی شیرین شیرین
بەجێدێڵێ
کە وەختێکیش تاوس ئەمرێ
دوای خۆی هەندێ تێلی ڕەنگین
بۆ ناو گوڵدان
بەجێدێڵێ
کە وەختێکیش ئاسك ئەمرێ
دوای خۆی مسك بەجێدێڵێ
هەرکاتێکیش کە من مردم
دوای خۆم بۆ ئێوە و کوردستان
هەندێ شیعری
نازدار و جوان..
بەجێدێڵم

کەواتە لە دوای خۆی جگە لە شیعر هیچ شتێکی تری نییە بۆمان جێبهێڵێ و پێشکەشمانی بکات.. دەیەوێت لە

ڕێگەی شیعرەوە لەگەڵ ژیان بەردەوام بێت و لە دوای مردنیشی شیعرەکانی ببنە شووناسێکی ئەبەدی بۆ ئەو. کەواتە هاوکێشەکە وای لێدێت.. پەیوەندیی ژیان و شێرکۆ/ پەیوەندیی ئێمە و شێرکۆ/ پەیوەندیی مردن و شێرکۆ.. هەموو پەیوەندییەکان لە شیعردا یەکتری دەگرنەوە، هەر شیعر و هیچی تر.

ئەگەر نووسینی شیعر گەڕان بێت بە دوای شتە جوانەکان یان ئامانجی شیعر جوانکردنی ژیان بێت، دەتوانین بڵێین، شێکۆ بێکەس زۆر بە ئاگاییەوە کاری بۆ ئەو ئامانجەی شیعر دەکرد.. بەڕاستی شیرکۆ بێکەس ئامانجی بوو لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ژیان جوان بکات.. دەیەویست مرۆڤ ئازاد بێت، جیاوازییەکان نەمێنن، پیرۆزییەکان شایستە بە مرۆڤ بن و هیچ شتێک لە سەرووی بەهاکانی مرۆڤ نەبن.. هەر لە ڕێگەی ئەم ئامانجەشەوە، دەیەویست ئەدەبێکی هاوچەرخ و نوێ و پڕ لە ئیستاتیکامان پێشکەش بکات.. هەر خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ (شیعر دەبێت دوو باڵی هەبێت. باڵێک بۆ هونەر و باڵێک بۆ گەیاندن واتە خوێنەر یان وەرگر..) ئەو پێی وا بوو، شیعر یان ئەدەب شتێک نییە لە بۆشاییدا بخولێتەوە.. چونکە لە پشتی شیعرەکانی ئەو ئامانجێکی گەورە هەبوو، بۆیە لە نێوان شێرکۆ و خوێنەردا لە ڕێگەی گەیاندنەوە پەیوەندییەکی بەهێز هەبوو.. ئیستاتیکاش خۆی سەرچاوەیەکە بۆ لەزەت.. لە ڕێگەی ئەم لەزەتەوە هەمیشە خوێنەرەکان و گوێگرەکانی شاگەشکە و سەرسام دەکرد.


دوای ئەوە شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی جیهانی بوو، بۆ مرۆڤایەتی دەینووسی.. ڕووبەری بیرکردنەوەکانی ئەو زۆر فراوان بوو، لە هەمان کاتیشدا شوێنێک نەبوو بۆ بیرکردنەوەکانی ڕاسیستی و یان جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بە هۆی ڕەگەز و ڕەنگ و هەرشتێکی ترەوە. وەکو کەسێکی مەدەنی هاوچەرخانە بیری دەکردەوە و دەینووسی، لە کۆپلەیەکی پەخشانەشیعری (بۆ ٨ـی مارس)دا دەڵێ:

من ئەمڕۆ پیاو نیم و بووم بە ژن
ناوی دایکم دەخەمە جێی ناوی باوکم و
بەمجۆرە ئەمڕۆ من
شێرکۆ فایەق بێکەس نیم و
شێرکۆ شەفیقە سەبیحەم من...

هەموو نووسەرەکان خاوەنی ئەم بیرکردنەوە مرۆییە نین، ئەو نووسەر و بیرمەندانەی کە بۆ مرۆڤایەتییان نووسیوە و داهێنانەکانیان هێندە لە ئاستێکی باڵا بووە، بۆیە دواتر بوون بە موڵکی مرۆڤایەتی و تاهەتاش لە نێو ژیاندا ماونەتەوە، بە دڵنیاییەوە شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیر و نووسەرانە.. وەک چۆن ئەنجلس لە نووسینێکدا ئەدەبی شکسپیر بە (منداڵێتیی مرۆڤایەتی) ناو دەبات، بە مانای هەرچەند مرۆڤایەتی بەرەو تەمەن هەڵکشێ، ئەدەبەکەی شکسپیر وەکو منداڵ بێگەرد و شیرینتر دەمێنێتەوە.. لێرەدا منیش مەبەستمە شیعر و ئەدەبی شێرکۆ بێکەس بە (منداڵێتیی ژیان) ناوبەرم. چونکە من دڵنیام ژیان بە هۆی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باڵا دەکات و یان تابلۆی ژیان بە هۆی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، ڕەنگەکانی جوانتر و ڕەنگینتر دەبێت، بە مانای ژیان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە نێو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ڕاکشاوە. یان لە نێو شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، مرۆڤ و ژیان سەرچاوەی هەموو بەهاکانی جوانین





*ئەلیس مۆنرۆ لە گوندنشینییەوە بۆ تۆبڵ ........................ ٦٢
*ئەلیس مۆنرۆ کێیە ؟ ........................ و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ ٦٥
*مۆنرۆ؛ ئەونووسەرەی لە هیچەوە هەمووشت دەخوڵقێنێ ........ شادی نیکخا ........ ٧١
*گفتوگۆ لەگەڵ ئەلیس مۆنرۆدا ........................ و: بەیان ڕەشیدی ........ ٧٩
*چاوپێکەوتن لەگەڵ مۆنرۆ-دا ........................ و: ب. ڕەشیدی ........ ١٤١
*کوڕان و کچان ........................ و: شادی نیکخا ........ ٨٩
*چەند دێڕێک دەربارەی کوڕان و کچان ........................ ١٠٤





# ئەلیس مۆنرۆ... لە گوندنشینی-یەوە بۆ نۆبڵ

ئەلیس مۆنرۆی کەنەدی ساڵی ١٩٣١ لە خێزانێکی گوندنشین، لە باوکێکی جوتیار و دایکێکی مامۆستا لە دایک بووە.
لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە دەستی کردووە بە نووسین، بەرلەوەی نووسین وەکو پیشە بناسێ. ساڵی ١٩٥١ وازی لە زانکۆ هێناو و چووە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە. ساڵی ١٩٦١ شوێنی نیشتەجێبوونی گواستەوە بۆ شاری (ڤیکتۆریا) و تا ئێستا لەو شوێنە دەژی. ئەلیس مۆنرۆ لەگەڵ چوونی بۆ (ڤیکتۆریا) کتێبفرۆشییەکی کردەوە بە ناوی (کتێبی مۆنرۆ)ەوە و بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی ژیانی هەر لەوێ کاری کردووە.




## چۆن بوو بە نووسەر؟

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا (نووسین) لە ئەمریکا پیشەیەکی پیاوانە بوو و کەس بایەخی بە نووسەرە ژنەکان نەدەدا، بەڵام مۆنرۆ هەر لە منداڵییەوە خەونی بەوەوە دەبینی کە ببێت بە (نووسەر) و کتێبی نووسەرە ناودارەکانی دەخوێندەوە و سوودی لێ وەردەگرتن، بەتایبەت ئەو چیرۆکنووسانەی ڕووداو و بەسەرهاتی چیرۆکەکانیان لە چوارچێوەی شارۆچکەکاندا بوو، خەونی بەوەوە دەبینی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەویش بتوانێ چیرۆکی لەو شێوەیە بنووسێ.

ئەلیس مۆنرۆ چونکە خۆی ژیانی لە شارۆچکەدا گوزەراندبوو، ئاشنا بوو بەو فەزا و کەشوهەوایە. کەسانێک کە ئاگاداری ڕابردووی یەکترن و وەکو خێزانێکی گەورە پێکەوە دەژین، جێگەیەک کە کەسەکانی ناوی بۆ پاراستنی سەنگی خۆیان ناچارن دەنگۆ و وتی وتی دروست بکەن، قسە بێنن و ببەن و بە جۆرێکی تر خۆیان نمایش بکەن، هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر ژیانی تایبەتی مۆنرۆ و ئەویش بەشێک بوو لەو خەڵکە، بۆیە زۆر بە وردی سەرنجی دەدا بزانێ کەسەکانی دەوروبەری چی دەخۆن و چی دەپۆشن، ورد دەبووەوە لە ڕاست و درۆی ڕەفتارەکانیان و هەوڵی کاریگەربوونیان لە سەر یەکتری و نییەتی دەروونیان، هەموو ئەمانەش ڕەنگیان دایەوە لە چیرۆکەکانیدا.

ژیانی ئەدەبیی مۆنرۆ هەر لە سەرەتاوە بە ئاسایی و بێدەنگی دەستی پێکردووە و هەر بەو بێدەنگییەش چووەتە پێشەوە. هەرگیز نە ئەوەندە بووەتە جێی قسەوباس و پیاهەڵدان کە لە ڕیزی نووسەرە ناودارەکانی جیهاندا ناوی بێت، نە ئەوەندەش پشتگوێ خراوە کە بیر بچێتەوە و باسی نەکرێ؛ بۆیە ژیانی ئەو لە ژیانی هەموو نووسەرە گەورەکانی جیهان جیاوازە.

## شێوازی نووسین:

زۆر بە دەگمەن دەتوانین نووسەرێکی گەورە بدۆزینەوە هێندەی مۆنرۆ توانیبێتی دەروونی مرۆڤەکان و ژیانی ڕۆژانەیان لە چوارچێوەی کارێکی ئەدەبیدا دابڕێژێت. ئەو دەرکێکی قووڵی هەیە بۆ جیهان و چۆنیەتیی ژیان تێیدا. زۆرینەی کاراکتەری چیرۆکەکانی کچان و ژنانێکن بە کەسایەتیی پێچاوپێچ و ئاڵۆزەوە. مۆنرۆ بە باشی کاراکتەری ناو چیرۆکەکانی دەناسێت و بە وریایی و شارەزاییەوە دیالۆگەکان بەکاردێنی و زمانێکی ڕوون و ڕەوانی هەیە.



خاڵی هاوبەش لە نێوان چیخۆف و مۆنرۆدا ئەوەیە کە ڕەوتی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانیاندا گرنگیی پلە یەکی نییە؛ هەر ئەمەش وای کردووە مۆنرۆ وەکو چیخۆفی ئەم سەردەمە بناسرێ.

چیرۆکەکانی مۆنرۆ ڕەوتێکی ئارامیان هەیە و هیچ شتێکی قورس و گەورە لە چیرۆکەکانیدا ڕوونادات؛ بەڵام لە ژێر ئەم ڕەوتە ئارامەدا، ڕووداوێک هەیە کە لە کاتی گێڕانەوە و چوونەپێشەوەی چیرۆکەکەدا وردەوردە ئاشکرا دەبێت و دواجاریش بە سەرسوورمانەوە خوێنەر جێدێڵێ.

**بەرهەمەکان:**

مۆنرۆ خاوەنی چواردە کۆمەڵە چیرۆکە، کە زۆربەیان ڕێزیان لێ گیراوە و خەڵاتیان پێ بەخشراوە، لەوانە: کۆمەڵە چیرۆکی (ژیانی ئازیز) کە دوابەرهەمیەتی، خەڵاتی ئەدەبیی (تریلیۆم)ی وەرگرتووە.

کۆمەڵە چیرۆکەکانی مۆنرۆ وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.

**مۆنرۆ و نۆبڵ:**

وەختێک ئاکادیمیای نۆبڵ بڕیاری دا خەڵاتی ئەدەبیی ئەمساڵ ببەخشێتە ئەلیس مۆنرۆ، ئەو لە تەمەنی هەشتاودووساڵیدا بوو. مۆنرۆ سەدودەهەمین براوەی خەڵاتی (نۆبڵ)ی ئەدەبییە و سیانزەهەمین ژنە کە لە ساڵی (١٩٠١)ەوە تا ئێستا ئەو خەڵاتەیان بەدەست هێناوە. پێشتریش نووسەرانی ژنی وەکو (تۆنی مۆریسۆن و دۆریس لێسینگ و هێرتا مۆلەر ،......)



**ئەلیس مۆنرۆ؛ سەردەمی گەنجی**



# ئەلیس مۆنرۆ کێیە؟

**ئیڤا میناسە**


**لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

چیرۆکەکانی ژنەنووسەری وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی "ئەلیس مونرۆ" خاوەن فۆرمێکی تایبەتین، هەرئەمەش وای کردووە کە خەڵکی حەز بە بەرهەمەکانی بکەن.

هێڵموت کاراسەک١ زۆرجار کتێبەکانی بە باش وەسفکردووە، هەرچەندە هیچ کاتێکیش کتێبێکی نەخوێندووەتەوە، کاتێکیش لە "مارتین ڤاسلەر٢"یان پرسی، ئاخۆ بۆچوونی لە بارەی ئەم ژنە نووسەرە کە وەرگری خەڵاتی نۆبڵە چییە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە: هیچ!.

دەکرێت کەسانی وا خەڵاتەکە وەربگرن، بەڵام هیچی زیاتری لە بارەوە نەگوت.





ئەلیس مۆنرۆ وەکو "گەورەترین و نەناسراوترین ئەدیبی باکووری ئەمریکا" لای ئێمە دێتە ناسین، لێ ئەوەی لە لای ئێمە ڕوویدا بریتییە لە تێروانینێکی شێتانەی عەقڵیەتی ئۆیرۆسەنترالیزمی٣.

بە هەمانشێوە باکووری ئەمەریکاش کاتێک ساڵی ٢٠٠٤ ژنەنووسەر ئەلفرید یلینک خەڵاتی نۆبلی وەرگرت، لای ئەوانیش بە "گەورەترین نووسەری نەناسراوی زمانی ئەڵمانی" هاتە ژماردن. لەوانەبێت ئەوانیش ڕاستیان کردبێت.

بە هەرحاڵ، ئەلیس مۆنرۆ ناسراوترین ژنەنووسەری ئەنگلۆ ئەمریکییە، هەمیشە چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکاندا جێگەی بایەخ و گرینگپێدان بووە، تەنانەت ڕۆژنامەیەکی وەکو نیۆرکەریش گرینگیی بە چیرۆکەکانی ئەلیس مۆنرۆ داوە. لە هەمان کاتیشدا لە وڵاتەکەی خۆیدا "کەنەدا"، هەمیشە بەرزترین و زۆرترین خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتووە، هەروەها خەڵاتی ئەدەبیی Man Booker International Prize٤ی وەرگرت.


لەبەرئەوە نووسین لە بارەی ئەوەوە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە لێرە دوو بۆچوونی توندی دژ بە یەک پەیدابووە: یەکەمیان، بۆ نموونە نووسەرێکی مەزنی وەکو "مارتین ڤاسلەر" تەنها "هیچ" لە بارەیەوە دەزانن و نایناسن، دووەمیشیان، کە زۆر باش دەیناسن و بە لایانەوە باشە. لە نێوان ئەم دووانەشدا، هیچ بەرەیەکی تر نییە.

من هیچ کاتێک لەو باوەڕەدانیم گەر خوێنەرێک چیرۆکێکی ئەو بخوێنێتەوە، پاشان شانی هەڵتەکێنێت بڵێت هیچی لە بارەوە نازانم.

خوێنەرێکی بەردەوام "لەوانەبێت بڵێم لە ٨٠%ی خوێنەران کاتێک یەکەمجار دەست بە خوێندنەوەی کارە قوورسەکانی مۆنرۆ دەکات، پاش شەش مانگ و دوای خوێندنەوەی بەشێکی زۆری کارەکانی مۆنرۆ، هەست بە جۆرە دڵخۆشییەک و ڕێکەوتێکی جوان دەکات، لێ پاشان شارەزای نووسینەکانی دەبێت، چیرۆکەکانی دەبنە مایەی خۆشحاڵی و ئارامیبەخشی بەو خوێنەرە.

هەرچەندە ڤاسلەر بۆچوونی باشی لە بارەی مۆنرۆ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا دەمانەوێت بەردەوامی بە قسەکردن لە بارەی ئەم ژنەنووسەرە کەنەدییە بدەین و بە خوێنەرانی بناسێنین. با بەم شێوەیە دەست پێبکەین: لە سەروو هەموو ئەوەی کە لە بارەی ئەدەبی ئەلیس مۆنرۆوە نووسراوە و دەگوترێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گوێ بۆ بۆچوونە دژەکانی ئەمانیش بگرین.

ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی باسی "ژن" دەکەن و زۆربەشیان "کەنەدا" دەبێتە مەیدانی سەرەکیی چیرۆکەکانی، لە هەمان کاتیشدا "هەمان شت نانووسێتەوە" هەروەک ڕەخنەگرێکی بێسەواد و بێئاگا!" گوتی. لێ لەسەر



هەمان هۆکار قسە لە بارەی کەنەداوە دەکات، هەروەک چۆن "پرۆست و چیخۆف" بە بەردەوامی چیرۆکیان لە بارەی کۆمەڵگەی رووسییەوە نووسیوە، چونکە ئەوان خاک و وڵاتەکەی خۆیان و کەسایەتیی گەلەکەی خۆیان ناسیوە و ئەمانەش بوونەتە سەرچاوەی بنەڕەتیی جیهانی ئەدەبی ئەوان.


ئەو لە بارەی ژنان "هەروەها پیاوانیش" دەنووسێت، هەروەک چۆن ساڵانێکی زۆرە پیاوان لە بارەی "ژنان"ەوە دەنووسن. ئەو قسە لەسەر مرۆڤی "باش یان خراپ" دەکات، بەڵام زۆرکەم قسە لە بارەی جێنێتی مرۆڤەکانەوە دەکات، هەرچەندە نووسەران لە سەدەکانی پێشوودا زۆر قسەیان لە بارەی جێنتی مرۆڤەکانەوە دەکرد.

لە لای ئەلیس مۆنرۆ، "ژنان" خاوەنی فونکسیۆنێکی ئایدیۆلۆژیی تایبەت بە خۆیان نین، تاوەکو بتوانن ماهییەتی مرۆڤبوونی خۆیان بدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە جیهان (لێرەدا مەبەستی پیاوانە) تێڕوانینێکی جیاوازیان لە بارەی ڕەگەزی مێینەوە هەیە، بەڵام لە واقعدا بە شێوەیەکی ترە.

بەڵێ، چیرۆکەکانی ئەلیس مۆنرۆ شێوەیەکی توندی گرافیکئامێزیان هەیە، دەتوانم بڵێم شێوەی فیلمئاسایان هەیە، لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی زۆر ئاسانیش نووسراون. لەبەرئەوە بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز بوونیادنراون. پاشان، نووسینەکانی ئەو ناچنە قاڵبی "ئەدەبی ژنانەوە!"، گەر وایە ئەوا نابێت کەس هیچ بنووسێت یان بخوێنێتەوە.

ئەلیس مۆنرۆ خاوەنی جیهانێکی کلاسیکییە، بە چەند دێڕێکی کورت و ئاسان، وەسفی دیمەنەکان دەکات. "باوکم خاوەنی کێڵگەیەکی بچووک بوو، کەسێکی هەژار و جەستەیەکی لاوازی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا زۆر ئەلکحولی دەخواردەوە. ئەو لەگەڵ گروپێک پیاوی تر، دەچوون بۆ کارکردن، هەموویان جلوبەرگەکانیان قوڕاوی دەبوو، دەموچاوێکی هیلاکیان هەبوو، کاتێک بە ڕێدا دەڕۆیشتن سەریان دادەخست، وەکو ئەوەی بڵێیت شەرم دەکەن. تەنانەت سەگەکانیشیان هیلاک دیاربوون، هەموو لەبەر ئاوە ساردەکەی ڕووبارەکەدا، لووتیان سووردەبووەوە."

بەم شێوەیە ئێمە هیچ چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی وا لە ژیانیدا نابینین، کە بتوانین قسەی لە بارەوە بکەین، ئەو بۆ خۆی باسی هەموویانی کردووە. خوێنەرێکی خۆشبەختی مۆنرۆ ماوەیەکی زۆر خۆی خەریک دەکات بە زانینی ئەو گرێ و خاڵە شاراوە و نادیارەکانی کتێبەکانی،





له هه‌مان کاتیشدا ماوه‌یه‌کی زۆر له ناخیدا ده‌مێننه‌وه.

دیاره ئه‌وه کارێکی زۆر زه‌حمه‌ته، که تۆ بتوانیت لێره‌دا باسی یه‌کێک له چیرۆکه‌کانی بکه‌یت و بڵێیت چیرۆکه‌که ده‌ڵێت چی. به‌ڵێ، بۆ نموونه یه‌کێک له چیرۆکه‌کانی باسی کچێک ده‌کات، که گه‌وره ده‌بێت، ده‌چێته لای دکتۆره تایبه‌تییه‌که‌ی باوکی، سه‌یر ده‌کات به به‌رده‌وامی کۆمه‌ڵێک ژن لای ئه‌م دکتۆره‌ن، پاشان بۆی ده‌رده‌که‌وێت که ئه‌م دکتۆره به شێوه‌ی نایاسایی نه‌شته‌رگه‌ریی "منداڵ له‌باربردن" بۆ ئه‌و ژنانه ده‌کات. لێ گه‌ر جارێکی تر ئه‌م چیرۆکه بخوێنیته‌وه، وا هه‌ست ده‌که‌یت، که ئه‌م چیرۆکه باسی له په‌یوه‌ندیی سێکسیی کچێک و باوکی ده‌کات، یان ئه‌م چیرۆکه درامایه‌که، باس له ژیانی شه‌خسیی کچێک ده‌کات، که ده‌یه‌وێت منداڵه‌که‌ی بداته خه‌ڵکی تر و بۆی به‌خێوبکه‌ن و له کۆڵ خۆی باته‌وه. هه‌موو ئه‌مانه وای کردووه که چیرۆکه‌کانی ئه‌م ژنه شتێکی سه‌یربن، له چیرۆکه‌کانیدا جۆره ئێنه‌رجی "وزه‌یه‌کی" هه‌مه‌لایه‌نانه بوونی هه‌یه، که ئه‌مه‌ش وای کردووه به‌ره‌و مانای جیاوازیان به‌رێت.

ئێمه لێره‌دا ڕووبه‌ڕووی دوو شتی دژ به یه‌ک ده‌بینه‌وه: هه‌رچه‌نده ئه‌و خوێنه‌رێکی جیددی و به شێوه‌یه‌کی به‌رده‌وامی ده‌خوێنێته‌وه، به‌ڵام له کاتی لێکۆڵینه‌وه له تێکسته‌کانیدا بۆمان ده‌رده‌که‌وێت، که مۆنرۆ زیاتر به شێوه‌یه‌کی ئاسان ده‌نووسێت تا قوورس، هه‌روه‌ها له





**ئه‌لیس مۆنرۆ**

ده‌ستپێک و چوونه ناو چیرۆکه‌کانیدا، گرژی و ناڕوونی هه‌یه، هه‌روه‌ها وه‌ستان و بازدانی زۆر تێدایه. ئه‌مه‌ش وای کردووه، که چیرۆکه‌کانی خاوه‌نی شێوازێکی موزیکئامێزی و له‌ززه‌تبه‌خشبن، که ئه‌مه‌ش وا ده‌کات سه‌رنج و بایه‌خی خوێنه‌ر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

به‌ڵێ، به‌مشێوه‌یه ئه‌لیس مۆنرۆ، ڕۆمانێکی زۆر که‌می نووسیوه، ئه‌و بڕیاری ته‌واوه‌تی خۆی بۆ چیرۆکنووسین داناوه، ئێستا هه‌موو وا قسه له باره‌ی چیرۆکه‌وه ده‌که‌ن، که هه‌موو که‌س حه‌زی له چیرۆک بێت، زۆر که‌سیش وای لێکده‌داته‌وه چیرۆک "ڕۆمانی بچکۆلانه" بێت. دیاره زۆرجار ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌کرێت، که له ڕووی بونیادنانه‌وه، ڕۆمان له چیرۆک ئاڵۆزتر و قوورستره (به‌ڵام لێره‌دا مه‌به‌ست له هه‌موو چیرۆکێک نییه)، چونکه زۆرجار نووسه‌ر هه‌موو قژی ده‌ڕووتێته‌وه و هه‌تاوه‌کو به‌رهه‌مێک ده‌نووسێت. لێ ئه‌وه‌ی ڕاستی بێت، مۆنرۆ توانیویه‌تی فۆرمێکی تایبه‌ت به خۆی دابنێت، کۆی گشتیی لاپه‌ڕه‌کانی کورته ڕۆمان و چیرۆکه درێژه‌کانی، له نێوان ٤٠ تا ٦٠ لاپه‌ره‌دان.

یەکێک لە خاڵە گرینگ و پڕ بایەخەکانی بیۆگرافیی ئەلیس مۆنرۆی ٨٢ ساڵ، وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵە، کە گەورەترین قۆناغی ژیانە ناخۆشەکەی دەبێت، هەروەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی، ئەو لە ڕەوشێکی ژیانی هێندە خراپدا گەورەبووە، ڕێک وەکو "ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە" ژیانی بەسەر بردووە. ژیانی ئەو هێندە و هەژارانە بووە، لە هەمان کاتیشدا هەڵسووکەوتی لەگەڵ باوک و جوتیارانی کێڵگەکەیان زۆر بریمەتیف و موحافیزکارانە بووە، بەڵام پاشان کۆمەڵگەی کەنەدی بە شێوەیەکی ئێجگار سەیر و خێرا گۆڕانکاریی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، دەتوانین بڵێین لە هەموو لایەکەوە ئەم گۆڕانکارییە خۆی بەرجەستە دەکات لە ڕووی (سێکسوالییەوە، شۆڕشی سێکسوالی دروستدەبێت، سەربەخۆیی بوونی ژنان.) ئەلیس مۆنرۆ لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانکاریانەدا ژیاوە، هەربۆیە زۆر بە چڕی لەسەر ئەدەبەکەی ڕەنگیداوەتەوە و ئەدەبەکەشی دەوڵەمەند کردووە. دایکی نەخۆشی پارکینسۆنی بوو، باوکی کابرایەکی فاشیلبووە لە ژیانیدا، خوشک و براکانی لە خۆی بچووکتر بوون، تاقە شت بۆ ئەوەی خۆی لە ماڵەوە ڕزگاربکات و ژیانی باشبکات، خوێندنێکی زۆر باشبوو. پاش ئەوەی باشترین نمرەی ناوچەکەیان هێنا، توانیی زەمالەیەکی خوێندنی لە زانکۆی دەستبکەوێت. لە زانکۆ حەزی بە خوێندکاری هاوڕێی "Jim Munro جیم مۆنرۆ" کرد.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا شووی کرد، لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا بوو بە دایکی دوو کچ. خاڵێکی گرینگی ژیانی ئەم ژنە، کە زۆرکەس باسی لێوە دەکات ئەوەیە، کە تا ماوەیەکی زۆر ئامێری تایپەکەی لە ژووری جلشتنەکەی ماڵەوەیاندا بووە، تایپەکەی لە پەنا مەکینەی جلشۆر و ئوتوو و جلگیرە و تەنافدا بووە. لە کۆمەڵە چیرۆکی Vancouver Sun کە لە ساڵی ١٩٦١دا نووسیویەتی، ژیانی خۆی ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی لە چیرۆکی Housewife finds time to write short stories

کچەکەی مۆنرۆ "شایلا" لە بارەی دایکیەوە دەڵێت: (ئەو توانیی ژیانی خێزانداری و نووسین پێکەوە گرێبدات.)

لە کاتێکدا نەوەی ئێمە لەوکاتەدا فێری ئەم دروشمە بووبووین (ژن دەبێت بچێتە دەرەوەی ماڵەوە.) لێ ژیانی مۆنرۆ، پێچەوانەی ئەم دروشمەیە. دیارە ئەم حاڵەتە پیاوانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەوان زۆرجار (خۆیان لە چێشتلێنان و ماڵپاککردنەوە بەدووردەگرن.) لێرەدا گرینگە جەخت لەوە بکرێتەوە کە چ جۆرە فۆرمێکی کەسایەتی بۆ خۆت هەڵدەبژێریت، لە هەمان کاتیشدا ڕێزی دەوروپشت بەدەست دەهێنێت و خەڵکی تەداخول لە ژیانت ناکەن. ئەلیس مۆنرۆ لەم بارەیەوە دەڵێت: منداڵەکان بۆ من نەبوونە کێشە، بەڵام کێشەی سەرەکیی من دراوسێکانم بوون، کە بە بەردەوامی تەداخولیان لە ژیانی تایبەتی ئێمەدا دەکرد، هەربۆیە بڕیاری ماڵگواستنەوەمان دا.


بەم شێوەیە ئەو کچە گوندییە کە لە کەناری ڕووبارەکەدا دەژیا و ژیانێکی ناخۆشی هەبوو، توانیی بەرەو ژیانێکی نوێی تر هەنگاو بنێت، ببێتە خوێندکارێکی زانکۆ، کە زۆرجاریش برسی و هەژار بوو، بەڵام لە زانکۆدا توانیی خۆی بدۆزێتەوە و تێکەڵی جیهانی نووسن بێت (لە هەمان کاتدا داهاتی خێزانەکەشی باشبێت)

ئەو ژنێکی ماڵەوە بوو، کە خاوەنی دیسپلنێکی تۆکمە و بەهێز بوو، ئەو توانیی لەناو ژووری جلشتندا، لەناو قەرەباڵخیی میوان و دراوسێدا بەردەوامی بە هونەرەکەی



خۆی بدات و پێشبکەوێت و ببێتە یەکێک لە باشترین و بەناوبانگترین ژنەنووسەری جیهان. ئەو لە ڕووی هونەرییەوە تەواو تایبەتمەندە، لە ڕووی دەروونییەوە زۆر باشە، لە ڕووی ژیانیشەوە، زۆر مرۆڤدۆست و ژیاندۆستە، لە هەمان کاتیشدا خوێنەرێکی تەواو جیددییە.

بە دڵنیاییەوە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بۆ ساڵی ٢٠١٣ بە ئەلیس مۆنرۆ، هەواڵێکە کە هەموو نووسەرانی لە تەواوی جیهاندا دڵشاد و خۆشحاڵ کرد، بە پێچەوانەی ساڵی پارەوە، کە وەرگری خەڵاتەکە زۆرکەسی تووشی ڕاچڵەکاند کرد.




**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی دی تسایتی ئەڵمانی


**پەراوێز:**


١. Hellmuth Karasek هێلموت کاراسەک، یەکێکە لە ڕەخنەگرە ئەدەبییە ناسراوەکانی ئەڵمانیا، هاوڕێی نزیکی ڕەخنەگری نێوداری ئەڵمانی "مارسێل ڕایش ڕانسکی" بوو، پێکەوە هەفتانە بەرنامەیەکی ئەدەبییان لە کەناڵی دووی ئەڵمانی هەبوو. کاراسەک پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆیە لە زانستی شانۆدا. ئەمڕۆ لە پاش مردنی ڕانسکی بە ئوستادی ڕەخنەی ئەڵمانی دێتە ژماردن. و.ک

٢. Martin Walser مارتین ڤاسلەر، یەکێکە لە نووسەر و ڕۆماننووسە ناودارەکانی ئەڵمانیا. و.ک

٣/مەبەست لە ئویرۆسەنتراڵیزم ئەوەیە، خەڵکانێکی زۆری ئەورووپی پێیان وایە سەرچاوەی فکر و ئەدەبی جیهانی ئەورووپاییە. ئەمەش تا ڕاددەیەکی زۆر تێڕوانینێکی ڕاسیزمانەیە، جێگەی ئاماژەیە هەندێک نووسەر و بیرمەندی ئەورووپی دژی ئەم بۆچوونە کاریان کردووە، بەتایبەت بیرمەندی ناسراوی ئیتاڵی گرامشی .و.ک

٤. خەڵاتی مان بوکەری نێودەوڵەتی Man Booker International Prize، لە ساڵی ١٩٦٩وە هەیە، تایبەتە بەو نووسەرانەی لە بەریتانیا و ئێرلەندا و دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵ "ئەوانەی بە زمانی ئینگلزی دەنووسن". ئەم خەڵاتە بە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبیی بەریتانی دادەنرێت، بۆ ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی بە زمانی ئینگلزی دەنووسرێن. بڕی خەڵاتەکەش ٥٠ هەزار پاوەندە. و.ک





# ئەلیس مۆنرۆ...
# ئەو نووسەرەی لە هیچەوە هەموو شت دەخولقێنێ

**شادی نیکخا**

**ئامانجی من نووسینە و نووسین تەنیا ئەو کاتە ڕوو لە من دەکات کە قسەیەکم هەبێ بۆ وتن...**

## نۆبلی ئەدەبیی ٢٠١٣ و هیوایەک بۆ کورتەچیرۆک

ئەلیس مۆنرۆ نووسەری ٨٢ ساڵانی کەنەدایی، یەکێکە لە گەورەترین کورتەچیرۆکنووسانی ئینگلیزی زمانە کە بە چیخۆفی سەردەمیش ناودێر دەکرێت. ئەو بە کورتەچیرۆکە سەرنجڕاکێشەکانیەوە کە وێنایەکی وردبینانە لە ژیانی ڕۆژانەی کاراکتەرەکانی دەخاتەڕوو، ناودارە. ساڵانە نزیکەی ٢٥ تا ٣٠ هەزار بەرگ لە کتێبەکانی دەفرۆشرێت کە ئەمە ئامارێکی بەرچاوە بۆ نووسەرێکی کورتەچیرۆک.



لە کولتوورێکی ئەدەبیدا کە بە زۆری خەڵاتە ئەدەبییەکان دەبنە نسیبی نووسەرانی ڕۆمان، مۆنرۆ پێداگرانە کاری نووسەریی خۆی بە کورتەچیرۆک بەرتەسک کردووەتەوە و تا ئێستا ١٤ کۆمەڵەچیرۆک و تاکە کتێبێکی ڕۆمانی بڵاو کردووەتەوە.

ئەو دەڵێ: «ڕۆمانیش خۆی لە ڕاستیدا جۆرە کورتەچیروکێکە کە درێژدەبێتەوە. من لە چیرۆکەکانمدا هیچکام لە ڕێسا باوەکانی ڕۆمان ڕەچاو ناکەم و هەوڵدەدەم بە هەمان شێوازی حەکایەتگێرانەوەی دایەگەورەکان بابەتی سەرەکیی چیرۆکەکەم و هەستی ناخی خۆم بگوازمەوە بۆ خوێنەر. من خۆیشم ساڵانێکی زۆر وامدەزانی نووسینی کورتەچیرۆک تەنیا پرۆڤەیەکە بۆ نووسین. ئەوکاتانە وامدەزانی نووسینی کورتەچیرۆک زۆر ئاسانترە لە ڕۆمان، تا ئەوکاتەی کە خۆم ڕۆمانێکم نووسی و دوای ئەوە زانیم نووسینی کورتەچیرۆک دژوارترە و من دەرەقەتی هەردوو شێوازەکە دێم، بەڵام بەپێی ئەو بابەتانەی هەڵیاندەبژێرم، پێم وایە ئەتوانم قسەکانم لە چیروکێکی کورتیشدا کورتبکەمەوە. هەرچەند چیرۆکەکانی من زۆر کورتیش نین و نازانم ئایا دەکرێ ناوی چیرۆکی درێژ یان ڕۆمانی کورتیان بۆ دیاری بکرێت یان نا. من هەرگیز -یان لانیکەم زۆربەی کات- ناتوانم پێشبینی بکەم کە چیرۆکەکەم چەندە کورت یان درێژ دەبێت، بەڵام گوێنادەمێ و چیرۆکەکەم



ئەلیس مۆنرۆ


چەندە کەش و دەرفەتی بویّ، من دەیدەمێ. تەنانەت لام گرینگ نییە ئەوەی کە دەینووسم بەو پێناسە دیاریکراوانەی چیرۆک، چیرۆکە یان نا؟»

ئەو وێڕای ئەوەی تا ئێستا خەلاتگەلێکی جۆربەجۆری وەک خەلاتی پەن مالاد، خەلاتی بازنگەی رەخنەگرانی کتێبی نیشتمانی، خەلاتی ئۆهینری و خەلاتی بۆکری وەرگرتووە، بڕوای وایە کە کورتەچیرۆک لەچاو رۆمان ستەمی لێکراوە و وەک جۆرە ئەدەبێکی نزم سەیری کراوە. بە رای هۆگرانی بەرهەمەکانیشی، ئەلیس مۆنرۆ تا ئێستا وەک پێویست رێزی نەگیراوە و دەبوو زووتر لەلایەن لیژنەی خەلاتی نۆبڵەوە ئاوڕی لێ بدرایەتەوە. ئێستا کە ئەکادیمیای نۆبل نووسەرێکی کورتەچیرۆکی خەلاتکردووە، هیوای ئەوە بووژاوەتەوە کە کورتەچیرۆک وەک جۆرێک لە ئەدەبی چیرۆکنووسین، لە جیهاندا ئاورێکی جیدیتری لێ بدرێتەوە.

وەکو بابەت و ناوەرۆکیش کۆمیتەی نۆبلی ئەدەبیات، لەمێژە کە زیاتر سەرنجی داوەتە ئەزموونە رادیکاڵەکان و ئەزموونی شەڕ و بارودۆخی قەیراناوی. بۆ وێنە زیاتر بۆ بەخشینی خەلاتەکانی، بابەتی پەنابەری یا بارودۆخی کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و فەرهەنگییەکانی لەبەرچاوگرتووە. هەربۆیە بەخشینی خەلاتی نۆبلی ٢٠١٣ بە نووسەرێکی وەک مۆنرۆ کە وەک ستایلی تایبەتی خۆی، تەنیا لەسەر بابەتە سادە و ئاساییەکانی ژیان دەنووسێ، جێی سەرسوورمانە. بە هەرحاڵ گرینگ ئەوەیە کە ئەو وێڕای هێنانەئارای بابەتە ئاساییەکانی ژیانی رۆژانە لە بەرهەمەکانیدا، ئەم خەلاتەی بردەوە و رای لیژنەی نۆبلی بۆ نووسینەکانی خۆی راکێشا، بە چەشنێک کە پیتر ئەنگلۆند سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیای نۆبێلی سوید، پاش راگەیاندنی ناوی ئەلیس مۆنرۆ وەک براوەی خەلاتی نۆبلی ئەدەبیات، ئەوی بە "مامۆستای کورتەچیرۆکی سەردەم" ناوبرد.

### ژیان لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا وەکو خۆی لەگەڕدایە

دەیەی ٥٠ لە ئەمریکادا ساڵانێک بوو کە نووسەربوون، زیاتر بە کارێکی پیاوانە دەهاتە ئەژمار و لە ئەمریکا و کەنەدا، تەنیا چەند نووسەری ژن وەکو ئیمیلی دیکنسۆن هەبوون کە کارەکانی ئەوانیش چوارچێوەی تایبەتی خۆیان هەبوو. رۆمانی تازە خوێنەری نەبوو و لە کەنەدا بیرۆکەی نووسەری وەک کار، زۆر سەیر بوو و بەتایبەت کاتێک قەراربوو ژنێک شتێک بنووسێ، ئەم بابەتە زیاتر خۆی دەردەخست. سەرەڕای ئەمە ئەلیس لە منداڵییەوە بەرهەمەکانی مونتگومێریی دەخوێندەوە کە "ئیمیلی کچێک لە نیۆمۆنەوە" لە بەرچاوترین بەرهەمەکانی بوو. مونرۆ خۆی دەڵێ «کاتێک منداڵ بووم حەزم دەکرد وەک ئەم کتێبە بنووسم و هەر لەو کاتانەوە بیرۆکەی نووسینم لە مێشکدا دەپەروەراند.» ئەڵێ «زۆر حەزم دەکرد ئەو بیرەوەریانەی کەسانی دەوروبەر بۆیان دەگێڕامەوە بهێنمە





سەر لاپەڕە، بەڵام زیاتر پێم خۆشبوو بە شێوازی پێکهێنانی کاراکتەر ئەو بیرەوەریانە بە شێوەی چیرۆکێکی گشتیتر بنووسمەوە و بەم چەشنە بەرەبەرە ڕووم کردە نووسینی بیرەوەریی هاوڕێیان و دراوسێکان.»

ئەلیس مۆنرۆ لەمێژە نوێنەری کورتەچیرۆک نووسینە لە جیهاندا. هەموو پێکهاتەکانی گێڕانەوە و ئەو قووڵییەی لە کاراکتەرسازیدا لە چوارچێوەی ڕۆماندا چاوەڕێ دەکرێت، لە کورتەچیرۆکەکانی ئەودا تەنیا لە ٣٠ تا ٤٠ لاپەڕەدا دەبینینەوە.

ڕەخنەگران و نووسەرانی هاوچەرخی ئەو لە زۆر بارەوە ستایشی دەکەن: پاراویی دەق و ساکاری و واقیعگەرایی چیرۆکەکانی، بەهێزبوونی زمان، گێڕانەوەی وردەکاری بە باشترین شێوە، سورپرایز و لۆژیکی گێڕانەوەی چیرۆک، گۆڕینی کەش بە شێوەیەکی دڵخواز و بێ کەموکورتی و هەروەها پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ لایەنە جۆربەجۆرەکانی ڕەفتاری مرۆڤدا.

"جاناتان فرنزن" نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزدا دەنووسێ: «ئەلیس مۆنرۆ شایستەی ئەوەیە وەک باشترین چیرۆکنووسی ئەمریکای باکوور ناوی ببرێت.» هەروەها "مارگارێت ئۆتۆوێد" نووسەری ناوداری کەنەدایی، ئەلیس مۆنرۆ وەک "یەکێک لە پیرۆزایەتییەکانی ئەدەبیاتی جیهان" ناو دەبات.

دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی دەقی مۆنرۆ، جەختکردن لەسەر لۆکەیشن (شوێنی ڕوودانی چیرۆک) و کاراکتەرە ئاڵۆزە ژنەکانیەتی. بەرهەمەکانی لەگەڵ بەرهەمی نووسەرە گەورەکان بەراورد دەکرێت و دەوترێت لە بەرهەمەکانی ئەویشدا وەک بەرهەمەکانی چیخۆف، هێڵی گێڕانەوەی چیرۆک لە پلەی دووهەمی گرینگیدایە و چیرۆکەکانی ڕەوتێکی هێمنیان هەیە و تا ڕاددەیەک ئەکرێ بوترێ هیچ ڕووداوێکی تایبەت لە چیرۆکەکانیدا ناقەومێ و زیاتر جووڵەیەک دەبێتە هۆی وەرچەرخان و گۆڕانی کەسایەتییەکان یان ئەگەر ڕووداوێکیش لەئارادایە لەژێر ئەو توێژە هێمنەدایە کە مۆنرۆ لە درێژەی چیرۆکەکەدا بە وردی و بەرەبەرە پەردەی لەسەر لادەدات و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی خوێنەر.

زۆربەی چیرۆکەکانی چ وەک فۆرم و چ وەک کەشوهەوا لە یەکتر دەچن و بەم ستایلە دنیایەکی خوڵقاندووە کە هەم ئەدەبییە و هەم لە باری زمانییەوە ناسک و هێمنە. گەرچی ئەو لە ئافراندنی فۆرم و ستایلی نوێدا دەستپێشخەر نییە، بەڵام چیرۆکەکانی هاوکات کە سادەن، ئاڵۆزیی پێویستیشیان تێدایە. ئەم تایبەتمەندییە بە مەرجی خوێندنەوەی لەسەرخۆ و نەک بە پەلە، بەرچاو دەکەوێت. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ستایلی چڕنووسینی ئەو، کە لەگەڵ خوێندنەوەی گورج و بەپەلەدا یەک ناگرێتەوە.

بەرهەمەکانی لەبەر پێکهاتەی ئاڵۆزیان ناویان دەرکردووە. لە دەقێکی ئاڵۆز و پێکهاتەیەکی چەند توێژدا، کەسایەتیی ساکار دەخوڵقێنێ و بە دیالۆگی بەجێ و گونجاو، بە شێوەیەکی شاراوە و قووڵ پێوەندیی کەسایەتییەکان لەگەڵ کەسانی دەوروبەریاندا لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا بە وردی شی دەکاتەوە.

چیرۆکە ئاساییەکانیشی لەوانەیە لە خاڵێکدا دەست پێبکەن کە زۆربەی نووسەران وەک کۆتایی چیرۆک لێی دەڕوانن. پاشان باز دەدات بۆ گێڕانەوەی دە ساڵ دواتر و دیسان دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک.

چیرۆکەکەی لەوانەیە بە ڕستەیەکی ساکارەوە لە بەردەم فرۆشگەیەک یان وێستگەیەکی شەمەندەفەردا دەست پێبکات، بۆ وێنە چیرۆکی "دۆڵی ئۆتاوا"ی بەم ڕستەیە دەست پێدەکات: «بیر لە دایکم دەکەمەوە لە فرۆشگەیەکدا...» ئەو بەم ساناییە چیرۆکێک دەست پێدەکات، ڕستەیەک کە هەم جێی متمانەیە هەم ڕاستییە، هەم نزیکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەکرێ هەر لەم نووسینە ساکارانەدا کۆمەڵێک ڕستەی فەلسەفی و ئەخلاقی وەربگیردرێت.

ئەو هێندە ڕاستەخۆ و بە جۆرێک دەنووسێ خوێنەر وەها بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ کە وابزانێ نووسین بەم شێوازە دژوار نییە. لە جیهانی ئەدەبیی ئەودا خەڵکانێکی زۆر دەژین، خەڵکی ئاسایی وەها وێنا دەکات کە هەستێکی زۆر بەهێز لە خوێنەردا بەدی دێنێت. خوێنەر بە شێوەیەکی قووڵ لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکاندا هەست بە هاوسۆزی و هاودڵی دەکات. هەر ئەم تایبەتمەندییە وا دەکات دەرفەتی جیابوونەوەی خوێنەر لە چیرۆکەکانی مۆنرۆ نامومکین دەبێت و تەنانەت خوێنەر بەردەوام خۆی لە کاراکتەرەکانی مۆنرۆدا دەبینێتەوە و پێی وایە نووسەر سەبارەت بەو، لەگەڵ کەسێکدا قسە دەکات و خەریکە بەسەرهاتی ئەو دەگێڕێتەوە.

وەک ئەوەیە لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا، شتێکی کەوی و دەستەمۆ و شیاوی متمانە هەیە کە وەفاداریی خوێنەر ڕادەکێشێ. ئەو توانای ئەوەی هەیە کە ئەو بۆچوون و ڕوانگەیەی خۆی لە کاتی شتنی کاسەوکەوچکەکانیدا خەریک بووە بیری لێکردووەتەوە، بگوازێتەوە بۆ خوێنەر. شتێک کە لەوپەڕی ساکاریدا هێندە سەرنجڕاکێش دەبێت بۆ خوێنەر کە تا کۆتایی لای نووسەر دەمێنێتەوە تا بە خەیاڵی خۆی درێژە بە چیرۆک و بیرۆکەی نووسەر بدات. بەگشتی ستایلی نووسینی مۆنرۆ لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکە، بەڵام لە هەمان حاڵدا پارا و پاڵاوتە و کورت و چڕە.

بەم حاڵەوە لە چیرۆکەکانیدا تەنانەت لە هەر لاپەڕەیەکیدا ئەکرێ چیرۆکی کۆی ژیانێکی تێدابێت.

ئەو مرۆڤ و کەسایەتییانەی لە چیرۆکە چەند لاپەڕەییەکانی ئەودان، زیاتر وەک کاتی و بە تێپەڕ دێنە بەر باس و وەک ئەوەیە کە هەموویان لە سەفەرێکدان و هەمیشە خەریکن لە قۆناغێکەوە تێئەپەڕن بۆ قۆناغێکی تر، واتە لە دەرگانەی گۆڕانکاری و وەرچەرخانێکی گەورەدان و شتێک لە کۆنییەوە بەرەو تازە و نوێبوونەوە دەچێت. ئەو سەبارەت بە کێشە و گرفتی کەسانێک دەنووسێ لەناکاو هەست دەکەن بچووکتر یان گەورەتر لەوەن کە خۆیان چاوەڕێیان کردووە. کاتێک کاراکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکان ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەنەوە هەموو دەور و سیما جیاوازەکانی خۆیان دەبیننەوە. بەم حاڵەوە هەموو کەسایەتییەکان بەکەیفن و ژیان بەو جۆرە بەسەردەبەن کە خۆی لەگەڕدایە.

بیرەوەری و گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیش لە چیرۆکەکانی مۆنرۆدا دەورێکی گرینگیان هەیە. کاراکتەرەکانی بە باشی دەناسێ و بە وردی لەسەر ژیانیان تێدەفکرێ و لەگەڵیان دەژی و دیالۆگەکان بە شارەزایی بەکار دەبات و لە گێڕانەوەی نهێنی و بیرەوەرییەکاندا سەبارەت بە سۆز و نەفرەت و مەیلە دەروونی و جنسییەکان ڕاستگۆ و بوێرە.

خۆی دەڵێ «من هەوڵدەدەم کەسایەتییەکانم بە قووڵی بناسم. بۆ وێنە ئەوەی کە حەزیان لە کام جلوبەرگە، لە قوتابخانە حەزیان لە کام وانەیە، چی ئەکەن و پێیان خۆشە چی بکەن. ئەگەر نووسەرێک ئەمانە بزانێ ئەتوانێ ڕووداوەکانی پێش و پاشی ژیانی کاراکتەری




چیرۆکەکەی خۆی بزانێ و تەنانەت ئەتوانێ هەموو ژیانی کاراکتەرێک لە لاپەڕەیەکدا بگێڕێتەوە. من وەکو کاتی و لە چرکەدا سەیری کەسایەتییەکانم ناکەم، بەڵکو ئەوان وەک مرۆڤی ڕاستی دەبینم کە زیندوون و تەمەنێک ژیاون و قەرارە تەمەنێک بژین.»

بە ئەستەم دەکرێ لە نێوان نووسەرانی هاوچەرخەدا کەسێک هەبێت کە وەک ئەو بە ئاشکرا و ڕوونی سەبارەت بە باری دەروونی و سایکۆلۆژیی مرۆڤ لە هەلومەرجی جیاوازی ژیانی ڕۆژانەدا لە چوارچێوەی بەرهەمێکی ئەدەبی (چیرۆک یان ڕۆمان)دا شتێکی خوڵقاندبێ یان نووسیبێتی. ئەو تێگەیشتن و دەرکێکی قووڵی هەیە لە جیهان و چۆنیەتیی ژیان لەم جیهانەدا، هەر بۆیە لەو دەگمەن نووسەرانەیە کە لە هیچەوە هەموو شت بەرهەمدێنێ.

## جیهانی ژنانەی نووسەر


وەک وترا ئەلیس مۆنرۆ بابەتی چیرۆکەکانی لە ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکەوە هەڵدەبژێرێ، بەڵام ڕوانینێکی تایبەتی بۆ پرسی ئافرەت و وردەکارییەکانی ژیانی ژنان هەیە، هەروەها پرسی ئازادی و یەکسانیی مافی ژنان و پێوەندیی دایکان لەگەڵ کچەکانیاندا لە بابەتە هەرە گرینگەکانی ناو چیرۆکەکانی ئەلیس مۆنرۆن. ئەو بڕوای وایە پێوەندیی نێوان دایکان و کچان تەژییە لە نەفرەت و سۆز. پێڕەویکردن لە دایک یان هەوڵدان بۆ سەربەخۆبوون لە دایک و سوننەتە باوەکان داڵغەی سەرەکیی کچانی ناو چیرۆکەکانیەتی. بۆ نموونە لە چیرۆکی "کوڕان و کچان"دا، دایک و کچ لە بەربەرەکانێیەکی بەردەوامدان. دایک ئەیەوێ کچەکەشی وەک خۆی پەروەردە بکات و درێژەدەری ڕێگەی سوننەتی و ملکەچانەی خۆی بێت و کچ سەرکەشە و ئەیەوێ لە ڕێگەی باوی دایک و داپیرەی لابدات و ڕێگەی ژیانێکی تازە و جیاواز بگرێتەبەر.

ئەلیس مۆنرۆ گەرچی لە بەرهەمەکانیدا سەرنجی زۆر دەداتە کێشە و داڵغەی کچانی مێرمنداڵ و گەنج و بەتایبەت لە چیرۆکەکانی سەرەتایدا بە ناوەڕۆکگەلێکی وەک قۆناغی باڵغبوون و چۆنیەتیی پێوەندیی کچان لەگەڵ باوک و دایک و ئەندامانی خێزانەوە خەریک



دەبێ، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی تەمەنیدا و لە کتێبەکانی ئەم دواییەیدا، سەرنجێکی زیاتر دەداتە پرسی ژنانی تەمەن مامناوەند و پیر و ژنانی تەنیا. تەنانەت لە هەندێ بەرهەمیدا باس لە تاقمێکی تازە لە پیرەژنان دێنێتە ئاراوە کە لەژێر هەندێ یاسای تایبەتدا تەمەن بەسەر دەبەن و پیر دەبن و لە کۆتاییدا لە دوایین قۆناغی ژیاندا دەبینن کە دەکرا و دەیانتوانی جۆرێکی تر ژیابان.

لە دنیای چیرۆکەکانیدا ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاوانێکی کەم نیشتەجێ دەبن. بە شێوەیەکی گشتی مۆنرۆ بەسەرهاتی ژنانێک دەگێڕێتەوە کە خەڵکی گوندەکانی کەنەدان، ژنانێک کە خوێندەوارن و ئێستا کۆچیان کردووە بۆ شارە گەورەکان. ئەم نەوەیە لە ژنان هاندەرێکی بەهێزن لە ستایلی نووسینی ئەودا. ئەزموونی کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار هەمان قۆناغی گۆڕان و وەرچەرخانە کە ئاماژەمان پێدا. ئەزموونێک کە ژیانێکی نوێ بۆ کەسایەتیی چیرۆکەکە بەدیدێنێت و ستایلێکی نوێش بۆ نووسینی نووسەر.




لە نووسینەکانیدا هەوڵی کاراکتەری ژن بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسانی و ئازادی و ئەو باجەی کە دەبێ بۆ بەدەستهێنانی ئازادی بیدات، زۆر ڕەنگی داوەتەوە. کەسایەتییە ژنەکانی خۆیان بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان دەدەن و ڕووبەڕووی چارەنووس دەبنەوە و تەنانەت ئەوکاتەش کە بڕیارەکانیان بە بنبەست دەگات پەشیمان نابنەوە، چونکە ئەوە هەڵبژاردنی خۆیان بووە. وەک لە چیرۆکی "منداڵەکان هەر لێرە دەبن"دا ئافرەتێکی لاو دڵ دەدات بە پیاوێکی تر و مێرد و دوو منداڵەکەی بەجێ دێڵێ کە بچێت لەگەڵ ئەو پیاوەی دڵداریدا بژی، بەڵام دواتر بۆی دەردەکەوێ ئەمە ئەو پیاوە دڵخوازەی ئەو نییە، بەوەشەوە پەشیمان نییە کە بنەماڵەکەی خۆی بەجێهێشتووە، چونکە ئەوە بڕیار و هەڵبژاردنی خۆی بووە.

یان لە چیرۆکێکی تریدا بە ناوی "پرد" ژنێکی چل ساڵان تووشی نەخۆشییەکی بێعیلاج دەبێ و لە کاتێکدا لەوپەڕی ترس و بێهیواییدا لە لای پزیشک دەگەڕێتەوە، بە ڕێکەوت لەگەڵ پیاوێک ئاشنا دەبێت و کاتێک پێکەوە پیاسە دەکەن؛ یەکتر ماچ دەکەن، ئەو ژنە لەو ماچەدا ئارامی و تەسکینێکی وا دەدۆزێتەوە کە هەموو ترسی لە مردن دەرەوێنێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەلیس مۆنرۆ ڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ پرسی سێکس و بڕوای




کچەکەی مۆنرۆ لەبری دایکی نۆبڵ وەردەگرێت

وایە سێکس نەک هەر ڕێگەچارەیەکە بۆ هەڵاتن لە مەرگ، بەڵکو پرەنسیبی کۆمەڵگەی مودێرنیش کە تیایدا هەموو شتێک جێگە و ئاستی خۆی بۆ دیاریکراوە، دەئاڵۆزێنێ، واتە سێکس ئەو شتەیە کە بێ لەبەرچاوگرتنی پێشینە و جیاوازیی فەرهەنگی، ئاستی خوێندن و چینایەتی و شێوازی ژیان، مرۆڤەکان پێک دەگەیەنێت، هەروەها سێکس یەکێک لەو مافانەیە کە ئافرەتی ناو چیرۆکەکانی ئەلیس مۆنرۆ ئەیەوێ ئازادانە بڕیاری لەسەر بدات.

مۆنرۆ ماوەیەک پێش وەرگرتنی خەڵاتی نوبڵ، ڕایگەیاندبوو کە ئەیەوێ ماڵئاوایی لە دونیای نووسین بکات. ئەو وتبووی «من حەزم لە نووسینە، بەڵام پێم وایە کاتێک دێت ئیتر هەست دەکەی گەیشتوویتە جێگەیەک کە ئەتەوێ بە چەشنێکی دیکە سەیری ژیان بکەیت و ڕەنگە گەر بگەنە ئەم تەمەنەی من، ئیتر نەتانەوێ هێندە تەنیا بن کە نووسەرێک تەنیایە. وەک ئەوەی هەست بکەی نەگەیشتوویتە ئەنجام و کۆتاییەکی گونجاو بۆ ژیان و بتەوێ زیاتر لەناو کۆمەڵدا بیت.» بەڵام وادیارە دواتر سەبارەت بەم بڕیارەی تووشی گومان بووە و وتوویەتی هێشتاش هەموو ڕۆژێک بیرۆکەیەکی نوێ بۆ نووسین دێتە مێشکم.

ئەلیس مۆنرۆ ئێستا لە ناوچەیەکی گوندیی ویلایەتی ئۆنتاریۆ لە کەنەدا لە مەزرایەکدا لە نزیکی ڕووباری لەیک هۆرۆن ژیان بەسەر دەبات و هەر لەم گوندە کەم جەماوەرەوە جیهانی چیرۆکەکانی پڕ دەکات لە مرۆڤی جۆربەجۆر و لەگەڵیان دەژی.






# ئەلیس مۆنرۆ:
# نووسەرە پیاوەکان وایان دەزانی "نووسین" پەیامێکە بەوان بەخشراوە

## گفتوگۆ لەگەڵ ئالیس مۆنرۆ-دا

**لە فارسییەوە: بەیان ڕەشیدی**

لەم گفتوگۆیەدا خانمی (مۆنرۆ) کە وەکو ژنێکی ئازادیخواز لە ژیانی خۆی دەڕوانێت، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار دەداتەوە سەبارەت بە ئازادیی ژنان و ئەو قوربانییانەی دەبێ بیدەن لە پێناو ئازادیدا. ئەو دەڵێ ڕەگەز تەنیا ڕێگەیەک نییە بۆ خۆشاردنەوە لە مەرگ، بەڵکو سیستەمی کۆمەڵگەش دەشێوێنێت.



***بۆچی حەزت لە کورتەچیرۆکە؟**

-لە پەنجاکاندا کە دەستم بە نووسین کرد، وەکو هەر ژنێکی تری ماڵەوە، هاوسەرەکەم لە دەرەوە کاری دەکرد و منیش دەبوو کارەکانی ماڵەوە ڕایی بکەم، بۆیە بە هیچ جۆرێک کاتم نەبوو. هەر لەبەر ئەوەبوو کورتەچیرۆکم نووسی. پێم وایە نووسەرە ژنەکانی نەوەی من، زۆر و کەم لەم دۆخەدا بوون و بە ناچاری دەبوو هەندێ لە کارەکانیان پشتگوێ بخەن تا کاتێک بدۆزنەوە بۆ نووسین.

***ئەو کاتە ژیانی ڕۆژانەت چۆن دەگوزەرا؟**

-سەردەمێک کە منداڵەکان بۆ خوێندنگە نەدەچوون، هەرهەموویان بیانویستایە یان نا دەبوو لە کاتێکی دیاریکراودا بخەون؛ بەمجۆرە دەمتوانی بۆ یەک دوو سەعاتێک بە بێ ئەوەی بموەستێنن کار بکەم، بەڵام کە کاتی چوونیان بۆ خوێندنگە هات، باشتر بوو. هەموو ڕۆژێک نزیکی سێ سەعات کاتی نووسینم هەبوو.

وەختێک دەستم بە نووسینی چیرۆک دەکرد، ئیشوکارەکانی ماڵم لێ دەشێوا، بۆ نموونە لە کاتی پاککردنی پەتاتەدا، دێڕێک بە خەیاڵمدا دەهات، وازم لە پەتاتەکە دەهێنا و دەرۆیشتم بە لای چیرۆکەکەوە... گەلێک جار ڕووی داوە خواردنەکەم باش دەرنەچێت یان پەتاتەکەم بسووتێ! من هیچ کاتێک ژووری تایبەتی کارکردنم نەبووە، ئێستاش لە هۆڵەکە، لە پشتی مێزێکی بچووکدا دادەنیشم و دەنووسم.

***بۆچی؟**

-ئێستا ڕاهاتووم، بەڵام ئەو سەردەمەی من ڕووم کردە نووسینی چیرۆک، بۆ ژنان "نووسین" وەکو پیشەیەکی گونجاو لە قەڵەم نەدەدرا. ئەوە پیاوان بوون کە دەیانتوانی بنووسن و بە دڵ و گیانیش دەیاننووسی. نووسەرە پیاوەکان وایان دەزانی "نووسین" پەیامێکە بەوان بەخشراوە؛ بۆیە جگە لە نووسین هیچ کارێکی تریان نەدەکرد. ئەوان شوێن و هەموو کەلوپەلێکی نووسینیان بۆ خۆیان دابین دەکرد؛ بەڵام ژنەکان تەنیا بۆ خۆشی دەیاننووسی و گەلێک جاریش دوور لە چاوی ئەوانی تر. وای دەبینم شێوەی کارکردنم وەک نووسەرێکی ژن، جیاوازە لە نووسەرە پیاوەکان.

***جیاوازییەکەی لە چیدایە؟**


-ئێستاش وەختێ قەڵەم دەگرم بە دەستمەوە تا چیرۆکێک بنووسم، دەبێ ناوبەناو ئیشی تریش بکەم، ئەگەرنا ناتوانم هۆشم لەسەر بیرۆکەکە چڕبکەمەوە. هێشتا ئیشوکاری ناوماڵ دەکەم، یاخود لانیکەم هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم.هەرچەندە لەگەڵ مێردەکەم پێکەوە کارەکان ڕادەپەڕێنین و ئەو زۆریش دەستڕەنگینە، بەڵام ئەوە منم کە دەزانم دەبێ کەی خۆڵوخاشاکەکە ببەینە دەرێ و چیمان کەمە و دەبێ چی بکڕین. نووسەرە پیاوەکان بەو شێوەیە ناژین. ماوەیەک لەمەوبەر گفتوگۆیەکم خوێندەوە کە لەگەڵ (ویلیام ترور) ئەنجام درابوو؛ (زۆریش حەزم لە نووسینەکانیەتی) ئەم گفتوگۆیە لە ماڵی ترور ڕێکخرابوو، لە کاتی گفتوگۆکەدا خانمەکەی ترۆر بە سینییەک چایی و ساندویچەوە هاتە ژوورێ و میوانداریی کرد. من لە یەک کاتدا هەم خانمەکی ترور بووم و هەم ترور خۆی.

***پێدەچێت زۆر حەزت لە ناو و ناوبانگ نەبێت. کەم ڕوویداوە گفتوگۆت لەگەڵدا ئەنجام بدرێ، هەروەها خۆت لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان بە دوور دەگری. بۆ؟**

-نازانم... ڕەنگە ژنان هێشتا باش فێری ناو و ناوبانگ نەبوون و ڕانەهاتبن بە هاتوهاوار. دڵنیام "گۆتە" نووسەرێکی شەرمن نەبووە. با بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە. جارێکیان بۆ کۆبوونەوەیەک بانگهێشتکرابووم

له نیۆیۆرک، "گۆنتەر گراس"یش لەوێ بوو، ژمارەیەکی زۆر کچ و ژنی لەگەڵدا بوون، لە چاوی منەوە ڕەفتارەکەی جێی سەرسوڕمان بوو. لە سەر قەنەفەیەک دانیشتبوو و ژنەکانیش دەوریان دابوو. وەختێک بیویستایە لەگەڵ کەسێک قسە بکات، خۆی نەدەچوو بۆ لای، بەڵکو یەکێ لە ژنەکانی دەنارد تا قسەکەی بۆ بگەیەنێ. گراس نووسەرێکی باشە، بەڵام من لە خۆمم دەپرسی، چۆن کەسێک دەتوانێت ئەم ڕەفتارە قەبووڵ بکات؟ ئەگەر پیاوەکان دەتوانن بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن، هۆیەکەی ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە شتێکی تریان چاوەڕێ کردووە لە ژیان.

***چەند ساڵێکە ناوی تۆ لە ناو لیستی کەندیکراوەکانی خەڵاتی (نۆبڵ)دایە.**




-نۆبڵم بیر مەخەنەوە، بە ڕاستی ترسناک بوو. ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکەرەوەکەم پێی وتم ئەگەرێکی زۆر هەیە ئەو خەڵاتە بدرێ بە من. هەڵبەت من بێئۆمێد بووم، بەڵام هەرکارێکم دەکرد نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم. کاتێک دەیانویست ناوی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ڕاگەیەنن، هەر لە سەعات پێنجی بەیانییەوە چاوەڕێی زەنگی تەلەفۆن بووم.

دەمزانی ئەگەر خەڵاتی نۆبڵ بەدەست بهێنم لانیکەم بۆ نیوسەعات بەختەوەر دەبم تا ئاستی دێوانەیی و دواتر بە خۆم دەڵێم چ سەختییەکم کێشا.

***پێشتر وتووتە ئەترسی لەوەی کە هەیە زیاترت لێ چاوەڕێ بکرێ. بۆ؟**

-لەبەر پەروەردە و پێشینەی فەرهەنگیم. من لە خێزانێکی (ئەسکۆتلەندی-کالڤینیسم)م، کە دوو نەوە پێش ئێمە هاتوون بۆ کەنەدا. بە باوەڕی (کالڤینیسم) بەختەوەریی مرۆڤ زۆر زوو تێدەپەڕێ و نابێ دڵی پێ خۆش بکات. زیاد لە هەموو شتێک دەبێ زۆر ڕەشبین بیت بە ستایشی خەڵکانی تر، لەبەر ئەوەی بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ شایانی ئەو ستایشە نەبێت، چونکە بە هەرحاڵ گوناهبارە. ئەگەر لە خوێندنگە نمرەیەکی باشم بە دەست هێنابێ، لە ماڵەوە شەرمەزار دەبووم، خاکەرایی و هەوڵدانی زۆر و ترسی خودا پێوانە بوون. ڕاستییەکەی من پەروەردەی سەدەی نۆزدە بووم.

***بەمجۆرە لە ڕاستیدا تۆ پێشەنگ بووی.**

-باب و باپیرانی من پێشەنگ بوون کە کۆچیان کردووە بۆ شوێنێکی تر... من کوا پێشەنگم؟

***دەبوو تۆش ڕێگەیەک بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لە سەدەی نۆزدەوە بگەیت بە سەدەی بیستم و خۆت لەو ئەرکەی**



**بۆ ژن دیاریکراو بوو ڕزگار بکەی. تۆ ڕێگەی سەربەخۆییت پێواوە. پێش ئەوەی تەنانەت ئەندێشەی سەربەخۆیی ژن باسکرابێ.**

-ئەگەر بەمجۆرە پێشەنگی لێک بدەینەوە، بەڵێ... تۆ ڕاست دەکەیت.

بەردەوام ئەو کارەم کردووە، کە خۆم پێم خۆش بووە. سووربووم لەسەر ئەنجامدانی ئەم دوو کارە، ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا پێکبهێنم کە ئاشقانە خۆشم دەوێت و ببمە چیرۆکنووس. کە زانیشم ئەو دوو شتە پێکەوە ناگونجێ، هەر کۆڵم نەدا و بەردەوام بووم.

***تۆ گەنج بوویت کە ژیانی هاوسەرگیریت پێکهێنا و زوویش منداڵت بوو، دوای ٢٢ ساڵ لە هاوسەرەکەت جیا بوویتەوە...**

-لەو سەردەمەدا هەموو کچان لە تەمەنی بیست ساڵیدا شوویان دەکرد. کاتێ من جیابوومەوە لە هاوسەرەکەم هەموو کەسانی دەوروبەرم خەریکبوو جیادەبووەوە. ئەو سەردەمە سەرلێشیواوی و ئاژاوەیەکی سەیر لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەبوو.

***لە چیرۆکەکانی تۆدا بەردەوام یەک ڕووداو دووبارە دەبێتەوە؛ ژنێکی گەنج یاخی دەبێت لە دابونەریت و ئازادیی خۆی بە دەست دێنێ.**

-ئەم چیرۆکە، چیرۆکی ژیانی منە.

***ئایا تۆ فێمێنیستی؟**

-من نووسەرێکی فێمێنیست نیم لەوجۆرەی کە لە سەرشەقامەکان خۆپیشاندان دەکەن و لافیتە دەگرن بە دەستەوە، بەڵام لە ژیانی تایبەتیی خۆم




زۆریش فێمێنیستم. حەزم لە بابەتی سیاسی نییە. ئەگەر من فێمێنیست بم تەنیا لەبەر ئەوەیە ژیان و چارەنووسی ژنانم بۆ گرنگە.

***بابەتێکی سەرەکیی ناو چیرۆکەکانت، پەیوەندیی نێوان دایکان و کچەکانیانە.**

-پەیوەندیی نێوان دایکان و کچان بۆ من زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکەیان پڕە لە نەفرەت و خۆشەویستی. لاساییکردنەوەی دایک و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دایک. مێژووی ئەدەب پڕە لەو بەرهەمانەی باس لە پەیوەندیی باوکان و کوڕان دەکەن. من هەوڵ ئەدەم چیرۆکگەلێک بنووسم سەبارەت بە ماڵئاوایی کچان لە دایکان.

**سەرچاوە:**

ڕادیو زمانە.



# ئەلیس مۆنرۆ: مرۆڤ دەبێت زۆر خواپێداو بێت کە شتێکی وەکو چیرۆکی بیر بچێتەوە!

**ئەلێکسەندەر ئاڵتەر**

**لە فارسییەوە: ب. ڕەشیدی**

مۆنرۆ هەرگیز نایەوێ یادەوەرییەکانی بڵاو بکاتەوە، ئەو پێی وایە لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکان ناوی زۆر کەس دەبرت؛ چۆن دەکرێ ڕاسییەکان بنووسی دەربارەیان؟

مۆنرۆ کە دوچاری نەخۆشیی شێرپەنجە بووە؛ دەڵێت: ئێستاش هەندێ ڕێکەوت دێنە پێشەوە کە دەبنە هۆی ئەوە چیرۆکێکی تازە بنووسم.

ئەلیس مۆنرۆ چیرۆکنووسی "کەنەدی" گەلێک جار بە نووسەرێک لە قەڵەم دەدرێ کە وێڕای ناوبانگە جیهانییەکەی؛ پشتگوێ خراوە و بایەخی پێ نەدراوە. لەو فەرهەنگە ئەدەبییەی کە زۆربەی خەڵاتەکان بەر ڕۆماننووسەکان دەکەون، ئەو پڕکێشی سنووردارکردنی نووسینەکانی لە سەر کورتە چیرۆک دەکات.



ئەلیس مۆنرۆ تا ئێستا دوانزدە کۆمەڵەچیرۆکی بڵاو کردووەتەوە و بە تەنیا یەک ڕۆمانی نووسیوە. لایەنگرانی دەڵێن: چونکە مۆنرۆ تەنیا کورتەچیرۆک دەنووسێت، کۆمیتەی نۆبڵ بەردەوام ئەدەبی ئەویان نادیدە گرتووە. مۆنرۆ ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی "بۆکر"ی نێودەوڵەتیی بۆ کۆی بەرهەمەکانی بەدەست هێنا.

ڕەخنەگران و نووسەران شێوازی سادە و ساکار و بیرۆکە فرەلایەن و کەسایەتییە سادە و دیالۆگە گونجاوەکانی پەسەند دەکەن. "جاناتان فرنزن" نووسەری ناوداری ئەمریکی لە وتارێکی ڕۆژنامەی "نیۆیۆرک تایمز"دا نووسیویەتی: خانمی مۆنرۆ شایانی ئەوەیە کە بە باشترین چیرۆکنووسی ئەم سەردەمەی باکووری ئەمریکا لە قەڵەم بدرێ. چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکە نوێیەکەی خانمی مۆنرۆ کە بە ناوی "خۆشییەکی زۆر"ەوەیە، بەراورد بە چیرۆکە سەرەتاییەکانی تاریکتر و دڵەڕاوکێهێنەرترن. چیرۆکە سەرەتاییەکانی ئەم نووسەرە زۆربەی جار لە بنەمای ژیاننامەی خۆنووسراو و بابەتی بنەماڵەیی پێکهاتووە. لە بەرهەمە تازەکەیدا هەندێ چیرۆک هەیە کە لە ناویاندا ئەندامانی خێزان یەکتر دەکوژن؛ دەستدرێژی بە سەر خانووی بێوەژنێک دەکرێ و کوڕێک کە ڕوخسارێکی دزێوی هەیە دەبێتە ئیلهامبەخش بۆ کچێک بۆ ئەوەی کە خۆی بریندار بکات.

خانمی مۆنرۆ یەکەمجار چیرۆکێکی پەنجاوحەوت لاپەڕەیی نووسی کە سوودی لە کەسایەتییەکی مێژوویی بە ناو "سۆفیا کۆڤالۆفسکی" وەرگرتووە؛ کە ڕۆماننووس و ماتماتیکزانێکی ڕووسییە. مۆنرۆ کە هەشتا ساڵە لە شارێکی بچووکی "ئۆنتاریۆ" دەژی، هێشتا سەرسەختانە دەنووسێت و دەڵێت ئەمە بۆ خۆشم جێگەی سەرسووڕمانە و بەتەما بووم تاکو ئێستا خانەنشین بوومایە.

***لە زۆربەی چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکە تازەکەت شوێنی توندوتیژی بەدی دەکرێ، سەرچاوەی ئەم توندوتیژییە چییە؟**

-خۆیشم تا ئەو کاتەی نووسینی کۆمەڵە چیرۆکەکەم تەواو نەبووبوو، پێم نەزانیبوو. دەمزانی لە یەکەم چیرۆکدا توندوتیژی بوونێکی تێری هەیە. لە ڕاستیدا خۆیشم نەمدەتوانی دووبارە بیخوێنمەوە. ئەم چیرۆکە زۆر دڵەڕاوکێهێنەرە، مەبەستم ئەوە نەبووە کە موتیڤی توندوتیژی تێیدا هەبێت، بەڵام هەیە. ئەم حاڵەتە دەتوانێ بە بێ ئەوی خۆت ئاگادار بیت ڕووبدات. یەکەم چیرۆک لاساییکردنەوەی هیچ ڕووداوێکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵام زۆر سەیرە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا قەتڵێک ڕێک هاوشێوەی قەتڵی ناو چیرۆکەکە ڕووی دا. باوکی منداڵەکانی خۆی دەکوژێت بۆ ئەوەی کە لە نەهامەتیی دونیا ڕزگاریان بکات و سەرەنجام دایکی منداڵەکان بە تەنیا دەمێنێتەوە.

***وا دیارە تۆ بەرامبەر بە ڕەوتی باوی ئەدەبی کە هەندێ جار ڕوویانادی دەبێت، پارێزراوی. ئایا تۆ خۆئاگایانە هەوڵدەدەی پابەندی گێڕانەوەی سادە و کاراکتەرسازی بمێنیتەوە؟**

-ئەوەی کە دەڵێن شێوازێکی سادەوساکارم هەیە ڕێک وەکو ئەوە وایە جلێکی سادە لە بەر بکەی، بەڵام من بۆچوونم سەبارەت بە نووسینم وا نییە. بوونی شێوازێکی لەم چەشنە بە ئەنقەست نییە. نووسەرانێ هەن وەک ناباکۆڤ کە بەرهەمەکانیان پەسەند دەکەم؛ ئەگەر بە شێوازی ئەوان بمنووسیایە زۆرم پێ خۆش دەبوو، بەڵام ئەمە بڕیارێکی هونەرمەندانە نییە.

***چەنێک کار لە سەر چیرۆکەکانت دەکەی؟**

-بۆ هەندێ لە چیرۆکەکان لەوانەیە بە بێ دابڕان ساڵێک ئیشیان لەسەر بکەم، کەمترین ماوە دوو مانگە.

***چۆن دەست بە نووسینی چیرۆکێ دەکەی؟**

-چیرۆکەکە بە پێنووس لە دەفتەرێکدا دەنووسم. لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، بەڵام ئەم چیرۆکە لە هیچ ڕوویەکەوە چیرۆکی کۆتایی نییە. دواتر دەفتەرێکی تر هەڵدەگرم و جارێکی تر بە پێنووس دەینووسمەوە. ئەمجارە چیرۆکەکە لە نوسخەی دڵخوازی من نزیک دەبیتەوە. دواتر هەردوو دەفتەرەکە دەدڕێنم و بە بێ ئەوەی لێیان بڕوانم، بە کۆمپیوتر چیرۆکەکە دەنووسمەوە. لەم کاتەدایە کە چیرۆکێکی گونجاو دەنووسم.

***بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ئاسانە بۆت؟**


-سەبارەت بە ئامێری هونەری زۆر خراپم. ئەگەر ماوەیەکی درێژ کۆمپیوتەر بەکار نەهێنم هەموو شتێکم لە بیر دەچێتەوە و دەبێ هاوسەرەکەم سەرلەنوێ بیرم بخاتەوە. دەرمانی شێرپەنجەش جۆرێکە؛ کە بەشێک لە خانەکانی مێشک لەناو دەبات. لەم بارودۆخەدا فێری شتێکیش ببیت لە زەینت نامینێتەوە و لە یادی دەکەی.


***بۆ ئەوەندە پابەندی کورتە چیرۆکی؟**


-سەروەختێک هەوڵم دا ڕۆمان بنووسم، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. بەردەوام ئەو چیرۆکەی دەمویست لە چوارچێوەی ڕۆماندا دایڕێژم لە نیوەی ڕێگەدا تێکدەچوو و منیش بێزار دەبووم لێی. بێکەڵک دەهاتنە بەرچاوم و منیش پەیجووری نەدەبووم. ئێستا بە بۆچوونی خۆم ئەو چیرۆکانەی دەیاننووسم شتێکن لە نێوان کورتە چیرۆک و ڕۆمان. چیرۆکەکانی من بە دەگمەن کورتن و هاوکاتیش ڕۆمان نین، بەڵام خەڵک پێی دەڵێن کورتە چیرۆک. نازانم ئایا بۆ چیرۆککگەلێک کە قەبارەیان لە نێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆک دایە، وشەیەکی تایبەت هەیە؟ هەڵبەت شتێکمان هەیە بە ناوی کورتە ڕۆمان، بەڵام هەرگیز بە تەواوی تێنەگەیشتم کورتە ڕۆمان چییە و ئایا من تا ئێستا کورتە ڕۆمانم نووسیوە؟

***لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری "پاریس**







**ڕیڤیو" وتووتە بەردەوام نیگەرانی کە بەشێک لە نووسراوە پەرشوبڵاوەکانت لە بیر بچێتەوە و لێت بزر ببن. ئایا هێشتا ئەم نیگەرانییەت هەیە؟**

-نا. پێویستە بڵێم کە ئەم حاڵەتە لە مندا گۆڕاوە. لەو کاتەوە کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووم هەر بەوە خۆشحاڵم کە زیندووم. ئیتر نیگەرانی ئەوە نیم شتێکم لێ بزر ببێت. مرۆڤ دەبێت زۆر خواپێداو بێت کە شتێکی وەکو چیرۆکی لە بیر بچێتەوە؛ بۆ نموونە چیخۆف، ئەگەر بە تەنیا چیرۆکی "ژنێک لەگەڵ سەگێکی بچووک"ی بنووسیایە شایانی ئەوە دەبوو کە زیندوو بمێنێتەوە. من ئیتر زۆر ڕەخنەگرانە و وردبینانە لە کارەکانم ناڕوانم.

***تۆ داوات کردووە لە بەڕێوەبەرانی خەڵاتی ئەدەبیی "گیلێر" کە یەکێک لە ناودارترین خەڵاتەکانی ئەدەبیی دونیایە، ناوت لە لیستی کاندیدەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بسڕنەوە، چونکە پێشتر ئەو خەڵاتەت بە دەست هێناوە. لە ڕوویەکی دیکەوە ویستووتە هەلێک بکەوێتە دەستی نووسەرانی تازەکار. ئایا تۆ نووسەرە ناودارەکان هاندەدەیت کردەوەیەکی وەکو تۆیان هەبێت؟**

-نا. ئەم هەڵوێستەی من بڕیارێکی کەسی بوو. خۆزگە بەو شێوەیە قسەم نەکردایە، چونکە مانای قسەکە ئەوەیە کە خۆم بە براوەی ئەو خەڵاتە دەزانم، بۆ نموونە دەبوو بموتایە ماندووم؛ تازە خەریکی دەرمانی سەرەتانم و لە ڕووی توانای جەستەیی و دەروونییەوە دووچاری کێشە بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی نەمدەویست باسی ژیانی تایبەتیی خۆم بکەم، وتم نووسەرە تازەکارەکان پێویستان بە دەرفەتێکە. لەو بڕوایەدام نووسەر دوای تێپەڕاندنی ماوەیەک لە چالاکیی پیشەیی، ئیتر پێویستی بە خەڵات نییە و خەڵاتوەرگرتن بۆی سەرنجڕاکێش نییە.



ئەلیس مۆنرۆ

پێم ناخۆش نییە کە لە ململانێی خەڵاتی ئەدەبیی "گیلەر" کشاومەتەوە.

***لە کۆمەڵە چیرۆکی "خۆشیی زۆر" چیرۆکێکت هەیە سەبارەت بە "سۆفیا کۆڤالۆفسکی" ماتماتیکزانی ڕووسی. تۆ سەبارەت بە کەسایەتییە مێژووییەکان چیرۆک نانووسیت؛ چ شتێک وای لێ کردووی لە سەر کەسایەتیی ئەم ژنە چیرۆک بنووسیت؟**

-ئەم ژنە وەکو کەسایەتییەک سەرسامم دەکات. جارێک لە فەرهەنگۆکێکدا بە دوای شتێکدا دەگەڕام و بەر هەندێ زانیاری سەبارەت بە ئەو کەوتم. کەسێکم ناسی کە لە یەک کاتدا هەم ڕۆماننووس بوو هەم ماتماتیکزان. ئەم دوو ئیشە لە حاڵەتی ئاساییدا پێکەوە ناگونجن.

***بیرۆکەی چیرۆکەکانت لە کوێوە وەردەگری؟**

-هەندێکیان لە ئەو کارەساتانە وەردەگرم کە ڕوویان داوە و هەندێکی تریشیان لەوانە کە ڕوویان نەداوە، بەڵام دوورنەبووە ڕووبدەن. ئەو جۆرە ڕووداوانە کاتێ لە ژیانمدا سەیریان دەکەم، بە خۆم دەڵێم ئەگەر فڵان شت و فیسار شت ڕووی بدایە کاردانەوەی من چی دەبوو؟ ئەم چیرۆکانە جۆرێک لە لێکدانەوەی ئەم چەمکەن کە خەڵک یاخود بەشێکی دیاریکراوی خەڵک، لە بارودۆخی جیاوازدا چۆن ڕەفتار دەکەن.

هەڵبەت شتەکە زۆر لەمانە ڕوونترە. منیش دەتوانم ئەم قسانە بکەم، چونکە ئەم بەیانییە سەرقاڵی نووسینی قۆناغی سەرەتایی چیرۆکێک بووم.

***بۆ ماوەیەکی کورت وانەی "نووسەربوون"ت وتووەتەوە؛ بەڵام دواتر وتت کە بێزاری لەم کارە.**

-بەڕاستی باوەڕم بە خولی چیرۆکنووسی نییە. من دەڵێم کەسێک کە دەیەوێت چیرۆک بنووسێت، دەبێ دانیشێت و بەردەوام بنووسێت و هەر بنووسێت و کارەکانی خۆی لێک بداتەوە.

کاتێک بەرامبەر بە کۆمەڵێک خەڵک دەبینەوە، مەترسیی ئەوە هەیە کە ڕووبەڕووی تەنیا یەک شێوازی چیرۆکنووسی ببینەوە. جۆرێک لە چیرۆک کە هەرچەند کاریگەریی هەیە، بەڵام کەسانی دیکە دوای دەکەون، چونکە وەکو کەسایەتییەکی بەهێز پێکهاتووە. من لەو باوەڕەدام کە ئەمجۆرە چیرۆکانە هەرگیز گەشە ناکەن.

***کەسایەتییەکانی کۆمەڵە چیرۆکی "خۆشیی زۆر" بیر لە پیربوون دەکەنەوە، ئایا ئەمە شتێکە هۆش و بیری تۆی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبێ؟ ئایا پیربوون بووەتە هۆی جۆرێک لە فریاکەوتن لە کارەکانتدا؟**


-خۆم چاوەڕێی ئەوەم دەکرد خانەنشین بم و واز لە نووسین بهێنم. هەمیشە وامدەزانی کاتێک بە تەمەنێکی تایبەت بگەم هەموو ئاوات و خەونەکانم دێنە دی و خانەنشین دەبم و چێژ لە ژیانی تایبەتیی خۆم دەبینم، چونکە کاتێک پابەندی نووسین نەبیت پێویست نییە بەیانی کە لە خەو هەڵدەستی خێرا دەست بکەی بە نووسین. هێشتا شتێکی وەها بۆ من ڕووی نەداوە و هەر ئەوەش سەرنجڕاکیشە.

بەردەوام لەو باوەڕەدا بووم کە نووسەران یان لانیکەم هەندێ لە نووسەران ڕۆژێ لە ڕۆژان خانەنشین دەبن؛ بەڵام من هێشتا ڕووداوگەلێکم بۆ دێتە پێش کە دەبنە هۆی ئەوە چیرۆکێکی تازە بنووسم. دواتر بە خۆم دەڵێم ئەمە دوا چیرۆکە و ئیتر واز لە نووسین دێنم و پشوو دەدەم. بەڵام تا ئێستا ئەمە ڕووی نەداوە.

**سەرچاوە:**

وال استریت ژورنال

وەرگێڕانی بۆ فارسی: فرشید عطایی





# کوڕان و کچان

**ئالیس مۆنرۆ**
**له فارسییه‌وه: شادی نیکخا**

باوکم جوتیار بوو و کاری به‌خێوکردنی ڕێوی بوو، واته ڕێوییه زیوییه‌کانی له قه‌فه‌زدا ڕاده‌گرت تا گه‌وره ده‌بوون، پاشان له پاییز یان سه‌ره‌تای زستاندا، کاتێک جوان په‌شم و کورکیان پڕ ده‌بوو، ئه‌یکوشتن و پێسته‌که‌یان ده‌فرۆشت به کۆمپانیای "هادسن بی" یان به شه‌ریکه‌ی "بازرگانیی خه‌زی مۆنترالْ". ئه‌م شه‌ریکانه ڕۆژژمێریان پێئه‌داین و ئێمه به‌سه‌ر ده‌رگای چێشتخانه‌که‌وه هه‌ڵمانده‌واسین، یه‌کێک له‌ملا و یه‌کێک له‌ولاوه. له به‌گراوندێکی سارد و شیندا ئاسمان و دارستانی ڕه‌شی کاج و ڕووبارێکی پڕمه‌ترسی، چه‌ند پیاوی گه‌ڕیده به کڵاوی پڕ له په‌ڕه‌وه، ئاڵای به‌ریتانیا، یان فه‌ڕه‌نسایان هه‌ڵده‌دا و چه‌ند سوورپێست که پشتیان له‌ژێر باری گواستنه‌وه‌ی به‌له‌مه‌کاندا کۆمابووه‌وه.



پێش کریسمەس، بۆ ماوەی چەند حەوتە، باوکم دوای نانی شێوان لە ژێرخانی ماڵەکەدا کاری دەکرد. دیواری ژێرخانەکە دۆغاو کرابوو و گڵۆپێکی سەد واتی کە بەسەر مێزی کارەکەوە بوو، ژێرخانەکەی ڕووناک دەکردەوە. من و "لێرد"ی برام لەسەر پلەکان دادەنیشتین و تەماشامان دەکرد. باوکم ڕێوییەکانی کەوڵ دەکرد. ئەوان بەبێ ئەو پەشمە جوان و پرشکۆیە، بە شێوەیەکی سەیر بچکۆلە، ناڕەسەن و وەک مشکەکوێرە دەهاتنە بەرچاو. جەستە ڕووت و لینجەکان، دەخرانە نێو توورەکەیەک و دەکران بە ژێر خۆڵەوە. جارێکیان "هینری بیلی" ئەو پیاوەی کە کاری بۆ باوکم ئەکرد، توورەکەکەی بۆ من گرت و وتی: «دیاریی ڕۆژی کریسمەس!» دایکم پێی وابوو ئەو کارە هیچ خۆش نەبوو. لە ڕاستیدا دایکم هەر بە گشتی ڕازی نەبوو لەو کارە -کارێک کە داگری کوشتن و کەوڵکردن و ئامادەکردنی پەشمی ڕێوی بوو- دایکم ئاواتی ئەخواست خۆزگە ئەو کارە لە ماڵەوە نەدەکرا. مەسەلە، بۆنە پیسەکەی بوو. دوای کوشتنی ڕێوییەکان، باوکم پێستەکەیانی ئەمدیو و ئەودیو بەسەر تەختەیەکدا ڕادەخست و بە وردی، دەمارە خوێنەکان و پارچە چەورییەکانی دادەتاشی و پاکی دەکرد و بۆنی سەرەتایی ڕێوی هەموو سووچ بە سووچی ماڵەکەی دەتەنییەوە. بە ڕای من ئەو بۆنە وەک بۆنی پرتەقاڵ و گەڵای دەرزیئاسای کاج، بۆنێکی تەواو وەرزانە بوو. "هینری بیلی" بە ئازاری نەخۆشیی برۆنشیتەوە دەیناڵاند. هێندە دەکۆخی و دەکۆخی هەتا دەموچاوە باریکەکەی سوور هەڵدەگەڕا و چاوە شینە کاڵ و ناحەزەکانی پڕ دەبوون لە ئاو؛ پاشان دەرگای سۆمپاکەی دەکردەوە، لە دواوە دەوەستا و قڵخە خوێناوییەکەی تف دەکردەوە ناو ئاگرەکە. ئێمە حەزمان دەکرد لەو کارەی و لەوەی کە هەرکات بیویستایە ئەیتوانی سکی بخاتە قۆڕەقۆڕ. هەروەها لە پێکەنینەکانی کە پڕ بوو لە دەنگی بەرزی فیکە و غەرغەرە و هەموو سیستەمی نوقسانی سنگی پێوەی خەریک ئەبوو. هەندێ جار ئەستەم بوو بڵێی هینری بە چی پێدەکەنێ و هەمیشە پێدەچوو خەریک بێ بە ئێمە پێبکەنێ.

پاش ئەوەش کە دەیانناردینە ژوورەکەی خۆمان، هێشتا بۆنی ڕێویمان هەست پێدەکرد و گوێمان لە دەنگی پێکەنینی هینری ئەبوو، بەڵام ئەم شتانە کە گەرما و ئاسوودەیی و دنیای زۆر ڕووناکی ژێرخانەکەی بیردەهێنایەوە، لە هەوای شێدار و ساردی نهۆمی سەرەوەدا، کەم دەبووەوە، بزر دەبوو. شەوانی زستان، ئێمە تووشی ترس ئەبووین، هەڵبەت ترسمان لە دەرەوە نەبوو، گەرچی لەم وەرزەی ساڵدا، کۆگا کۆگا بەفر، وەکو نەهەنگی خەوتوو دەوراندەوری ماڵەکەمانی دەگرت و بایەک کە لە مەزرا بە بەفر داپۆشراوەکان و گۆلە بەستووەکانەوە دەهات، بە هۆرەیەکی هەڕەشەئامێز و پیرانەوە، سەرانسەری شەو ئازاری ئەداین. ئێمە ترسمان لە ناوەوە بوو، لەو ژووورەی کە تێیدا ئەنوستین. ئەو کاتانە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەمان هێشتا تەواو نەبووبوو. بۆرییەکی لە خشت دروستکراو بۆ سۆمپاکە بە دیوارەکەدا سەردەکەوت و کونێکی چوارگۆشە کە بە نەردەی دارین دەوری گیرابوو، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو کە پلیکانەکان دەگەیشتن بەو کونە. لە لایەکی پیلیکانەکانەوە هەندێ شت هەبوو کە کەڵکیان بۆ هیچکەس نەبوو. گڵۆڵەیەکی مشەمایی کە وەک سەربازێک بە پێوە وەستابوو، گالیسکەیەکی دارین،

سەبەتەیەکی تووڵینە، چەند گۆزەی چینی و چەند تەشتی دەستشۆرین کە هەموو درزیان تێبببوو، وێنەیەکی شەڕی "بەلەکلووا" (۱) کە مرۆڤ بە تەماشاکردنی خەم دایدەگرت. کاتێک لێرد هێندە گەورە بووبوو کە لەم شتانە تێبگات، پێم وتبوو: «شەمشەمەکوێرە و مردووە ئێسکنەکان لە نێوان ئەو شتانەدا دەژین و هەرکات پیاوێک لەو زیندانەی کە بیست میل لە ئێمەوە دوورە هەڵدێت، پەنجەرەکە دەکاتەوە و لە پشت ئەو گلۆڵە مشەماییەوە خۆی دەشارێتەوە. هەڵبەت ئێمە هەندێ یاسامان بۆ خۆمان هەبوو بۆ ئەوەی پارێزراو بین یانێ تا کاتێک کە گڵەکان ڕۆشن بوون و پێمان لەسەر چوارگۆشەی سوواوی فەرشەکە لانەدەچوو، پارێزراو بووین. ئەم چوارگۆشەیە لە ڕاستیدا چوارچێوەی پارێزراو و هێمنی ژووری نوستنەکەی ئێمەی دیاری دەکرد، بەڵام کاتێک گڵۆپەکان دەکوژانەوە، هیچ کوێ جگە لە سەر چرپاکانمان پارێزراو و ئەمین نەبوو.

پێش ئەوەی گڵۆپەکە بکوژێنمەوە، ناچار بووم بەسەر چۆکەوە لەسەر چرپاکە دابنیشم، خۆم درێژ بکەمەوە هەتا دەستم بە کلیلی گڵۆپەکە بگات و بیکوژێنمەوە. ئێمە لە تاریکیدا لەسەر چرپاکانمان، لەسەر بەلەمە تەسک و بچووکەکانمان ڕائەکشاین و چاومان ئەبرییە ئەو تیشکە کزەی لە پلیکانەکانەوە ئەهات و گۆرانیمان ئەوت.

لێرد، "جینگڵ بلێز"ی ئەخوێند، کە هەمیشەی خودا ویردی زمانی بوو، گوێی نەئەدا کریسمەس بوایە یان نا. منیش "دەنی بۆی" (۲)م ئەخوێند و حەزم لە دەنگی ئاوازەکەی خۆم دەکرد کە وەک دەنگێکی ناسک و نزائاسا لە تاریکیدا بەرز دەبووەوە.

ئێستا ئیتر ئەمانتوانی سەیری ئەو شتە بەرز و سپی و خەمۆک و سەهۆڵبەستوانەی سەر شووشەی پەنجەرەکە بکەین و لای خۆمان بە شتی سەیر وێنایان بکەین. کاتێک دەگەیشتمە ئەو بەشەی گۆرانییەکە کە دەڵێ: «تۆ چۆک دائەدەیت و دوعای مریەمم بەسەردا دەخوێنی» هەستێکی پڕ لە چێژ وای لێئەکردم بێدەنگ بم، بەڵام بەڕاست دوعای مریەم یانێ چی؟ هەمیشە لەبیرم ئەچوو لە کەسێک بپرسم.

لێرد دوای خوێندنی گۆرانییەکەی خێرا خەوی لێئەکەوت و من ئەمتوانی هەناسە درێژ و خۆشحاڵ و پڕ لە بڵقەکانی ببیستم. تەواوترین، تایبەتترین و ڕەنگە خۆشترین ساتەکانی هەموو شەووڕۆژم هەر ئەم ساتە بوو کە لەگەڵ خۆم تەنیا ئەکەوتم. لێفەکەم تەواو ئەپێچا بە دەوری خۆمدا و دەستم ئەکرد بە گێڕانەوەی یەکێک لەو چیرۆکانەی کە هەموو شەوێک بۆ خۆمم ئەگێڕانەوە. ئەو چیرۆکانە دەربارەی خۆم بوون، هی کاتێک بوون کە کەمێک گەورەتر ئەبووم و لە دونیایەکدا ڕوویان ئەدا کە بە شێوەیەکی بەرهەست هی خۆم بوو، هەرچەند لە یەکێک لەو چیرۆکانەدا دەرفەتێک ئەڕەخسا بۆ دەرخستنی بوێری، ئازایی و لەخۆبوردەیی، بەڵام ژیانی خۆم وانەبوو.

من خەڵکانێکم ڕزگار کرد کە لە بینایەکی بۆمبارانکراودا گیرۆدە بووبوون (زۆر ناخۆش بوو کە شەڕی ڕاستەقینە لە شوێنێکی زۆر دوورتر لە شارۆچکەی جوبەیلی لەئارادا بوو.) من جارێکیان دوو گورگی هارم بە فیشەک کوشت کە بووبوونە هەڕەشەیەک لەسەر حەوشەی قوتابخانەکە (مامۆستاکان بە ترساوی لە پشتی منەوە خۆیان شاردبووەوە)، سواری ئەسپێکی جوان بووم و بە ورەیەکی بەرز و دڵخۆشییەوە، بە شەقامی سەرەکیی جوبەیلی، لە نێوان شادیی خەڵکەوە تێپەڕیم و ڕێز و پێزانینیانم قبوڵ کرد. (کەس لەوێ سواری ئەسپ نەدەبوو، جگە لە پاشا بیلی(۳) کە



له مەشقی "ڕۆژی پیاوانی پرتەقاڵیپۆش"دا سواری ئەسپ دەبوو.)

له چیرۆکەکانمدا هەمیشە ئەسپسواری و تەقەکردن هەبوو، هەرچەند من تەنیا دووجار سواری ئەسپ بووبووم - یەکەم جار زینمان نەبوو و جاری دووهەمیش هەڵخزام و کەوتمە ژێر قاچی ئەسپەکە و ئەویش بە هێمینی و لەسەرخۆ قاچی نایە سەرم، بەڵام بە ڕاستی ڕاستی خەریک بووم فێر ئەبووم چۆن تەقە بکەم، هەرچەند هێشتا نەمدەتوانی هیچ بپێکم، تەنانەت قوتووە بەتاڵەکان یان کۆڵەکە دارینەکانی حەسارەکەش.

ڕێوییەکان لە دونیایەکدا دەژیان کە باوکم بۆی چێ کردبوون. ئەم شوێنە بەهۆی حەسارێکی بەرزەوە وەک شارێکی سەدە ناوینەکان پارێزگاریی لێدەکرا و دەروازەیەکی هەبوو کە شەوانە دادەخرا.

لە درێژایی شەقامەکانی ئەم شارەدا، کۆمەڵێک ئاخوڕی گەورە و پتەو دروست کرابوون کە هەرکامیان دەرگایەی باشیان هەبوو کە مرۆڤ دەیتوانی لێیانەوە بچێتە ژوورەوە و لە درێژەی حەسارە تێلەکەدا، شوێنێکی لێژی دارین دروست کرابوو کە ڕێوییەکان لەسەری هەڵبەز و دابەز بکەن و هەروەها ژوورێکیش هەبوو کە وەک یەغانەی جلوبەرگ وابوو و هەندێ کونی تێدا بوو بۆ هاتوچۆی هەوا. زستانان ڕێوییەکان لەو ژوورەدا ئەخەوتن و بێچووەکانیان گەورە ئەکرد. کۆمەڵێک دەفریش بۆ ئاو و خۆراکیان درابوو لە حەسارە تێلەکە. ئەکرا دەفەرەکان لە دەرەوە بۆ پاککردنەوە هەڵبگرین. دەفرەکان لە پووتی تەنەکەی کۆن دروست کرابوون و شوێنە لێژەکە و ئاخوڕەکانیش لە پاشماوەی تەختە و داری کۆن.

هەموو شتێک خاوێن و ڕێکوپێک و داهێنەرانە دروست کرابوو. باوکم داهێنەرێکی ماندوونەناس بوو و باشترین کتێب کە لەم دونیایەدا حەزی لێدەکرد "ڕابینسۆن کرۆزۆ" بوو. ئەو بۆ هێنانی ئاو بۆ ئاخوڕەکان، بەرمیلێکی تەنەکەی سواری عەرەبانەیەک کردبوو. ئاوهێنان لە ئەستۆی من بوو.

ڕێوییەکان بە هاوینان دەبوو ڕۆژێک دوو جار ئاو بخۆنەوە. جارێک لە نێوان کاژێر نۆ و دەی بەیانیدا و جارێکیش دوای نانی شێوان. من بەرمیلەکەم لە بەلۆعەکە پڕ دەکرد و لە ڕێگەی حەوشەی بەردەم هەماری دەغڵودانەکەوە دەمبرد بۆ ئاخوڕەکە. هەر لەوێ بەرمیلەکەم دەوەستاند، ئاوپرژێنەکەم پڕ دەکرد و لە درێژایی شەقامەکەدا بەڕێ دەکەوتم. لێردیش دەهات و دەفرە باخەوانییە بچووکە شیری و سەوز ڕەنگەکەی خۆی پڕ دەکرد و هاوکات کە دەفرەکە دەکەوت لە قاچەکانی، ئاویش دەڕژا بە کەوشە کەتانییەکانیدا.

ئاوپرژێنەکەی من، ئاوپرژێنی باوکم بوو و ئاوپرژێنی ڕاستی بوو، بەڵام تەنیا ئەگەر تا سێ لە چواریم پڕ بکردایەت، دەمتوانی هەڵیبگرم.

هەموو ڕێوییەکان ناویان هەبوو کە ئێمە بەسەر پارچە تەنەکەیەکەوە نووسیبوومان و لە تەنیشت دەرگای هێلانەکانیانەوە هەڵمانواسیبوو، هەڵبەت ئەوان کاتێک لە دایک دەبوون ناویان نەبوو، بەڵام ئەگەر لە سەختیی ساڵی یەکەم بە سەلامەت دەردەچوون و بۆ بێچووکردن ئامادە دەبوون، ناوێکمان دەنایە سەریان.

باوکم چەند دانەیانی ناو نابوو شازدە، باب و بێتی و ئەوانەش کە من ناوم نابوون ناویان ئەستێرە، تورک، موورین یان دیانا بوو. لێردیش یەکێکیانی ناونابوو موود، ناوی ئەو کچە بوو کە کاتێک لێرد منداڵ بوو کاری بۆ

ئەکردین. یەکێکیشی بە هارۆلد بانگ ئەکرد، بەناوی یەکێک لە منداڵانی قوتابخانەوە و بە یەکێکیشی ئەوت مەکزیک کە قەت نەیوت ئەم ناوەی بۆچی هەڵبژاردبوو. ناونانیش ڕێوییەکانی نەئەکرد بە ئاژەڵیماڵی. کەس جگە لە باوکم نەئەچووە ناو ئاخوڕەکان، تەنانەت دوو جار گازیان لەویش گرتبوو و تووشی پیسبوونی خوێن بووبوو. کاتێک ئاوم بۆ ئەبردن، لەناو ئاخوڕەکەدا دەستیان ئەکرد بە هەڵبەزودابەز، بەڵام بە کەمی ئەیانلووراند، لوورەیان دائەنا بۆ شەو. ئەوکات بە هەیەجان و زەوقێکی یەکدەنگ دەستیان پێدەکرد -ئەوان هەمیشە بۆ منیان دەڕوانی. ئەوان بە چاوانێکەوە کە وەک ئاڵتوونی بریکەدار، لە ڕوخساری درێژ و بەدفەڕیاندا دەدرەوشایەوە، بۆیان دەڕوانیم. ئەوان بە قاچی باریک و کلکی قورس و شکۆدار و پەشمی بریکەدار و ئەو سیمایانەوە کە بە شێوەیەکی دڵبزوێن و سەیر، درێژ و دوژمنانە بوو و بەو چاوە ئاڵتوونیانەوە چەند جوان بوون.
جگە لە ئاوهێنان، من لە دروێنەی چیمەن و گیابژارەکانیشدا کە لە نێوان ئاخوڕەکاندا ئەڕوان، یارمەتیی باوکمم ئەدا. ئەو گژوگیاکانی بە داس کەرەنتوویەک دەدروو و من بە سێلک کۆم ئەکردنەوە. دواتر ئەو گیا کۆکراوەکانی بە سێلکە دارینەکەی خۆی هەڵدەگرت و دەیخستە سەربانی ئاخوڕەکان بۆ ئەوەی ببنە کەپر و سێبەر بۆ ڕێوییەکان کە پەشمەکەیان لەبەر تینی هەتاودا قاوەیی بووبوو. ئەم کارە هەروەها بۆ ئەوە بوو کە فێنکیشیان بکاتەوە.
باوکم جگە لە کار، سەبارەت بە هیچی تر قسەی لەگەڵ نەئەکردم. لەم بارەوە، ئەو تەواو لەگەڵ دایکم جیاواز بوو. دایکم ئەگەر لەسەر کەیف بوایە، سەبارەت بە هەموو شتێک قسەی لەگەڵ ئەکردم -ناوی سەگی سەردەمی منداڵیی خۆی، ناوی دەنکەکانی و ئەوەی کە فلان جلی چۆن بووە، ئەو جلانەی کە ئێستا نەیدەزانی چییان بەسەر هاتووە. بیرۆکە و چیرۆکەکانی باوکم تەواو تایبەتی و شەخسی بوون و من شەرمم ئەکرد شتێکی لێ بپرسم. بەم حاڵەوە هەمیشە بە شەوق و بە سەربەرزییەوە، لەژێر نیگاکانی ئەودا کارم ئەکرد.
ڕۆژێک کەسێک کە خۆراکی ئاژەڵی ئەفرۆشت، هات بۆ ئاخوڕەکە و دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ باوکم. باوکم وتی: «حەز ئەکەم کرێکارە تازەکەم ببینی.» لەخۆشیان سوور هەڵگەڕام، بەڵام ڕووم وەرگێڕا و زۆر بە جیددی هەموو گژوگیاکەم لەسەر یەک هەڵچنی.
فرۆشیارەکە وتی: «خەریک بوو فریو بخۆم و وابزانم ئەو بەس کچێکە!»
پاش ئەوەی گیاکەمان دروو، لەناکاو وا هاتە بەرچاو کە خەریکین لە کۆتایی ساڵ نزیک ئەبینەوە. دەمەوئێوارە بەسەر گژوگیا هەڵبڕاو و زبر و وشکەکاندا پیاسەم کرد و ئەو ئاسمانەی کە بەرەو سووری ئەچوو و لە دەرگانەی پاییزدا بوو، سەرنجی ڕاکێشام.
کاتێک بەرمیلی ئاوەکەم بردە دەرەوە و دەروازەکەم داخست، هەوا ئیتر تاریک بووبوو. شەوێک هەر لەم کاتانەدا، باوک و دایکمم بینی کە لە بەردەرگای هەمارەکەدا، بەسەر بەشێک لە ئەرزەکەوە کە لە شوێنەکانی تر بەرزتر بوو و ناومان نابوو "بوارگە"، وەستابوون و قسەیان ئەکرد. باوکم تازە لە ژووری تایبەت بە پارچەپارچەکردنی گۆشت هاتبووەوە، بەروانکە تەسک و خوێناوییەکەی لەبەردا بوو، پارچەیەک گۆشتی بڕاو و ڕەنگپەڕیوی بە دەستەوە بوو. بەلامەوە سەیر بوو دایکم لە هەماری دەغڵودان ببینم، چونکە ئەو زۆربەی کات لە ماڵ نەدەهاتە دەر؛ مەگەر کارێکی هەبوایە -هەڵخستنی جل یان



دەرهێنانی پەتاتە لە خاکی باخچەکە- بەو قاچە کەلەرمی و ڕووتانەیەوە کە هەتاویان نەدیبوو، بەروانەکەکەی هێشتا لەبەردا بوو و بەر سکی لەبەر شتنی کاسەوکەوچک نەختێک تەڕبوو. لەچکی لەسەر کردبوو و کەمێک لە قژی وەک دەستەی گسک هاتبووە دەرەوە. بەیانیان دایکم قژی وەها دەبەست، ئەیوت کاتی نییە قژی بە جوانی کۆ بکاتەوە و قژی هەموو ڕۆژەکە هەر وابوو. ڕاستی دەکرد ئەو بە ڕاستی کاتی نەبوو.

ئەو ڕۆژانە هەیوانی پشتی ماڵەکەمان پڕی بوو لە سەبەتەی قۆخ و ترێ و هەرمێ کە لە شار دەمانکڕی و هەروەها پیاز و تەماتە و خەیار کە لە مەزرای خۆمان دەمانکرد و چاوەڕێی ئەوە بوون بکرێن بە مرەبا و ترشی و سۆسی توون.

سەرانسەری ڕۆژ ئاگری ئاگردانی چێشتخانەکە دەگڕا و دەفرە شووشەکان لەناو ئاوی کوڵاودا زرنگەزرنگیان لێوە دەهات. هەندێ جاریش تووڕەکەیەکی مۆری بە دارێکدا کە بەسەر دوو کورسیدا ڕایەڵ کرابوو، هەڵواسرابوو و شیلەی ڕەش و شینی ترێی لێدەچۆڕایەوە کە بۆ دروستکردنی جێل بوو. منیش کارم پێ دەسپێردرا، یانێ لە پشتی مێزەکەوە دادەنیشتم و ئەو قۆخانەم پاکدەکرد کە لە ئاوی گەرمدا خووسابوون، یان پیازم دەجنی و چاوم دەسۆڵایەوە و فرمێسکی لێدەهات. هەر کە کارەکەم تەواو ئەبوو، لە ماڵ ئەچوومە دەرەوە و پێش ئەوەی دایکم کارێکی ترم پێ بسپێرێ، هێندە دوور ئەکەوتمەوە کە دەنگی نەمگاتێ. بە هاوینان زۆر ڕقم بوو لە چێشتخانە گەرم و تاریکەکەمان: پەردەی پەڕەپەڕەی سەوز، مێرووکوژی قاقەزیی لینج، هەمان ڕوومێزییە کۆنەکە و ئاوێنەیەکی ناساف و کومبارێکی لۆچوپۆچ. دایکم زۆر شەکەت و سەرقاڵ بوو و نەیدەتوانی قسەم لەگەڵ بکات، یانێ تاقەتی نەبوو سەبارەت بە سەمای ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندن قسە بکات، هەمیشە ئارەقە لە سەروسیمای دەتکا و بەدەم ئەوەوە کە ئاماژەی بۆ دەفرە شووشەکان دەکرد، یان بە پێوانە شەکری دەکردە ناو شتێک، هەمیشە لەژێر لچەوە دەیژماردن. بە ڕای من کاری ناوماڵ بێکۆتایی، ماندووکەر و بەشێوەیەکی سەیر هۆی خەمۆکی بوو، بەڵام کاری دەرەوە و یارمەتیدانی باوکم بەشێوەیەکی شکۆمەندانە گرینگ بوو.

من بەرمیلەکەم بەرەو هەمارەکە ئەبرد بۆ ئەو شوێنەی کە لەوێ داماندەنا و گوێم لێبوو دایکم ئەیوت: «ڕاوەستە لێرد کەمێک گەورە ببێ، ئەو کاتە یارمەتیدەر و بەردەستێکی باشت ئەبێ.»

گوێم لێنەبوو باوکم لە وەڵامیدا چیی وت، بەڵام لەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەو هەر لە شوێنی خۆی وەستا و بە ئەدەبەوە هەرچۆن گوێی لە فرۆشیارێک یان کەسێکی نەناسراو ئەگرت، قسەکانی دایکمی بیست، هەرچەند وای ئەنواند کە ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەر کارە سەرەکییەکەی خۆی. هەستم ئەکرد دایکم نابێ خۆی لە کاری دەرەوەی ماڵ وەربدات و حەزم ئەکرد باوکیشم هەروا بیر بکاتەوە. مەبەستی دایکم چی بوو لەو قسەی سەبارەت بە لێرد کردی؟ خۆ لێرد هیچ یارمەتییەکی لەدەست نەئەهات. هەر دیار نەبوو ئێستا لە کوێیە؟ ڕەنگە ئێستا هێندەی جۆلانێ کردووە سەری گێژ هاتووە یان لەخۆڕا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە یان خەریکی گرتنی کرمی ئاوریشمە؛ ئەو هیچ کاتێک تا کۆتایی ئیشوکار لەگەڵم نەئەما.

گوێم لێبوو دایکم هەروەها وتی: «ئینجا من ناتوانم زیاتر بۆ کاری ماڵ کەڵکی لێ ببینم.» دایکم هەمیشە سەبارەت بە من بە شێوازێکی زۆر ناخۆش قسەی ئەکرد کە بەڕاستی نارەحەتی ئەکردم: «هەر کە پشتی تێئەکەم ڕائەکات. هەر خوانەکا ئەڵێی من کچێکم نییە لەم ماڵەدا.»

ڕۆیشتم لەسەر گۆنییە ئاڵفێک لە سووچێکی هەمارەکەدا دانیشتم، حەزم نەئەکرد کاتێک ئەو قسانە ئەکرێ لەوێ بم. هەستم ئەکرد دایکم جێی متمانە نییە. ئەو لە باوکم میهرەبانتر بوو و بە ئاسانی تەفرە ئەدرا، بەڵام نەئەکرا متمانەی پێ بکەیت و هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو شتانەی کە ئەیکرد و ئەیوت دیار نەبوو. ئەو منی خۆش ئەویست. کاتێک قوتابخانە ئەکرایەوە، شەوان تا درەنگان نەئەخەوت بۆ ئەوەی ئەو کراسە بۆ من بدروێ کە مودێلێکی دژواری هەبوو و من بەس ئەوەم داوا ئەکرد. بەم حاڵەوە ئەو دوژمنیشم بوو، هەمیشە پیلانگێڕیی ئەکرد، ئێستاش پیلانی ئەوەی دائەڕشت کە من زیاتر لە ماڵەوە ڕابگرێ، هەرچەند دەشیزانی من زۆر بێزارم لە کاری ناوماڵ و ڕێک هەر چونکە ئەوەی ئەزانی، ئەیویست ببێتە ڕێگر لە کارکردنی من بۆ باوکم. بە ڕای من ئەو ئەو کارەی زۆر بە ئاسانی و تەنیا و تەنیا لە ڕووی سۆرەییەوە ئەکرد و لە هەمان کاتدا ئەیویست دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ. پێم وانەبوو دایکم تەنیا یان حەسوود بێ، یانێ هیچ کەسێکی گەورەساڵ نەیدەتوانی وابێ؛ ئەوان زۆر بەختەوەر بوون.

من هەر لەوێ دانیشتم و هەروا قاچم ئەدا لە عەدڵە ئاڵفەکە و تەپوتۆزم دروست ئەکرد و هەتا دایکم نەچووە ماڵەوە، لەوێ نەهاتمە دەرێ. بە هەرحاڵ بەتەما نەبووم باوکم هیچ گوێ بداتە قسەکانی دایکم. کێ ئەیتوانی وا بیربکاتەوە کە لێرد بتوانێ لە ئەستۆی ئەو کارانە بێت کە من ئەمکردن - ئایا لێرد لە بیری ئەما دەروازەکە پشت بخات؟ دەفری ئاوەکانی بە گەڵایەک کە ئەیبەست بە سەری دارێکەوە، خاوێن ئەکردەوە؟ یان تەنانەت ئەیتوانی بەرمیلەکە بباتە ناو هەمارەکە بێئەوەی وەریبگێڕێت؟ هەموو ئەمانە ئەوەی دەرئەخست کە چەند زانیاریی دایکم سەبارەت بە چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکان کەم بوو.

لەبیرم چوو بڵێم چ خواردنێکمان ئەدا بە ڕێوییەکان. بەروانکە خوێناوییەکەی باوکم بیری هێنامەوە. گۆشتی ئەسپمان ئەدانێ. ئەو کاتانە زۆربەی جوتیاران ئەسپیان هەبوو و کاتێک ئەسپێک بۆ کارکردن زۆر پیر ئەبوو، یان قاچی ئەشکا یان لەناکاو ئەگلا و ئیتر نەیدەتوانی هەستێتەوە، خاوەنی ئەسپەکە باوکمی ئاگادار ئەکردەوە و ئەو لەگەڵ هێنری بە ماشینە بارهەڵگرەکە ئەچوون بۆ مەزراکەی. زۆربەی کات ئەوان فیشەکێکیان دەنا بە ئەسپەکەوە و هەر لەوێ پارچەپارچەیان ئەکرد و پێنج تا دوازدە دۆلاریان دەدا بە خاوەنەکەی. هەڵبەت ئەگەر لە ماڵەوە بە ڕادەی پێویست گۆشت هەبوایە، ئەو کاتە ئەسپەکەیان بە زیندوویی ئەهێنایەوە و چەند ڕۆژ یان چەند هەفتە لە تەویلەکە ڕاماندەگرت تا کاتێک پێویستمان بە گۆشت دەبوو.

پاش کۆتاییهاتنی شەڕ، زۆربەی جوتیاران تراکتۆریان کڕی و بەرەبەرە لە ئەسپەکانیان ڕزگاریان بوو، یانێ ئیتر پێویستیان پێیان نەبوو. ئەگەر ئەم شتە لە زستاندا ڕووی بدایە، لەوانەبوو ئێمە تا بەهار ئەسپەکە ڕابگرین، چونکە بە ڕادەی پێویست ئاڵفمان هەبوو و ئەگەر بەفری زۆر بباریایە و وەک زۆربەی کات جادەکانیان نەماڵیایە، ئەوسا ئاسانتر ئەمانتوانی بە ئەسپ و گالیسکە بچین بۆ شار.

ئەو زستانەی کە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، دوو



ئەسپمان هەبوو. نەماندەزانی ئەسپەکان پێشتر ناویان چی بووە، ئێمە ناومان نان مەک و فلۆرا. مەک یابوویەکی پیر و ڕەشی دووکەڵاوی و سڕ بوو. فلۆراش ماینێک بوو بۆ سواری. ئێمە هەردووکیانمان دەبەست بە گالیسکەوە. مەک هێمن بوو و ئاسان کونترۆڵ ئەکرا، بەڵام فلۆرا وەحشی بوو و بەرەو ئوتومبیل و تەنانەت ئەسپەکانی تریش تاوی دەدا. ئێمە زۆر حەزمان لە خێرایی، بوێری و سەرکێشییەکەی بوو. ڕۆژانی شەممە دەچووینە تەویلە و هەر کە دەرگامان لەسەر ئەو تاریکی و بێدەنگییە تێکەڵ بە بۆنی ئەسپە ئەکردەوە، فلۆرا سەری بەرز ئەکردەوە، چاوی ئەسووڕاند، بە بێهیواییەوە ئەیحیلاند و ئارامی نەدەما. هیچ ئەمین نەبووی بچیتە ناو قەفەزەکەیەوە، چونکە لەقەی دەوەشاند.

ئەو زستانە لەسەر ئەو قسانەی دایکم لە بەردەم هەمارەکەدا کردبووی، شتی زیاترم بیست. ئیتر هەستم بە ئاسایش نەدەکرد. وا دەردەکەوت مێشکی هەموو کەسانی دەوروبەرم بەردەوام لە هەمان جۆرە بیرۆکەی تێدابوو. بە ڕای من پێشتر وشەی کچ، شتێک بوو وەکو بەرائەت و بێئازاری، وەک وشەی منداڵ، بەڵام ئێستا وادیاربوو کە ئیتر وانەبوو. کچێک بە قەرار ئەو بوونەوەرە نەبوو کە من بەو ئاسانییە بیرم لێ کردبووەوە، بەڵکو شتێک بوو کە دەبوو من ببم بەوە. ئەمە پێناسەی ئەوان بوو لە کچ و هەمیشەش، هاوڕێ بوو لەگەڵ بێهیوایی و توانج و لۆمەی پێداگرانەدا؛ تەنانەت لەمبارەوە گاڵتەشیان پێدەکردم. جارێکیان من و لێرد شەڕمان دەکرد پێکەوە و بۆ یەکەم جار ناچار بووم هەموو هێزم بەکار بهێنم، کەچی بەوەشەوە ئەو گرتمی و دەستمی بادا کە بەڕاستی ئێشم پێگەیشت. هێنری چاوی لێبوو، پێکەنی و وتی: «هەر لەم ڕۆژانەدا لێرد پیشانت دەدا.» لێرد خەریکبوو گەورە دەبوو، بەڵام خۆ منیش خەریکبوو گەشەم دەکرد.

دایەگەورەم هات و چەند حەوتەیەک لامان مایەوە و من هەندێ شتی ترم بیست: «کچ ئاوا دەرگا نادات بە یەکدا.» یان «کچ کاتێک دادەنیشێ، ئەژنوی دەلکێنی بە یەکەوە.» و لەوە خراپتر، کاتێک پرسیارێکم لێدەکرد، ئەیوت: «ئەم بابەتە پێوەندیی نییە بە کچانەوە.» هەرچەن من بە ئەنقەست زرم دەرگام ئەدا بە یەکدا و تا ئەمتوانی بە شێوەی سەیر دائەنیشتم و وامدەزانی بەم کارانە خەریکم ئازادیی خۆم دەپارێزم.

کاتێک بەهار هات، هێشتمان ئەسپەکانمان بێنە دەرەوەی هەمارەکە. مەک پشتی خۆی دەسوو بە دیواری هەمارەکەدا و هەوڵی ئەدا ناوشانی بخورێنێ، بەڵام فلۆرا لەملا بۆ ئەولا بە یۆرغە دەڕۆیشت و دەستی بەرز ئەکردەوە و سمی ئەکوتا بە حەسارەکەدا. کۆگا بەفرەکان بە خێرایی ئەتوانەوە و خاکی قاوەیی و خۆڵەمێشی و چاڵ و کۆسپی ئاشنای زەوی، ڕەشوڕووت، پاش دیمەنی دڵڕفێن و چاوبزوێنی زستان، دەردەکەوت و هەستی کرانەوە و ئازادیی دەبەخشی.

بەڵام ئێستا بەسەر کەوشەکانماندا گاڵەمان لەپێ دەکرد و و قاچمان بە شێوەیەکی پێکەنینی سووک بوو. ڕۆژێکی شەممە چووینە ناو تەویلەکە و بینیمان هەموو دەرگاکان کراونەتەوە و بە پێچەوانەی هەمیشە، هەوای تازە و ڕووناکیی هەتاو دێتەناوەوە. هێنری هەر لەو دەوروبەرانە خولکە خولکی بوو و سەیری کولکسیۆنی ڕۆژژمێرەکانی ئەکرد کە لە پشت قەفەزی ڕاگرتنی

ئەسپەکانەوە دابوویان لە دیوارەکە، ئەو شوێنەی تەویلەکە کە ڕەنگە دایکم هەرگیز ئەوێی نەبینیبوو.
هینری وتی: «وەرە و ماڵئاوایی بکە لە هاوڕێ پیرەکەت مەک. وەرە کەمێک جۆی پێ بدە.» و کەمێک جۆی کردە ناو لەپی لێرد کە وەک جامۆڵە گرتبووی و پاشان براکەم بەرەو مەک ڕۆیشت کە جۆی بداتێ. ددانەکانی مەک لە بارێکی خراپدا بوون. زۆر بە هێواشی دەیخوارد و جۆکەی بە سەبوورییەوە لەناو دەمیدا ئەملاولا پێئەکرد و هەوڵی ئەدا هیچ نەبێ بنی ڕزیوی خرێیەکی بدۆزێتەوە و جۆکە بجوێ. هێنری بە شێوازێکی تازیەبارییەوە وتی: «بێچارە مەکی پیر. کاتێک ئەسپێک ددانی ئەکەوێ، ئیتر کاری تەواوە. ئاوایە.» پرسیم: «ئایا ئەمڕۆ ئەیکوژی؟» مەک و فلۆرا ماوەیەکی زۆر لە تەویلەکە مابوونەوە و من ئیتر لەبیرم کردبوو کە قەرارە بکوژرێن.
هێنری جوابی نەدامەوە. لەباتی وەڵام، بە دەنگی بەرز و لەرزۆک و گاڵتەئامێز و وەک لاواندنەوەی مردوو دەستی کرد بە خوێندنی ئاوازی: ئاه ئیتر هیچ کارێک نەماوە بۆ مامە "نێد"ی داماو، ئەو چووە بۆ ئەو شوێنەی کە ڕەشپێستە باشەکان ئەڕۆن.
زمانە قەوی و ڕەشەکەی مەک تێکۆشەرانە بەسەر دەستی لێردەوە لە هەوڵدا بوو. من پێش ئەوەی ئاوازەکەی هێنری دوایی بێت، لە دەرگاکە چوومە دەرەوە و لە بوارگەکەدا دانیشتم.
من هەرگیز ئەوانم لە کاتی تەقەکردن لە ئەسپەکان نەدیبوو، بەڵام ئەمزانی لە کوێدا ئەو کارە ئەکەن. هاوینی ڕابردوو من و لێرد، ناوسک و ڕیخۆڵەی ئەسپێکمان بینی پێش ئەوەی بیکەن بە ژێر خۆڵەوە. ئێمە وامانزانیبوو مارێکی ڕەش و گەورەیە لەبەر هەتاودا پاپۆکەی خواردووەتەوە. ڕیخۆڵەکان لەسەر عەرزەکە لە شوێنێک لەسەر ڕێی هەمارەکەدا داکەوتبوون.
بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر بڕۆین بۆ هەمارەکە و درزێکی گەورە یان کونێک بدۆزینەوە کە بکرێ لەوێوە سەیری دەرەوە بکەین، ئەتوانین ئەوان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا ببینین، هەڵبەت من حەزم لە بینینی شتی وا نەبوو، بەڵام ئەگەر شتێک بەڕاستی ڕوو ئەدات، باشتر وایە مرۆڤ ببینێ و بیزانێ.
باوکم بە تفەنگێکەوە لە ماڵ هاتە دەرەوە.
پرسیی: «چی ئەکەی لێرە؟»
«هیچ.»
«بڕۆ لە ماڵەوە یاری بکە.»
باوکم لێردی لە هەمارەکە ناردە دەرەوە. من لێم پرسی: «حەز ئەکەی کاتێک تەقە ئەکەن لە مەک بیانبینی؟» و بێئەوەی چاوەڕێی وەڵام بم، دەوری بیناکەمان دایەوە، بە وریایی دەرگای پێشەوەی هەمارەکەم کردەوە و چووینە ناوەوە. وتم: «بێدەنگ بە دەنا دەنگمان دەبیستن.»
ئێمە دەنگی باوکم و هێنریمان دەبیست کە لە تەویلەکەدا پێکەوە قسەیان ئەکرد. پاشان دەنگی قاچە قورسەکانی مەکمان بیست کە بە پشتاوپشت و بەملاولادا هەنگاوی دەنا. خەریکبوون لە قەفەزەکەی دەیانبردە دەرەوە.
لەژێر شیروانییەکەدا هەوا تاریک و فێنک بوو. تیشکی هەتاو پچڕپچڕ لە نێوان درزەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. گژوگیا کورت بوون و قاچمان لەسەر چاڵ و کۆسپەکان هەڵدەخلیسکا. نزیکەی چوار فووت(٤) لە سەرترەوە تەختەیەک بەسەر دیوارەکانەوە ڕایەڵ کرابوو. کەمێک ئاڵفمان خستە سەر یەک و من لێردم بەرزکردەوە و خۆیشمم هەڵکێشا. تەختەی ڕایەڵەکە زۆر پان نەبوو، بەڵام ئێمە دەستمان خستە سەر دیواری هەمارەکە و خۆمان کێشایە سەرەوە. سەر دیوارەکە کون و درزی زۆری تێدا بوو و من درزێکم دۆزییەوە کە دیمەنێکی جوانم لێوە دەبینی: سووچێکی حەوشەی دەوری



هەمارەکە، دەروازەکە و بەشێک لە مەزراکەی لێوە دیاربوو. لێرد هێشتا کونێکی نەدۆزیبۆوە و دەستی کرد بە سکاڵاکردن. درزی نێوان دوو تەختەم پیشان دا و وتم: «بێدەنگ بە و ڕاوەستە. ئەگەر ئەوان گوێیان لە دەنگت بێ، تووشی کێشە دەبین.»

باوکم لەحاڵێکدا کە تفەنگەکەی دەبرد، کەوتە بەر دیدمان. هێنری هەوساری مەکی گرتبوو و دەیبرد. هەوسارەکەی لەسەر عەرزەکە دانا و جگەرە و تەماکۆکەی دەرهێنا. جگەرەیەکی بۆ باوکم و یەکێکی بۆ خۆی پێچایەوە. کاتێک کە هێنری خەریکی جگەرەپێچانەوە بوو، مەک بۆنی بە گیا وشکەکانی تەنیشت حەسارەکەوە دەکرد. دوایی باوکم دەروازەکەی کردەوە و مەکی بردە دەرەوە. هێنری مەکی برد بۆ شوێنێکی دوورتر لە جادەکە و دەستیان کرد بە قسەکردن، نەک هێندە بەرز کە ئێمە گوێمان لێبێ. مەک دیسان بەدوای ئەوەوە بوو کەمێک گیای تازە بدۆزێتەوە، بەڵام نەبوو. باوکم لەسەر هێڵێکی ڕاستدا لێی دوورکەوتەوە و لە مەودایەکەوە کە بە گونجاوی زانی وەستا. هێنریش لە مەک دوورکەوتەوە، بەڵام هێشتا بە بێدەربەستی هەوسارەکەی مەکی بەدەستەوە بوو. باوکم تفەنگەکەی بردە سەرەوە. مەک وەک هەستی بە مەسەلەکە کردبێ، بۆ سەرەوەی ڕوانی و باوکم تەقەی لێکرد.

مەک خێرا نەگلا، بەڵکو کەمێک ئەم قاچەوقاچی کرد، کەمێک بۆ چەپ و کەمێک بۆ ڕاست ڕۆیشت، سەرەتا بەلادا کەوت، پاشان هەڵگەڕایە سەرپشتی و زۆر سەیر بۆ چەند چرکەیەک لە هەوادا چوارپەلی لەراندەوە. هێنری پێکەنی. هێنری جۆرێک پێکەنی کە ئەتوت مەک خەریکە یاریی سیرکی بۆ دەکات. لێرد کە بە بیستنی دەنگی تفەنگەکە لە سەرسووڕماندا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشابوو، بە دەنگی بەرز وتی: «هێشتا نەمردووە.» پێم وابوو ئەو قسەیە ئەکرێ ڕاست بێ، بەڵام قاچەکانی مەک لە جووڵە کەوتن، دووبارە کەوتەوە سەر لا، ماسوولکەکانی لەرزین و مرد. ئەو دوو پیاوە بەرەو ئەو چوون، دانەوین و سەیری ناوچاویان کرد، ئەو شوێنەی کە گوللەکەی بەرکەوتبوو و من خوێنم لەسەر گژوگیا قاوەییەکە بینی.

وتم: «ئەوان ئێستا کەوڵی دەکەن، پارچەپارچەی دەکەن؛ با بڕۆین.» قاچم کەمێک دەلەرزی، بە ئارامی لەسەر ئاڵفەکە پەڕیمە خوارەوە. وەک ئەوەی ئەم دیمەنەم پێشتر چەندان جار بینیبێ، بە ئاوازێکی وەک پیرۆزبایی بە براکەمم وت: «ئێستە ئیتر ئەزانی چۆن ئەسپێک دەکوژن.» پاشان وتم: «وەرە با بزانین پشیلەکانی ناو هەمارەکە، لەناو ئاڵفەکاندا بێچوویان کردووە یان نە.» لێردیش بازی دایە خوارەوە و دووبارە بچکۆلە و گوێلەمشت دەهاتە بەرچاو. لەناکاو بیرم هاتەوە کە کاتێک ئەو بچکۆلە بوو، چۆن بردم بۆ هەماری دەغڵودانەکە و پێم وت تا دوایین پلە بە پەیژەکەدا سەربکەوێ. ئەو کاتەش هەر بەهار بوو و گیاکان هێشتا کورت بوون. من لەبەر ئەوەی پێویستم بە هەیەجان بوو ئەو کارەم کردبوو، لە ڕووی مەیل بۆ ئەوەی شتێک ڕوو بدات کە من بتوانم لە بارەیەوە قسە بکەم. لێرد چاکەتێکی زلەی چوارخانەی سپی و قاوەیی لەبەر کردبوو کە بە جلەکانی پێشووی من دروستکرابوو. ئەو هەروا کە من وتم، تا دوایین پلە سەرکەوت و هەر لەوێ دانیشت.

ئاڵفەکان بە مەودایەکی زۆر لەو، لەملاترەوە بوون،

تەختی هەمارەکە و چەند مەکینەی کۆنیش لەولاترەوە.
بە هاوارهاوار بەرەو باوکم ڕامکرد و وتم: «لێرد لەوێ لەسەر دوایین پلەکەیە.» باوکم و دایکم هاتن، باوکم لە پەیژەکەوە سەرکەوت و هەروا کە بە هێمنی قسەی بۆ دەکرد، لێردی خستە بندەستی و هێنایە خوارەوە، بەڵام دایکم پاڵی دا بە پەیژەکەوە و دەستی کردە گریان. ئەوان پێیان وتم: «بۆچی ئاگات لێی نەبوو؟» بەڵام هەرگیز هیچکەس بە ڕاستییەکەی نەزانی. لێرد هێشتا ئەوەندەی نەدەئاوزا کە بۆیان بگێڕێتەوە، بەڵام لەو ڕۆژە بە دواوە، من هەر کاتێک چاوم بەو چاکەتە چوارخانە سپی و قاوەییە ئەکەوت کە لەناو گەنجەکەدا هەڵواسرابوو یان لە بنی بوخچەی جلە کۆنەکاندا بوو (ئەو شوێنەی کە سەرەنجام بوو بە نسیبی) هەستم ئەکرد شتێکی قورس بەسەر دڵمەوەیە، وەک خەمێک لەبەر گوناهێکی لەبیرنەکراو.
سەیری لێردم کرد کە تەنانەت ئەو ڕووداوەی لەبیر نەبوو و حەزم لەو ڕوخسارەی نەکرد کە لە تاو سەرما ڕەنگی پەڕیبوو. حاڵەتی ڕوخساری لە ترساو یان عاجز نەئەچوو، کەمێک لەناو بیرەبیرەدا بوو. بە پێچەوانەی هەمیشە و بە ئاوازێکی دۆستانەوە وتم:
«خۆ هیچ ناڵێی بەوان، وایە؟»
بە بێحەواسی جوابی دایەوە:
«نە.»
«بەڵێن ئەدەی؟»
«بەڵێن ئەدەم.»





دەستم گرت کە بردبوویە پشت سەریەوە و سەیریم کرد کە دڵنیا بم پەنجەکانی وەک هێمای درۆکردن نەخستووەتە سەریەک. لە هەرحاڵدا، لەوانەبوو لێرد تووشی کابووس ببێ، یانێ هەندێ جار شتی وا ڕوو دەدا. بیرم کردەوە کە باشتر وایە هەوڵ بدەم هەموو بیر و کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوە لە سەری بکەمە دەرەوە، هەرچەند بە ڕای من ئەو لە تەمەنێکدا نەبوو کە بتوانێ کۆمەڵێک شتی جۆربەجۆر هاوکات لە سەریدا ڕابگرێ.

من نەختێک پارەم پاشەکەوت کردبوو و پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، لەگەڵ هاوڕێکەم "جودی کێنڤا" چووین بۆ شارۆچکەی جوبەیلی و شانۆگەرییەکمان بینی کە هەردووکمان زۆر پێکەنیین و دوایی وامزانی هەموو شتێک ڕێکوپێک و ئاسایی دەبێ.

دوو هەفتە دواتر زانیم کە فلۆراش ئەکوژن، یانێ من لە شەوی پێشترەوە زانیم، لە هەمان ساتەوە کە گوێم لێبوو دایکم لە باوکمی پرسی ئایا بە ڕادەی پێویست ئالفمان هەیە؟ و باوکم لە وەڵامیدا وتی: «لە سبەینێوە تەنیا مانگامان دەبێ و ئەویش لە هەفتەیەکی ترەوە هەوا گەرم دەبێت و ئەتوانین مانگاکەش ببەین بۆ دەشت کە بلەوەڕێ.» ئیتر تێگەیشتم کە بەیانیی ڕۆژی دواتر نۆرەی فلۆرایە.

ئەمجارە نەمدەویست ئەو دیمەنە ببینم. ئەم شتانە تەنیا جارێک بۆ بینین دەشێن. لە ڕۆژی کوژرانی مەک بەملاوە، زۆر بیرم لەو شتە نەکردبووەوە، بەڵام هەندێ جار کە خەریکی وانەی قوتابخانە بووم یان کاتێک کە لە بەردەم ئاوێنەدا دەوەستام و قژم دادەهێنا و بیرم لەوە ئەکردەوە کە ئاخۆ کاتێک گەورە بم، جوان ئەبم یان نە، لەناکاو هەموو ئەو دیمەنە وەک برووسکە ئەیدا لە مێشکم: ئەمبینی کە باوکم چۆن بە سانایی و بە ئەزموونەوە تفەنگەکەی بەرز ئەکاتەوە و چۆن هینری کاتێک کە مەک قاچەکانی لە هەوادا دەجووڵێنێ، پێدەکەنێ. بە پێچەوانەی منداڵانی شار، من هێندە تووشی هەستی ترسان و دژایەتیکردن نەدەبووم، یانێ من زیاد لە پێویست مردنی ئاژەڵان وەک زەروورەتێکی ژیان -ئەو جۆرە ژیانەی کە ئێمە هەمانبوو- لام ئاسایی بوو. بەم حاڵەوە کەمێک شەرمەزار بووم و لە شێوەی بیرکردنەوەمدا سەبارەت بە باوکم و کارەکانی، جۆرێک لە وریایی و جۆرێک لە هەستی بێزاری بەدی هاتبوو.

ڕۆژێکی ڕووناکبوو و ئێمە لە حەوشی ماڵەکەدا خەریکی کۆکردنەوەی ئەو چڵ و لقانە بووین کە باهۆزەکانی زستان شکاندبوونی. ئەمە کارێک بوو کە پێمان وترابوو ئەنجامی بدەین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە ئەمانویست بە کەڵکوەرگرتن لەو لقانە، خێمەیەک لە شێوازی سوورپێستەکان دروست بکەین بۆ خۆمان.

ئێمە دەنگی حیلەی فلۆرامان بیست و پاشان دەنگی باوکم و هاواری هینری و ڕامانکردە خوارەوە و چووین بەرەو هەمارەکە بزانین چ باسە.

دەرگای تەویلەکە کرابووەوە. هینری تازە فلۆرای هێنابووە دەرێ، بەڵام لە دەستی هەڵاتبوو. فلۆرا بە ئازادی لە حەوشەی دەوری هەمارەکەدا، لەملا بۆ ئەولا تاوی دەدا.

ئێمە هەڵزناین بە حەسارەکەدا و بە هەیەجانەوە بۆمان دەڕوانی کە غاری دەکرد و بە حیلەحیل بەسەر قاچەکانیەوە بەرز دەبووەوە، جووتەی دەخست و وەک ئەسپی فیلمە کابۆییەکان، هەڕەشەی ئەکرد. فلۆرا وەک ئەسپێکی کێوی و دەستەمۆنەکراوی ناو مەزرایەکی

ئاژەڵان وابوو، گەرچی ئەو تەنیا ماینێکی سواریی پیر بوو، ماینێکی زەرد. باوکم و هینری بە دوای فلورادا ڕایانکرد و هەوڵیان دا هەوسارەکەی بگرن، بەنیاز بوون ڕایکێشن بۆ سووچێک و تا ڕەددەیەکیش سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەو بەو چاوە وەحشییانەیەوە، لە نێوان هەردووکیانەوە ڕایکرد و لە پشت هەماری دەغڵەکەوە ونبوو. ئێمە دەنگی تەقەی کۆڵەکە دارینەکەمان بیست کاتێک فلۆرا بەسەر حەسارەکەدا بازی دا و هینری هاواری کرد: «ئەوە ئێستە لەناو کێڵگەکەدایە.»

ئەمەش بەو واتایە بوو کە فلۆرا لە کێڵگە درێژ و ئێڵییەکەدا (وەک پیتیL) بوو کە بە لای ڕووبارەکەدا تێدەپەڕی و ئەگەر بگەیشتایەتە ناوەڕاستی کێڵگەکە کە نزیکی جادە بوو، دەیتوانی ڕابکات و لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆ بەیانی ماشینە بارهەڵگرەکە لە کێڵگەکەدا بوو، دەروازەکە کراوەبوو. باوکم ڕوو لە من هاواری کرد: «برۆ دەروازەکە دابخە.»

من زۆر فرز و وریا بووم. بە ناو باخچەکەدا ڕامکرد و لە تەنیشت ئەو درەختەوە کە جۆلانێمان پێدا هەڵخستبوو، تێپەڕیم و بەسەر چاڵە ئاوێکدا بازم دا و گەیشتمە جادەکە. دەروازەکە کراوەبوو، بەڵام فلۆرا هێشتا نەچووبووە دەرەوە، لە جادەکەشدا نەبوو و دەبوو بەرەو ئەو سەری کێڵگەکە چووبێ. دەروازەکە زۆر قورسبوو. زۆر بە زەحمەت لەناو قوڕەکە دەرمهێنا و بەرزم کردەوە و بەرەو ئەوبەری جادەکە بردم.

هێشتا دەروازەکەم تەواو دانەخستبوو کە فلۆرام بینی بە غار بەرەو من دێت. لێرد هات یارمەتیم بدات کە بە سەردا کەوتە ناو چاڵە ئاوەکە. من تەنیا مابوو زرێکەی دابخەم، بەڵام لەباتی ئەوەی دەروازەکە دابخەم، یەکسەر کردمەوە. ئەوەی ڕاستی بێ بڕیارم وانەبوو دەروازەکە بکەمەوە، کەچی ئەو کارەم کرد. فلۆرا هیچ لە خێراییەکەی کەم نەکردەوە و بە تاو بە لامدا تێپەڕی و لێرد، تەنانەت کاتێک کە تازە زۆر درەنگ بوو هەڵبەزودابەزی ئەکرد و هاواری کرد: «دایخە! دایخە!»

باوکم و هینری دوای ئەوەی کار لە کار ترازابوو، گەیشتن و فلۆرایان بینی کە بەرەو ئەو جادەی بۆ شار دەچوو، غاری دەدا. ئەوان وایانزانی من نەمتوانیوە زوو خۆم بگەیەنمە دەروازەکە و دایخەم.

باوکم و هینری بێئەوەی کات بکوژن، دەستیان کرد بە پرسیارکردن و دوایی چوون بۆ هەمارەکە، تفەنگەکەیان هەڵگرت و چەقۆی پێویستیان خستە ناو بارهەڵگرەوە و ماشینەکەیان سەروتا پێکرد و بەرەو ئێمە هاتن. لێرد هاواری کرد: «بێڵن با منیش بێم، با منیش بێم!» هینری ماشینەکەی وەستاند و ئەویان سوار کرد. پاش ئەوەی ئەوان ڕۆیشتن دەروازەکەم داخست.

وامزانی لێرد ڕاستییەکەیان بۆ ئەگێڕێتەوە و بیرم لەوە ئەکردەوە کە چیم بەسەر دێت.

من هەرگیز سەرپێچیم لە قسەی باوکم نەکردبوو و نەمدەتوانی تێبگەم بۆچی ئەو کارەم کردبوو. فلۆرا نەیدەتوانی بە سەلامەت دەربچێ. ئەوان بە ماشینەکەوە پێی دەگەیشتن و ئەگەر ئەم بەیانییەش نەکرایە، بێگومان هەر کەسێک پەیدا دەبوو و پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ یان سبەی بەیانی تەلەفونی بۆ ئەکردین. لەم ناوچەیەدا هیچ شوێنێکی کێویلەی لێنەبوو بۆ فلۆرا و ئێمە بۆ گوزەرانی ژیانمان پێویستمان بە گۆشتەکەی بوو بۆ ڕێوییەکان. تەنیا کارێک من کردبووم ئەوە بوو زەحمەتێکی زیاترم بۆ باوکم دروستکردبوو کە خۆی کەم گیرۆدە نەبوو. ئەگەر باوکم بەمەی بزانیایە، ئیتر هەرگیز متمانەی پێ نەئەکردم، چونکە ئەیزانی من بە تەواوی لەگەڵی نەبووم، بەڵکو لایەنی فلۆرام گرتووە و هەر ئەم بابەتە منی ئەکرد بە کەسێکی بێکەڵک، من تەنانەت



بۆ فلۆراش کەڵکم نەبوو. لە لایەکی ترەوە پەشیمانیش نەبووم لەو کارەی کردبووم، چونکە کاتێک فلۆرا بە غار بەرەو من دەهات، تەنیا کارێک کە ئەمتوانی بیکەم ئەوە بوو دەروازەکە بکەمەوە.

هاتمەوە بۆ ماڵەوە. دایکم وتی: «ئەو دەنگ و هەرایە بۆچی بوو؟» وتم فلۆرا بە لەقە حەسارەکەی ڕوخاندووە و ڕایکردووە. وتی: «باوکی داماوت ئێستە ئەبێ هەموو ناوچەکە بەدوایدا بگەڕێ، کەوابێ سوودی نییە خەریکی نان و چێشتی ئێوارە بم.» مێزی ئوتووەکەی هێنا. ئەمویست شتەکەی بۆ باس بکەم، بەڵام بە باشم زانی هیچ نەڵێم و چووم بۆ نهۆمی سەرەوە و لەسەر چرپاکەم دانیشتم.

لەم دواییەدا بەنیازبووم بەشەکەی خۆم لە ژووری نوستنەکە برازێنمەوە، وەک دانانی پەردەیەکی تۆڕی لەسەر چرپاکەم یان دروستکردنی مێزێکی ئارایش یان دروونی تەنوورەیەک بە سەرەپارچەی کەتانی پڕ لە نەقشونیگار. بڕیارم وابوو بە شتێک نێوان چرپاکەی خۆم و لێرد جیا بکەمەوە.

لەبەر تیشکی هەتاودا، ئەو تۆڕەی کە دابووم بەسەر چرپاکەمدا، وەک پەڕۆیەکی تەپوتۆزاوی دەهاتە بەرچاو.

ئێمە ئیتر شەوانە گۆرانیمان نەئەوت. شەوێکیان کاتێک گۆرانیم ئەوت لێرد وتی: «تۆ وەک گەمژە دێیتە بەرچاو.» من بەبێ سەرنجدان بە قسەکەی ئەو هەروا درێژەم بە گۆرانییەکە دا، بەڵام شەوی دواتر ئیتر دەستم پێ نەکردەوە، ئیتر گۆرانیوتن پێویست نەبوو، چونکە ئێمە ئیتر نەئەترساین و ئەمانزانی کە ئەو شتانە، تەنیا شتە کۆنەکانی ماڵەکە بوون، شیرزییەک، پەشۆکانێک. ئێمە ئیتر تەنانەت یاساکانیشمان ڕەچاو نەئەکرد، هەرچەند من هێشتا دوای ئەوەی لێرد خەوی لێئەکەوت، چیرۆکم بۆ خۆم ئەگێڕایەوە، بەڵام تەنانەت لەو چیرۆکانەشدا شتی جیاواز ڕووی ئەدا: گۆڕانکارییەکی سەیر و پڕ لە نهێنی! هەڵبەت چیرۆکەکانم هێشتا بەو شێوازەی کۆن، واتە بە بارودۆخێکی پڕمەترسی و سەرنجڕاکێش، بە ئاگرکەوتنەوەیەک یان بە ئاژەڵی دڕندە دەستیان پێئەکرد و بۆ ماوەیەک، من مرۆڤەکانم ڕزگار ئەکرد، بەڵام لەناکاو شتەکان ئەگۆڕان و ئەوسا کەسێکی تر منی ڕزگار ئەکرد و ئەو کەسە، ئەکرا یەکێک لە کوڕانی پۆلەکەمان یان مامۆستاکەمان "بەڕێز کەمبێڵ" بێ کە ژێرباڵی کچەکانی ختووکە ئەدا و لەم کاتەدا، سەرنجی چیرۆکەکە بە تێروتەسەلی ئەچووە سەر ئەوەی کە من چۆن دێمە بەرچاو، قژم چەندە درێژە و چ جلێکم لە بەردایە و کاتێک بەم وردەکارییانەوە خەریک ئەبووم، ئیتر هەیەجانی ڕاستەقینەی چیرۆکەکە ونبووبوو.

لە تۆی شەو لایدابوو کە ماشینە بارهەڵگرەکە گەڕایەوە. بە چادرێک سەر گەڵابەکەی داپۆشرابوو و ئەوە بەو مانایە بوو کە گەڵابەکە گۆشتی تێدایە. دایکم ناچار بوو دووبارە چێشتەکە گەرم بکاتەوە. باوکم و هینری جلە خوێناوییەکانیان گۆڕیبوو و جلی ئاسایی کاری ناو هەماریان لەبەربوو و دەست و دەموچاو و ملیان شۆردبوو و ئاویان پرژاندبوو لە قژیان و شانەیان کردبوو. لێرد باسکی بەرز کردەوە و هێڵێکی خوێنی پیشان دا و وتی: «ئێمە فلۆرای پیرمان کوشت و کردمان بە پەنجا پارچەوە.»

دایکم وتی: «باشە دەی حەز ناکەم هیچ لەم بارەوە ببیستم. بەم شێوەیەش لەسەر مێزەکەی من دامەنیشە.»

باوکم لێردی ناچار کرد بچێت و خوێنەکە لە باسکی بشۆرێت.

دانیشتین. باوکم دوعای خوێند و هینری بنێشتەکەی لکاند بە نووکی چەتاڵەکەیەوە. ئەمە خووی هەمیشەی بوو و کاتێک دووبارە بنێشتەکەی هەڵدەگرتەوە، چاوەڕێی دەکرد ئێمە ئەو کارەیمان پێ خۆشبێ. ئێمە دەست بە دەست دەفری هەڵماویی تەڕەکاڵە کوڵاوەکەمان ئەدا بە یەکتر کە زیاد لە پێویست کوڵابوون. لێرد لەوسەری مێزەکەوە سەیری منی کرد و بە غرووڕەوە وتی: «بە هەرحاڵ خەتای ئەو بوو فلۆرا ڕایکرد.»

باوکم پرسیی: «چی؟»

«ئەیتوانی دەروازەکە دابخات، بەڵام کردیەوە تا فلۆرا ڕابکات.»

باوکم پرسیی: «بە ڕاستی وایە؟»

هەموو ئەوانەی لەسەر مێزەکە دانیشتبوون بۆ منیان ڕوانی. من هاوکات کە بە زەحمەت خواردنەکەم قووت ئەدا، بە نیشانەی ئەرێ سەرم لەقاند و لە شەرمان، چاوم پڕبوو لە فرمێسک.

باوکم بە دەنگێک کە نیشانەی بێزاری بوو پرسیی: «بۆچی کاری وات کرد؟»

وەڵامم نەدایەوە. چەتاڵەکەم لەسەر مێزەکە دانا. هێشتا سەرم داخستبوو و چاوەڕێ بووم بە نیشانەی تەمبێکردن بنێردرێم بۆ ژوورەکەم، بەڵام ئەو شتە ڕووی نەدا. بۆ ماوەیەک کەس هیچی نەوت، پاشان لێرد وتی: «خەریکە دەگری.»

باوکم وتی: «قەیناکا.» ئەو بە ئاوازێکی پڕ لە تەسلیم، تەنانەت بە ئاوازێکی پڕ لە شۆخی و گاڵتە قسەی کرد، بە وشەگەلێک کە منی بۆ هەمیشە لە خەتا و تاوان پاککردەوە. وتی: «ئەو بەس کچێکە!»

من تەنانەت لە دڵیشەوە دژایەتیی ئەو قسەیەم نەکرد. ڕەنگە ڕاست بوو.

## پەراوێزەکان:


١ ـ شەڕی کەریمە ـ ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٥٤

٢ ـ دەنی بۆی Danny Boy قەسیدەیەکە لە نووسینی سترانووسی بەریتانی Fredric Weatherly. ئەم گۆرانییە پێوەندیی بە کۆمەڵگەی ئیرلەندییەکانەوە هەیە:

«ئاه دەنی بۆی، شەیپوورەکان، شەیپوورەکان بانگت دەکەن
دۆڵ بە دۆڵ و لە داوێنی چیاکاندا
هاوین تێپەڕی و هەموو گوڵەکان لە گیانەڵادان
تۆ دەبوو بچیت و من چاوەڕێت دەمێنمەوە
بەڵام وەرەوە ئەوکاتەی هاوین دەگەڕێتەوە بۆ مێرگ
یان ئەوکاتەی کە دۆڵ خامۆش و سپییە لە بەفر
من لێرە، لە بەرهەتاو یان لە سێبەردا دەبم
ئاه دەنی بۆی، دەنی بۆی، تۆم خۆشدەوێ و
ئەگەر تۆ بێیت و ئەگەر هەموو گوڵەکان مردبن و
ئەگەر من مردبم، کە لەوانەیە مردبم،
ئاواتەخوازم ئەو شوێنە بدۆزیتەوە کە من لەوێ سرەوتووم
چۆک دابدەیت و دوعای مریەمم بەسەردا بخوێنی و
من بەسەر سەرمەوە دەیبیستم دەنگی ئارامی هەنگاوت و
مەزارەکەم گەرم و دڵڕفێن دەبێ و
پاشان تۆ چۆک دادەیت و بە چرپە پێم دەڵێی
منت خۆش ئەوێ و
من لە ئارامیدا دەنووم تا ئەوکاتەی تۆ بێیت بۆ لام
ئاه دەنی بۆی، دەنی بۆی، تۆم خۆشدەوێ.»

٣ ـ ویلیامی دووهەم

٤ ـ هەر فووتێک ٣٠ سانتیمەتر و نیوە.



# چەند دێڕێك دەربارەی چیرۆكی كوڕان و كچان

**سیامەک شاهروودی**

خانمی مۆنرۆی هەشتا ساڵان هەرچۆن خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا وتبووی، هۆگرییەکی تایبەتی هەیە بۆ وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندیی نێوان دایکان و کچان. ئەو وەک نووسەرێکی ژن ویستوویەتی دونیای کچانی گەنجبکاتەوە و پەردە لەسەر هەستەکانیان لابدات، کاریگەریی دەوروبەر و خێزان و بە گشتی سوننەت و دابونەریتە باوەکان لەسەر کچان بخاتە ڕوو و کاراکتەرەکانی خۆی وەک ئافرەتی دیل، بەرەو ئازادی هانبدات و دڵەڕاوکێی زەینیی کچانی گەنج سەبارەت بە دروست یان هەڵەبوونی هەستی ئازادیخوازانە و خۆتەوەریی خۆیان شی بکاتەوە؛ وەک ئەو کارەی لەم چیرۆکەدا زۆر بە باشی پیشانی داوە. مۆنرۆ تەنیا شتەکان دەخاتە ڕوو، خۆی داوەریيان لەسەر ناکات.

لەم چیرۆکەی مۆنرۆدا هەموان بێتاوانن. باوکی خێزانەکە بەو کارە توندوتیژ و ڕەقەوە کە هەیەتی، دایک کە دەوری ژنێکی سونەتیی بە تەواوی قبوڵکردووە و ئەیەوێ کچەکەشی بخاتە بەردەستی خۆی و وەک ژن ڕایبێنێ، کوڕێکی بچووک کە خەریکە بە هەمان شێوازی باوکی پەروەردە ئەکرێت بۆ ئەوەی ببێت بە پیاو.

بەڵام کچەکە کە لە مەزرای ماڵی باوکیدا (لەبەر بچووکبوونی براکەی) ناچار بووە بە ئەنجامدانی کاری تا ڕاددەیەک دژوار و پیاوانە و دایەگەورە لە هەندێ هەڵسوکەوت کە شیاوی کچان نییە، مەنعی دەکات و لە هەمان حاڵدا کە مێشکی بە خەون و خولیای کوڕانەوە خەریککردووە، بە هۆی هەندێ لە ڕەفتارەکانیەوە هەست بە تاوان دەکات. تا گەورە دەبێت خەونەکانیشی کچانەتر دەبنەوە و لە کۆتاییدا وادیارە خودی کچەکە بەرەبەرە دەوری خۆی وەک کچێک قبوڵ دەکات. لەوێدا کە لە ئەنجامدانی ئەرکە پیاوانەکانیدا سستیی نواندووە کەچی وەک کوڕێک، لە لایەن باوکیەوە لۆمە و تەمبێ ناکرێت:

... باوکم وتی: «قەیناکا.» ئەو بە ئاوازێکی پڕ لە تەسلیم، تەنانەت بە ئاوازێکی پڕ لە شۆخی و گاڵتەوە قسەی کرد، بە وشەگەلێک کە منی بۆ هەمیشە لە خەتا و تاوان پاککردەوە. وتی: «ئەو بەس کچێکە!»...


ئەلیس مۆنرۆ دەڵێ: ئازادی بۆ هەموان باشترین ڕێگەچارە نییە!

لێرەدایە کە لەم چیرۆکەدا ئەم بابەتە دەبینین. ئایا بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانیی ماف و سەربەخۆیی ژنان، لە هەر بارودۆخێکدا لە کۆتاییدا بە سوودی



ئەلیس مۆنرۆ





ئەوان دەبێ یان بە زیانیان؟ ئایا بە ئازاد و سەربەخۆبوون، کۆمەڵێک ئەرکی قورس قورس ناخرێتە ئەستۆیانەوە؟ ئایا چاوەڕوانییەکان لەوان زیاتر نابێت؟ ئایا ئەتوانن لە ئەستۆی ئەوانە بێن؟ هەر بە تاقیکردنەوەکەی دەژی؟ داوەریکردن لەسەر ئەم بابەتانە لە ئەستۆی خوێنەر و بەردەنگدایە. نیچە هەمیشە ئازادیی ژنانی بە پێچەوانەی سروشتی ئەوان دەزانی، بەڵام بوێری بۆ ئەم هەڵبژاردنە و ئاست و چوارچێوەکەی لە ئەستۆی خودی ئافرەتدایە. سەیرکەن ئاستی بوێری و پرکێشیی کچی ناو ئەم چیرۆکە لە چ ئاستێکدایە:

...«بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر بڕۆین بۆ هەمارەکە و درزێکی گەورە یان کونێک بدۆزینەوە کە بکرێ لەوێوە سەیری دەرەوە بکەین، ئەتوانین ئەوان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەدا [کوشتنی ئەسپەکان] ببینین، هەڵبەت من حەزم لە بینینی شتی وا نەبوو، بەڵام ئەگەر شتێک بە ڕاستی ڕوو ئەدات، باشتر وایە مرۆڤ بیبینێ و بیزانێ.»...

هاوکات هەم پرکێشی و هەم ترس لە ناخی کچەکەدایە. لە شوێنێکدا کچبوون بە سوودی دەشکێتەوە و لە شوێنێکی تردا دەبێ باجی ڕەگەزەکەی بدات کە بە هەڵبژاردنی خۆی نەبووە. پێم وایە جۆرێک دڵڕەقیی مەعسوومانە لەم چیرۆکەی مۆنرۆدایە:
ژنبوون دژوارە.




مۆنرۆ لە منداڵیدا

**بریا کاکەسووری**

**هێندێ برین لە ژیندا هەن، وەکو خۆرە لە بێدەنگی و تەنیاییدا، هێورهێور ڕۆح دەخۆن و دایدەتاشن.**
**سادق هیدایەت**

چەند شەو و ڕۆژە خەو نەچووەتە چاوم. هەر لەبەر ئەوە زات ناکەم بچمە بەر ئاوێنەکە، دەزانم چاوم ماسیون و وەک گۆمی خوێنیان لێ هاتووە.
ئێستاکە شەو بە ئێشتیا زرینگاوەتەوە؛ دەفتەرێک کە هێنابووم ماڵاوایی یەکجاریی تیا بنووسم، لەبەر دەستمدایە و تەواویم شپرێو و ئاڵۆز کردووە. کۆمەڵێ



شتی جۆراوجۆرم تێدا نووسیوە و دواییش بە پێنووسەکە هێندەم لێ خشاندووە، ڕەش داگەڕاوە، تەنانەت دێڕێکی ناخوێندرێتەوە. نازانم پێم وایە لە ڕۆیشتن و ماڵاوایی یەکجاری دەترسێم. وەکو زۆربەی شەوەکانی دی دەنگیان دێ. زۆر جاریش حیلکوهۆڕ پێدەکەنن. ئەمشەویش وەک ترێ بۆ شەڕاب بفلیقێنییەوە ئاوا دڵم دەگوشن و هەناسەیان لێ چنیوم. ئاخ...! چ عومرێکی دوورودرێژە ئەو پێکەنین و قسەکردنە خەو لە چاوم دەتارێنێ. برێک گوێ هەڵدەخەم، بەڵام هیچم بۆ ناچێتەوە سەریەک. چ ئازارێکی گەورەیە! پەتێک و برێک دەواودەرمان و خرتوپرتی‌کە و کێردێکی تیژ کە بۆ یەکجاریکردنی خۆم سەردەمێک لەوەپێش کۆم کردوونەوە بە دیوەکەدا بڵاو بوونەتەوە و هەریەک لە لایەکەوە بانگم دەکەن. بە هیوام ئەمشەو لەم تاریکەسەڵاتی ژینە تاڵە تێپەڕێم و لە سنووری مەرگەوە خۆ دەربازکەم. بڕیاری یەکجاریم بە خۆم داوە نەیخەمە بەیانی. ئیتر گەڕانەوە و خۆفریودان کەڵکی نییە. دەزانم بە سەدان گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ، کەلێنێکی ئەم ژینە تاریکە ڕووناک ناکەن. بنمیچی دیوەکە داروەدەستەکی نییە پەتەکەی پێداکەم و خۆم هەڵواسم. دەرمانەکانیش باش ناناسم، ئەوەی ڕاست بێ لێیان دڵنیا نیم؛ دەترسم کاریگەر نەبن و بە گێژوئیفلیجی بمێنمەوە و ئەوجار... کێردەکەم لە هەموویان پێ باشترە. هەڵی

دەگرم و لەسەر شادەمارەکەی مەچەکەم رایدەگرم. برێک بیر دەکەمەوە "ئیتر گەڕانەوە بێکەڵکە. ژیانی پڕ لە ژان دەرەتانی لێ بڕیوم. تەنیا مردنە دەتوانێ ڕزگارم کات." پیاڵەیەک دێنم و لە ژێر مەچەکمدا دایدەنێم کە خوێنەکەی بڕژێتە ناو. ئاخر گەرەکمە کە پڕ بوو دیسان بیخۆمەوە تا بتوانم چەند ساتێکی تر بە خواردنەوەی خوێنی خۆم بژیم. تازەم زانیوە مرۆڤ بۆ مان، تەنیا بۆ مان، تەنانەت مانێکی ئاوا پەستیش، کڵاو لەسەر خۆشی دەکا و بە هەزار فێڵوتەڵەکە خۆی لە مەرگ دەشارێتەوە. نازانم بۆچی مرۆڤ هێندە لە مەرگ دەترسێ. چاو دەقووچێنم و ڕەگەکە دەبڕم. چوار دڵۆپ خوێنی سوور دەتکێتە نێو پیاڵەکەوە و وشکایی دێ. بە دوای ئەودا زمانێکی ڕەش و باریک و دووفلیقانەیی مارێک چەند جار دەروژوور دەکا و مارێک بە هێمنی دێتە دەرێ. بە ئەسپایی بە سەر دەفتەرەکەدا خزە دەکا، بە بن درگەکەدا دەچێتە ئەودیو. بە تەمام کۆتایی بێ، بەڵام دەڵێی گوریسەکەی ججاڵە، هەر دێت و پێچ دەخوا و بە هێمنی بە بن درگەکەدا دەڕواتە دەرێ. ترس تەکانم لێ دەبڕێ. ئەوانیش سرتوخورتیان نایە. لەوە دەچێ لە باوەشی گەرمییەکدا خەویان لێکەوتبێ. زۆری پێناچێ زریکەی "ئازیزە"م دێتە گوێ: ئای مەمکم! ئای هاوار مردم...!

ئێش بە جەرگودڵم دەگا. بە سەر تەواوی ئەوانەدا بۆ ئەو دەژیام و بۆ ئەو دەمردم. بە قینوقارێکی زۆرەوە گازێک لە مارەکە دەگرم و دەیقرتێنم. دەمەوێ بە هاواریەوە بچم. بەڵام هەرچی لێکی دەدەمەوە وەک جارەکانی دیکەی لێ دەهات کە پێکەوە کایە و کلکەقنەیان دەکرد، جاری وا بوو دەیزیقاند، جاری واش بوو دەیقیژاند. دەمزانی بە تەنیا نییە و ئەوی لەگەڵە بەڵام دڵخۆشی خۆم دەداوە دەمکوت بەشکم دڵی نەرم بێ و جارێک لە جاران بە پێکەنینەوە درگەکەم لێ بکاتەوە و قسەم لەگەڵ بکات. زۆر بە هێمنی لە درگەکەم دەدا. بە تووڕەییەوە هاواری دەکرد: کێیە؟

سوور سوور دەیزانی ئەمنم. تەواوی گیانم دەکەوتە سەر ئاو، دەلەرزیم و بە لاڵەپەتەیی دەمکوت: ئازیزەخان وەمزانی لە خەونی ناخۆش راچەنیوی، کوتم نەکا خوانەخواستە ترسابێتی.


درگەکەی دەکردەوە و یەک بە ماڵەکە دەیزیقاند: تۆ وەیشوومەی! تۆ شەختەی بەهاری خەونی سەوز و خۆشی منی! بۆ ناهێڵی تاوێک بە ئاسوودەیی بنووم. بەم نیوەشەوە چت لە گیانی من دەوێ؟ چاو لێک دەنیم دێیە خەونم و دەست دەنێیە بینەقاقام!

خۆم بۆ ناو دیوەکە دەدزییەوە و لە ترسان خێرا درگەکەم لە سەر خۆم دادەخست؛ هێشتا لە درگەکە جیا نەدەبوومەوە، قاقا پێم پێدەکەنین.


وڵات لە دوایی بێدەنگتر بووە. تەنانەت سریوە لە زەوی نایە. ئەویش وەکو لۆکەت لە زار ئاخنیبێت بێدەنگ بووە.

مارەکە لە قرتاوەکەدا بووەتە سەرێکی دیکە. پاش چەند جار سەربەرزونەویکردن و زماندەرکێشان، دەچێتە ناو زارمەوە. لە حەیبەتان وەختە گیانم دەرچێ. بە ئیشتیا ەەست دەکەم بۆ کەللەسەرم هەڵدەگەڕێ. بە قەدرایی چەند گوریس هەر پێچ دەخوا و دەچێتە ژووریٚ. خۆم بڕوا ناکەم مارێکی دووسەرم قووت داوە، تەنانەت بە درێژایی تەمەنم قەتم ماری دووسەر نەدیوە. بۆ تاوێک هێزم نییە هەستم. شەبەقی بەیان لە پەنجەرەکەوە دیارە. لە دەروژوور سریوە نایە. هێندە بێدەنگییەکی ئازاراوییە دەڵێی دنیا لە تەرکەندە ئاوەدان نەبووە. هەڵدەستم و تەماشایەکی دیوەکەی ئەوان دەکەم. موچورکێک لە تەوقی سەرمەوە دێ و لەبەری پێمەوە دەردەچێ. هەست دەکەم هەموو ئاژاوە و پیلانەکانی دنیا لەوێ مڵاس بوون. بە گیانێکی پڕ لە ترسوخۆفەوە بە ئەسپایی لە درگەکە دەدەم، بەڵام دەنگ نییە. دێم بیکەمەوە، دیارە بە کلیل دایانخستووە. لەوانەیە لە ناو کڵپەی ترسوسامدا بتوێمەوە. بۆ ئەوەی لە دەس ئەو بێدەنگییە رزگار بم، درگەکە دەدەمە بەر پێلاقە، بەڵام دەڵێی ئەوان ساڵەهایە لەودیوە ڕۆیشتوون. یەک دوو سەرین دێنم و لە شووشەی سەر درگەکەوە دەڕوانمە ناوەوە؛ لە پێش هەموو شتێکدا مەمکە سپی و توندەکانی دەبینم کە بە قەد تەلیسێک ماسیون. گۆپکەی مەمکەکانی سوور هەڵگەڕاون، دەڵێی مارەکە مژیویەتی. بۆ تاوێک گێژوویژ دەبم. دێم بێمە خوارێ و هاوار بۆ دەروجیران بەرم؛ لەو کاتەدا چاوم بە مەیتەکەی ئەو دەکەوێ کە لە سەر پەنجەرەکەیە و لاقەکانی بەمدیودا و لە پشتوێنە بەرەوخوارێشی بە دیوی کۆڵاندا کەوتووە. پیاو لە ڕێوە بۆی دەردەکەوێ لە کاتی هەڵاتندا وای لێ هاتووە. دەمودەست شایی لە دڵم دەگەڕێ. بە هەڵاتن دێمە خوارێ و هەڵدێمە ژێر پەنجەرەکەی کۆڵان. وڵات رووناک بووە. بە شادی دێمە ژێر مەیتەکە.

وەکو داوەڵێکی بێگیان بە دیوارەکەدا شۆڕ بووەتەوە و دەستەکانی تەواو وەک دوو پەتکی نەرم بەرەو خوار داکشاون. سەری تەواو بە قەد تەلیسێک ماسیوە. لێوەکانی بە قەدرایی بەرەدەستێک گەورە بوونەتەوە و وەکو هەنار سوور هەڵگەڕاون. جوان دیارە مارەکە مژیویەتی. لە خۆشییان شاگەشکە دەبم. ئەمسەروسەرێکی کۆڵانەکە دەکەم؛ خۆم قەت ئەوەندە بە هێز نەدیبوو. زۆری پێناچێ خەڵکی گەڕەک و دەوروبەرم هەموو لێ خڕ دەبێتەوە. زۆر بە سەیرەوە چاوێک لە من دەکەن و دەڕوانن ئەو. لەو ناوەدا جیرانەکانم زۆر بە گاڵتەوە چاوم لێ دەکەن، هەرچی دەکەم لە ژێر نیگای پڕ لە تەوسوتوانجی ئەواندا ناتوانم خۆم بە هێز و توانا هەست پێ بکەم. دێم هاوار بکەم: خەڵکینە! ئەوە مەیتی ئەو مڵەوڕەیە کە عومرێکە



ئێوارێ بە ئەسپایی دەهاتە ماڵەکەی من و بەیانییش بە هێمنی دەچووە دەرێ. بەڵام نیگای ژەهراویی جیرانەکانم هێزوتوانایان لێ چنیبووم. سەر دادەخەم و بەرەو ژوورەکەم دزەی دەدەمێ.
دیسان لە شووشەی سەر درگەکەوە دەڕوانمە دیوەکە. مەمکەکانی بە قەد ڕەشکەکایەک گەورە بووەتەوە. زۆر حەز دەکەم لەشی ببینم، بەڵام نایەتە بەر چاوم. ویستم بێمە خوارێ و حەولێ بۆ هەڵگرتنی درگەکە بدەم. دیسان لاقەکانی ئەوم کەوتەوە بەر چاو. ئەمجار حەجمینم لێ هەڵدەگیرێ و بەرەو دەرێ هەڵدێم. دەمەوێ خۆم بە خەڵک بناسێنم. بو خۆناساندن پێویستم بە هاوارێکی بەرز و گەرووردڕێنە. کە دەگەمەوە لای حەشامەتەکە بە تێکڕایی ئاوڕ دەدەنەوە و دەست دەکەن بە سرتە سرت. هەموو بە تەوسەوە چاوێک لەو دەکەن، لە من دەڕوانن و پێکەنینیان دێ. بەڵام ئەمجار بێ ئەوەی بترسم دەچمە ناوەڕاستیان و رادەوەستم. دێم منیش وەکو ئەوان پێبکەنم، لە پڕ مارەکەم وەبیردێتەوە، یەکبەخۆم رادەچەنم. وەکو خەڵکەکە بە گاشەبەرد بە سەرما بدەن ئاوا گێژ دەبم. بە کاسووڕی دێمە دەرێ و بە هەڵاتن خۆ بە ژوورەکەدا دەکەمەوە. دەڵێم بەس نەبوو نەیانزانی کەللەسەرم چی تێدایە، دەنا سەریان پان دەکردمەوە. کێردەکە هەروا لەبەر دەستدایە. دەمەوێ دیسان لە مەچەکم یان لە ملمی نێمەوە، بەڵام لە ترسی مارەکە ناوێرم. بە دزییەوە ملەتاسکەیەک دەکەم بزانم بڵاوەیان نەکردووە، کەچی هێندە زۆر بوون کوڵانەکە نایکێشێ. ئەوەندەی لێیان دەڕوانم وەک هیچیان ناچم. ئەمجارە گیان پڕ لە گوڕوتین بەرەو لای ئەوان وەڕێ دەکەوم. بە شانەچرکێ خۆ دەگەیەنمە ژێر پەنجەرەکە. بە قووڵی سەرنجی دەدەم؛ لە خۆوە گاڵتەم پێی دێ. ئاوڕێک دەدەمەوە و دەست دەکەم بە پێکەنین. ئەوانیش بێسێودوو دەیدەن لە پرمەی پێکەنین. هەموو دەست دەکەین بە قاقاکێشان و وەکو کەو بۆیەک دەخوێنین. ئەوان بەوە گاڵتەیان بە من دێ کە خۆم لە دنیای ئەوان رزگار کردووە. پاش قاقاکێشانێکی زۆر، سەر هەڵدێنم کە تماشایەکی دی بکەمەوە، مەمکەکانی ئازیزە گەورە بوونەتەوە و لە پەنجەرەکەوە هاتوونەتە دەرێ و مەیتەکەی ئەویان داپۆشیوە و وەک بۆڵەترێ بە سەر ئێمەدا شۆڕ بوونەتەوە. ئەوان بە من پێدەکەنن و وەک تووتکەسەگ بە سەر یەکدا دەکێشن و مەمکەکانی ئەو دەمژن. من گاڵتەم پێیان دێ و جارلەگەڵجار بەرزتر پێیان پێدەکەنم. قاقا دەکێشم، هەر دێ و بێزیشم هەڵدەستێ و خەریکە هێڵنج دەدەم لە دوێنێی خۆم و لەمڕۆی ئەوان؛ چونکە منیش سەردەمێک حەزم لە مژینی ئەو مەمکانە بوو، بەڵام ئەوەندەی بوو وەکو ئەمڕۆ پڕ لە ژەهر نەبوون.



# مرۆڤێک سەری قورسە


**سیروان کەریم**



چاویلکەکە لە گیرفانم دەردێنم.
لەشم قورس قورسە و دەستەکانم دەلەرزن. ئاسایی نیم و ناچار دادەنیشم. هەر چۆنێک بێت گیرفانم دەدۆزمەوە و هیچ هیچی تیا نییە. هەڵدەسم. یەک- دوو هەنگاو دەجووڵێم و دەکەومەوە. بیر دەکەمەوە، لێرەش بمکێشایە نەیان دەهێشت، تامەکەیان لە دەممدا دەکرد بە گوو. لەوێدا لە بیر دەچمەوە و دوایی لە شوێنێکی ترم. دەستەکانم توند بە دەستی کەسێکەوەیە و دەڵێت: "هەستە گەواد."

کەسەکە موعتادێکە. نامناسێتەوە.
کورەکەمە!
بە سەر شەقامەکەدا دەڕۆیت. پێڵاوەکان بە پێتەوە نووساون. سەرت خوار خوار کردووەتەوە. سێبەری ئاپارتمانەکان دەبڕیت. ڕوون نییە بیر لە چ دەکەیتەوە. بیر لە هەرشتێک بکەیتەوە، ئیتر بیری لێ دەکەیتەوە. نا، بیر لە هیچ ناکەیتەوە، بەختەوەری بیر لە هیچ ناکەیتەوە، کەسیش بیرت لێ ناکاتەوە، ئەوەی چاوەڕوانت دەکا، ئەو سمۆرەیە، کە بەسەر دیوارە قرنج قرنجەکەی ماڵەکەتەوەیە. تەنەکەی زبڵی پڕ، مرۆڤی بۆش، جرجی بێتاقەت، پشیلەی بەرەڵا، دەبینیت.
لەم کاتەدا دەستێک دەخەیتە سەر چاوە کوێرەکەت، بۆ ئەم کارە ناچار چاویلکەکە لە چاوت دادەگریت.
ئەم پرسیارە دەکەیت:
چاوێک بەسە؟
...............!
بە کۆڵانێکی تریشدا بڕۆم، کەس خاوەنمە؟ خاوەنم بۆ چییە، ئەوەی لە بەرەڵایی خۆشترە، دۆزەخە. خۆش زمانی پیادەهێنا، دەستم بە تووکە نەرمەکەیدا دەهێنا و فیکەم دەکێشا. خاوەنەکەی ڕایکێشا و بردی. تەڕی لیکەکەی بە پێڵاوەکانمەوە جێما، ئەوە (تینۆ) بوو، سەگەکە؟ خاوەنەکەی؟... کۆڵانەکە جێدەهێڵم. دەچمە کۆڵانێکی تر. (هەموو لایەکم کۆڵانە و کۆڵانە و کۆڵانە) وادەڵێم پێدەکەنم. شووشەی ساردییەکە بە توند دەکێشم بە زەوییەکەدا و پرشی شووشەکان بڵاو دەبنەوە بە کۆڵانەکەدا... دەچمەوە کۆڵانێکی تر.
دوای لە کۆڵانێکی ترەوە دەبینرێم.
گۆشتی ئاژەڵی مردارهوەبووم دەرخوارد نەدرایە بونیادەمێکی تر بووم. گۆشتی مردارەوەبوو، بۆ؟ باوکم: "گۆشتی ئاژەڵی مردارهوەبوو بخۆیت، زیاتر دەمێنیتەوە" نا، باوکم نییە. لەبەردەم تەنەکەی زبڵەکە، لە خۆمەوە ئەم قسانە دەچەقێتە دەماخم... دەماخ کە نیمە. چ دەبوو لە جیاتیم پشیلەیەک زیاتر دروست بکرابایە؟ لە بەردەم تەنەکەی زبڵەکەدا، کەللەسەرم پڕ دەبێت لە بۆنی حە فازە و تەماتەی بۆگەن و سەوزەی ترشاو و ئێسقانی بەرماوە...
سەرم بە چاویلکەکەوە قورسە.
سەرم پڕ پڕە لە هیچ.
سەرم...
بۆینباخێکی سووری کاڵت لە ملە. لە کۆمپانیایەکی شیرەمەنی کار دەکەیت. بە جلی کارەکەتەوە دێیتەوە و زەرفێکی میوەی تەڕت هەڵگرتووە. بۆنی میوەکانی ناو زەرفەکە لە دوورەوە بۆن دەکرێت. ڕۆژنامەیەکی ئەو بەیانییەت بە دەستەکەی ترتەوە گرتووە. حەزت بە بابەتە تەنزەکانە. سمۆرەکەت لە تەنیایدا دەهرییە. لەسەر دیوارەکەوە دێتە سەر شانەکانت. دیمەنەکە دڵڕفێنە. بە گاڵتەوە دەیبەیتە ژوورێ. هێواش دەرگای حەوشەکە پێوە دەدەیت و لە چاو دیار نامێنیت.
ئەمانە وەک ڤۆدگا و شەراب و بیرە وان. تف لە هەموویان. لەم کاتەدا قوتووی هایتێکە فڕێ دەدەمە سەر شەقامەکە. میز بە دەڕابەی دوکانێکدا دەکەم. کەس سەیرم ناکات؟ لە فکرمدا سەگێک برسیەتی. خاوەنەکەی مەیتەرە و گۆشتی ئاژەڵی مرداربووی دەداتێ. خاوەنەکەی پیاوە پشت قەمبوورەکەیە، باوکمە. باوکم؟! دەستم لە ژێر چەناگەم لادەچێ و


فکرەکە نامێنێ. بە تەنیشت ئەو دەڕابەوەم کە بۆنی میزەکەمی لێدێ. شوێنەکە هیچ هیچی لێ نییە. قوتووی فڕێ دراو و شووشەی شکاو و سەگی بێ خاوەن و مرۆڤی بەرەڵا و تەنەکەی زبڵی لێیە.
کەللەسەرم ئاوساوە. ناچار کەمێک تلیاک دەکێشم. سیگارەکەم دادەگیرسێنم. لەوبەرەوە شتیک دەبینم وەک مرۆڤ. هیچ نییە، چاوم وەک خۆم درۆزنە. ئەو تارماییە مرۆڤ نییە. دوو گوێی شۆڕی هەیە و بێزارانە هەڵتروشکاوە. تۆزێک کلکی پێوەیە. ئەویش برسیەتی و قاچی دەلێسێتەوە. پێڵاوەکەمی دەدەمێ بیلێسێتەوە. ئۆە! ئەوە (تینۆ) نییە. ئەوە سەگێکی ترە. دەچمە شوێنی تارماییەکە، هیچی لێ نییە، بە نەفرەت بم. بەم چاوەوە هەموو شتێکم لێ بووە بە سەگ و تارمایی و مرۆڤ... ئەمانەش نابینم؟!
برسیمە زۆر.
خۆشیان ناوێم؟ ئەم پرسیارە کەللەسەرم دەئێشێنێ... کەس کەسی خۆشناویت، ئەم سەقەتانە نایەڵن بەسەر شەقامەکاندا بڕۆم، وا دیارە دەزانن... تف لە خۆم. تفەکە دەکەوێتە سەر پێڵاوەکانم. لەناو تەنەکەی زبڵەکەدام، پڕە لە بۆنی حەفازە و تەماتەی بۆگەن و سەوزەی ترشاو و ئێسقانی بەرماوە. لە ناکاو یەک کۆمەڵ، تلّپە چا و زەڵاتە و ماست و ورەقەی دڕاو و مەتارەی بیبسی کەوتن بەسەرمدا. لە ترساندا توند، زۆر توند قیژاندم. ژنەکە فیزاحی کرد و بورایەوە!
ڕامکرد.
دنیا تەمە، بەدەمدا دەڕۆیت و دەکەویت، ڕەنگە کەوتنەکەت پەیوەندی بە چاوتەوە بێت. ئازارێک بە جەستەتدا دەڕوا و ڕۆحت دەسمێت. سێوەکە لە دەستت بەردەبێتەوە و هەڵی ناگریتەوە. خلۆر خلۆر دەبێتەوە، بە ڕێگاکەدا دەڕواتە خوارێ. لەم کاتەدا حەز بەوە دەکەیت بچیتە سینەما... ئەمە ناکەی. ئاوێنەی چاویلکەکەت دەسڕیتەوە. دراوسێکەی بەرامبەرت دەرگای حەوشە دەکاتەوە. چاویلکەکەت دەکەیتەوە چاوت. دەمت دەکەیتەوە و پێدەکەنیت، هەڵمێک لە دەمتەوە دێت. بەپێچەوانەی ئاڕاستەی سێوەکەوە دەڕۆی. بیر لەوە دەکەیتەوە منداڵێک ئێستا سێوەکەی بردووە. بەرلەوەی کۆڵانەکە جێ بهێڵیت، تایەی ئۆتۆمبێلێک سێوەکە دەپلیشێنێتەوە. دراوسێکەت ملێک دەلەقێنێ و دەرگەکە پێوە دەدا، لەودیو حەوشەکەوە دەتریقێتەوە. بەپێچەوانەی بۆچوونەکانت، سێوەکە کرێکارێکی شارەوانی بە جارۆکەی دەستی دەیماڵێت و ڕێک و جوان دەیخاتە ناو فارۆغۆنەکەوە. لەوسەری کۆڵانەکەوە ئاوا دەبێت...
دەچمە بەردەم بارەکە. دەمم تاڵە. لە ناکاو تامی سوێرییەک دەکەم. کەسێک لە بارەکە دێتە دەرێ و میزم پیا دەکات. ڕووخسارم تەڕە و چەند دڵۆپە میزێک لەناو دەممە. زنجیری پانتۆڵەکەی داناخا، گوێم لە هاوارێکە وابزانم خۆمم، بەڵێ خۆمم. تەنیا گیانم تەڕە بە میز. چاوم بەحاڵ شتەکان دەبینێ... زمانم گیربووە لە مەڵاشوو و ناتوانم جنێو بدەم. ئیشارەت بۆ سەرخۆشێک دەکەم و زمانم بۆ دێنێتەوە جێی خۆی. سەرێکی بۆ دەلەقێنم. یەعنی سوپاس.
ئەمە ڕووخسارە هەمە؟ پشتیان لێ کردووم و لە سەریشم دانانیشن. خۆم دەکوژم. نا. حیز فورسەکان خۆیان دەکوژن، ئەوانەی ناتوانن بە ڕەحەتی گوو بە دنیادا بکەن. لە ترسا خۆیان دەکوژن. ئەو سەخیفانە نازانن جگە لەم دۆزەخە، دۆزەخی تر بوونی نییە. لەم کاتەدا سیگارەکەم تەواو دەبێت و لە نائاگایدا پەنجەم دەسووتێ، دەستێک بە ڕووخسارمدا دێنم. پیرە، یان...؟ هەرچییەک بێت. لادەکەمەوە لە هیچ شوێنێک




نیم... گوێم لەپێکەنینێکە. پێکەنینەکە خۆم نیم، پۆلیسێکی هاتوچۆیە و دەمانچەکەی گیر کردووە لە کەللەسەری: (لاچن خۆم دەکوژم.) دەڕۆم. دوای بەحاڵ گوێم لە دەنگی فیشەکێک دەبیت. دەڵێم: (ئیتر پۆلیسەکە گوێی لە هۆڕن نابێ و ڕەحەت ڕەحەت دەخەوێ. ئەمە باشترە بۆ ئەو.)
پێدەکەنم.

قێزەونم. کەمێک بەزەیم بەخۆمدا دێت: "هێی زۆڵی ناکەسبەچە!" ئەوە کێیە؟
چاویلکەکە دەخەمە سەر چاوەکانم و دەنگەکە نامێنێ. دەڕۆم ئاوڕ لە هیچ نادەمەوە. شتێک دەمکەوێنێ و دەوەستم. لە ناکاو بەر کەوتم و خوێن لەبەردەم پێیەکانمەوە دەبینم.پێڵاوەکانم خوێنی پێوەیە. سەرم بەر ماشێنێک کەوتووە: ((خوێڕی نایبینی! یەک چاوی زۆڵ! سەیرکە.)) سەرخۆشەکە وا دەڵێ و دەنگی ئۆتۆمبێلەکەی نامینێ. بە تەنیشتمەوە سەگێک زمان بە خوێنەکەدا دێنێ.
چاویلکەکەم؟
حەب و دەرزییەکان دەکەیتە ناو تەنەکەی زبڵەکەوە، ڕاپۆرتە پزیشکێکە بە لوولکراوی بەجێ دەهێڵی لەسەر مێزی نان خواردنەکە. خۆشحاڵی بەوەی تەندروستیت باش بووە و دەتوانیت لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە بکەیت... قرخەیەکی توند لە قوڕگتەوە دێت، لەم کاتەدا لەبەردەم دەرگای نەخۆشخانە دەرونییەکە دایت، ناچار دەگەڕێیتەوە. وەڵامی ئەو پاسەوانە نادەیتەوە، لەپەنجەرەی پرسگەکەوە بێعەقڵانە بانگت دەکا: هێی... کوڕە تۆ... بۆکوێ؟ تۆ لێرە بوویت قوڕمساخ. قوڕگت پاک دەکەیتەوە و سستەرەکە دەڵێت: ((هیچ نییە کەمێک سەرمات بووە، پێویست ناکات لێرە بمێنیتەوە، تەنیا پارچەیەک حەبت بەسە.)) بە تەنیشت کارگەکەدا دەڕۆیت و بیر لەوە دەکەیتەوە. پێشتر کارمەندی ئەو کارگەیە بوویت. لەم تێپەڕینەت پەشیمانیت. جارێکی دی قوڕگت پاک دەکەیتەوە. چەند هەنگاوێکە دی دەڕۆیت و قوڕگت پاک دەکەیتەوە. لە ترافیکەکە دەوەستیت، گڵۆپە سەوزەکە هەڵ بووە. هەر قوڕگت پاک دەکەیتەوە.

حەزەکەم بچمە سەر ئاپارتمانەکە. ڕێک ئەو ئاپارتمانەی کە بەرامبەر کافێکەیە و دەنگی قەحپەکانی لێوە دێت. لەوێوە میز بە خەڵکەکەدا بکەم. جنێوم پێ بدەن. دوو کچی سفوور دەستم بۆ ڕابکێشن. جانتاکانیان بەرز بکەنەوە و هێمای دڵخۆشکەرانەم بۆ بکەن، دڵۆپە میزەکەم بە ڕووخسارییانەوە بێت. کچێکیان پێبکەنێت و بانگم بکات: "هێی تۆ چاویلکەکەت داگرە، بزانم" لەم کاتەدا، دڵم لە خۆمەوە تەنگ دەبێت، هەست دەکەم تاوانێکم کردبێت. تاوانەکە ئەوەیە، لە سێبەری ئەو ئاپارتمانە نەفرەتییەدا وا لە فکرام. زنجیری پانتۆڵەکەم دەترازێنم و میزێک بە سێبەری ئاپارتمانەکەیدا دەکەم.
هیچ هیچ ڕوونادات.
تەنیا دوو کچ بە وێدا تێدەپەڕن.
دەسکی دەرگاکە دەکەمەوە کەسێک دەبینم، تارمایی نییە، ئەوە خۆیەتی ها ئەوەش سەگەکەیەتی (تینۆ). کەمێک دەچمە پێشی و خۆی نا، سەگەکەی دێتە باوەشمەوە و دەم لێسێتەوە، تفێکم لێ دەکات و دەڕوات، ڕووتم. چۆکم بە دەرەوەیە. پێدەکەنم. قاپیی حەوشەکە دەکاتەوە: "باشە ناتوانن پەتیکەن و لای خۆیان گلی دەنەوە؟" کچەکەم جێم دەهێڵێ و سەگەکە لەگەڵی ناڕوات. پێم خۆشە پیاوێکی تری لەگەڵ نابینم.



سەگەکە حەپەیەک دەکات...دەرگای حەوشەکەی بە قایم پێوە دا.
ڕۆیشت.
حاڵم باشە و ئێستا دەتوانم کارەکانم ڕاپەڕێنم، خۆشبەختم. بەپێی ڕاپۆرتە پزیشکییەکان چاک بوومەتەوە و دەتواتم بۆ لەمەودوا، لەگەڵ (تینۆ) دا بژیم. ماوەیەکی دی دەچمەوە کارگەکە و لەوێ کاردەکەم. دەزانم دەروونییەن تەواوم. سبەی لەگەڵ سمۆرە و سەگەکەمدا دەڕۆینە بازاڕ و ئەو ڕۆژنامانە دەکڕم، بابەتە تەنزەکانیان تیایە. ئیدی هەوڵ دەدەم کەس میزم پیانەکات و بەلای تەنەکەی زبڵەکانیشدا نەڕۆم. تلیاک نەکێشم و خواردنەوەی ڤۆدگاش کەم کەمەوە.
(تینۆ) لەگەڵ سمۆرەکەدا کەیف خۆشە.
دەنگێک لە دەرگای حەوشەکەوە دێت، بە ڕاکردن بەرەو دەرگەکە دەڕۆم، سەرێک بە کۆڵاندا دەکەم. هیچ هیچ نابینم. جگە لە چەند تەنەکە زبڵێک نەبێ.
دەنگەکە بایەکەیە بوو؟
ئم!
دەرگاکە پێوە دەدەم.
چاویلکەکە دەکەمە گیرفانمەوە.



# بەرپەنجەرە

**زۆیا پیرزاد**

**لە فارسییەوە: بەختیار حەمەسوور**

پەنجەرەکە بەسەر شەقامەکەدا دەیروانی. بەر پەنجەرەکە فراوان نەبوو. سەرباری ئەمەیش ئەوەندە دەبوو، کە بە جەستەی چکۆلەی پێنجساڵەمەوە، بە ئاسانی جێم بێتەوە. بەر پەنجەرە خۆشترین شوێنی دنیا بوو. چەندین کاتژمێر لەوێدا دادەنیشتم و تووی وشکم دەخوارد. لە شەقامم دەڕوانی. دانەدانە تووەکانم هەڵدەدایە دەممەوە. دەمجوون و شیرینییە وشک و بەلەزەتەکەیانم قووت دەدا. لەو خەڵکەم دەڕوانی و بیرم دەکردەوە: «بۆچی مرۆڤەکان ئەم هەموو ڕێیە دەبڕن؟ بۆ کوێ دەچن؟ پێناچێ دڵخۆش بن، چونکە لە پیاسەکردن ماندوون.»

حەزم لە پیاسەکردن نەبوو. زوو ماندوو دەبووم و دەمویست لە باوەشم بگرن. لە تەمەنی پێنجساڵیدا، یەک لە وەڕزکەرترین کارەکان، بەڕێداڕۆیشتن بوو. مەوداکان هەر تەواو نەدەبوون، بوون لە هیچ شوێنێکدا، ئەوەی نەدەهێنا ڕێ تەی بکەم و ماندوو بم. پێم وا بوو: «کاتێک دەکرێ بچیتە بەر پەنجەرە و دابنیشیت و توو بخۆیت و سەیر بکەیت، بۆچی دەبێ ڕێ بکەی، بۆ شوێنێکی نەناسراو و غەریب؟ کوێ باشترە لە شوێنێک کە پێی ئاشنام؟ خووم پێوە گرتووە؟ شوێنێک بێ ئەوەی پێویست بێ بڕوانم، دەزانم ئەگەر قاچەکانم درێژ بکەم، بە چەندەمین کاشی سپیی بەر پەنجەرەکە دەگەم، بێ ئەوەی ببینم، دەزانم سەرم بە دیوارە گەچینەکەی تەنیشت پەنجەرەوە ناوە. ڕێک ئەو شوێنەی سەر دیوارەکە، کە لەمێژە بەو قەڵەمدارەی لە جانتای خوشکەکەم دەرم هێنابوو، وێنەی خواروخێچی چۆلەکەیەکم لەسەر کێشاوە.»

تووم دەخوارد و پەیمانم لەگەڵ خۆم دەبەست: «هیچ کاتێک لەم گۆشە ئاشنا و ڕاحەتەوە بۆ جێیەکی دیکە ناڕۆم.»

نامەوێ بەر پەنجەرەکەم بەجێ بهێڵم، لەگەڵ ئەوەی بە کاشی سپیی درزبردوو، دیوارە گەچییەکەی ژوورسەر و وێنەی ناڕوونی چۆلەکەوە، نەخشێنراوە.

چۆلەکەیەک، کە تەنیا من نهێنیی چۆلەکەبوونی دەزانم. دەمەوێ هەر لێرە، لە پشت ئەم پەنجەرەیەوە دابنیشم و تووی وشک بخۆم.

دەمەوێ هەموو ڕۆژێک بە چاو و بە خەیاڵ، دوای پێچاوپێچی کەتیبە کانزاییەکەی پەنجەرەکە بکەوم.

دەمەوێ بە ڕوانین بە کەتیبەکاندا سەربکەوم و بێمەوە خوارێ و بە سەری پەنجەکانم، تەپوتۆزی شەقامەکە لەسەر پێچی کەتیبەکان بسڕم و پاشان لە پشت کەتیبە پاکەکانەوە، بۆ دارچنارەکەی بەرانبەر پەنجەرەکە دەست ڕاوەشێنم.

من و دارچنارەکەی بەرانبەر پەنجەرەکە هاوڕێی یەک بووین. دارچنارەکەیش وەک من سەری لە ڕۆیشتن دەرنەدەکرد. هەمیشە لە یەکمان دەپرسی: «مرۆڤەکان بۆچی دەڕۆن؟ بە دوای چیدا دەڕۆن؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟»

دارچنارەکە دەیگوت: «ئەگەر پارچەیەک زەوی هەبێ، کە بکرێ تێیدا ڕەگ داکوتیت، ئیتر خەمێک نەدەبوو. لە زەوییەوە خواردن وەربگری و بۆ ئاویش، دەکرێ ئومێدت بە ڕەحمی ئاسمان و جۆگەلەکەی تەنیشتت هەبێ.» منیش دەمگوت: «ئەگەر بەر پەنجەرەیەک و دۆستێکی وەک چنارت هەبێ.» ئیتر نابێ بیر لە ڕۆیشتن بکەینەوە.

دارچنارەکە خۆشحاڵ بوو لەوەی کە بە هاوڕێی خۆمی دەزانم، بە هەڵکردنی یەکەمین شنە، لقەکانی بۆم دەشنانەوە.

ڕۆژێکیش کە وەکوو هەموو ڕۆژە گرنگەکانی دیکەی ژیان، بیرەوەرییەکی تەڵخ و لێڵی لێ ماوەتەوە. ئاسمان تووڕە بوو. ئیتر نەباری.

پاکەتی شیرە پاکژکراوەکان، بتڵی شکاوی کۆکاکۆلا، ڕۆژنامەی کەڵەکەبووی تەڕ، ڕێی جۆگەلە ئاوەکەی چەند شەقامی سەووتریان گرت. دارچنارەکە ڕۆژانێک بێ ئاو مایەوە. بۆ من، ئیتر تووی وشک نەبوو. دایکم دەیگوت: «توو گران بووە.»

«منی بێ توو.» هەوڵم دەدا، جەستەم کە ئیتر پێنجساڵانە نەبوو، بە زەحمەت لەبەر پەنجەرەکە جێ بکەمەوە. چۆلەکەی سەر دیوارەکە بە سەر شانمدا سەردەکەوت و دارچنارە تینووەکە، چاوی لە ئاسمان بڕیبوو، تاقەتی قسەکردنی نەبوو.

ئیتر مرۆڤەکان پیاسەیان نەدەکرد بە شەقامدا، بەڵکوو ڕایان دەکرد.



ڕۆژێکی دیکە، وەک هەموو ڕۆژە گرنگەکانی ژیان، بیرەوەرییەکی تەڵخ و لێڵی لێ ماوەتەوە. گەردەلوولێکی بەهێز هەڵی کرد و جەستە ناپێنجساڵانەکەمی، کێشا بە کەتیبە ڕەشەکانی پەرژینی پەنجەرەکەدا.


کەتیبە پێچاوپێچەکانی شکاند و منی لەگەڵ خۆیدا برد.

لە دواساتدا، دەستم درێژ کرد، بەڵکو خۆم بە دارچنارەکە بگرمەوە و لەگەڵ گەردەلوولەکەدا نەڕۆم.

بەڵام چنارەکە وشک هەڵاتبوو. قەدە پیرەکەی و لقە سستەکانی، توانای گرتنەوەی جەستە نازانم چەندساڵانەکەمی نەبوو. ڕۆیشتم. ڕۆیشتم؟ ڕامکرد؟ یان فڕیم؟

هیچم لە بیر نەماوە. تا ئەو کاتەی لە جێیەک، دوور لەبەر پەنجەرەکە، بەبێ جووڵە وەستام و هەردوو دەستم، وەک ئەوەی ساڵانێک بەدەر لە ویستی خۆم نوقاندبمن، کردمنەوە.

لە بەرانبەر چاوەکانم، لەگەڵ بایەک، کە نازانم لە کوێوە هەڵی دەکرد، لەبری هەردوو دەستم، دوو گەڵای وشکەوەبووی چنار دەلەرزین.



**سەرچاوە:**

دوهفتەنامە "هويس" شمارە: 79


مرداد 1389 6

http://oldfarsi.hooys.com/Aramaneye_Iran/F_79_Nevisandegane_Armanie_Farsinevis_Zoya_Pirzad.htm




لە ژمارەکانی داهاتوودا:

## گفتوگۆی تایبەتی "گەلاوێژی نوێ"
## لەگەڵ ڕۆماننووسی ناوداری ئێرانی
# (عەباس مەعروفی)دا



# مراوییەکان

## چیرۆکی
## (بەڕۆژ ئاکرەیی)



# وێنە و گوزاندنەوەی مێژوو

موحسین ئەدیب

لە پێناو کۆنترۆڵکردنی زەمەن و دەسەتەمۆکردیندا، وەک هەوڵێکیش بۆ تێرکردنی نەمری، مرۆڤ زۆر شتی داهێناوە، ڕەنگە وێنە لە فۆرمە جیاوازەکانیدا (وێنەی ئاسایی، وێنەی هونەری، وێنەی قسەکردن (نووسین)، تۆماری دەنگی و ڤیدیۆیی و...) لە هەموو داهێنانەکانی تر زیاتر توانیبێتی ئەم خواستەی بۆ جێبەجێ بکات و جۆرێک لە نەمریی پێ ببەخشێت.

وێنە لە هەموو فۆرمەکانیدا، ئەتوانێت شوێنمان لە زەمەن و کاتێکی دیاریکراودا بۆ دیکۆمێنت بکات، مرۆڤ لە ڕێگەی وێنەوە دەبێتە خاوەنی یادەوەرەی، بەر لە وێنە مرۆڤ خاوەنی یادەوەری نییە، لەمەدا زۆر لە ئاژەڵەکان دەچێت. لەم ڕەهەندەوە ئەشێت وێنە وەک بەرجەستەکەرێکی گرنگی عەقڵ پێناسە بکەین، یان وێنە و عەقڵ وەک دوو باڵەکەی مێژوو (مێژوو نووسراو) وێنا بکەین کە پێکەوە لە دایک



دەبن و یەکتری تەواو دەکەن، ئاسانکاری بۆ یەکتر دەکەن، یەکتری دەخوێننەوە. وێنە لە ڕێگەی تۆمارکردنیانەوە بەرگری لە مانەوەی شتەکان دەکات، عەقڵ لە ڕێگەی سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی وێنەکان زیندوویی بە وێنەکان و بە مێژوو دەبەخشێت و بە شێوازی جۆراوجۆر بەرهەمیان دەهێنێتەوە، هەر بەمەش دەتوانێت بە جۆرێک لە بەرچاوڕوونییەوە بەرەو ئایندە بڕوات.

ڕەنگە، بەڵگەنەویست بێت کە عەقڵ زۆر شتی داهێنابێت و دواجار لەگەڵیاندا کەوتبێتە ململانێوە و لە زۆر باریشدا عەقڵ لەو ململانێیەدا سەرکەوتوو نەبووە و شکستی خواردووە، واتە زۆر جار داهێنراوەکانی عەقڵ سەری خودی عەقڵیان خواردووە، دەشێت یەکێک لەو داهێنراوانەی کە دواجار دەبێتە ڕکابەرێکی عەقڵ، بریتی بێت لە وێنە، ئەگەرچی تا نزیکی کۆتاییەکانی سەدەی بیستیش هاوتەریب لەگەڵیدا هاتبێت و بۆشاییەکانی یەکدیان پڕ کردبێتەوە، بەڵام ئەم هاوکێشەیە، لە دوای ئەو پێشکەوتنە زەبەلاحانەی کە پیشەسازیی وێنە و وێنەگرتنەوە بە خۆیەوە دەبینێت، گۆڕانکاریی جەوهەریی بەسەردا دێت، بە جۆرێک دەشێت بڵێین وێنە ئینحیراف دەکات و لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی کە زیندووهێشتنەوەی مێژووە، دەبێتە سڕەرەوەی مێژوو.

بێگومان، هۆی ئەم ئینحیرافەش، بە تەنها ئەوە نییە کە وێنە و وێنەگر و ئەوانەی سەرقاڵی پیشەسازیی وێنەن، بێگەردانە مامەڵە ناکەن و شتەکان وەک چۆن هەن تۆمار ناکەن و لە ڕێگەی فێڵ و تەکنیکی جۆراوجۆرە و گۆڕانکاریی زۆریان بە سەردا دێنن و بە جۆرەها شێوە مۆنتاژیان ئەکەن، بە واتا هۆکاری ئەم ئینحیرافە چۆنیەتیی تۆمارکردنی شتەکان نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکیی ئەم ئینحیرافە پەیوەندیی بە چەندێتیی وێنەوە هەیە، بەو مانایەی ئەگەر لە ڕابردوودا وێنەگرتنەوەی کتێبێک و دروستکردنی وێنەیەک ماوەیەکی زۆری پێچووبێت و تێچووبێت، ئەوا ئەم دۆخە پێ بە پێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پیشەسازیی لەبەرگرتنەوە خێراتر دەبێت، تا دەگاتە ئەوەی مرۆڤ بۆ زیاتر ڕاستگۆیانەتر و وردتر تۆمارکردن و گواستنەوەی شتەکان لە سەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی نۆزدەدا، یەکەم کامێرای فۆتۆ دروست



دەکرێت و بە دیاریکراوی لە
ساڵی 1826دا یەکەم وێنەی فۆتۆ
لە فەرەنسا دەگیرێت، ئەوەی مایەی
تێبینییە، ئەم وێنەیە پاش هەشت سەعات لە
دانەبەرتیشک بەرهەم دێت، واتە بۆ بەرهەمهێنانی 8
سەعاتی پێویست بووە، بەرەبەرە ئەم پیشەسازییە
و ئەم هونەرە گەشە دەکات، تا ساڵی 1888 جۆرج
ئێستمان کۆداک هات و کامێرای دایە دەست خەڵکی
و وتی: تۆ تەنها بیچرکێنە، شتنەوە و چاپکردنی لە
سەر ئێمە، واتە دوای کۆداک کامێرا دەکەوێتە دەست
خەڵکی ئاسایی و تا رادەیەک میللی دەبێتەوە، بەڵام
ئەم هونەرە لەم ئاستەدا ناوەستێ و رۆژبەرۆژ لە
گەشەسەندنی بەردەوامدایە، تا دەگات بە رۆژی ئەمرۆ
کە مرۆڤ دەتوانێت لە چرکەیەدا سەدان و بگرە هەزاران
و ملیۆنان وێنە بگرێت و شتەکان تۆمار بکات. ئەگەر لە
بیستەکانی سەدەی نۆزدەدا مرۆڤ بە 8 سەعات یەک
وێنەی گرتبێت، ئەوا ئەمرۆ لە یەک چرکەدا ملیۆنان
وێنە دەگیرێت، لەوەش زیاتر ئەگەر جوڵەیەک لە یەک
لەسەر شەش ملیۆنی چرکەیەکدا روو بدات (ناسا)
ئەتوانێت ئەتوانێ وێنەی بگرێت و تۆماری بکات.
هەموو ئەم گۆڕانە جەوهەری و خێرایانە لە چەندێتی
و چۆنیەتیی پیشەسازیی وێنەدا هاتوونەتە ئاراوە،
هاوکات گواستنەوەی چرکەبەچرکەیان بۆ بەرچاوی
ئێمە لە رێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییەوە
(میدیای نووسراو و بینراو بە گشتی و ئینتەرنێت و
سۆشیاڵ میدیا بە تایبەتی) بێ کاریگەری بە سەرماندا
تێناپەڕن، جێکەوتی گەورە لە سەر ژیانی رۆژانەمان،
لە سەر تێڕوانینمان بۆ شتەکان، لەسەر جیهانبینیمان
دروست دەکەن، تا دەگاتە ئاستی کۆنترۆڵکردنمان،
چونکە دواجار بەرهەمهێنانی چرکەبەچرکەی بە لێشاوی
وێنە لە مرۆڤێکی عەقڵانییەوە دەمانکاتە بوونەوەرێکی
بێنەر و بەسەری، لە مرۆڤێکەوە کە پێوستی بەوە
هەیە لە سێگۆشەی رابردوو و ئێستا و داهاتوودا بێت،
دەمانکاتە بوونەوەرێکی ئێستایی، بە مانایەکی دی
بەرهەمهێنانی
بەلێشاوی وێنە
مێژوومان دەکوژێنێتەوە، چونکە لە لایەک بە جۆرێک
هەستی بینین بەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەدا زاڵ دەکات،
تا رادەی پەراوێزخستنی عەقڵ. لە لایەکی ترەوە، چیدی
عەقڵ توانای خوێندنەوەی بێشوماری وێنەکانی نابێت،
بە هەمان شێوەش ئایندەشمان لێ زەوت دەکات، بە
جۆرێک، نە توانای پێشبینیکردنیمان دەمێنێت، نە
کاتی ئەوەشمان دەبێت خەونی پێوە ببینین، رەنگە
بتوانین رۆشتنی مرۆڤی ئێستایی بەرەو ئاییندە بەو
کەسە بشوبهێنین کە چاوی نووقاندووە و بەرەو
پێشەوە دەڕوات. لێرەوە ئەگەر ئەرکی راستەقینەی
وێنە، تۆمارکردنی مێژوو و بە زیندووهێشتنەوەی بێت،
ئەوا لە ئێستادا، ئەم جەنجاڵبوونەی دونیای وێنە
مێژوومان لێ دەسەنێتەوە، یادەوەریمان دەکوژێنێتەوە،
چونکە ئەرکی وێنە ئەگەر وەک (ریجیس دوبری) لە
کتێبی (ژیان و مەرگی وێنە)دا، ئاماژەی پێدەکات،
بریتی بێت لە بەدیکۆمێنتکردنی شوێن لە زەمەندا، ئەوا
مرۆڤی سەدەی بیستویەک بە زۆری لە ناشوێندا دەژی
(فرۆکەخانە، شەمەندەفەر و میترۆ و وێسگەکانیان، ناو
ئۆتۆمبیل و ناو سۆپەرمارکێت... هتد) بێگومان هەموو
ئەم شوێنانەش وەک وێنە بێ یادەوەرین، دەشێت ئەوەش
بڵێین وێنە بە کوژانەوەی یادەوەریی ئێمە، یادەوەریی
خۆشی دەسرێتەوە، چونکە هەم وێنەی دیجیتاڵ و
هەموو ئەو ناشوێنانەش لە دەرهاوێشتەکانی تەکنەلۆجیا
و گلۆبالیزەیشنن، لێرەوە یادەوەری وەک خودی وێنە
دەبێتە تێپەڕین بەناو ناشوێن، یان چرکەیەک لە
ناشوێندا، ئەمە جگە لەوەی ئەوەی گەشەی خێرای وێنە و



بڵاوبوونەوەی
و ئەوەی بەردەوام خۆیمان
پیشان دەدات، دۆستایەتیمان لەگەڵ
ناشوێندا بتەوتر دەکات، بینینی وێنە هاوێنە
هەوارەکان و شارەکان و وڵاتان و ڕیکلامبۆکردنیان
لە ڕێگەی وێنەوە، مرۆڤی ئەم سەردەمەی وا لێکردووە،
کە زیاتر ببێتە بوونەوەرێکی گەشتیار و لە شوێنێکدا
نەمێنێتەوە، واتە وێنە بەمدیوەشەدا کار لەسەر
سڕینەوەی مێژووو یادەوەریمان دەکات و دەمانکاتە
کۆیلەی ئێستا.
زۆری و جۆراجۆری وێنەکان کە بۆ چرکەیەکیش ڕێگە
نادەن چاوەکانمان پشوو بدەن، بە جۆرێک سەرگەرمیان
کردووین، کە بە زەحمەت نەبێت ناتوانین ڕووداوەکانی
ڕۆژی پێشتریشمان بیر بکەوێتەوە (ئەگەر تێبینی بکەین
ئێستا زۆر کەس گلەیی ئەوە دەکات کە یادەوەریی لاواز
بووە، لە ڕاستیدا یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم لاوازبوونە
پەیوەندیی بەم بابەتەی ئێمەوە هەیە). بە تەریب
ئەمەشەوە، گەشەسەندنی بەردەوامی پیشەسازیی وێنە
و زۆری ئامرازەکانی وێنەگرتن و زۆر وێنەگرتن، وای
کردووە دەرفەتی ئەوەمان نەبێت، خۆشمان تەماشای
ئەو وێنانە بکەین کە گرتوومانن، لێرەوە دیسانەوە
ئەوەمان بۆ دەسەلمێتەوە کە وێنە نەک هەر ئەرکە
ڕاستەقینەکەی خۆی بیر چووەتەوە، بەڵکو ئەو ئەرکەی
لەبیر ئێمەش بردووەتەوە، هەموو تەماشانەکردنەوەیەکی
وێنەکانیش یانی فەرامۆشکردنی مێژووو و ئەمەش یانی
لەکارخستنی
عەقڵ و وەستانی
پرۆسەی بیرکردنەوە.
ئەم کاریگەرییە جادووییەی وێنە و ئەم کۆدەتا
سپییەی بە سەر مێژوو و بە سەر عەقڵدا، وای کردووە،
خەڵکانێک ئەم سەردەمە، بە (سەردەمی وێنە) یان
(شارستانیەتی وێنە) ناوزەد بکەن.





# ئەزموونی فاکنەر مارکیز ئیکۆ گۆنتەرگراس

**بەرایی:**

کەمترین قازانجی خوێندنەوەی ئەزموونی نووسەرە ناوازەکان ئەمەیە کە ئێمە لە ئەزموونە ڕەسەن و نوێکان بەشدار دەکات و بەم کارە ڕێگە دەستەبەرکراوەکان دەخاتە بەرچاومان تا بتوانین زۆر بە متمانە و سەرکەوتووانە لەم دەڤەرە بێسنوورەدا پێشکەوین و بەرەبەرە ببینە نووسەرێکی بەدەسەڵات و خاوەن ئەزموون. ئەم ئەزموونگەلە دەتوانن لە سێ خاڵی ژێرەوە تا بەم چەشنە چڕ بکەینەوە:

**لە فارسییەوە: ئیمان خودایی**

1- تەکنیکەکانی ڕۆماننووسین
2- قۆناغەکانی ئافراندنی ڕۆمان
3- چۆنیەتیی دۆزینەوەی ئایدیا و ئەندێشەیەک بۆ نووسین و پەروەردەکردنی ئەو ئایدیایە.

لەم دەقە، بە یارمەتیگرتن لە ئەزموونی نووسەرە ناوازەکان سێیەمین خاڵی سەرەوە کە میناکی نەبووە، بە شێوازێکی ئەزموونگەرییەوە دەخەینە بەر دید. شایانی باسە ئەم خاڵە دەبێ بە شێوەیەکی زانستی و تیۆریکییەوە شرۆڤە بکرێ و دیارە بەتاقی تەنیا هەوێنی نووسینێکی سەربەخۆ و دەرەوەستە.

ئەگەر ئێوە قەڵەمێکی پاراو و چروپڕتان هەیە و لە زۆربەی گێڕەرەوەش و تەکنیکەکانی چیرۆکنووسین زاڵن و لە چەقوچۆی بەرهەمگەلی ئەدەبیی کەسێکی بەهێز و زانان و بەردەوام لەم گۆڕەپانە سەرقاڵی تەراتێنن، تا ئەو کاتەی دەسمایەی (چی بنووسم؟) وەک ئایدیا و ئەندێشەیەک بۆ دەقەکەتان ڕەچاو و دیاری نەکردبێت، هەست بە سەرلێشێواوی هەموو هەستونەستان دەتەنێ و ڕێ بە جێگەیەک نابەن و ئەم پرسە دێتە گۆڕێ کە هێشتا تەیار نین. کاتێ دەڵێین بنووس کانگای داهێنەرێتی وشکاوە و تڵپی تەڕی تێدا نەماوە، ئەمە ناهێنێتەوە بیرمان کە دەقنووس ستایل و شێواز و تەکنیکەکانی نووسینی فەرامۆش کردووە یان دەقەکەی نوشووستی هێناوە. ئەم کێشەیە ڕەنگە پتر لە هەر شتێکی دیکە لەم مەسەلە گرینگە هەڵدەقوڵێ کە نووسەر بە جۆرێ زەین و هۆشی بە تەواوەتی لە دەست داوە و لە هەست کەوتووە.




ویلیام فۆکنەر

هەندێ جار نووسینی ڕۆمان، تەنیا بە دیتن یان وەبیرهێنانی وێنەیەک یان ئافراندنی چرکەساتێک دەست پێ دەکا. وێنەیەک لە خەون و خەیاڵ، یان وێنەیەکی تەمگرتوو و ژەنگاوی لە بیرەوەرییەکی دوورودرێژ یان تەنانەت بەرچاوهاتنی وێنەیەکی تەمومژاوی کە بە هۆی پرووسکەی ئیلهام دەبێتە وێنەیەکی زیندوو و گیان دەگرێ و بە شێنەیی پەرە دەسێنێ و لەم ئاستەدایە کە گەڵاڵەی چیرۆک لەسەر جەستە بێگیانەکەی کاغەز گیان دەگرێت.

## ئەزموونی ویلیام فۆکنەر

(ویلیام فۆکنەر) نووسەری شاکارێک وەک (هەراوهوریا و تووڕەیی) لە مەڕ ڕەوتی نووسین و ئافراندنی ئەم ڕۆمانە ناوازە دەڵێت:

((هەموو شتێک بە وێنەیەکی زەینی دەستی پێ کرد. لەو ساتەدا نەمدەزانی کە سیمبۆلیکە. ئەم وێنە بریتی بوو لە پشتی شەرواڵە قوڕاوییەکەی کچۆڵەیەک کە بە سەر دارێکی هەرمێدا سەرکەوتبوو. ئەو کچە منداڵە



مارکیز


## ئەزموونی گابریل گارسیا مارکیز

(مارکیز)، داهێنەری (سەدساڵ تەنیایی)، لە ریزی ئەو نووسەرانەیە کە جاروبار وێنەیەک لە یادەوەرییەکانی رابردووی دەبێتە پرۆسەکەیەک بۆ نووسینی رۆمانێکی بەپێز. لە واقیعدا دیمەنی دەسپێکانەی رۆمانی

لە سەر ئەو دارە دەیتوانی ناو ژوورەکە کە جێگەی وەڕێخستن و ناشتنی داگەوڕێی بوو، ببینێت و ئەم رووداوە بۆ براکانی کە لە خوارەوە و لە ژێر دارەکە وێستابوون، بگێڕێتەوە. هەر ئەوندە کە ویستم ئەم شتانە لێک بدەمەوە و بڵێم ئەوانە کێ بوون، لەوێ چییان دەکرد و پانتۆڵی کچەکە بۆ پیس و قوڕاوی بوو، بۆم دەرکەوت ناکرێت تەواوی ئەمانە لە کورتەچیرۆکێکدا بگونجێنم و دەبوایە ئەم بەرهەمە لە قەوارەی کتێبێکی سەربەخۆ داڕێژم. هەر لەو کاتەوە بوو کە لە حاڵەتی سیمبۆلیکی شەرواڵە قوڕاوییەکە تێگەیشتم و بە جێگەی ئەوە، کچەهەتیوێکم خولقاند کە لە سووڵاوی ماڵەکە دێتە خوارەوە هەتا لە تەنیا ماڵێکدا کە لەوێ نە لەزەت و خۆشیی بینیوە و نە تامی سازشتی چێشتووە، ڕابکات. لەبەر ئەوەی کە هەستم دەکرد ئەگەر چیرۆک لە زاری کەسێک گوزارشت بکرێ کە بەڵگەی رووداوەکانی بۆ ئاشکرا نەبووە و تەنیا شتێک کە دەزانێت ئەوەیە کە چ کارەساتێک لە حاڵی روودانە، دیارە دەنگدانەوەیەکی قووڵ و ئەوتۆ دەنەخشێنێت. کەواتە، چیرۆکەکەم لە زاری منداڵە حۆلەکان (زەینکوێرکان) گێڕایەوە. بەڵام بەردەوام هەستم بە نیوەچڵی و ناتەواوی چیرۆکەکە دەکرد. جەختم کرد چیرۆکەکە جارێکی دی بگێڕمەوە، بەڵام ئەو شتەی کە پێویستم بوو، دەرنەدەهات. هەوڵم دا دیمەنەکان بە یەکدی بلکێنم و بۆشاییە ناواخنییەکانی رۆمان بە هەبوونی خۆم وەک بێژەرێک لە چیرۆکدا پڕ بکەمەوە. بەڵام هەر تەواو نەدەبوو و ئەم مەسەلەیە تا

پانزدە ساڵی ڕەبەق دوای بڵاوبونەوەی رۆمان بەردەوام بوو. هەتا ئەوەی کە پاشکۆیەکم بە کتێبەکە زیاد کرد و لەوێدا چیرۆکم گێڕایەوە و توانیم زەینم لەم بابەتە بەتاڵ کەم و تا رادەیەک بە ئاسوودەیی بژیم. ئەمە ئەو کتێبەیە کە زۆرترین ئۆگریم پێی بووە و زۆری رموودە بووم. هیچ کاتێک نەمتوانی بەجێی بێڵم و لە بیری بەرم و هیچ کاتێکیش نەمتوانی ئەو جۆرە کە ببووە کەڵکەڵەیەکی جددی، بینووسم. ئەگەرچی جەختی زۆرم بۆ کرد. پێم خۆشە- هەرچەند خولیای گەیشتنم نییە- تەنانەت جارێکی دیکەیش بینووسمەوە و جەختی بۆ بکەم.))

(سەدساڵ تەنیایی)، دیمەنێک بوو کە لە ناخی وێنەیەک (بیرەوەرییەک) لە هەرەتی منداڵیی مارکیز هەڵقوڵاوە و بووەتە دەسپێکەری ئەم رۆمانە ناوازەیە. مارکیز لە مەڕ چۆنیەتیی داڵغەی نووسینی ئەم رۆمانە بەتین و هێزە، کە بە چەشنێکی تایبەت بە زەینی ختوورەی کردووە و چەند قۆناغی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە، ئاوای وتووە:



ئەمبیرتۆ ئیکۆ

((وێنەکە لە زەینمدا بە شێنەیی دەهات و دەڕۆیشت و بەرەبەرە پەرەی دەسەند. هەتا ئەو رادەیە چیرۆکەکە کە لە زەینمدا بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە زۆر لە رەوتی ریالیزم دەچوو، هاتە بەرچاوم. مەسەلە ئەمەیە کە ژیان و ئەدەب شتێکی هاوتا نین. ئێمە مەجبوورین هەندێکجار ئاوڕ لەم پرسە بدەینەوە کە چۆن ئەم وێنە بۆ بەرهەمێک تاوتوێ بکەین؟ رێگەی شیاو بۆ ئەم کتێبە چییە؟ ئەو کاتەی کە چیرۆک لە زەینمدا خۆی چڕ دەکردەوە و پەرەی دەسەند و پێکهاتەکەی روون دەبووەوە، ئینجا دەمتوانی بۆ نووسینەکەی قۆڵ هەڵماڵم. هەڵبەت بەو مەرجەی کە بتوانم بۆ هەر کەسێتی، ناوێکی دیاریکراو و جوان هەڵبژێرم. ئەگەر ناوێکی پڕبەپێست و جوان بۆ کەسایەتی نەدۆزمەوە، رەوتی داهێنان لە زەینمدا بەرجەستە نابێتەوە و ئیدی کەسێتییەکان بە سانایی نایەنە بەر چاوم.))

### ئەزموونی ئەمبیرتۆ ئیکۆ

بەڵام نووسەرانێکی دی هەن کە رێ و رەوشتێکی جیاواز لەو رەوشتەی مارکیز بۆ نووسین رەچاو دەکەن و بە کاری دێنن. ئەمبێرتۆ ئیکۆ ئەگەرچی پتر بە هزرڤانێکی مەزن ناوزەد کراوە، بەڵام خۆی پێی خۆشە وەکوو فەیلەسووفێکی رۆماننووس پێناسەی بکەن. ئەو بۆ نووسینی رۆمانە ناودارەکەی (ناوی گوڵەباخ) پێی خۆشە ئەندێشە جۆراوجۆرەکانی کە بە زەینیدا ختوورەی کردووە، ریزبەندی و پۆلین بکات، ئینجا دەسبداتە توێژینەوەیەکی هەمەلایەنە و تەواو لە مەڕ ئەو ئەندێشەگەلە و هەروەتر ئەو سەردەمەی کە چیرۆکەکەی


لەوێدا ڕووی داوە، واتە سەدەگەلی ناوەندی و دوا ئەمە بە بەدەسهێنانی گەڵاڵەیەکی کەمتاکورت هەمەکی و ئامادە، قۆڵی هەڵماڵێ بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی. لە واقیعدا ئەم نووسەرە سەردەمی ناوەند و ڕووداوەکانی ئەو چەرخە وەک باکگراوندێک بۆ ڕۆمانەکەی هەڵبژاردووە. ئیکۆ ڕووداوی ڕۆمانەکەی ئا بەم چەشنە بۆمانی دەگێڕێتەوە:

((زۆر ئاشکرایە کە لە یەکەم هەنگاودا، زۆر بیروڕام لە کەللەمدا دەهات و دەچوون، بڕیارم دا ئیش بکەم. هەووەڵ بەبێ ئەوەی گەڵاڵەیەکی دیاریکراوم بە دەستەوە بێت، دەستم کرد بە یاداشهەڵگرتن. دواتر گەڵاڵەی ڕۆمان لە زەینمدا خۆی دەرخست و بەرەبەرە بەرجەستە بووەوە. بە درێژایی یەک ساڵ بە شێوەیەکی کورت و تۆکمە لە مەڕ سەدەگەلی ناوەندی کارم کرد و توێژینەوەیەکی چڕوپڕم لێ کۆ کردەوە و بە تایبەت بە تەواوەتی لە سەر هونەر و فەلسەفەی ئەو چاخە وەختێکی زۆرم بۆ تەرخان کرد. دوای ئەم ڕەوتگەلە بوو کە ڕۆمان بە شێنەیی لەسەر کاغەز گیانی گرت.))

## ئەزموونی گۆنتەر گراس

ئەزموونگەلی «گراس»یش لەم بابەتەوە گەلێک پڕبایەخ و گرینگە. گراس ناوازەترین بەرهەمەکەی «تەپڵی تەنەکە»ی لە کاتێکدا ڕشتە سەر پەڕە بێگیانەکەی کاغەز کە لە ئەدەب و وێژەوانیدا نە کەسێتییەکی نێوبەدەرەکراو بووە و نە وەزع و بارودۆخی ژیانی باش بووە و زۆریش دەستکورت بووە. ئەندێشەی نووسینی ئەم ڕۆمانە کاتێک بە زەینی ختوورەی کردووە، کە خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی دی بوو. بنەمای کارەکەی ئەو نەوەک فاکنەر و مارکیز لەسەر بنەڕەتی وێنەیەکی زەینی سەقامگیر بووبوو و نە وەک ئیکۆ پشتی بەستبوو بە ئەندێشەگەلێکی لێهاتوو کە ببێتە گەڵاڵەیەکی تەواو بۆ نووسینی دەقەکەی. ڕەنگە بتوانین بڵێین (تەنانەت بۆ نووسینی ئەم کارە) ڕەوشتی کارەکەی شتێ بووە لە نێوان دوو بیروڕا. ئەو خۆی لە گێڕانەوەیەک کە لە چۆنیەتیی نووسینی ڕۆمانی (تەپڵی تەنەکە) و ئافراندنی ئەندێشەگەلێک کە دواتر بوونەتە بنەڕەترین و گرینگترین هێماکانی چیرۆکەکەی لەم ڕۆمانە، ڕوونکردنەوەیەکی سەیر و سەمەرەمان ئاراستە دەکات:

((زەینم لە وەبیرهێنانی وردەکارییەکانی ئەو دەورانە بێتین و کەمهێزە. بەڵام لە بیرمە کە چەند گەڵاڵەی گشتی بۆ حەماسەکەم دابین کردبوو و هەر گەڵاڵەیەکم



گۆنتەر گراس

له وشەگەلێکی ڕێشاندەر لێوانلێو کردبوو، بەڵام هەروا کە نووسینەکە دەرۆیشتە پێشەوە، گەڵاڵەکان بە دوای یەکتر هەر زووزوو دەقرتان. هەووەڵین، دووەمین و لە ئاکام سێیەمین دەستنووس و دواتریش کەوتنە نێو بڵێسەی ئاگری سۆمپای ژوورەکەم.

لە ئەنجامی ئەو ساڵەدا، کاتێک لە باشووری فەرەنسی بۆ شاری دۆسلدۆڤ دەچووم، لە کاتی تێپەڕین لە وڵاتی سویسرا، نە تەنیا لەگەڵ ژنی ژیانم ئاشنا بووم، بەڵکو ئەو شتەی کە ببووە یەکەم داڵغەم، لە بیرم برد. ڕۆژێک دەمەوئێوارێ، نێوان جەماوەرێکی پیاوماقووڵ کە خەریکی قاوەخواردنەوە بوون، کوڕە منداڵێکم بینی کە بە ڕواڵەت سێ ساڵە دەهاتە بەر چاو و تەپڵێکی تەنەکەی بە دەستەوە بوو کە لە سەری دەکوتا. بە دیتنی ئەم دیمەنە و وردبوونەوەیەکی زۆر و هۆگرایەتیی ئەم منداڵە بە ئەپڵەکەی و ئاوڕنەدانەوەی بۆ ئەو جەماعەتە و تەواوی ئەو شتانەی کە لە ئاقاریدا دەگوزەرا، تووشی سەرسووڕماوی بووم و بیری ئەو منداڵە لە زەینمدا بە شێنەیی جێی خۆش کرد و دەرەنجام گەڵاڵەی ڕۆمانەکە لە زەینمدا سەقامگیر بوو...

باشە، ئەمن لە خەستەخانەیەکی ڕەوانیدا، زۆر بە کەلەلایی کەوتووم...» بەم ڕستە، یەکەم لەمپەری زەینیم تێکڕا لەناو دەچێت و دائەڕمێ. وشەگەل، بیرەوەرییەکان، خەیاڵ، تەنز و کەڵکەڵە زەینییەکەم کە لە مێژە لە مندا قەڵاچن کرابوون، بە یەکجاری سەرکێش بوون و ئەم بەشە، بەشێکی دیکەی خولقاند. کاتێک کۆسپ و لەمپەرێک بێتە سەر ڕێگەم کە ڕەوتی چیرۆکەکەی دوا دەخست، هەر زوو بازم دەدا و لێی تێدەپەڕیم. لەم ڕەوتە مێژوو هەمیشە یەکەم یارمەتیدەرم بووە. دەڵێی سەرپۆشێکی بچووکی دەمزل بە خێراییەوە ئاوەڵا دەبووەوە و بۆنێکی سەیر و جیاواز لە فەزادا پڕ دەبوو. لەگەڵ دۆستێکم لە مەڕ ڕووداوەکانی هاوکات، قورسی بێمانای ڕاڤەی مێژوویی، ماقی ئەو لە مەڕ دەربڕینی چیرۆکەکە لە زاری یەکەمکەس یان سێیەمکەس، داخی منداڵنەبوونیان، گوناهە ڕاستەکییەکان و هەست بە گوناهی ساختە و تاد... دەدوام تاکو ڕۆمان خۆی بڕواتە پێشەوە.))

**دواپەیڤ:**

ئێوە لە کاتی نووسیندا چۆن ڕێ و ڕەوشتێک بە کار دێنن؟ و یاخود ئەگەر ئێستاش بەرهەم و نووسینەکەتان بە ئاکام نەگەیشتووە، وا بیر دەکەنەوە کە کام یەک لەم شێوازگەلەی سەرەوە باشتر و دەرەوەستتر و شیاوترە و بە چ چەشنێک دەبێ بە کاری بێنن؟ ئەزموونی نووسەرە گەورە و نێوبەدەرکراوەکان هەمیشە کارساز بووە. نابێت بە سانایی لە تەنیشت ئەم ئەزموونگەلە تێپەڕن، دەکرێت ئەمانە بخەنە بەر ئەزموون و لە ئاکامدا بەو ڕەوشت و شێوەیە کە پێتان شیاوتر و لێهاتووترە بگەن. بەڵام لە خوێندنەوەی ئەزموونە سەرکەوتووەکان بەردەوام بن.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی مەدومە



# بایەخی فۆڕم لە ڕوانگەی فۆڕمالیستەکانەوە

**لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد**

یەکێک لەو خاڵە گرینگانە کە فۆڕمالیستەکان لە مەڕ شێواز و فۆڕمی دەربڕین هێنایانە کایەوە، چەمکی (ئاشنایی-سڕینەوە) یان (ناسیاوی-سڕینەوە)یە. شکلۆفسکی بۆ یەکەمینجار ئەم چەمکەی خستە بەر باس و وشەی ڕووسی Ostrannenjaـی بە کار هێنا. دوای شکلۆفسکی، (یاکوبسێن) و (تیتیانۆڤ) لە ئەندامانی هەرە ناوازەی فۆرمالیستەکان، لە چەند جێگە ئەم چەمکەیان بە (نامۆخوازی) ناودێر کرد. هەووەڵین ئاماژەی شکلۆفسکی بە ئاشنایی سڕینەوە لە نامیلکەیەکی خۆی بەناوی (هونەر چەشنی فۆڕم) 1917 دەدۆزرێتەوە.1


بە ڕای شکلۆفسکی هونەر (ئیدراکی حسی) یان (تێگەیشتنی هەستیارانە)ـی ئێمە هەمیسان ڕێک

دەخاتەوە و لەم پێناوەدا یاساوڕێساکانی ئاشنا و پێکهاتەکانی بە ڕواڵەت جێگیرکراوەکانی واقیع تووشی ئاڵوگۆڕی دەکات. هونەر خووەکانمان دەگۆڕێت و هەرشتێکی ئاشنا لەبەر چاومان نامۆ دەنوێنێت، نێوان ئێمە و ئەو هەموو شتانە کە لەگەڵیاندا ڕاهاتووین. بۆ نموونە: کار، جلوبەرگلەبەرکردن، ڕازاندنەوەی ماڵ، هاوسەر و منداڵ، ترس لە شەڕ و هتد...) مەودایەک دەخولقێنێت، شتەکان بۆ خودی خۆمان چۆنن بەو شێوەیە نیشانی ئێمەی دەدات و هەموو شتێک لە ژێر پەنجە دەسەڵاتدارەکەی لایەنی خۆکرد و تاکڕەهەندانە کە زادەی (ئیدراکی حسی) یا تێگەیشتنە هەستیارەکانی ئێمەیە، ڕزگار دەکات.2

ئەم چەمکە لە مەڕ (ئاشنایی سڕینەوە) نیشانەی کاریگەرییەکە کە دیاردەناسی (ئیدمۆند هۆسرێل) لە سەر شکلۆفسکی بە جێی هێشتووە و بە ئاشکرایی وەبیرهێنەری باسی هوسرێلە لە بارەی ناتەواوەتی ڕوانگەی (سەرەتایی یا سروشتیی) ئێمە بۆ جیهان و پێویستی چوونە نێو خودی شتەکانەوە.3 لە وتاری (هونەر چەشنی فۆرم) شکلۆفسکی نموونەگەلێکی لە مەڕ ئاشنایی سڕینەوەی هێناوەتەوە. ڕەوشتی گەورەڕۆماننووسیی ڕووسیا (تۆلستۆی) بریتی بوو لە (بینینی شتەکان لە دەرەوەی بواری ئاشنایی و سروشتی هەبوونی خۆیان) و هەروەتر شکلۆفسکی لە وێنە ئیرۆتیکیەکانی بەرهەمی (دیکامێرۆن)ی بۆکاچیۆ و بەکارهێنانی وشە کۆن و لەبیرچووەکان لە شیعردا نموونەی بەجێ و شیاوی هێناوەتەوە.4

ئەم باسەی شکلۆفسکی پەلی هاویشتووە بەرەو گۆڕان لە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیارەکانیشدا. بۆ نموونە شکلۆفسکی چەمکی (ئاشنایی سڕینەوە)ی هەتا ئاستی ڕەتکردنەوەی (هەر یاساوڕێسایەک کە لە نێو خاوەندارێتیی تایبەتی سەری هەڵدابێ) بردووهتە پێشەوە. هێماکانی شکلۆفسکی و فۆرمالیستەکانی دی بۆ (خاوەندارێتیی تایبەتی) و پەیوەندییە بەرهەمهێنەرەکانی سەرمایەداری، ڕەنگدانەوەی گوتاری باڵادەست و زاڵی مارکسیست لە ڕووسیای ئەو ڕۆژگارەیە. (ئاشنایی سڕینەوە) لە بەرهەمەکانی شکلۆفسکیدا بە دوو واتا بە کار هاتووە. یەکەم بە واتای ڕەوشت و مێتۆدیک لە نووسینی وشیارانە یا ناوشیارانە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی ناوازەدا دەدۆزێتەوە و تەنانەت هەندێکجار فۆڕمی زاڵ و باڵادەستی دەربڕینە.

ئەم چەمکە، بنەڕەتەکەی لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆن و دێرینی تیۆری ئەدەبیدایە کە لە مەڕ بەکارهێنانی توخمەکانی مەجاز لە نێو دەقی ئەدەبی و شیعردایە. بەکارهێنانی مەجازیی وشەکان سەرنجی زەین بەرەو واتا نوێکان ڕادەکێشێ و واتا ناسیاوەکان بێبایەخ دێنە بەر چاو و لە ناو دەچن. واتای دووەمی (ئاشنایی سڕینەوە) لە بەرهەمەکانی شکلۆفسکیدا واتایەکی بەرفراوانترە و تەواوی ئەو شێواز و ڕەوشتانە دەگرێتەوە کە نووسەر وشیارانە کەڵکیان لێوەردەگرێت. تا بتوانێت (جیهانی دەق لەبەر دیدی خوێنەران نامۆ نیشان بدات). نووسەر لە جێی چەمکە ناسیاوەکان، وشەکان شێوەی دەربڕین یا نیشانە نەناسراوەکان بە کار دێنێت. ئەم گرێ و کێشەیە، هەڵبەت تێگەیشتنی ئاماژە واتاییەکانی بەرهەم زۆر ئەستەم دەکا و بابەتەکە بەو شێوەیە دەنوێنێ کە گوایە لەمەوپێش لە گۆڕێدا نەبووە. ئامانجی دەبڕینی جوانیناسانە لەم دۆخە نەک شیکردنەوەی توند و خێرا و ڕاستەوخۆی وشەکان، بەڵکو داهێنانی هەستی نوێ، تایبەتی و بەهێزە کە خۆی دەبێتە هۆی داهێنانی واتا تازە و نوێکان. لە ڕاستیدا هەر ئەوندە ئەو وشە و ئەو بابەتە شیعرییە خۆی گەیاندە نێو



گۆڕەپان و سنووری دەسەڵاتی (تێگەیشتنە هەستیارە نوێیەکان)، ئاشنایی سڕینەوەیش دەست پێ دەکات. شکلۆفسکی نووسیویەتی کەنارنشینان چیتر دەنگی شەپۆلەکانی دەریا نابیستن و (ئێمە هەموو ڕۆژ سەیری یەکتری دەکەین، بەبێ ئەوەی ئەوی کەسی دی ببینین)، چونکە تێگەیشتنی هەستیاریی ئێمە لەگەڵ جیهاندا ڕاهاتووە. ئەرکی شاعیر لەنێوبردنی وزەی (خوا)یە، واتا خوڵقاندنی جیهانی نوێ، دیتنی ئەو شتانەی پێشتر نەبینراون. شکلۆفسکی ئەم جەختەی بۆ (نامۆسازی) بە هیچ جۆرێک لە هەڵسوکەوتی تایبەتی هونەری مۆدێرن نەدەزانی. بەڵکو ئەم «جۆرە هەڵسوکەوتە»یش وەکو تایبەتمەندیی زۆربەی دەقە هونەرییەکانی ڕابردوو دەناسی. ئەو لە یەکێک لە مامۆستاکانی هونەری ڕیالیست نموونەی هێنایەوە کە باشترین چرکەساتی بەرهەمەکانی ئەوانەن کە لە هەر شتێکی ئاشنا جیا دەبنەوە.

لە ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتیی) تۆڵستۆیدا دیمەنی ئۆپێرا (بە کۆمەڵەیەک کاغەزی یاری) دەشوبهێنێ (هەروەها چیرۆکگێڕەوەی کورتەچیرۆکی (خولستومەر) هەسپێکە و ئێمە لە ڕوانگەی ئەم (تەواو نامۆیە) لە هەموو شتێک دەنواڕین.5 (ئێرلیش) نووسیویەتی کە پێشینەی نامۆسازی بۆ بیرۆکەی ئەرستو دەگەڕێتەوە کە تێیدا هاتووە «دەربڕین بە هۆی وشە نەناسراوەکانەوە دروست دەبێت» و هەروەها فۆرمێکی دیکە لەم «نامۆسازی»ـیە دەتوانین لە بەرهەمەکانی ڕۆمانتیکخوازە ئینگلیزییەکاندا، بیدۆزینەوە. (ئێرلیش) دەربڕینی ئەمڕۆیانەی ئەو «نامۆسازی»یەی تایبەت بە فۆرمالیستەکان نەزانی و سووریالیستەکانی بە نموونە هێنایەوە کە چ لە بواری تیۆری و چ لە بواری ئافراندن پشتگرییان لە "نامۆسازی" کردووە. ئەو ژان کۆکتۆی بە نموونە هێنایەوەی و ئەوی بە (یەکێک لە گرینگترین شاعیران و ڕەخنەگرانی سووریالیست) ژماردووە کە ئاشنایی سڕینەوەی بە بنەمای کاری هونەری داناوە. جیا لە هەڵەی (ئێرلیش) کە (جان کۆکتۆ)ی بە (سووریالیست) داناوە، نازناوێک کە (کۆکتۆ) بەردەوام بە پێداگرییەوە ڕەتی دەکردەوە، بنەمای بڕیاردانەکەی دروستە. کۆکتۆش چەشنی سووریالیستەکان باس لە گرینگیی (دەربڕینی نامۆ)ی کردووە. یەکێک لە لایەنە گرینگەکانی لە ئاشنایی سڕینەوە (تەمومژی زمانی) بەرهەم و نەناسراوبوونی، مێتۆد و ڕەوشتی دەربڕینە. لە مەڕ شیعرەوە دەتوانین ئەم خاڵە لە نێو لایەنە جیاوازەکاندا یەکێکیان بەکارهێنانی زاراوەکان، وشەکان و زمانی ئاڵۆز (بۆ نموونە کەڵکوەرگرتن لە وشە کۆنەکان)ـە. ئەم (خووشکێنی) دژبەرایەتیکردنە لەگەڵ یاسا هونەرییەکاند، بە ڕای فۆرمالیستەکان (گەوهەری سەرەکیی خۆڕاگریی هونەر)ـە. تێگەیشتن لە بەرهەمی هونەرییش بەبێ یارمەتی ئەو شتەی کە یاکۆبسێن بە (سیستمشکێنیی خودی سیستم) ناودێری کردووە، ناکرێت. ئەم چەمکەی کە هەنگاوێکە بەرەو میتۆدی بنەماشکێنیی دەق، لە واقیعدا یەکێک لە بنچینەکانی دیکەی چەمکی ئاشنایی سڕینەوە، دەروونناسیی (گشتاڵت)ـە:

(هەر تێگەیشتنێکی هەستیارانە یاخود (ئیدراکی حسی) دەبێتە کردە و خوویەک و لەولاوە ئەرکێکی ئۆتۆماتیک وەردەگرێت. لەسەر بنەمای ئەم خوو و ئەرکە ئۆتۆماتیکییە، فۆرمەکەی هەرشتێ بێت دەتوانین ناوەڕۆکەکەی پێشبینی و مەزەندە بکەین و وا دابنێین کە دەیناسین. بەڵام ئەرکی سەرەکیی هونەر ئەمەیە

فێر بین کە هەر چەشنە فۆڕمێکی (خوو) بخەینە لاوە. بەڵگە بۆ هەبوونی هونەر ئەوەیە کە ئێمە هەست بە شتەکان دەکەین. ئامانجی هونەر دروستکردنی هەستێکە بە هۆی شتەکانەوە. بەو جۆرە کە دەبینرێن نەک بەو جۆرە کە دەناسرێن، یان شی دەکرێنەوە. شێوازی هونەر هەموو شتێک نەناسیاو و تەمومژاوی دەنوێنێت. هەر بۆیە وا لە (ئیدراکی حسی) دەکات دژوار بێت و درەنگ پەی بە شتەکان بەرێت. لە هونەردا (تەنیا) ئەو شتە لەبەر چاو دەگرێت کە ئەزموونی ئێمە ببێت بە هۆی پرۆسەی پێکهاتن و داهێنان، نەک بەرهەمی کۆتایی و دەرەنجام.6


شکلۆفسکی هەر لە پاش ئەم باسە هونەرییە بە واتای وێرانیی لایەنی ئۆتۆماتیکیی تێگەیشتن لە قەڵەمدا واتە هەر وێنەیەک دەبێ تێگەیشتنێکی نوێ بۆ بابەت بە دەستەوە بدات نەک واتا دووپات بکاتەوە. واتای وێنە بەردەوام پەیوەندیی بە (ئاشنایی سڕینەوە)وە



هۆسرێل

هەیە. لە هونەری چیرۆکنووسیندا، ئاشنایی سڕینەوە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی پاڵەوانەکان، بەکارهێنانی زمان و (هەڵبژاردنی سکێچ)ـەوە مەیسەر دەبێت. نووسەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی چەند چرکەساتێک لە ڕووداوەکانی چیرۆک و لێکدانیان لە نێو سکێچدا، هەموو شتێک (سەرسووڕهێنەر)نیشان دەدات. دەتوانین بڵێین لە ئەدەبدا، شێوازێکی ریالیستی نییە. نووسەرێک کە ئاگاداری ئەم خاڵە بێت، باشتر دەنووسێت. بەرهەمەکەی چەشنی بەڵگەیەک لە مەڕ نووسینیشەوە بە کار دێت. هەر چەند کە (تریسترام شاندی) بەر لە هەر شتێک ڕۆمانێکە لە بارەی شێوازەکانی نووسەری تەواوە پێکهاتەکەی (بە چەشنێکی وشیارانە) لە ڕێگەی ئارایی نووسەر و تەنانەت هەندێجار لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو گرێیانەی کە بە کار هاتوون، ئاشکرا دەکات. "ئاخن بام"یش باسی لە شێوازەکانی گۆگۆڵ لە "پاڵتۆ"دا کردووە کە لە ڕێگەیەکی ناراستەوخۆوە «ئاوازی وشەکان»، نوکتەکان، ڕووداوە ناماقووڵ و گاڵتەجارییەکان، ناوی گاڵتەجاڕی و ڕووداوی پڕوپووچ و بێبەهرە» پێوەرە ریالیستی و ناسیاوەکان تێک دەشکێنێ.

توێژینەوەی شکلۆفسکی و فۆڕمالیستەکان لە مەڕ (ئاشنایی سڕینەوە) کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ داناوە . ڕۆلان بارت بە یارمەتیی ئەم باسە نیشانی دا ڕەوشتی (فلۆبێر) کە (ویلیام بارت) پێی وتووە (گێڕانەوەی قسەی کەسێکی دی بە کەڵکوەرگرتن لە گیومە=(دووکەوانە) لە سەر بنەمای مەودای نووسەر لەگەڵ دەق (پاڵەوانەکان، ڕووداوەکان، سکێچ یان گەلاڵە) دامەزراوە. (ژان



پۆل سارتەر) لە بەرگی دووەمی "گەمژەیی خێزان"دا ئەم (نامۆ سازییە)ی خستووەتە بەر باس.7 بە ڕای سارتەر فلۆبێر هەموو شتێک (نەناسیاو) دەکات و شیکردنەوەی هەر ڕووداوێک کە لە بنەمای خۆیدا پشتی بە گۆڕانپەسەندیی واتای ئاخێو بەستووە و خودی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە لە سەرچاوەیەکی سانا و ئاساییەوە، دەگۆڕێت بۆ سەرچاوە سەیروسەمەرەکان.8 لێرەدا سارتەر بڕیاری سەرەکی شکلۆفسکی و فۆڕمالیستەکان دووپات دەکاتەوە.

### تێبینی و پەراوێزەکان:

1-L.T.Lemon and M.J.Reis eds, Russian Formalist Criticism, Nebraska u.p., 1965

2-Ibid., pp.12-13

3-بەرگی یەکەمی لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکانی هۆسێرل لەساڵی 1912 وەرگێڕدرایە سەر زمانی ڕووسی و گوستاو شپت (G.Shpet) لە کتێبێکدا لە ژێر ناوی فۆرم و سەرهەڵدانی واتا (1914) بابەتی نوێی دیاردەناسیی بۆ خوێنەرە ڕووسیەکان شی کردبووەوە. بیروڕاکانی هۆسێرل لە مەڕ «دوارێزمان» و «ڕەهای زمان» کارتێکەری زۆری کردبووە سەر زمانناسە ڕووسییەکان و سێرگی کارتسوتسکی تەلاشی کردبوو تا پردێک لە نێوان بیرەکانی هۆسێرل و زمانناسیی سۆسێر دروست بکات. لە ساڵی 1923دا زۆر لە فۆڕمالیستەکان لە پۆلی وانەوتنەوەی (شپت) ئامادەبوون و بە سەر کتێبەکەیدا بە ناوی برگە جوانناسانەکانی هەڵیان دەگوت.

4-L.T.Lemon and M.j, Reis eds, op.cit., pp, 21-23

5-V.Erlieh, op.cit., p.177

6-T.Todorov ed.Theorie de la literature, p.83

7-سارتەر لە وشەی ئینگلیزی estrangement کەڵکی وەرگرتووە.

8-J.P.Sartre, L, idiot de la.famille. .1971, vol.2.pp, 1976-1981

### ژێدەر:

ساختار و تاویل متن، (نشانه شناسی و ساختارگرایی)، جلد اول، قسمت فرمالیست های روسی، نوشتهی دکتر بابک احمدی، انتشارات مرکز، تهران، چاپ دوم: 1374





فلۆبێر


# پەیوەندیی نێوان گۆڤاری گەلاوێژ و کتێبخانەی ئازادی لە سلێمانی

د. دڵشاد محەمەد خدر

گۆڤاری گەلاوێژ لە سەرەتای دەرچوونییەوە هەوڵی دابینکردنی کەناڵی دابەشکردنی گۆڤارەکەی داوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەش.
لێرەدا باسی سەنتەری دابەشکردنی گۆڤاری گەلاوێژ دەکەم لە سلێمانی.
ئاشکرایە کە گۆڤاری گەلاوێژ لە سەرەتای ساڵی 1939 ز، لە لایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە دەستی بە دەرچوون کردووە و ژمارەکانی بەردەوام گەیشتوونەتە دەست خوێنەوارانی لە سلێمانی، بەڵام چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە نازانم هەتا ساڵی 1942ز کە دابەشکردنی گۆڤارەکە سپێردراوە بە (کتێبخانەی ئازادی) (1942 – 1944) خاوەنی (محەمەد خدر کۆیی یا حەمە ئازادی).
هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە وەک یەکەم کتێبخانە لە شاری سلێمانی ژمارەکانی بۆ هاتووە و دابەشی کردووە بە

سەر هاویەشەکانیدا و لە کتێبخانەکەشدا ژمارەی لێ فرۆشراوە و خوێنراوەتەوە، ئەمەش لەم بەڵگەنامانەی خوارەوەدا ئەسەلمێندرێت.

1. بەڵگەنامەی یەکەم، نامەیەکی (مدیر اداره)ی کتێبخانەی گەلاوێژە بەڕێز (علاالدین سجادی) کە لە بەرواری (17/ 1/ 1943) بۆ خاوەن (کتێبخانەی ئازادی — محمد خدر کە ناسراویش بووە بە حەمە ئازادی) ناردووە کە داوای لێ دەکات دیوانی شیعرە کوردییەکانیان بۆ بکڕێت و بۆیان بنێرێت بە تاک تاک یان بە کۆمەڵ هەتا هەوڵی چاپکردنیان بدرێت و ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:





مۆری گەلاوێژ 17 / 1 / 1943

محترم جنابی محمد افندی بغداد

ڕۆژ باش!

ئەمانەوێ ئەو دیوانە شیعرە کوردییانەی کە لە چاپ دراون لامان بێت و ایستیکا لێرە مشورخواردنێکی زۆری پێ

ئەوێ بۆ دەسخستنیان، تکا ئەکەم بەرە بەرە کە بۆت ڕێک کەوت بۆمان بکرەوە بە یەکە یەکە یان بە کۆمەڵ بۆمان ڕەوانە بکەن.

ئەوا وەکو پێشوو ئێمەش هەموو مانگێک پێنج ژمارەی گەلاوێژتان بۆ ئەنێرین بۆ فرۆشتن یان بۆ سەیرکردن بۆ ناو کتێبخانە ئینجا لە پاشا حساب ئەکەین.

ئیتر هەر بژین　　　　مدیر ادارە


لەم نزیکانە گەلاوێژ وەرئەگرن


لەم بەڵگەنامەیەدا دەرئەکەوێت کە:

1/ خاوەن کتێبخانەی ئازادی حەمە ئازادی جگە لە کاری کتێبخانەکەی وەکو فرۆشتنی کتێب و گۆڤار ڕۆڵی بینیوە لە کۆکردنەوە و ناردنی دیوانە کوردییەکانی شاعیران بۆ سەنتەری گەلاوێژ لە بهغداد بۆ هەڵگرتن و نەفەوتانی لە نەمان و چاپکردنیان.

2/ پێش ئەم بەروارەش ژمارەکانی گەلاوێژ بەردەوام بۆ کتێبخانەی ئازادی هاتووە و دابەش کراوە و فرۆشراوە وەکو لە بەڵگەنامەکەدا ئەڵێ: (ئەوە وەکو پێشوو).

3. بەڵگەنامەی دووەم: نامەیەکی (مدیر ادارەی گەلاوێژ) لە بهغداد بەڕێز (علاالدین سجادی) بۆ خاوەن کتێبخانەی ئازادی (حەمە ئازادی) کە لە بەرواری 20/ 4/ 1943.







دەقی بەڵگە نامەکە

مۆری گەلاوێژ    20/ 4/ 1943

محترم جنابی محمد افندی    بغداد

ڕۆژ باش!

عەزیزم ئەوا قائیمەی ئەو ناوانەم بۆ ناردیت لطفا ئەگەر ئەیانەوێ ئابوونە تازە ئەکەنەوە ژمارەی یەک و دووی ئەم ساڵیان وەرگرتووە هەموو بۆم نووسیون کە تەسلیم بە ئێوەی بکەن. جا تکا ئەکەم ئێوەش چۆن بە چاک ئەزانن بەڵکوو لێیان وەربگرنەوە و بە پۆستە بۆمان ڕەوانە بکەنەوە چونکە زۆر کەس ئەمساڵ بوون بە ئابوونە و ژمارەی یەک و دوویان دەست نەکەوتووە و داواش ئەکەن.

ئەگەر هەر کەس پارەشی دایتێ هەر لێی وەربگرە و بۆمان بنێرە یا ڕێی نیشاندە کە خۆی بە پۆستە بینێرێ.

ئیتر هەر بەرخودار بی عزیزم


کۆمەڵە شیعرییەکانی نارییشمان وەرگرت


مدیر ادارە

زۆر سوپاسگوزار بووین.

لەم بەڵگەیەدا مدیر ادارەی گەلاوێژ داوا لە (حەمە ئازادی) خاوەن کتێبخانەی ئازادی دەکات کە پارەی نرخی ژمارەکانی گەلاوێژ کۆ بکاتەوە و بۆیان بنێرێ و ئاماژەش بەوە ئەکا کە خاوەن کتێبخانەی ئازادی (حەمە ئازادی) دیوانی ناریی ناردووە بۆ بەغداد بۆ چاپکردن و وەریانگرتوون.

4. بەڵگەنامەی سێیەم: لیستی ئەو بەڕێزانەی هاوبەش بوون لە کڕینی گۆڤاری گەلاوێژدا لە شاری سلێمانی و دەوروبەری و داوایان لێ کراوە کە ژمارە یەک و دوویساڵی چوار تەسلیم بە کتێبخانەی ئازادی بکەن.





دەقی بەڵگەنامەکە

قائیمەی ئەو ناوانەی کە داوای ژمارەی گەلاوێژیان لێکراوە بە گوێرەی کاغەزی بۆ خۆیان نووسراوە ژمارەی یەک و دووی ساڵی چوار تەسلیم بە مەکتەبەی ئازادی بکەن.

1-رئیس بلدیە محمود قفطان

2-کاتبی تحریرات محمد رفیق قفطان (یەک دیناری داوە 1/ 5/ 1943)

3- ملاحض اشغال/ رشید افندی عبدالکریم (خۆی ناردوویە بە)

4-محامی اسحق منیر

5-کاتبی ادارات حسێن بک کریم بک — (داویە بە ابراهیم ملا مارف ئەویش بۆی ناردوون)

6-نوری افندی، حاجی عزیز - خۆی ناردوویەتی

7- ......... احمد حاجی صالحی قفطان

8-علی افندی شالی

9-عبدالواحد افندی لە قائمقامیەتی مەرکەز+ 750 فلس 5/31

10-جزا مارف مامور مال قلادزە

11-کاتب طابو - مصطفی مجید

12- نامق افندی حاجی علی ماموری استهلاک

13-رەزا ئەورەحمان شاڵی

14-حاجی امین حاجی فتاحی قادر

15-حمە حاجی کریم بە هۆی تۆفیق احمد دەلاکەوە

16- کاتبی تحریرات — رشید افندی قادر افندی

17- ......... شیخ حمە غریب

18-رشید افندی حاجی فرج بک

19-قائمقام توفیق بابان

20-فرج علی کونە قوتابی هندسە

21-محمد شریف دباخ - مدیر ناحیەی سەنگەسەر

22- شیخ حسیب طالبانی – قائمقامی جوارتا

لە تەنیشت زنجیرەکانی (2). (3). (5). (9) حەمە ئازادی تێبینیی خۆی نووسیوە و لێرەدا خراونەتە کەوانەوە. زنجیەکانی (7). (17) بە هۆی کونکردنی دیکۆمێنتەکە بۆ هەڵگرتنی لە ناو فایلدا ناوی یەکەم دیار نییە.



# نیاز لەتیف: لە شانۆی کوردیدا سینۆگرافیا بە پێی پێویست کاری لە سەر نەکراوە

## گفتوگۆ لەگەڵ شانۆکار "نیاز لەتیف"دا

**سازدانی: داستان بەرزان**

وشەی سینۆگرافیا وشەیەکی کۆنە و لەگەڵ سەرهەڵدانی شانۆی گریکە کۆنەکان سەری هەڵداوە، بەڵام وەک زەخرەفە بۆ جوانکردن و ڕازانەوەی (SKINA) واتە چێوەی شانۆ بە کار هاتووە.
ئەم زاراوەیە لە سەردەمی ڕۆمانییەکان وەک دیکۆری وێنەکیشراو یان دیکۆری قەبارە گەورە بە کار دەهات. ئەم ڕەوتە مێژووییەی سینۆگرافیا هەتا ناوەڕاستی سەدەی نوزدە و سەرەتای سەدەی بیست تەنها وەک دیکۆر سینۆگرافیا بە کار دەهێنرا. لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری دەرهێنان لە لایەن (D. S. MEINGEN) و (ئەندریە ئەنتوان) و (ستانسلافسکی) و(ئەنتۆنین ئارتۆ) و دواتر (مییرهولد و بریخت و ئەدۆلف ئاپیا

**و کرۆتۆفسکی و جان کۆبۆ و پیتەر بروک و ئاریانا مۆنۆشکین و... هتد) خوێندنەوە و شیکردنەوە و هۆرمۆنۆتیکی جیاواز و سیمۆلۆژیانە بۆ چەمکی سینۆگرافیا و پێکهاتە سەرەکییەکانی سینۆگرافیا هاتە کایەوە، واتە چیتر سینۆگرافیا وەک دیکۆر بە کار نەهات بەڵکو لە پێناسەیەکی نوێدا سینۆگرافیا بریتیە لە (جەستە- دیکۆر- جلوبەرگ- رووناکی- ماکیاژ- دەمامک- ئیکسسوار)، لە ئاستێکیشدا وشەی سینۆگراف لە جیاتی وشەی دەرهێنەر بە کار دێت و ئەوەی کاری سینۆگراف دەکات، لە جێگەی دەرهێنەر هەڵدەستێت بە رێکخستن و سازکردنی تەواوی پێکهێنەرەکانی سەر شانۆ بە شێوەیەکی هونەری و ئێستەتیکی.**

**بۆ زیاتر ئاشنابوون و ناسینی ئەم بابەتە لە رێگەی چەند پرسیارێکەوە (نیاز لەتیف)مان دواند، کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەم بوارەدا و ئەزموونی چەندین ساڵی وانەوتنەوەی هەیە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و تاکو ئێستا وەک وانەبێژ لە بوارە جیاوازەکانی شانۆدا بەردەوامە.**

***شانۆی کوردی خاوەنی سینۆگرافیایەکی تایبەت بە خۆیەتی؟**

-پرسیارەکە تا ڕادەیەک سەیرە! من پێم وایە شتێک نییە بە ناوی سینۆگرافیای ئەلمانی یان فارسی یان عەرەبی یان ئەمەریکی ئیتر بۆ دەبێت شتیک هەبێت بە ناوی سینۆگرافیای کوردی. ئەم بیرکردنەوە و بۆچوونە نە هونەرییە و نە فەلسەفییە، ئەگەر وا بێت دەبێت سەرجەم تیۆرە زانستییەکانی بیرمەندانی وەک (بیتەربروک و ئارتۆ و میرهۆلد و گۆردن گریک... هتد. پووچەڵ بێتەوە کە لە ناو کولتووری وڵاتانی رۆژهەڵاتدا کاریان کردووە وەک شانۆی هیندی و ژاپۆنی و چینی... هتد، کە هەر یەک لەو وڵاتانە خاوەنی کولتوور و دابونەریتی خۆیەتی و دوورە لە کولتوور و دابونەریتی وڵاتان و گەلانی ئەورووپا. لە هیچ سەرچاوەیەکیش شتێک بەدی ناکەیت بە ناوی سینۆگرافیای هیندی یان چینی یان ئەڵمانییەوە. دەکرێت بڵێین شانۆی هیندی یان عەرەبی یان فارسی، یان دروستە بڵێین میتۆدی ستانسلافسکی یان میتودی ئارتۆ... هتد، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە شتێک نییە بە ناوی سینۆگرافیای کوردییەوە.



بەکارهینانی گۆزە و دیزە و جاجم و جلوبەرگی کوردی پێی ناوترێت سینۆگرافیای کوردی، راستە ئەمانە کەرەسەی سینۆگرافیان، بەڵام کولتووری نەتەوەیەکن و هەڵگری چەندین دەلالهتن، لە ئەمڕۆی شانۆی (پۆست پۆست مۆدیرنە)دا جەستە هەڵگری چەندین ئاماژەی سیمیایە، بەڵکو جەستە خۆی سینۆگرافیایە، تەنها بەکارهێنانی هەندێک ئیکسسسوار و جلوبەرگ و ڕووناکی بە شیوەیەکی هەرەمەکی گوتاری سینۆگرافی بەرهەم ناهێنێت و نابێتە ستایلێکی مۆدێرن یان ستایلیکی تایبەت بە شانۆی کوردی.


***شانۆکاری کورد پڕۆژەی هەبووە بۆ هێنانەئارای جۆرێک لە سینۆگرافیا کە هەڵگری مۆرکێکی کوردانە بێت و هاودەم زمانێکی جیهانییشی هەبێت؟**

-شانۆ خۆی هونەرێکە هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتییە، شانۆی (ئینگلیزی) شانۆی (فەڕەنسی) شانۆی (یابانی و ئیسپانی... هتد) کە چەندین ستایلی هونەریی دەرهێنان و میتۆدی شانۆییان هێنایە کایەی شانۆوە، بەڵام بیریان لەوە نەکردەوە سینۆگرافیا سنوردار بکەن و ناوێکی بۆ دابتاشن، سینۆگرافیا هونەرێکە ناکرێت سنووردار بکرێت، چونکە زۆربەی پێکهاتەکانی سینۆگرافیا وێنەیین و وێنەش ئەگەرەکانی خوێندنەوەی سیمۆلۆژی زیاتر دەکات، وەک ئاماژەی ئیکۆنی روانینی بۆ ناکرێت، بەڵام کە ناومان بۆ لێنا، ئەوە وەک ئاماژەیەکی ئیکۆنی توانا ئاماژە دەلالییەکانی سنوردار دەبێت، ئەگەری پرۆسەی (دەوالیزم) کەمتر دەبێت، واتا ئەگەر گوتمان سینۆگرافیای کوردی، یان تایبەت بە شانۆی کوردی ئەوکاتە ئێمە باس لە سینۆگرافیایەکی ئیکۆنی دەکەین، واتا گوتاری سینۆگرافیاکە چێوەدار دەکریت و لە بازنەیەکی داخراودا بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، من لەگەڵ ئەم جۆرە ئاماژەیەی دووەمدا نیم، چونکە هیچ بوارێکی خوێندنەوە و هێرمۆنۆتیک و راڤەکردن و خوێندنەوەی سیمۆلۆژی بۆ ئەم هونەرە ناهێڵێتەوە، ئەوەی گرنگە لە سینۆگرافیای نمایشدا چۆنیهتیی تەوزیفکردنی کەلەپوور و کولتووری هەر نەتەوەیەکە، کە هەم بتوانێت مۆرکی ئەو کەلەپوور و کولتوورە نەتەوەییە بەوی تر بناسێنێت، لە هەمان کاتدا کاریگەریی ستاتیکی و فەلسەفی لە سەر پرۆسەی نمایش و هێڵی دەرهێنان دابنێت، کاتێک لە شانۆیی (ئەحەی کرنو) ئامادەکار و دراماتۆرگ و دەرهێنەری بەتوانا (عوسمان چێوار)ی نەمر ڕووداوەکانی سەردەمی داگیرکەرانی عوسمانییەکان و بەریتانیای عوزمامان لە کوردستاندا بە سینۆگرافیایەکی سیمیائامێز بۆ وێنا دەکات، بە ستایلی شانۆ لە ناو شانۆدا و بە چەند کورسییەکی بچووکی ئەوسای ناو چایخانە کۆنەکان، کە وەک موفرەدە بە کاری هێنابوو توانی چەندین شوێن و پانتاییمان بۆ دیاری بکات، لە هەمان کاتدا بە چەندین کەلوپەلی کوردی و کەرەسەی جەنگ و جلوبەرگی کوردی و تورکی و ئینگلیزی توانی سینۆگرافیایەکی دەلالەکراو بدات بە وەرگر، کە گۆڕینی موفرەدەکان بە پێی زەمەن و کات و ڕووداوەکان مەودای بینین و تێڕامان و خوێندنەوەی کراوە بۆ ئەو پێکهاتە سینۆگرافییە لە لایەن وەرگرەوە زیاتر دەکات، واتا خودی دەق و سینۆگرافیای دەق و سینۆگرافیای نمایش گوزارشت لە چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا و چینوتویژی جیاجیا دەکات، بەڵام دەرهێنەر بە سەلیقەی خۆی بێ ئەوەی بیر لە سینۆگرافیای کوردی بکاتەوە یان باس لە سینۆگرافیای

تورکی یان بەریتانی بکات، توانی تەوزیفی سەرجەم کەرەسە سینۆگرافییەکان بکات و بیخاتە خزمەتی پرۆسەی داهێنانەکەیەوە، کەواتە لە بنەڕەتدا سینۆگرافیایەک نییە بە ناو و مۆرکی نەتەوەیەکەوە، بەڵکو دەکرێت کەلەپوور و کولتوور بخرێتە خزمەتی سینۆگرافیای نمایشەوە.

***کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی کوردی توانای بوون بە کەرەستەی سینۆگرافییان هەیە؟**

-هەموو کەلوپەل و پێویستییەک توانای بە سینوگرافیابوونی هەیە، بەڵکو خۆی لە بنەڕەتدا کەرەسەی سینۆگرافیایە، بەڵام هونەرمەند و شانۆکار چۆن تەوزیفی دەکات؟ ئەمە گرنگە، چۆن کەرەسەیەکی کۆن دەکرێتە بابەتێکی سینۆگرافیا، نەک لەبەر ئەوەی کەرەسەیەکی کۆنی کوردەوارییە، بەڵکو دەبێت پانتاییەک بۆ خۆی داگیر بکات و ببێتە بەشێک لە پێکهاتەکانی سینۆگرافیای نمایش، خۆ ئەگەر دەقی شانۆییەکە دەقێکی (ئێراندن و ئێستاندن) بوو یان وێناکردن و بۆچوونی سەردەمییانە بوو، دەبێت کەلوپەلە کوردییەکە کۆن بێت، یان نوێ لەگەڵ بیروبۆچوونی ستاتیکی و فەلسەفیی دەرهێنەردا بگونجێت، ئێمە لە رووی پانتایی وەک شوێنەوار بۆ نمایش وەک میللەت و نەتەوەکانی تری جیهان بەشی خۆمان هەمانە و دەوڵەمەندین، بەڵام وەک پانتایی نمایش کە بەشێکی سەرەکیی سینۆگرافیایە سوودی لێوەرنەگیراوە، کەرەسەی کوردی تەنها بریتی نییە لە بەڕە و جاجم و گۆزە و دیزە کە من گومانم هەیە ئەم پێداویستییە کەلەپوورییانەش خوێندنەوەی مەعریفی و ستاتیکییان بۆ کرابێت، یان وەک پێویست تەوزیف نەکراون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد بە گشتی و هونەرمەندان بە تایبەتی لە ژێر کاریگەریی کولتووری گەلانی تردان، بە واتایەکی تر شانۆی کوردی سوودی لە میتۆلۆژیای کورد و فۆلکلۆر و دابونەریتەکەی وەرنەگرتووە. ئەمە جگە لەوەی سەدان داستان و بەیتوبالۆرە و ئەدەبی زیندووی هەیە، کە پڕە لە کەرەسەی سینۆگرافی، من کە ئەمە دەڵێم مەبەستم لە سینۆگرافیای دەقی ئەدەبییە، هەوێنی هەموو نمایشێک بۆ سینۆگرافیای نمایش سینۆگرافیای تێکستی ئەدەبی شانۆیە، ئێمە نەمانتوانیوە کەرەسە و پێداویستەکانی دەق و میتولۆژیا و فۆلکلۆر و کولتوور وەک سینۆگرافیایەکی هونەری تەوزیف بکەین.




***ئاشنابوون بە سینۆگرافیای شانۆیی ئەوەندە بەسە کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا دەخوێنرێت؟**

کامەیە ئەو ئاکادیمیایەی لە کوردستان بە شێوەیەکی زانستی سینۆگرافیای تێدا دەخوێنرێت، لەگەڵ رێزم بۆ مامۆستا بەڕێزەکان، کوا ئەو مامۆستایەی بڕوانامەکەی یان پسپۆرییەکەی کە لە سینۆگرافیادا بە دەستی هێناوە، یان لە دوای ڕاپەڕینەوە چەند وۆرک شۆپ و خولی بەهێزکردن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ هونەرمەندان و ئارەزوومەندان و مامۆستایانی، بێگومان هیچ پێشکەوتن لەم بوارەدا لە ناوەندە هونەری و پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە هەولێر و بەشی شانۆ لە کۆلێژی ئاداب لە دهۆک بەشێک یان سەنتەرێک نییە بە ناوی سینۆگرافیاوە، خۆ زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی هونەر لە پایتەختی ئەدەب و رۆشنبیری و هونەر نەک سینۆگرافیا

نازانن چییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا چارەی هونەری شانۆیان ناوێت، زیاتر لە 10 ساڵە هەوڵ دەدرێت بۆ کردنەوەی ئەم بەشە بەڵام نە داوای بەڕێز (مام جەلال) و نە نووسراوی سەرۆکی حکوومەت و نە کەمپین و ئیمزای زیاتر لە 500 کەسایەتی و گرووپ و تیپی هونەر لای ئەوان نرخی نییە، ئیتر کوا ئەو ئاکادیمیایەی کە تۆ باسی دەکەیت؟ ئێمە پێویستمان بە کردنەوەی بەشێکە لە پەیمانگهکانی هونەرەجوانەکان بە ناوی بەشی سینۆگرافیا، کە دەبێت کەسانی پسپۆر و کەرەسە و میتودی تیوری و پراکتیکی بە شێوەیەکی سەردەمییانەیان بۆ فەراهەم بکرێت، بەداخەوە لەبەر ئەوەی پەیمانگهکانی هونەرەجوانەکان سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە و ئەم وەزارەتەش ئەوەندەی بیر لە پێگەیاندنی مامۆستای هونەر دەکاتەوە، ئەوەندە بیر لە پێگەیاندنی کادیری هونەر ناکاتەوە، هەر بۆیە بە لایەوە گرنگ نییە دۆخی هونەریی پەیمانگهکان چۆن دەگوزەرێت، من پێم وایە لە پێگەیاندنی مامۆستاشدا سەرکەوتوو نەبووە، کاتێک ئەمە حاڵی شوێنە زانستییەکان بێت دەبێت بزانین حاڵی شانۆ بە گشتی و پێکهاتەکانی سینۆگرافیا بە تایبەتی لەوە باشتر نابێت، من گومانم هەیە فێرخواز لە پەیمانگهکان سوود لە میتۆدەکان وەربگرن چونکە زوربەی وانەکان بە تیۆری دەخوێنرێن و لایەنی پراکتیکی چەپەک خراوە، زۆر دەگمەن فێرخواز لە سەر بابەتەکانی سینۆگرافیا بە پراکتیکی وانە وەربگرن، چونکە هیچ پەیمانگهیەک وەرشە و پێداویستیی سینۆگرافیای تێدا نییە، جگە لە وانەی ماکیاژ کە ئەویش زیاتر



نیاز لەتیف



مەوادی بازاڕی و جوانکاریی سالۆنەکانە، کەواتە نەبوونی خولی پراکتیکی و میتۆدی نوێی سەردەمییانە و نەبوونی مامۆستای پسپۆر و نەبوونی مادده و وەرشە و مەخزەن و شوێنی تایبەت بە پێداویستییەکانی سینۆگرافیا و... هتد، چۆن بتوانین باسی بە ئاکادیمیبوونی سینۆگرافیا بکەین؟

***سینۆگرافیا لە شانۆی کوردیدا وەک پێویست کاری لە سەر کراوە؟**

-ئەگەر بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەڵێم نەخێر، لە شانۆی کوردیدا سینۆگرافیا بە پێی پێویست کاری لە سەر نەکراوە، بێگومان هۆکار زۆرە، بوارم پێ بدە خاڵ بە خاڵ پێکهاتە سەرەکییەکانی سینۆگرافیا بخەمە ڕوو، لە میانی ئەو پێداویستییانەوە هۆکاری کارنەکردنەکە بخەمە ڕوو، سینۆگرافیا کە من تێزی بروانامەکەم لە سەر خوێندنەوەی سیمۆلۆژییانەیە لە سەر سینۆگرافیا، بە پێوستی دەزانم ئەو ئیزافەیەی من بۆ پێکهاتەکانی سینۆگرافیا کردوومە بیخەمە ڕوو، ئەویش (جەستەی سینۆگرافیا) بوو، کەواتە ئەمە پێکهاتەکانی سینۆگرافیایە:

1- جەستەی سینۆگرافی: ئەو جەستەیەی بیرمەندانی شانۆ و سەما و تەوژمی مایم و پانتۆمایم پێداگری لە سەر دەکەن، ئەم جەستەیە توانای بەرجەستەکردنی هەموو جۆرە جووڵەیەکی هەیە و دەتوانێت جێگەی کەرەسەکانی سینۆگرافیای هەبێت بێ ئەوەی دەرهێنەر پەنا بۆ ئەو کەلوپەل و پێداویستییانە ببات، ئەمەش لە میتۆدی (کرۆتۆفسکی و یوژینۆ باربا و جان لۆی بارۆ و ئەنتۆنین ئارتۆ و... هتد) بەدی دەکرێت، ئەم جۆرە جەستەیە لە هونەری کوردیدا زۆر دەگمەنە و دەتوانم بڵێم نییە، خۆ ئەگەر هەبوبێت یان لە داهاتوودا بێتەکایەوە بەداخەوە لای خودی خاوەن جەستە گرنگیی پێنادرێت و هەر زوو پیر دەبێت، چونکە دەبێت ئەم جەستەیە بتوانێت ڕۆڵی پێکهاتەکانی سینۆگرافیا بگێڕێت، بێ ئەوەی کەلوپەلەکان بە کار بهێنێت، پرسیارەکە ئەمەیە شانۆی کوردی ئەم جەستەیەی بەرهەم هێناوە؟

بێ دوودڵی لە وەڵامدا دەڵێم: نەخێر، هەتاکو ئێستا ئەو جەستەیە لە شانۆی کوردیدا نائامادەیە.

2- پانتایی نمایش کراوە بێت یان داخراو، واتە هۆڵی نمایش یان هەر شوێنێک کە ببێتە پانتایی نمایش، هەموومان هۆڵەکانی شارەکانی کوردستان دەزانین چۆنە، هیچ یەکێک لەو هۆڵانە تایبەتمەندیی شانۆیان تێدا نییە، بەڵام ناچار دەرهێنەر بە کاری دەهێنێت، لە زانایەکیان پرسی (ژیان چۆنە بە لاتەوە؟)، لە وەڵامدا گوتی (ژیان هیچە، بەڵام چی بکەین لەوە زیاترمان نییە)، هونەرمەندانیش بە درێژایی (75) ساڵ کارکردن ئێستاشی لەگەڵدابێت نەبوونەتە خاوەنی هۆڵێکی ستاندار بە شانۆ، کە سەرجەم مەرجەکان لە خۆ بگرێت. کەواتە نەک وەک پێویست کاری لە سەر نەکراوە، بەڵکو زۆر جار زیانی لە ئەفراندن و وینا و بیروبۆچوونی شانۆکار داوە، بە هەمان شێوە پانتایی کراوەش وەک پێویست کاری لە سەر نەکراوە.

3- جلوبەرگ. 4- ماکیاژ. 5- ڕووناکی. 6- دیکۆر.

ئەم چوار پێکهاتەیە پەیوەندییەکی هارمۆنییان لەگەڵ یەکدا هەیە، چ وەک ڕەنگ، چ وەک هاوکێشەیەک بۆ بەمیزانسێکردن و ڕێکخستنی پانتایی شانۆ لە لایەن دەرهێنەرەوە، بەڵام چەندین فاکتەر بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم بەکاراکردن و تەوزیفکردنی ئەم پێکهاتانە،

هەندێک لەو فاکتەرانە پەیوەندییان بە باری ئابوورییەوە هەیە، بەداخەوە هەتا ئێستا دەزگە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتە لە ئەرکی شانۆ تێناگەن، کاتێک بودجەیەک بۆ سینۆگرافیا بە گشتی و ئەم پێکهاتانە بە تایبەتی دادەنرێت، لایەنە ئابوورییەکان دەیکەنە هەڵا و بودجەکە بۆ ئاستێک کەم دەکەنەوە (دەرهێنەر) یان ئەگەر بوونی هەبێت (سینۆگرافەر) دەستبەرداری بەشێک لە ئەفراندنەکەی خۆی دەبێت، ناچار پەنا بۆ دیزاینێک دەبات کە لەگەڵ نیرین و وێناکردنی دەرهینەر بۆ دەق ناتەبایە، کەواتە شانۆکارەکە نەیتوانی تەوزیفی سینۆگرافیا بکات وەک ئەوی خۆی دەیخوازیت، فاکتەرەکانی تر پەیوەندییان بەو کەرەسە سەرەتاییانەوەیە هەیە، کە لە دواکەوتووترین وڵات کاریان پێناکرێت، دەیانساڵە شانۆکاران باس لە نەبوونی تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتوو دەکەن، کە لەگەڵ ڕەوتی پیشکەوتنی شانۆدا بگونجێت، خۆ ئەگەر پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە هەر بیانوویەک بێت حکوومەت دژایەتیی هونەری کوردی دەکرد و بە لایەوە گرنگ نەبوو، لەبەر ئەوە کاری بۆ پێشخستنی نەدەکرد، بەڵام دوای 2003 دەیان داخوازی و پرۆژە خراوەتە بەر دەست لایەنە پەیوەندیدارەکان، یان جێبەجێ نەکراون، یان کەسانێکیان راسپاردووە بۆ جێبەجێکردن نەشارەزا بووە یان دڵسۆز نەبووە بۆ شانۆ، دەنا دەچێتە ئەقڵی کێوە هەرچی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا هەیە ئێستا لە کوردستان دەست دەکەوێت، بەڵام پێداویستییەکانی شانۆ دەست ناکەوێت، هۆڵەکان ڕووت کراوە و ناتوانێت چ وەک دیکۆر چ وەک ڕووناکی و سستەمی دەنگ و تەختەی شانۆ نەگونجاوە و لەگەڵ ئەمڕۆی جیهانگیریدا ناگونجێت، ئیتر شانۆکار چۆن بتوانێت داهێنان بکات و وەک پێویست سینۆگرافیا بە کار بهێنێت؟ لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئاڵوگۆڕپیەکی کولتووری و هونەری و بازرگانی بەهێز لە نێوان کوردستان و وڵاتانی جیهاندا هەیە، بەڵام ئەوە ڕەوشی هونەریی شانۆیە لە کوردستاندا کاتێک شانۆکارێکی ئەورووپی یان عەرەبی و... هتد بانگێشت دەکرێن بۆ کوردستان، ئێمەی شانۆکاران تەریق دەبینەوە و خەم دامانده‌گرێت کە ناتوانین ڕوویەکی گەش و پێشکهوتوو بخەینە ڕوو، لە کۆتاییدا دەڵێم سینۆگرافیا هەتا ئێستا نە وەک پێویست کاری پێکراوە، نە تێگەیشتنێکی هونەری و ستاتیکی و مەعریفی هەیە بۆ ئەم چەمکە گرنگەی هونەر لە لایەن دامودەزگە هونەری و ئابوورییەکانەوە، لە سەروو هەموویانەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتییە ڕۆشنبیرییەکان و پەیمانگهکان و کولیژی هونەرەجوانەکان، بۆیە ئەمە حاڵی سینۆگرافیایە لە سەرانسەری کوردستاندا.




# ڕۆمانێکی کورت لە زستانێکی درێژدا

ئیدریس عەلی

لە کۆی ئەو کتێبانەی ناوەندی ئەندێشە لە ماوەی پێشوودا چاپ و بڵاوی کردنەوە، هەندێک ڕۆمانم لێ خوێندنەوە، یەکێک لەو ڕۆمانانە "میرنامە"ی جان دۆست بوو کە ئێمەی خوێنەری کورد ئەمە یەکەمجارمانە بەر ڕۆمان و کتێبی ئەو نووسەرە دەکەوین، میرنامە چێژێکی بێسنووری پێبەخشیم و ئارەزووی خوێندنەوەی زیاتر و پەرۆشیمی بۆ کتێب زیاتر کرد، بێگومان لە داهاتوودا قسەی


پتر لە بارەی ئەو ڕۆمانەوە دەکەین.

یەکێکی تر لەو ڕۆمانە کورتانەی کە سەرنجی ڕاکێشام و چێژی پێبەخشیم، کورتەڕۆمانی "زستانێکی درێژ"ـی "کلوم تۆیبێن" ئیرلەندی بوو، کە شاعیر و وەرگێڕ دلاوەر قەرەداغی وەک زۆربەی کارە وەرگێڕاوەکانی دیکەی بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بێگومان هاوشانی ئەزموونی شیعری خۆی، دلاوەر قەرەداغی لە بواری وەرگێڕانیشدا خزمەتێکی بەرچاوی کردووە و خوێنەری کوردی بە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و شاکاری جیهانی ئاشنا کردووە، بە تایبەت لە بواری وەرگێڕانی شانۆنامە و ڕۆماندا گۆشەیەکی لە کتێبخانەی کوردی ئاوەدان کردووەتەوە.

کورتەڕۆمانی (زستانێکی درێژ) تازەترین کاری وەرگێڕانی دلاوەر قەرداغییە و یەکێکە لەو کتێبانەی کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت و نەخوێنرێتەوە، بەهای ئەو جۆرە ئەدەبەیان هەیە کە بەردەوام مرۆڤ پێویستی بە خوێندنەوەیان دەبێت و دەبێت جارجار سەفەرێکی بە ناودا بکات و زیاتر لێی ڕامێنێت.

ڕووداوەکانی ڕۆمانی زستانێکی درێژ، لە گوندێکی دوورەدەست و بێخزمەتگوزاریدا ڕوو دەدەن، گوندێک کە تیایدا پێچەوانەی هەر گوندێکی دیکەی ئاسایی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تیایدا لاوازە و کەس لە کەس ناپرسێتەوە و کەس لە خەمی ئەوی تردا نییە، هەموان سەرقاڵی کاری ڕۆژانە و بژێویی خۆیانن، لەو گوندەدا خێزانێکی چوار کەسی دەژین، باوک و دایک و دوو برا، ئیدی کۆی چیرۆکەکە و ڕووداوەکان بە دەوری ئەم خێزانەدا دەسووڕێنەوە، میکوێل یەکێکە لە کوڕەکانی ئەو خێزانە و تازە لە خزمەتی سەربازی گەڕاوەتەوە بۆ گوند، جودیی براشی کە بە سروشتی خۆی کەسێکی بێدەنگ و بێزیانە، تازە بە تازە ناوی بۆ سەربازی هاتووەتەوە و دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ چوونە ناو ئەو دنیایە، جودی دەکەوێتە پرسیارکردن لە میکوێلی برای کە ئەزموونی سەربازیی هەیە و تازە بە تازە گەڕاوەتەوە، جودی هیچ شارەزاییەکی سەرەتایی لە دنیای سەربازی نییە و دەیەوێت براکەی سەرەداوێکی بۆ دەربخات.

ئەوەی زۆر بە لای منەوە سەرنجڕاکێشە لەم ڕۆمانەدا جگە لە شێوازی گێڕانەوەکەی کە یارمەتییەکی باشی خوێنەر دەدات بۆ چێژوەرگرتن و هاندانی بۆ مانەوە و بەردەوامی لە خوێندنەوە، لایەنێکی دیکەی جوانیی ئەوەیە کە ڕووداوەکان پێچەوانەی چاوەڕوانیی خوێنەرەوە ڕوو دەدەن و دەڕۆنە پێشەوە واتە تەواوی دەسەڵاتەکە و کۆنترۆڵەکە لە دەست نووسەردایە و خوێنەر تەنیا وەک ماتریاڵێک ناچارە بە خوێندنەوە، بۆ نموونە هەموان چاوەڕوانی ئەوە لە ڕۆمانەکە دەکەین کە بزانین و پێمان بڵێت (جودی) چۆن دەچێتە ناو دنیای سەربازی و لەوێ چۆن دەژی و چۆنچۆنی بەرگەی ئازارەکان و سەرما و گەرما و زوڵم و دڵڕەقیی ئەفسەر و گەورە و دەرەجەدارانی ناو سەربازگە دەگرێت، بۆ خۆم چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد جەنگێک هەڵگیرسێت و ئیدی نووسەر لەگەڵ خۆیدا بمانبات بە دوای چارەنووسی جودیدا، بەڵام وەک ئەوەی نووسەر بە چپە پێمان بڵێت: خوێنەری ئازیز ئەو چاوەڕوانییەت لە من نەبێت بتبەمە ناو کەشی شەڕ و سەرقاڵت بکەم بە گەڕان بە دوای چارەنووسی سەربازێکەوە کە ڕەنگە لە دەیان چیرۆک و ڕۆمانی دیکەدا ئەم بەسەرهاتەت خوێندبێتەوە. یاخود پێمان ناڵێت دایکی میکوێل بۆچی ئیدمان دەبێت و سەر دەکاتە سەر خواردنەوەی قورس، هۆکارگەلێکی زۆر هەن کە مرۆڤ وا لێدەکەن خۆی سڕ بکات و لە دونیای واقیع بچێتە دەرەوە، ئێمەی



خوێنەر چاوەڕوان بووین باسی یەکێک لەو هۆکارانەمان بۆ بکات، بەڵام نایکات، هاوکات (مانولو)ش وەک کارەکتەرێک کەس نازانێت دواجار کوڕە یان کچ.

نووسەری ئەم ڕۆمانە بە گێڕانەوە یەکریتمی و یەکهێڵییە سەرنجڕاکێشەکەی خۆی، ڕەهەند و پانتایی و فەزا و پەنجەرەی دیکەمان بۆ دەکاتەوە، دنیایەکی تەواو جیاوازمان نیشان دەدات و ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەرەو ئاقار و شوێنی دیکەی دوور لە ویستی خۆمان دەبات، کەچی هێشتا وەک خوێنەر لە چێژ و جوانی و بەسەرهاتەکان دانابڕێین و ڕازی و ملکەچ لە بەردەم فەرمانی نووسەردا دوای ڕووداوە نوێیەکان دەکەوین.

پاش چوونی جودی بۆ سەربازی، ریتمی ژیان و پەیوەندییەکانی خێزانەکە وردەوردە بەرەو تێکچوون دەچێت و ئیدی کێشەکان لە ناکاو سەر هەڵدەدەن، میکوێل پێشتر لە شارۆچکەکە ئەوکاتەی جودی ڕەوانە دەکەن بۆ سەربازی، دایکی دەبینێت کە پەلەپەل سێ پەرداخ خواردنەوەی قورس هەڵدەدات، ئەو وا دەزانێت بۆ بەرگەگرتنی ئازاری ڕۆشتی جودییە بۆ سەربازی، بەڵام دواتر لەماڵیشەوە ناوبەناو دایکی دەبینێت بە دزییەوە خەریکی خواردنەوەیە، ئیدی تێدەگات کە دایکی خواردنەوەی قورس زیاد لە پێویست دەخواتەوە، ئەمە دەبێتە کێشەیەکی دەروونی میکوێل، تا سەرەنجام لە ساتەوەختێکدا هەموو شتەکان ئاشکرا دەبن و ئیتر کەشی ئارامی خێزانەکە دەشێوێت و ریتمی ژیانیان بۆ ئازارێکی ئەبەدی و تراژیدی دەگۆڕێت، ئەویش دوای ئەوە دێت کە باوکی میکوێل دەبە شەرابەکانی ژنەکەی دەدۆزێتەوە و هەمووی دەڕژێنێت، کاتێک دایکی میکوێل بەمە دەزانێت دووچاری خەمۆکیی قووڵ و ڕەشبینی دەبێت، میکوێل دایکی دەبینێت کە سەری بە سەر کۆشیدا شۆڕ کردووەتەوە و وەک ئەوەی بێشکەیەک ڕاژەنێت خۆی ڕادەژەنێت، بێگومان بۆ هەر کەسێک ئەم دیمەنی خۆڕاژەندنە لە ترۆپکی بێزاری و خەمۆکیدا ئەنجام دەدرێت، کەسێک کە ئیدی هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە و ئیرادەی لە دەست داوە و هەست بەوە دەکات دەرگەکانی ژیانی لێ داخراون و هیچ تروسکەی ئومێدێک لە دڵیدا نەماوە، میکوێل پرسیار لەو حاڵەتەی دایکی دەکات، بەڵام دایکی پێی دەڵێت کە ئیتر هەموو شتێک کۆتایی پێ هات، کوڕەکە لە مانای ئەم قسەیە تێ ناگات و نازانێت کە دەستەواژەی (ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هات) چ مانا و دەلالەتێکی تراژیدی و غەمگینی دەبێت لە دوارۆژدا، کاتێک باوکیشی بە سەر ئەم دیمەنەدا دێتەوە کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت و دەستەکەی تەواو کەشف دەبێت، بۆ دەرچوونی ئەو حاڵەتە خەماوییەی دایکی، میکوێل زۆر داوا لە باوکی دەکات کە بڕۆن بۆ شار و خواردنەوەی بۆ بکڕن، بەڵام باوکی پێی دەڵێت کە ئیتر خواردنەوە بۆ ئەو خراپە و زیانی پێ دەگەیەنێت.

دیسان لێرەدا خوێنەر چاوەڕوانە چیرۆکی خەماویی ژنەکە لەم بازنەیەدا بمێنێتەوە و درێژە بە کێشمەکێشی خێزانی لە چوارچێوەی ماڵەکەدا بدرێت لە سەر خواردنەوە و نەخواردنەوەی ژنەکە، بەڵام نووسەر دیسان ئەم چاوەڕوانییە تێک دەشکێنێت و ئاستی کێشەکە بەرە و لوتکەی تراژیدیا دەبات و ڕەهەندی دیکەی پێدەبەخشێت و چارەنووسی ژنەکە بە شوێنێکی چاوەڕواننەکراو دەگەیەنێت، واتە خوێنەر لە سەفەری خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا دیسان شوێن خواست و ئیرادەی نووسەر دەکەوێتەوە، لەگەڵ ئاڵۆزبوونی کێشەکەدا ریتمی گێڕانەوە و ڕووداوەکانیش خێراتر

دەبن و فۆرمێکی دیکە وەردەگرن.

ئەو نیوەڕۆیەی میکوێل و باوکی لە کار دەگەڕێنەوە تەماشا دەکەن ماڵ چۆڵ و ساردە، ئەوە یەکەم ساتەوەختە کە هەست بە نەبوونی مێینەیەک دەکەن لە ناو ماڵدا، نەبوونی دایک لە ماڵدا واتای نەمانی بەختەوەری و دەسپێکی ژیانێکی سەخت دەگەیەنێت، بە نەمانی ژنەکە لە ماڵدا ئیدی مریشکەکان کەمتر هێلکە دەکەن و کەروێشکەکان وردەوردە مردار دەبنەوە، ئەمەش دیسان مانا و دەلالات و ئاماژەی تایبەت و نهێنیی خۆی هەیە کە دەکرێت وەک چەمکێکی جیاواز و سەربەخۆ لە ڕۆمانەکەدا قسەی لە بارەوە بکرێت.

پاش گەڕانێکی زۆر بە ناو کونوقوژبن و ژووربەژووری ماڵەکەدا، ئیدی تێدەگەن کە ژنەکە لە ماڵ دەرچووە و ئەو قسەیەی خۆی بردووەتە سەر کە گوتی ئیتر هەموو شتێک تەواو، میکوێل و باوکی تووشی پەشۆکان و سەرسووڕمان دەبن و دەکەونە سۆراغکردنی، تەنانەت ناچار دەبن پەنا بۆ هاوماڵەکانیان بەرن کە نزیکەی دە ساڵە پەیوەندییان لەگەڵیاندا نەماوە، یەکێک لە دراوسێکان پێیان دەڵێت کە من لە پەنجەرەوە بینیومە بە جانتایەکەوە لە ماڵ دەرچووە و ڕۆیشتووە، میکوێل و باوکی بە جیبەکەیان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن کە دراوسێکەیان پێی وتوون بینیومە لەویوە ڕۆشتووە، شوێنێکی شاخاوی و سەخت کە بەفریش ئیتر وردە وردە ڕیگاکە دادەپۆشێت، ئەمە ئاماژەیەکە بە نەمانی هیچ ئومێدێک بۆ دۆزینەوەی ژنە سەرهەڵگرتووەکە، ڕۆژانی دواتر تەنانەت ژن و پیاوی ئاواییەکەش لە گەڵیان دێن و بۆ سۆراغی ژنەکە هاوکارییان دەکەن، پۆلیسیش لە دیار نەمانی ژنەکە ئاگادار دەکرێت بەڵام لە هیچ لایەکەوە دیار نییە، هەفتە و مانگ تێدەپەڕێت و ئەمان ئیدی دەست لەوە هەڵدەگرن کە زیندوو بێت و مابێت لە ژیاندا، پێشتر هیوایان بەوە هەبوو کە چووبێت بۆ ئەو گوندەی ماڵی براکەی لێیە، بەڵام براکەشی دڵنیایان دەکات کە بۆ لای ئەوانیش نەهاتووە، ئێستا ئیدی هیچ هیوایەک بۆ دۆزینەوەی نەماوە تا ئەندازەیەک دڵنیان کە لە ژیاندا نەماوە و دەبێت لە بەهاردا چاوەڕوانی توانەوەی بەفری سەر شاخەکە و ڕێگە سەختەکە بکەن بۆ ئەوەی تەرمەکە بدۆزنەوە. ململانێکە ئاستێکی بەرزتری تراژیدی لە خۆ دەگرێت، ئێستا ئیتر هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە داڵە لەشخۆرەکان لاشەی ژنەکە نەدۆزنەوە و چاوی دەربێنن و لەشە مردووەکەی ونجڕونجر بکەن، میکوێل و خاڵی و خەڵکەکە بەردەوام چاودێریی داڵەکان دەکەن بە ئاسمانەوە تا بزانن لە کوێدا دەنیشنەوە، چونکە نیشتنەوەی ئەوان لە هەر شوێنێک مانای ئەوەیە تەرمەکە لەوێدایە، دوادیمەن ململانیی نێوان مرۆڤەکان و داڵە لەشخۆرەکانە، سەرەنجام داڵەکان دەکەونە سەر جەستەی ژنەکە و ناوسکی هەڵدەدڕن، لێرەوە چیرۆکی ژیانی ئەو ژنە بەم شێوە تراژیدی و غەمگینییە کۆتایی دێت، چیرۆکەکە کۆتایی دێت بەڵام پرسیارەکانی ئێمە تازە دەست پێدەکەن، پرسیاری ئەوەی چ شتێک بوو وای لەو ژنە کرد ماڵ بە جێ بهێڵێت؟ ئایا تەنیا هۆکار ئەوەیە مێردەکەی دەبە شەرابەکانی ڕشتووە؟ ئەدی نەمانزانی بۆچی تووشی ئیدمانبوون دەبێت لە سەرەتادا؟ ڕۆمانەکەمان تەواو کردووە بەڵام هێشتا بە دەستمانەوەیە و ئارەزوو دەکەین دیسان بیخوێنینەوە، دەیخوێنینەوە و دیسان یەک دنیا پرسیار ماون بیانکەین لە خۆمان، سەرەکیترین پرسیار لە لای من ئەوەیە زستانێکی هێند درێژ و هێند خەماوی چۆن لەم ڕۆمانە کورتەدا جێگەی بووەتەوە؟

بە کورتی تێکستەکە ئەگەرچی سادەیە بەڵام تەکنیکێکی بەرزی هەیە و گەلێ کۆد و وردەکاری لە خۆ گرتووە و

خوێنەر بە ناو دەیان ساتەوەختی ئیستاتیکی و چێژبەخشیندا دەبات، لە ماوەی کورتترین دەربڕین و مەوداوە، دنیایەکی شاراوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، لە توخمی ئەو ڕۆمانانەیە کە یەک ڕەهەند و یەک تێمای لە خۆ نەگرتووە و خوێنەر لە یەک جێگە و یەک چوارچێوە و لە ناو یەک چیرۆکدا بەند ناکات، هیچ کارەکتەرێکی نییە بەبێ ڕۆڵی بنچینەیی بە ناو ڕەوتی ڕووداوەکاندا ببات، هاوکات دەستیشی نەپارستووە لە بزرکردنیان، بۆ نمونە (جودی) هەر ئەوەندەی بوو بە سەرباز ئیتر چ هەواڵێکی نەما و لە پانتایی ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی نامێنێت، (مانولو) کە یەکێکە لەو کارەکتەرانەی کە لە نیوەی ڕۆمانەکەدا دێتە ناو ڕووداوەکانەوە و وەک خزمەتکارێک خزمەتی میکوێل و باوکی دەکات، سرووشتێکی بێدەنگ و هێمن و غەمگینی هەیە و ژیانێکی تراژیدی و بە ئازار ژیاوە، خوێنەر لە زۆر شوێندا وا دەزانێت ئەو کچە و خۆی کردووە بە کوڕ، تەنانەت کاتێک میکوێل بۆ دایکی دەگری باوەش بە مانولودا دەکات و دەستی بەر لەشی گەرم و نەرمی دەکەوێت، دیمەنەکە ئەگەرچی تراژیدییە، بەڵام لە فۆرمێکی سێکسیدا بەرجەستە دەبێت و خوێنەر چاوەڕێی ئەوە دەکات ئەو گومانەی لەسەر مانولو هەیەتی کە کوڕە یان کچ ببێت بە یەقین و کچبوونی ئەو بسەلمێنێت، بەڵام دیسان نووسەر ئەم حاڵەتەش تێدەپەڕێنێت و خوێنەر لە سەر ڕەوتی گومانەکانی دەهێڵێتەوە.

زۆر شت لەم ڕۆمانەدا هەیە بە کراوەیی جێهێڵدراون و دەرفەت بە خوێنەری وریا و زیرەک دراوە کە خۆی چارەسەریان بکات، نووسەر بێئاگا ئەمەی نەکردووە و خوێنەری هاوبەش کردووە لە بەشداریکردنی کێشەکاندا و دۆزینەوەی سەرەداوەکان و کردنەوەی گۆدەکان، خوێنەر بە یەک جار خوێندنەوە تاسەی لەم ڕۆمانە ناشکێت و پێویست دەکات زیاد لە یەک جار بخوێنرێتەوە.

بە کورتی ئەم نووسینە تەنیا ناساندنێکی سادە و ساکاری ڕۆمانی زستانێکی درێژە، داوەتکردنی خوێنەرە بۆ سەر سفرە و خوانی یەکێک لە شاکارە جوانەکانی دنیا بۆ ئەوەی خۆیان لە چێژ و جوانی بێبەش نەکەن.



ماریۆ بارگاس یۆسا

# ژیانی ڕاسته‌قینه‌ی ئالیخاندرۆ مایتا

له فارسییه‌وه عه‌تا نه‌هایی




# ژیانی ڕاسته‌قینه‌ی ئالیخاندرۆ مایتا

ژیانی ڕاسته‌قینه‌ی ئالیخاندرۆ مایتا، یه‌کێکی تره له ڕۆمانه جوان و شاکاره جیهانییه‌کانی نووسه‌ری ناوداری پیرۆیی و وه‌رگری خه‌ڵاتی نۆبێل (ماریۆ بارگاس یۆسا) که له ماوه‌ی پێشوودا له لایه‌ن نووسه‌ر و وه‌رگێڕی ناوداری کورد (عه‌تا نه‌هایی)یه‌وه وه‌رگێڕدایه سه‌ر زمانی کوردی و ده‌زگه‌ی چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م چاپ و بڵاوی کرده‌وه، ئه‌م نووسه‌ره ناوداره جگه له کاری نووسه‌رایه‌تییه‌که‌ی که شیعر و ڕۆمان و گوتار و لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی ده‌گرێته‌وه، هاوکات یه‌کێک بووه له سیاسییه ناوداره‌کانی وڵاتی خۆی واته پیرۆ و خاوه‌نی

دنیابینی و روئیا سیاسییانەی تایبەت بە خۆی بووە، ئەگەرچی لە زۆر بۆنە و چاوپێکەوتندا بۆ خۆی ددانی بەوەدا ناوە کە پەشیمانە لە کاری سیاسی و بەشدرایی سیاسییانە، بەڵام هێشتا دەبینین لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بە تایبەت رۆمانەکانی کە بێگومان لە ئەزموونی تایبەت و کەسێتیی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەیتوانیوە ئەو رەهەندە سیاسییە بشارێتەوە و بە جۆریک لە جۆرەکان ئەنقەست بێت یان نائاگا روئیای سیاسییانە لە رۆمانەکانیدا رەنگیان داوەتەوە، بەڵام زیرەکانە لە فۆرمێکی هونەری و فەنتازی و بە سیحری گێڕانەوە ئەدەبییە تایبەتییەکەی خۆی بەرجەستەی حاڵەتە سیاسییەکان دەکان.

ژیانی راستەقینەی ئالیخاندرۆ مایتا، یەکێکە لەو رۆمانە دەگمەنانەی کە دەبێت خوێنەری کورد وەک شاکارێک تەماشای بکات و بیخوێنێتەوە، ئەگەر لە رەهەندێکەوە جوانیی ئەم رۆمانە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چیرۆکەکەی سەرنجراکێشە و باس لە رووداوێکی واقیعی دەکات، ئەوا لە رەهەندیکی دیکەوە پەیوەندیی بە شێوازی گێڕانەوەکەیەوە هەیە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەندین ساتەوەختی جیاواز و دواندنی چەندین کەسایەتیی جیاواز لە شوین و سەردەمی جیاوازدا، گێڕەرەوە لەم رۆمانەدا وەک کەسێکی جۆرناڵیست دەردەکەوێت کە بە شوێن ئاشکراکردنی ژیانی راستەقینەی پاڵەوانێکی فەرامۆشکراوی شۆڕشگێڕەوەیە و لەم پێناوەدا بەدواداچوون و چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات.

ئالیخاندرۆ مایتا، کەسایەتییەکی کۆمۆنیستیی شۆڕشگێرە و یەکێکە لە کەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی خەبات دژی ستەم و زوڵمی دەسەڵاتداری دیکتاتۆری و بەرگریکارێکی سەرسەخت و رۆشنفکرێکی مارکسییە کە بەرگری لە چینی پرۆلیتاریا و هەژاران دەکات لە ساڵانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا، مایتا شۆڕش دەکات و دەبێتە مارکسی بۆ ئەوەی ریشەی چەوساندنەوە و سەرچاوکانی ئازار و هەژاری هەڵتەکێنێت و بەهەشتی سۆسیالیستی و یەکسانی و دادپەروەری لە سەر زەوی دامبەزرێنیت، دیارە ئەمە خەون و بیروباوەڕی هەر هێز و کەسێکی چەپ و مارکسییە و بۆ هێنانەدی ئەم خەونە خەبات دەکات و ئامادەی قوربانیدانن.

یۆسا بۆ خۆی لە کتێبی (واقیعیەتی نووسەر)دا ئەوە ئاشکرا دەکات بۆ نووسینی ئەم رۆمانە و شارەزابوون لە ژیانی ئالیخاندرۆ مایتا، بە دواداچوونی زۆری کردووە و چووەتەوە سەر ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە لەو سەردەمەدا دەرچوون، هەرچییەک لەو بارەوە نووسرابێت خوێندوونییەتەوە و لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکانی مایتادا و ئەو کەسانەی ئاگاداری ژیان و رووداوەکان بوون چاوپێکەوتنی کردووە و ئەمەش لە رۆمانەکەدا بە روونی دیارە و فەزاکەی بۆ فۆرمێکی هونەری گۆڕیوە، بە بڕوای ماریۆ بارگاس یۆسا، چاوپێکەوتنەکان کارێکی سەرنجراکێش بوون چونکە لە نووسینی رۆمانەکەدا یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆی.

رەنگە بەشێکی بەکارهێنانی ئەوانەی لە رۆمانەکەدا و بە هۆی چاوپێکەوتنەکانەوە بەشدارییان کردووە بە لای یۆساوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەوڵیداوە ئاستێکی جیاوازی وەسفکردن بخولقێنێت و بڕوای وا بووبێت رۆمانەکە بە دوو ئاستی جیاوازدا بڕوات، ئاستێکیان

عەینی بێت کە تیایدا گێڕەرەوە کەسێک کە ناوی منی دەبێت، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی ڕێگە لە خوێنەر بزر بکات و ئەمەش وەک گەمەیەکی جوان دەردەکەوێت و لەوێدا هەوڵ دەدات مەتریاڵ کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بنووسێت لە بارەی ئەوەی کە ڕووی داوە، ئاستێکی تر خەیاڵکردنە، کە خوێنەر بە دوای دروستبوونی ڕۆماندا دەچێت و نووسەر و گێڕەرەوە دەبینێت، دەتوانین وا پێناسەی بکەین کە یۆسا لە ئاستێکدا ماتریاڵی هێناوە بۆ ئەوەی چیرۆکێکی واقیعیمان پێشکەش بکات و هەموان لە گێڕانەوەدا بەشدار دەکات، لە ئاستێکی تردا خۆیشی وەک نووسەر و گێڕەرەوەی حەقیقی لە ناو چیرۆکێکی تەواو هونەری و فەنتازیدا دەبینین.

چیرۆکی مایتا بەمجۆرەیە، ڕۆمانێک لە بارەی چیرۆکنووسین، لە بارەی دوو جۆر چیرۆک، چیرۆکێکی ئایدۆلۆژی و چیرۆکێکی ئەدەبی، چیرۆکی ئایدۆلۆژی هەر ئەوەیە مایتا و هاوڕێکانی تیایدا دەژین دەبینین شتێک ڕووی داوە و کەسێک بەدواداچوونیان بۆ دەکات، مایتا کەسێکی تیۆرییە و پیاوێکە بڕوای وایە دەتوانێت واقیع لە ڕێگەی هزرەوە بگۆڕێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە جیرۆکی مایتا وەسفکردنێکە لە جۆرێکی دیکەی چیرۆک، چیرۆکێک کە گێڕەرەوە و نووسەر هەوڵ دەدات بینووسێت، خوێنەر لەم ڕۆمانەدا دەبینێت کە چۆن ئەم چیرۆکەیان بونیادی خەیاڵکردی هەیە بەڵام لە واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە.

مایتا کەسێکی باوەڕبەخۆیە و لە زۆربەی حزب و هێزە خەباتگێڕەکاندا خەبات دەکات و بەشداریی چالاکانە دەکات، دواجار لە خەبات و چالاکیی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بێهیوا دەبێت و لەگەڵ چەند سەرەکخێلێک و ئەفسەرێکی گەنجی سوپا و چەندین منداڵی خوێندکاردا بزووتنەوەیەکی چەکداری بەرپا دەکەن و لەم لایەنەشەوە لە یەکەم ڕۆژی دروستکردنی گرووپە چەکدارییەکەدا تووشی شکست و نائومێدی دەبێتەوە، سەرەنجام دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە.

مایتا چەندین ساڵ لە زیندان لە ژیانێکی تراژیدی و ئازاراوی و کولەمەرگی و پڕ لە ئیهانەدا دەمێنێتەوە و ژیانێکی سەخت بە ڕێ دەکات، پاشان ئازاد دەکرێت، لەگەڵ ئازادبوونیشیدا دیسان تێهەڵدەچێتەوە ناو سیاسەت و بە هیوای بەشداریکردنەوە لە خەبات و شۆڕشدا پەیوەندی بە تاقمێکەوە دەکات گوایە تاقمێکی چالاک و شۆڕشگێڕن و بۆ ئامانجە ئینسانییەکان تێدەکۆشن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم تاقمە دزن و کاری دزی و تیرۆر و بانکبڕین و چەندین کردەوەی دوور لە گیانی شۆڕشگێڕانە ئەنجام دەدەن، ئالێخاندرۆ مایتا، دیسان دەخرێتەوە کونجی زیندان، مایتا پاش چەندین ساڵ خەبات و قوربانیدان و ئەشکەنجە و زیندانیکردن و بەشداریکردن لە خەباتی چەکداری و سیاسی و کاری تیرۆریستیدا، وەک تێکۆشەرێکی دۆڕاو و تێکشکاو و نائومێد لە بیر دەچێتەوە، لێرەدا کاری نووسەر و گێڕەرەوە ئەوەیە لە گۆشەی یادەوەریی کەسەکانی نزیک لە مایتاوە دیسان ژیانی ئەو شۆڕشگێڕە زیندوو بکاتەوە و لە چوارچێوەی فەرامۆشیدا دەری بهێنێت.

ئەم ڕۆمانە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد "عەتا نەهایی"یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ناوبراو وەک زۆربەی کارە وەرگێڕدراوەکانی دیکەی بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش کاری تێدا کردووە و بە هۆی شارەزایی و زمانزانییەکەیەوە توانیویەتی کەشی ناو ڕۆمانەکە و چیرۆک و ڕووداو و هێڵی گێڕانەوە و دیالۆگەکان بە جوانی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی و چێژێکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت، عەتا نەهایی وەک پێشەی هەموو جارێکی لەگەڵ وەرگێڕانی هەر

ڕۆمانێکدا لە شێوەی پێشەکیدا لێکۆڵینەوە یاخود گوتارێکی خۆی لە بارەی ڕۆمانەکەوە دەنووسێت کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ خوێنەر بۆ ئەوەی باشتر لە دنیا و ڕەهەندەکانی ڕۆمانەکە و بەسەرهاتەکانی تێبگات.

لە بەشێکی پێشەکییەکەیدا ناوبراو لە بارەی ڕۆمانی "ژیانی ڕاستەقینەی ئالیخاندرۆ مایتا"ـوە دەڵێت: نەوەک هەر گێڕانەوەی تراژیدیای ژیانی شۆڕشگێڕێکی یاخی و رادیکاڵە لە قۆناغێکی مێژووی هاوچەرخی پیرۆدا، بەڵکو گێڕانەوەی تراژیدیای ژیانی بەشێکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی چەپ و رادیکاڵی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمە لەو قۆناغە مێژووییەدا.

لە ڕاستیدا گرنگیی ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەر بەتەنیا لەبەر تێما و بابەتە سیاسی و ئینسانییەکەی نییە، بەڵکو لەبەر ئاڵۆزی فۆڕم و ساختار و شێوازی وتووێژئاسای گێڕانەوەکەشیەتی کە تایبەتمەندیی سەرەکیی ستایل و شێوازی گێڕانەوەی نووسەرە.

ماریۆ بارگاس یۆسا، کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەی، لە سەر زەمین و بەستێنی واقیعی کۆمەڵگەدایە و لە ڕێگەی دیالۆگ و یادەوەریی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانییەوە دەیژێنێتەوە، هەر وەک وەرگێڕی ڕۆمانەکە ئاماژەی پێ داوە، مامەڵەی ژیرانەی نووسەر لەگەڵ زەمەن، کۆکردنەوەی ئەو هەموو ساتەوەختە پەرتەوازانە کە هەر یەکەیان لە شوێنێک و لە سووچی یادی کەسێکدا خەریکن کاڵ دەبنەوە، هەروەها داڕشتنەوەیان لە سەر هێڵێکی پچڕپچڕی زەمەنیی داستانی، خوێنەری ڕۆمانەکە ناچار بە ڕامان و سەرسووڕمان دەکات.

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە لەبەر بەربڵاویی ڕووداوەکان و تێکەڵاویی وتووێژەکان و لێکدرانی ساتەکانی گێڕانەوە بە شێوەیەک کە زۆرجار لە پەرەگرافێکدا گوتەی چەندین کەس لە چەندین کات و شوێنی جیاوازدا لە یەک دەدرێن و بە هەر ەەموویان پەرەگرافەکە تەواو دەکەن، گەشتی خوێندنەوەکە چێژبەخشتر دەکەن.

ئەم ڕۆمانە وەک هەموو بەرەەمەکانی یۆسا و بەشێکی زۆر لە ئەدەبی داستانیی هاوچەرخی ئەمەریکای لاتین، ژمارەیەکی زۆر ناوی کەس و شوێنی تێدایە کە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، فرەیی ئەم ناوانە کە خوێنەری کورد پێی ئاشنا نییە ڕەنگە خوێندنەوەی کتێبەکە سەخت و دژوار بکات، بەڵام گرنگی و چێژ و جوانیی چیرۆکەکە ناهێڵێت بێزار بین و بە زوویی لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا ڕادێین.



## دۆسیەی ژمارەکانی داهاتوو




کتێبی..


# ئەلف و بێ ی نوێ
# بۆ منداڵان

ئیبراهیم ئەمین باڵدار



## پێگەی (تەنز) لە
## ئەدەب و هونەردا

*بەجێماوم لە یاران چی بکەم؟.......................... ستار قادر.................... 157
*ژنێکی لەتبوو............................................ بەیان عەزیزی................ 161
*هەموو ڕەنگەکانی شێوەکارێک.......................... ڕەزا عەلی پوور............ 166
*وێنەکێشانی ڕووداوە سایکۆلۆژییەکان.................. س. قادر...................... 172
*ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانی.......................... پێشڕەو محەمەد............ 175
دوو گفتوگۆ لەگەڵ باسم ڕەسام-دا.......................... ستار قادر.................... 183



# باسم ڕەسام

## چەند وشەیەك سەبارەت بە تابلۆی هێڵكاریی

# بەجێماوم لە یاران چی بکەم؟

باسم ڕەسام

**ستار قادر**

**(مەبدەئێکی گرنگ لە ڕەخنەی هونەریدا هەیە، دەڵێت: پێویست نییە لە سەر هونەرمەند کە بەرپرس بێت لە واتای کارە هونەرییەکەی، بەڵکو ئەوە ڕەخنەگرە کە بە تەنگ ئەوەیە مەعنای کاری هونەری بە ئەوانی دی بڵێت.)**

**ئەدمۆند فیلدمان کتێبی "نقد الفنی"**

لەبەر ئەوەی ئەم هێڵکارییە شانسی خوێندنەوەی بەرکەوتووە، سەرەتا وەهام پێ باشە بە چەند پەرەگرافێک باس لەم جۆرە کارکردنە بکەم "هونەری هێڵکاری"، دواتر دێمە سەر خوێندنەوەی تابلۆکە و گەشتێکی بینین دەکەین بە نێو فۆرم و ناوەڕۆکی دونیای هێڵکارییەکەی باسم ڕەسامدا.

هێڵکاری یەکێکە لە تەکنیکەکانی هونەری شێوەکاری بۆ مەبەستی پیشاندانێکی بەرچاو و وێنەیی بابەتێک یا فیگورێک



یان هەر پلانێکی دیاریکراو بۆ دەربڕین لە مانا و ئایدیا- فکرە هەستوسۆزێکی دیاریکیکراو بە هێڵ و پانتایی و بەرجەستەکردنی هەریەک لە تاریکی و ڕووناکی لە سەر ڕوویەکی تەخت و فلات، بە واتایەکی دی دەکرێت بەوە وەسف بکرێت کە ڕێگەی وێناکردنی بیرۆکەیەکە یاخود هەستوسۆز و ئایدیایکە لە ڕێگەیەکەوە کە بە دواداچوونی یاخود شوێنهەڵگرتنی هێڵێک لە سەر ڕوویەکی تەخت (surface flat)ی دووەمەودایی، واتە (درێژی و پانی) بە ڕادەیەک هاوئاهەنگ لەتەک دابەشکردنی سێبەر و ڕووناکی لە نیگارەکەدا، لەر ێگەی پڕکردنەوە و سێبەر خولقاندنەوە بە دەست دێت. مەبەستی سەرەکیمان لێرەدا ئەوجۆرەیە لە هێڵکاری، کە وەکە کارێکی شێوەکاریی سەربەخۆ و گوزارشتکەرانەیە بۆ دەربڕین لە هەستوسۆز و ئایدیای هونەرمەند، ئەگینا گەر چاوێک بخشێنین بە مێژوو، ئەم جۆرە لە تەکنیکی شێوەکاری ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە سەر چرکەساتەکانی مێژوو، ئەم هونەرە کە بە هونەری ئەشکەوت (caveavt) ناوزەد کراوە، ئەوکات زۆربەی زۆری نیگاری ئەشکەوت دەچنە خانەی هێڵکارییەوە، ئیتر لە بەرەبەیانی هونەری شێوەکارییەوە هەتا ئێستا بێ پسان و دابڕان هیڵکاری بە بەردەوامی ئەداتێکی دەربڕین لە بوارەکەدا بە ئەلتەرناتیڤی نییە و نایشبێت.

گەر هێڵکاری لە هونەری نوێ لەبەر چاو بگرین، بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئیمپرشینیزم، ئەوا ئەم جیاوازییە کە لە نێوان "تابلۆ، پەیکەر، سیرامیک، گرافیک،" لە بەرامبەر هێڵکاریی (پەتی بەخت) ئیشی تەواوی لە سەر کراوە، وەک لە ئیشە هێڵکارییەکانی ڤنسنت ڤانکوخدا هەن، ئەو هێڵکارییانەی کە کێشاونی وەک کاری هونەریی سەربەخۆ لەبەر چاوی گرتووە، دیارە جیاوازییەکە لە ڕووی پێکهاتە فۆرمییەکەوە نییە، ئەوەندەی بەرجەستەکردنی چرکەساتەکانی حاڵەتی دەروونی و تووڕەبوونەکانیەتی لەو زەمەنەی کە کارەکەی تێدا ئەنجام داوە لە هێڵکارییەکەدا، زۆرێک لە هێڵکارییەکانی ئەم هونەرمەندە سەربەخۆ وەک تەکنیکێک ئەم سەربەخۆییەی هێڵکاری پیشان دەدەن.

بەدەر لە ڤانکوخ ئەو هونەرمەندە داهێنەرانەی کە بە هێڵکاری هێزە داهێنەرانەکانیان خستووەتە ڕوو: هەنری ماتیس و پاپلۆ بیکاسۆ و چەندانی تر، کە لە دوای ئەوانەوە دێن، هێڵکاری تاقانەترین تەکنیکی دەربڕینە ڕۆحی و سۆزدارییەکانیانە، ئیتر دیاریکردنی ماتریاڵی بەکاربەر و ئەو ڕووە تەختەی کە کارەکەی لە سەر ئەنجام دەدرێت، دەکەوێتە سەر خودی ئەو هونەرمەندە و سەلیقە و لێهاتوویی لەگەڵ ئەو ماتریالانەدا.

هونەرمەند باسم ڕەسام لەم تابلۆیەیدا کە وەک دەبینرێت، بە قەڵەممەرەکەبی ڕەش و پانتایی ڕەشکردنەوە بە فڵچە، لە هەندێ شوێنی تابلۆکەدا ئەنجامی داوە؛ (بڕوانە تابلۆکە.)


تێما و بیرۆکەی سەرەکی و دیاریکردنی تابلۆکەی لەسەر بنیاد ناوە، وەک ئەوە لە تابلۆکەدا خراوەتە ڕوو، تابلۆکە دابەش کراوە بە سەر دوو جەمسەر، دوو کۆمەڵەفیگەر، کۆمەڵەی لای چەپی، کە سیمای حەوت پیاون، بەڵام شێوازێک کە پرۆسەی شێواندن (دیارە مەبەستم ناشرینکردن نییە لە وشەی شێواندن، بەڵکو مەبەست تازەگەری و لە مەئلوف دەرچوونە لە ڕووی پێوانەیی و سێبەر و ڕووناکیی ڕیالیزمییانە)ـوە و ناباویی بە سەردا سەپاندوون، لە هەندێ یان زیاتر

لە دوو دەموچاویاندا زیاد لە چەند چاوێک نیگاریان لە سەر کێشراوە.

ئەمە لەگەڵ پانتایی رەشی دووەم کە لە لای راستی تابلۆکەدایە، نیگاری هێڵکاریی تەعبیرییانەی دەست و قاچی ئادەمی و دەموچاوێک هەیە، لە پێناو هاوسەنگیی پانتایی رەشیش لەم کۆمەڵەیەدا بە فڵچە پڕ کراوەتەوە، ئەم دابەشکردنە و ئەو فاکتەرەی کە ئەم دوو زەمەنەی بە یەکەوە بەستووەتەوە، تێکهەڵکێشی کردوون، نووسینە، کە لە فۆرمی چەند رستەیەکی خاترانی و تێکەڵ بە عەرەبی نووسراوە.. ئەم جۆرە لە بەستنەوە بە نووسین و یادەوەری لە نێو زەمەنی دروستکردنی تابلۆکەدا و رابردوویەک بووەتە رایەڵەی ئەو دوو دنیایە. بە واتایەکی دی، ئەوەی بە ئاشکرا لە ئاماژەی دەست و دەموچاوەکەی لای راستی تابلۆکە زەمەنی چرکەساتەکانی ئیشکردنی نیگارکێشە و سۆزیکی زۆر قووڵ بۆ رابردوویەک هەیە، کە لەگەڵ نووسینەکاندا بەرجەستەیە و ئەویش نووسینی ناوی گوندی (بەرگەڵو)ـوە، دیارە بەرگەڵو وەک شوێن و وەک قۆناغێکی ژیانکردنی هونەرمەند، وەک لەم تابلۆیەیدا دەری بڕیوە، کاریگەریی چارەنووسسازی بووە لە رووی تەکنیکی هێڵکارییەوە، بە پێی ئەو پێودانگەی کە لە پێشتر لە سەر هێڵکاریی دوایین هونەرمەند بەوپەڕی لێهاتوویی و سەلیقەیی لە هێڵ و راستەوخۆ دروستکردنی ئەو فیگور و شتومەکانەی کە بە خەیاڵیدا هاتوون، کێشاونی، هونەرمەند لەم هێڵکارییەیدا بەوپەڕی نیگارکێشکی خاوەن ئەزموونێکی زۆرەوە هەرچییەک لە خەیاڵیدا بووە گواستوونیەتە سەر رووبەری کاغەز، بەو دەموچاوانەدا کە کێشاونی لە تابلۆکەدا وا دەردەکەوێت هەریەک لەو کەسێتییانە شتێکیان لە لای هونەرمەند بەجێ هێشتبێت، بۆیە نەیتوانیوە فەرامۆشیان بکات لە بۆتەی ئەم هێڵکارییە رایخستوونەتە بەر چاو.

لێرە بە دواوە دێینە سەر تەکنیکێکی تر لەم تابلۆیە و زۆرێک لە تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە ئەویش تێکەڵکردن و گرنگیدانە بەو نووسین تێما نووسراوەکانی لە نیگارەکانیدا، کە ئەمیش یەکێکە لەو خەسڵەتانەی لە هونەری شێوەکاریدا مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ هونەری ئەرابسک لەم ناوچەیەدا و لە هونەری ئیسلامیدا، لەم میانەیەدا چەندین هونەرمەندی عێراقی و میسری و عەرەبیی دیکەش ئیشیان تێدا کردووە، وێڕای ئەم ئیشکردن و نووسینەکانی باسم جیاوازن لەو مێژووە ئەزموونییەی کە هونەرمەندانی تر خستوویانەتە روو، هەست بە تایبەتمەندیی خۆی دەکرێت، ئەو بە تەکنیکی زۆر سادە ئەم کردەیەی ئەنجام داوە، مەبەست لە سادەیی ستایلی تێکەڵکردنی نووسین بە تابلۆ لەلای باسم باس لە قووڵیی سادەییەکانیەتی، ئەم دیاردەیە ئەوە دەداتە بینەر کە هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی ئەو رووداوە ئەندێشەکراوانەی کە پڕن لە خسووسییەتی خودی هونەرمەند خۆی و هیچ سانسۆرێکی خستووەتە سەر خۆی، لە چرکەساتەکانی ئیشکردنیدا و بەڵکو تەنها مەبەستێک لە لای هونەرمەند ئەوە بوو کە ئەو یادەوەرییانە بەرجەستە بکات بە نیگار و حەرف لە بۆتەی تابلۆیەکدا. سەلیقە و ئەزموونی باسم لەم بوارەدا واتە هێڵکاری لە ئاستێکی باڵادایە، ئەم باڵانمایەی کە نیگارکێش باسم رەسام هەیەتی، لە جورئەتی کێشانی هێڵەکانەوە خۆی بە دەردەخات، ئەویش کێشانی هێڵە نەپساوەکانە بە قەڵەممەرەکەب، کە ئەم جۆرە مەتریالە سڕینەوەی نییە و ئەوەش تەمەنێک ئەزموونیەتی لە هێڵکارییە رەشوسپییەکان. دەکرێت بڵێین کە لەم تابلۆیەدا و زۆرێک لەو هێڵکارییەی تریدا بە دیارە کە چەندەها ساڵ هێڵکاریی لە پشتە. هەروەها ئەبێ





ئەوەش بوترێت کە تاوێکی باریک و دوور لە شێوەی گشتیی سیمای فیگورەکانی بە تایبەتی دەچنە سەر تابلۆ هێڵکارییەکانی هونەرمەندی نیگارکێشی بەناوبانگ پاپلۆ بیکاسۆ و فرانسیس گۆیار، بە تایبەت لە دووبارەبوونەوەی چەندین لە نێو سیمای فیگورەکانی و هەروەها لە رووی ئەناتۆمییش و دەموچاو، هەروەها ئاوێتەبوونی ئاژەڵ و بە تایبەت ئەو ئاژەڵە خورافییانەی ئاشووری بابلییەکان، ئەمەش نەک لە کاری هونەرمەند کەم ناکاتەوە، بەڵکو گەڕانەوە بۆ کلتووری دێرین یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانە کە بە شێوەیەکی مۆدێرن نوێکردنەوەی لە رووە رەمزییەکەیەوە دەگمەنن، ئەو هونەرمەندانەی کە ئەم کردەیە ئەنجام دەدەن، باسم رەسام یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە سەرکەوتنانە ئەم کارەی ئەنجام داوە، ئەوەندە ماوە بڵێم کە بە تێڕوانینی من ئەم هێڵکارییەی باسم ئەوەشمان لا ئاشکرا دەکات کە تەکنیکی هێڵکاری هیچی کەمتر نییە لە رووی گوزارشتکردنەوە لە چاو بەشەکانی تری وەک تابلۆی زەیتی و ئەکرپلیک و گرافیک.

باسم ڕەسام

# ژنێکی لەتبوو

## لە تابلۆکانی باسم ڕەسام-دا

**بەیان عەزیزی**

**تابلۆی یەکەم: تاران**

بەر لەوەی خودی باسم ببینم، بەرهەمەکانیم دیبوو. ساڵەکانی سەرکەوتنی گەڕیانی ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا، سەرۆککۆماریی خاتەمی و کرانەوەی فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەموو شوێنەکانی ئێران و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا گەشەکردنی زانکۆ، هونەر و فەرهەنگ و ئەدەبیات، کە مەجالی ئاشکرابوونیان پەیدا کرد. ئەو ڕۆژانە کچە خوێندکارێکی زۆر لاو بووم لە نێوان هەزاران خوێندکاری سیاسەت و کۆمەڵناسیی ئێران کە بە شوێن گۆڤار و کتێب و فیلم و موزیک و نەقاشی و هەموو نمادەکانی ڕۆشنبیرییەوە بوون. یەکەمین جار کە ناوی باسمم بینی لە ناو تەرحەکانی گۆڤاری (کیان)دا بوو. گۆڤارێکی ڕۆشنبیری دینی و سیاسی، کە جیاوازییەکی زۆری هەبوو لە بڵاوکراوەکانی دیکەی ئەو کاتە هەروەک چۆن تەرحەکانی باسمیش ئامۆ



بوون و تازە. لە ناو نووسراوەکانی کەسانێک وەک د. سرووش، شەمسولواعێزین، سەعید حەجاریان، ئەکبەر گەنجی، مورتەزا مەردیها، موستەفا تاجزادە، ئارەش نەراقی و چەند کەسی دیکە کە دە ساڵ زیاتر بوو لەو گۆڤارانەدا کاریان دەکرد... تەرحەکانی باسم ڕەسام هەمیشە بەشێکی گەورە یان بچووکی وتارەکانی دەگرت و ناوی باسم ڕەسام لە وڵاتی ئێران بە هەزاران وێنەکێشەوە ناوێکی زیندوو، گەورە و کاریگەر بوو.

بە وردی سەیری تەرحەکانم دەکرد و هەرگیز بە تەواوەتی لێیان تێ نەدەگەیشتم، لە هیچ نموونەیەکی تر نەدەچوون. هێڵەکان جددی بوون، یەکتریان قەتع دەکرد، قورس و نارێک. تەرحەکان سەرەتا و کۆتاییان دیار نەبوو، یەک دنیا ئوستوورە و مەتێریاڵ و زۆربەی کاتەکان مرۆڤێکی تەنیا کە تا ئەو شوێنەی لە بیرم ماوە، ئەم مرۆڤە هەمیشە پیاو بووە. پیاوێکی سیاسی و قەیراناوی.

**تابلۆی دووەم:** سیودووهەزار ساڵ لەوە پێش

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە مێژووی شێوەکاریی یەکسەرە مێژوویەکی پیاوانەیە. بێجگە لە سەردەمی مۆدێرن و چەند ناوێکی ئاشنای ژنانی وێنەکێش، تەنها کاتێک کە دەتوانین بڵێین وێنەکان تەعبیری مرۆڤانەیان هەیە (هاوکات هەم ژنانە و هەم پیاوانە) 32000 ساڵ لەوە پێشە، هەمان وێنەکانی ناو ئەشکەوتەکان، فەرهەنگی ئۆریگێنشین و بەر لە مێژوو. دیار نییە وێنەکێشەکان کێ بوون، سیمۆن دوبۆڤار لە کتێبی ڕەگەزی دووەمدا دەڵێ ژنانێک کە لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی پیاوەکانیان لە ڕاو، لای ئاگر ماونەتەوە و بە بەرد یان ئێسکی ئاژەڵێک ڕەسمێکیان کێشاوە، یان ئەو پیاوانەی لە چاوەڕوانیی هەڵاتنی خۆر لە شەوانی ساردا وێنەکانیان هەڵکەندووە، بە نیگایەکی بەرابەر بۆ خۆیان، ژنەکان و ئاژەڵەکان و سرووشت بێ دەستێوەردان،
لەوەبەدوا بە تێپەڕینی سەدەکان و هەزارەکان بە زۆربوونی دەسەڵاتی پیاوانە و مێژووی شەڕ، مێژووی فەرهەنگ و هونەریش سەرانسەر پیاوانەیە، وێنەکێشی سەردەمی ڕێئاڵ تێپەڕ دەکات و سرووشت و ژن بە سەیرترین شێوەی مومکین حەقیقی دێنە بەر چاو. مێژووی هونەر لە سەدەکاندا بریتییە لە ناوی پیاوانی وێنەکێش و سەرکەوتوو لەگەڵ تابلۆی ژنانی جوان بە جەستەکانیانەوە، کە بە پێی سەلیقەی پیاوانی سەردەم تاوێک قەڵەون و تاوێک باریک، مۆدیلی جوانکاری، جلوبەرگ، ڕاوەستان و هەمووکەلوپەلەکانی دەوروپشتیان لە نیگای پیاوی هونەرمەندەوە بینراوە. ژن ئۆبژەیەکی ئەبەدییە. جەستەی ژن شوێنی دیسکۆرسەکانە، هیی فەرهەنگ، ئایین، سیاسەت، ئەخلاق، سەرمایە و هونەر. دەڤەری گشتی و دەڤەری تاکی. جەستە بە جلەوە چینی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات و جەستە بە ڕووتی بە هەموو بەشە قەدەغەکانییەوە، ڕووتی ڕووت مەیل و حەسرەت و هاوکات سوڵتە و دەسەڵاتی پیاوانە نیشان دەدات. ژن زیاتر لەوەی کە ژن بێت، سەمبۆل و نیمادە. یان مریەمی عوزرایە بە سەقفی کڵێساکانەوە، بێ گوناه و دایک، یان مەعشووقەیەک ڕاکشاو لە سەر قەنەفە بە جەستەیەکی پڕ لە حەز و تەمەنا و هاوکات ورووژێنەر و ئامادەوە. ڕیزکردنی دەیان ناوی پیاو لە مێژووی وێنەکێشیدا بێهوودەیە تا دەگەینە پیکاسۆ. داهێنەریی کوبیسم کە شێوە، ئاست،

قەبارە و بوونی شتەکان تێک دەشکێنێت. دەیانکات بە هێڵی هێندسی و ئەمە زەینییەتی وێنەکێشە کە زاڵ دەبێت بە سەر بوونی بوونەوەرەکانی تابلۆ نەک پێچەوانەکەی. ژن لە کارەکانی پیکاسۆدا بە تەعبیریی رئالیستی و جوانیناسیی کلاسیکی، ترسێنەرە، واتە بە هیچ شێوەیەک جەستەی لە جەستەی ئاشنا و باوی ژنی پێشتر ناچێت. شوێنی دەم و لووت و مەمک و شان و قژ گۆڕاوە و هەر پارچەیەک چەندین ئاستی هەیە. زەینی وێنەکێش هاوکات چەندین رەهەند دەدات بە ئۆبژە. هەرچەند دەبێ بڵێین کە پیکاسۆش لە وەسوەسەی جەستەی ژنانە رزگار نابێت و تابلۆی کچەکانی ئەڤینیۆن دەکێشێت!

**تابلۆی سێهەم:** پیکاسۆ لە کوردستان مرد

بە شوێن دۆزینەوەی نە تەنها جەستەی خۆم وەک ژن، بەڵکو بە شوێن دۆزینەوەی شووناس و زەین و دنیاکەمدا، لە ناو تابلۆکانی ئەمڕۆدا گەڕاوم، لە جوغرافیای کوردستانی رۆژهەڵاتدا و بە تایبەت وێنەکێشانی شاری سنەدا، بە ناوبانگی جیهانی و قوتابخانەی تایبەتییان بە هەموو ناوەکانییەوە، ئۆبژەکان رێئالیستین، ژنەکان جوانن، هەموو شتێک لە سەر جێگەی خۆیەتی بە حەجمی راستەقینە و باڵا و دەموچاوی رێک، خاوێن و جوان. وێنەکێشەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی غیابی ژن لە ناو فەرهەنگدا و غەدرێک کە رەنگە مێژوو یان ئایین لە ژنی کردبێت، لە وێنەکێشی و هونەردا تابلۆکانیان پڕ کرد لە جەستەی جوانی ژنانە، بە جلی کوردی و سەرپۆش یان قژی پەرێشان لە بادا. بە گووڵی کراسەکانیان و بازنە و باڵایەکی رێک. هیچ شوێنێکی قەدەغە دیار نییە، سیاسەتەکانی سانسۆری هونەری، کورتودرێژی کراسەکان دیاری دەکات و هیچ بابەتێکی قەیراناوی نایەتە سەنتەری تابلۆوە. رەوایەتەکان رەنجی مێژوویین، گشتین، ژنانە نین و کۆمەڵایەتین، ژێدەری تابلۆکانیش سرووشتە، رەنجی ژنەکان رەنجی مێژووە.

ئەم ژنانە ناشیرین نین، ژانەسەر ناگرن، لە سەر جەستەیان جێگەی برین دیار نییە، حەبی ژانەسەر و خەمۆکی ناخۆن، رقیان لە پیاوەکان نابێتەوە، هیچ پەڵەیەکی هیچ خوێنێکی ژنانەش بە سەر جلەکانیانەوە دیار نییە.

**تابلۆی چوارەم:** سەودای پێکەنین

هەرگیز لە باسمم نەپرسی کە ئایا سەرەتا تەرحی کێشا و پاشان وێنەکێشی، یان پێچەوانەکەی، گرنگ نییە هونەرمەندێک بە تەرحەوە دەست پێبکات یان بە وێنەکێشی، ئەوەی گرنگە ئیمزا و فۆرمی کارە. مەتێریالەکان و مرۆڤەکان چ ژن بن چ پیاو هەموان فیگۆرن و رێئالیستی نین. بە جەستەی تێکدراو و بە شپرزەیی و ئیزتراب و دڵەڕاوکێیەکی سەیرەوە. ئەم وێنانە دژوار و پێچەڵپێچن، چاوی بینەر هیلاک دەکات و رەنگ و حاڵەتەکان و هێڵ و شکڵە هیندسییەکانی نامۆیە. تابلۆکان لە جنسی خەونی نیوەشەوانەیە، مۆتەکەیەکی بەردەوامی ژیان کە لێت ناگەڕێت و فەرامۆشی ناکەیت. هەر تابلۆیەک کە دەبینی هەست دەکەی بەشێک بووە لە خەونێکی ئاڵۆز کە پێشتر دیوتە، یان لە داهاتوویەکی نزیکدا دەیبینی. فەزاکان فەزای مۆدێرنە، تەلەفۆن، پەرداخ، فەرش، لامپ، کارەبا، قەنەفە، کاتژمێری دیوار و کاتژمێری دەست و رادیۆ و تی.ڤی دەخزێنە ناو تابلۆ و توندوتیژی لە رەنگ و هێڵەکاندا دیارە. کارەکانی باسم کەس فریو نادەن، درۆ ناکەن و خەمی ترساندنی بینەریان نییە. رانەوەستاوە بۆ بیستنی چەپڵەی کەس. ژنەکان بە جورئەتن، ماندوون، دژوارن، داماون و هەر لەو داماوییەدا تووڕەن و بەهێز. دەڵێی هەر ئێستا لە




خۆکوشتنێکی کۆیی گەڕاونەتەوە یان ئامادەن بڕۆن بۆ پرسە. تەنانەت کاتێ لەگەڵ پیاوێک شان بە شان مەی دەخۆن شاد نین، نیگەرانن و بێ متمانە. من تا ئێستا هیچ تابلۆیەکی باسمم نەبینیوە کە پێکەنینی تێدا بێت. سەیرە... بەڵام نەمدیوە، غیابی پێکەنین یان شادییەکی ئارام. هەروەک میخائیل باختین، بیرمەندی رووسی باسی دەکرد، مرۆڤی مۆدێرن هەمیشە حەسرەتی پێکەنینی هەیە، ئازادی و دیالۆگ لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا. دیکتاتۆر هەرسێکیان زەوت دەکات. ستالین لەو سەردەمەدا باختینی نارده زیندان و پاشان بۆ تەبعید و دوورخستنەوەیەکی درێژماوە لە شوێنی ژیان و لە بنەماڵە و لە بیرەوەرییەکانی.

رەنگە بوترێت ئەم تابلۆیانەی باسم بەرهەمی تەبعیدەکانی ئەوە. مەنفایەک بە دەستی خود یان دوورکەوتنەوەی ئیجباری و هەربۆیە سەودا و حەسرەتی پێکەنین بە سەر دەموچاوی ژنەکان و پیاوەکاندا ماوەتەوە.

**تابلۆی پێنجەم:** خاڵی سفر

ساڵانێکی زۆرە کیان بەستراوە، فەزای سیاسی و رۆشنبیریی ئێران گۆڕاوە و باسم لە بەشێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بە بیستنی رۆژانەی هەواڵی کوشتن و توندوتیژی و وەک هەموو ئەم ساڵانە هونەرمەندە و رۆشنبیر.

من ئێستا ئیتر خوێندکارێکی لاو نیم، بەڵام هەمیشە بە شوێن وێنەی بوونی خۆم وەک ژنێکی مۆدێرنەوەم، بێ سانسۆر و بێ جوانیناسیی فریودەر. لە بەرهەمەکانی فرێدا کالۆڤەوە بگرە هەتا باسم رەسام.




له چاوه‌ڕوانی هیچدا
شیعر سه‌یوان سه‌عیدیان ● دیزاین و مونتیف باسم ره‌سام


عاشقانه های عصر خشونت
اریش فرید
به روایت
خسرو ناقد
و
باسم الرسام




چشم
52 EAST ARTS


فدریکو گارسیا لورکا
ترجمه‌ی سیما شهوری
خودکشی
در اسکندریه


خدا اندیشید
و اندیشهٔ اولین فرشته‌ای بود
گزیده‌هایی از جبران خلیل جبران
گزینش و برگردان باسم الرسام
تصویرسازی
با استفاده از طراحی‌های باسم الرسام



# هەموو ڕەنگەکانی شێوەکارێك

## باسێکی گشتی لە بارەی تابلۆکانی باسم ڕەسامەوە

ڕەزا عەلی پوور

1

هەندێ بەرهەمی هونەری و تابلۆ هەن ئەگەر بە تەواوەتی بۆ مەسرەفکردنیش نەبن، بۆ ئەوەن بەبێ گرفت و موشکیلەیەکی وەها چێژیان لێ ببەیت و بە زمانی باو لەگەڵیاندا سەفا بکەی، بەڵام گەر بەو نییەتەوە سەردانی پێشانگە، یان سەیری تابلۆکانی باسم رەسام بکەی ناهومێد دەبی. دیارە کۆمەڵەتابلۆیەکی دیکەش هەن خۆیان سانا بە دەستەوە نادەن و بۆ هەڵواسین و سەیرکردنی بەردەوام نابن، لەو شیعرانە دەچن کە نابێ لەبەر و حیفز بکرێن، وەک فووگی مەرگی پۆل سێلان و تەنانەت لوورەی گینزبێرگ، یان وەک تابلۆکانی فرانسیس بیکۆن و فیلمی سالوی پازۆلینی. بەشێکی تابلۆکانی باسم (گەرچی کەم) لەم جۆرەن، دەبێ بە شیددەت هەوڵ بدەی فەرامۆشیان بکەیت و بیریان لێ نەکەیتەوە. گەرچی ئەم چەشنە بەرهەمانە لە یەکەم بەریەککەوتنیشدا کاریگەریی خۆیان دادەنێن، بەڵام هەر هێندەیە بگەنە ئەو شوێنەی کە نابێ بگەن ئیدی بەشێکت داگیر دەکەن، وەک هەندێ دێڕ کە دەکەوێتە مێشکتەوە و هەر دەیڵێیتەوە و هەرچی دەکەی ناتوانی لە بیری بکەی، ئەوکاتەش وا دەزانی فەرامۆشت کردووە کاریگەریی خۆی داناوە و تەواو، کەواتە ئاسوودەتری

# باسم رەسام

که لەبەر خۆشتەوە زەمزەمەیان نەکەی. ئەمانە شتێک دەڕووشێنن، برینداری دەکەن و دەیرووخێنن. ئەو بەرهەمانە بە وتەی ژاک لاکان سەمپتۆم و بەرهەمی ترۆمان و خۆیشیان خاڵی داکوتانی ئەو ترۆمایەن، بۆیە هەندێکیان لۆژیکی ترۆماش بۆ وەرگر و بینەری چالاکیش درێژە دەدەن. هەندێ بەرهەمی هونەریی دیکەش هەن لە سەر سنووردا دەمێننەوە، کە ئەمانە بە توندی لە خۆیاندا پرابلماتیکن و وەرگر نازانێ چییان لێ بکات، فەرامۆشیان بکات یان مەسرەفیان بکات و چێژیان لێ ببات؟ کە بەشێکی دیکەی بەرهەمەکانی باسم (زۆربەی تابلۆکانی) لێرەدان و مەیلیان بەرەو مانەوە لەسەر ئەم سنوورە هەیە.

## 2

ماه مونیر رەحیمی کە وتووێژێکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ باسمدا کردووە، بیرەوەرییەک دەگەڕێتەوە، دەڵێ ئەو کاتەی باسم لە گۆڤاری کیاندا گرافیست بوو، عەبدولکەریم سرووش، بیرمەند و رووناکبیری ناسراوی ئایینی، جارێکیان بە باسمی گوت، من لە بەرهەمەکانی تۆ سەر دەر نایەنم، باسمیش گوتی ئاساییە منیش لە قسەکانی تۆ سەر دەرنایەنم. لە وتەکەی سرووشدا جۆرە ئێعترافێک هەیە و لە وەڵامەکەی باسمدا جۆرە رەندییەک، ئەو ئێعترافە دەتوانێ لە زمانی زۆربەمانەوە بێت، کە سەر دەرناهێنین لە بەرهەمەکانی باسم، یاخۆ بە سەختی ئەمە سەر دەگرێ. مەودایەکی گەورە لە نێوان نووسین و قسەکردن، لەگەڵ وێنەدا هەیە، ئەو مەودایە کاتێک زیاتر و گەورەتر دەبێتەوە کە بابەتی نووسین یان قسەکردنەکەش لەبەر چاو بگیرێت. بۆ وێنە قسەکردن لە سەر سینەما وەک هونەرێکی دیداری کە ئاوێتەترە لەگەڵ زمانی ئاخافتندا، ساکارترە تا تابلۆ و شێوەکاری. گەرچی دوورونزیک لە مێژە لەگەڵ بەرهەمەکانی باسمدا ئاشنام و لە گۆڤارەکان و رووبەرگی کتێبەکاندا تەرحەکانیم دەبینی و ئیشەکانی لەگەڵ نووسیندا (کتێب و گۆڤار) تێکەڵ کرابوون، بەڵام (قسەکردن) لە سەر بەرهەمەکانی باسم بۆ من ساناتر بووە تا (نووسین) لە سەری. هەرچەند چ قسەکردن و چ نووسین لە سەر شێوەکاری بە زمانی کوردی کە زمانی رەخنەی بۆ نەدۆزراوەتەوە و... سەخت و دژوارە. بەدەر لەوە بە شێوەی تایبەتیتر وەک ئاماژەی پێ درا، دژواریی نووسین و قسەکردن و تەنانەت هەندێجار درککردن بە بەرهەمی وێنەیی باسم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرهەمی باسم لە سەر سنوورەکاندایە، دووەم دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان زمانی نووسین و زمانی دیداری و ویژواڵ و مەودای نێوانیان، وەک چۆن دەتوانین بڵێین شێوەکاری ئەو شتە دەڵێت کە بە زمانی نووسین دەرنایەت، یان لە زمانی نووسیندا جۆرێکی دیکەی لێ دەردێت کە هەمیشە ترس و گومانی لادران و تەحریفی هەیە، بەدەر لەم مەودا و بۆشاییە کە لە نێوان زمانی وێنەیی و زمانی نووسیندا هەیە، زیاتر لە سەر تایبەتمەندیی گشتیی خودی بەرهەمەکان دەدوێم.

## 3

ئیمزا لە شێوەکاریدا شوێنێکی تێکدەری هەیە، نەک هەر لە باری تۆپۆگرافییەوە، بەڵکو لە سۆنگەی پێگەشەوە، ئایا ئیمزای شێوەکار کە لە تابلۆکانیدا دووپات دەبێتەوە، بەشێکە لە تابلۆ، یان نا؟ ئایا ئیمزای شێوەکار لە ناو تابلۆدایە؟ کە هەیە، یان نییە؟ ئەم حاڵەتە لە ئیمزای تابلۆدا کە هەم لە ناو تابلۆدایە و هەم بەشێکە لە تابلۆ و هەم نییە، دیالکتیکی نێوان دەرەوە و ناوەوەی تابلۆ تووشی قەیران دەکات، تا



رادەیەکیش قاپ و چوارچێوەی تابلۆش دەتوانێ ئەم حاڵەتە بەرهەم بێنێ، بەهەرحاڵ لێرەوە زۆر جار بە پێچەوانەی دیکەی هونەرەکان ئیمزای شێوەکار، کە شتێکی وردتر لە ستایلە، گرنگیی هەیە، ئیمزا و دۆخی قەیراناویی ئیمزا، کە بەشێکە لە تابلۆ و نییە، تا رادەیەک بۆمان دەردەخا کە بۆچی ستایل لە شێوەکاریدا، لە چاو ژانرەکان و میدیۆمەکانی دیکەی هونەری و ئەدەبی گرنگیی زیاتری پێ دەدرێت. ئەگەر پێمان وابێ هونەرمەندی شێوەکار دەبێ خاوەنی ستایل یان شێوازی تایبەت و ئیمزای خۆی بێت، بەرهەمەکانی باسم رەسام هەڵگری وەها خەسڵەتێکن، واتە سەرەرای ئەوەی کە باسم لە درێژەی کاری هونەریی خۆیدا (ئەوەندەی من لە دوورونزیکەوە بینیبێتم) گۆڕانی بەردەوامی بووە، بەڵام لە هەموو بەرهەمەکانیدا، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی داناوە کە کار و بەرهەمی ئەوی لە کەسانی دیکە جیا کردووەتەوە و لە ژێر ناوی باسمیشدا کۆ کردووەتەوە، یەکێک لە بەدواهاتەکانی بڕوابوون بە ئیمزا، ئەوەیە کە دەبێ بڕوامان بە تێڕوانین و روانگەی تایبەتییش ببێت، هەر ئەمە پێوەندیمان دەداتەوە بە دوو ئەزموونەوە، ئەزموونی ژیاو و ئەزموونی خوێندنەوەیی (یان کولتووری و...) دانەر و خاوەن ئیمزا. باسم رەسام لەم بوارەدا سێ کولتووری جیاواز و هاوکات خاوەن خاڵی هاوبەشی لەبەر دەستدا بووە کە بریتین لە کولتووری ئێرانی — فارسی و عەرەبی-عێراقی و کوردی. دەتوانین وەک کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی باسم سوود لەمە وەربگرین، واتە باسم کۆکەرەوە یان گرێدەرەوەی سێ کولتووری جیاوازە کە هەر سێی ئەم ئەزموونانەی بە شێوەی تایبەتیی خۆی لە بەرهەمەکانیدا تواندووەتەوە. بەم روانگەیەوە تێگەیشتن لە باسم بریتییە لە تێگەیشتن لە مێژوو، توانا و دەسکەوت و بەرهەمی ئەو سێ کولتوورە و تێکەڵکران و گرێدانەوەیان پێکەوە، گەرچی ئەمە ئەو خاڵەیە کە رەنگە سادەترین رێگە بێت بۆ تێگەیشتن یا خۆدابەزاندنی بەرهەمی باسم، بەڵام گرفت لەوێدایە کە بەرهەمی باسم، تەنها لە ئاستی جوگرافیای جیاوازدا نییە کە بە پراکتیک دەبێت، بەڵکو بە روانینێکی قووڵتر بۆ بەرهەمەکەنی لەوە تێدەگەین کە تابلۆکانی چەندە لە جوگرافیای جیاوازدا بەرهەم هاتوون، هێندەش لە مێژووی جیادا بەرهەم دێن، واتە لە نێوان زەمەنە جیاوازەکانی جوگرافیا جیاوازەکاندا ئیش دەکات، بۆیە سانایە لە بەرهەمی باسمدا تایبەتمەندییە ویژواڵ و دیدارییەکانی شارستانییەتەکانی بابێل تا شانامەی فیردەوسی و تا تەنانەت هەندێ لە نەقشونیگار و رەنگەکانی ناو کەرەستەکانی کوردستان بدۆزرێنەوە، کە هەرکامیان نە تەنها سەر بە جوگرافیایەکن بەڵکو سەر بە سەردەمێکی مێژووی جیاوازن. بەرهەمەکانی باسم تەنها لە لێکدەرانی دیالکتیکی و کەڵکوەرگرتن لە تەجرەبەی ژیاو لە سێ جوگرافیا و کولتووردا ساز نابن، بەڵکو رەهەندێکی مێژوویی و زەمەنییشی پێ دەدات. بەدەر لەمە بەرهەمی باسم بە تەواوەتی باسی گرفت و کێشەکانی مرۆڤی ئەمرۆیی دەکات، مرۆڤێک کە دنیای مۆدێرن دەیهەوێ کەمترین تایبەتمەندی و شووناسی جوگرافی و زەمەنیی پێوە بهێڵێت و وەک شارۆمەندێکی جیهانی و لە زەمەنی ئێستەی دنیای ئەمرۆدا بژیەت،

بەڵام وەک دەزانرێ ئەمە لەم بەشە لە جوگرافیا و مێژووی ئەم وڵاتانەدا بە سانایی و بەبێ رەنج سەری نەگرتووە. بۆیە دەتوانین بڵێین بەشێکی بەرهەمەکانی باسم، باس لە ئەم لێکدرانە دەکات، لێکدرانی دنیای نوێ و کۆن، مرۆڤی ئێرە و گرفتارییەکانی و کێشەکانی بۆ دەربازبوون لە جوگرافیای خۆی و مێژووی خۆی و رۆیشتن بۆ ناو دنیایەکی نوێتر. لێرەدا ئەوەی روو دەدات حیکایەتێکی سادە و ساکاری ریالیستی نییە، بۆیە باسم بە تەواوەتی لە ریالیزم دوور دەکەوێتەوە، ئەوەش روو دەدات نە کۆمیکە و نە ئاسایی، بۆیە بەرهەمەکانی زیاتر وەک تازیەباری و هەندێجار وەک تراژیدیا دەردەکەون. ئەمە تەنها لە ئاستی ناوەرۆکدا نییە، بەڵکو هاوکات بە هێڵە رژد و سەختەکانییەوە، وێنای توندوتیژییەک دەکات کە لە مێژە مرۆڤی ئەم جوگرافیا و تاریخانەی تووشی جۆرێک لە دێفۆرمەبوون کردووە، مرۆڤی بێ رووخساری بەرهەمەکانی باسم مرۆڤێکی جوگرافیایی نییە بە تەنێ، بەڵکو مرۆڤێکی مێژووییشە کە ئێستە دەژی، بۆیە برین و خوێنێک کە لێی دەتکێ دەلالەت لە سەر بابەتێکی ئەمرۆیی- و ئێرایی ناکات، بەڵکو مێژوییە و دەتوانێ ئەو شتەی ئارەزوو یان کابووسێک بوو کە لە تاران رۆژێک رووی دابێ یان روو بدات، سبەی لە کوردستان یان ماوەیەکی دیکە لە بەغدا روو بدات یان نەدات.

4

لە بەرهەمەکانی باسمدا، رووخسار بەردەوام تووشی جۆرێک لە میتامۆرفیس دەبێت، فەزا رەشوسپییەکان بەدەر لەوەی باڵانسێک بە تابلۆ دەدەن، مێژووی نادیار دەردەخەن، هەربۆیە باکگراوندی زۆربەی بەرهەمەکانی، یان فەزایەکی بەتاڵە، (وەک لە بەرهەمە گرافیکییەکانیدا ئەمە زیاتر هەیە) یان زەمینەیەکی رەنگیی بەرین، زیاتر سپی یان رەشە. خودی تابلۆش بەدەر لەوەی بەستێنێکی تایبەتی وەک زەمەنێکی دیاریکراو و شوێنێکی دیاریکراوی بێ دەلالەت لەسەر مەوقعییەت دەکات، کە دەتوانێ چشت و کەلوپەلە مۆدێرنەکان لە پەنای بوونەوەر و باڵندە ئوستوورەییەکان، لەگەڵ تێکشکانی خەتە عەرەبی و کوفییەکان (کە لای باسم وەک شێوە دەردەکەون و دوور دەکەونەوە لە تایپۆگرافیش) بە رەنگبەندییەکی ئێرانی لە ناو سەختی و هەندێجار سروشتێکدا کە هەندێجار وەک سروشتی کورد دەردەکەوێت تێکەڵ بکات. بە سانایی ئەم تایبەتمەندییانە دەگەڕێتەوە، بۆ مێژوو بۆ ئەمەش باسم روانگەی ورد بۆ مێژوو هەڵدەبژێرێ، دەزانێ کە مێژوو تەنها رووداوە گەورە و ناودارەکان نین، بەڵکو شتە وردەکانیشە، تەنها شەرە گەورەکان نییە، دەزانێ مۆمێک کە کوژاوەتەوە لە شەوێکدا بۆ عاشق و مەعشووقێک مێژووە.
دەزانی لێدران و راکردنی دڵدارێک مێژوویەکی گرنگە کە مێژووی باو فەرامۆشی دەکات. بۆیە لە تابلۆکانی باسمدا مێژووی گەورە ئەگەر ببێت تەنها لە رێگەی میکرۆرووداوەکانەوەیە دەتوانین بیناسین.

5

وەک تابلۆی بە نرخ، دوو تابلۆی ئۆرژینالم بە دیاری پێ دراوە، یەکیان ساڵانێک لەوە پێش هاوڕێی هونەرمەندم ئەکبەر مەنسووری، پێی دام کە تا رادەیەک کۆکراوەی بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندیی ئیشەکانی و تەنانەت قەدەری خۆیەتی: فیگۆری پیاوێک کە پشتی کردووە لە ئەسپەکەی و دەڕوا تا لە دارستانێکدا بزر ببێت.




پیشتر لەسەر کارەکانی ئەکبەر باسم کردووە و شیکردنەوەی ئەو تابلۆیە لێرەدا جێگەی نییە، بەڵام ئەم تابلۆیە لەگەڵ تابلۆی دووەمدا (کە ئەمەیان تابلۆ و دیارییەکی باسمە) خاڵێکی هاوبەشی هەیە: غیابی نیگا.

لەو تابلۆی باسمدا کە سەرەتا و لە یەکەم دیتەکاندا شتێکی ئەوتۆ نابینرێت، دوو چاو لە جەستەی ماسی- باڵندە- مرۆڤێکدا کە سەیری لای چەپ دەکات، یان نیوەبەستراوە، بە سەرنجدانی چەندجارەی هەست دەکەی کە ئەم تابلۆ وەک بەشێکی دیکەی بەرهەمەکانی باسم قسەیەکی نییە بۆ کردن (کە تابلۆ وا باشترە نەدوێت و نیشان بدات)، بەڵکو بەرە بەرە ئێزتراب و سترێسێک دەبەخشێ کە دژوارە بتوانی بە بەردەوامی سەیری بکەی، ئەو تابلۆیە لەوانەیە کە بۆ سەیرکردنی بەردەوام نابێ، گەر سەیریشی بکەی دەبێ ئامادە بیت باجی ئەو سەیرکردنە بدەی، وەک چۆن زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە کە باشترین کارێک ئەکبەر لەو تابلۆیەدا کردوویەتی کارەکتەری ناو تابلۆکەی سەری وەرنەگەڕاندووەتەوە، دەتوانم بڵێم باشترین کاریش کە باسم کردوویەتی و لە هەندێ لە تابلۆکانیدا دەیکات، چاوی فیگۆری تابلۆکان داخراون، یان ڕاستەوخۆ سەیری بینەر ناکەن، گەر هەندێ جاریش چاوی فیگۆرەکان کە وەک چاوی خودی تابلۆ دەردەکەون نیگایان لەگەڵ نیگای بینەردا لێک بدرێت، ناکرێ درێژەی بدەی، نیگایەکی مۆڵەق، کە شەرم زیاتر لە ترس بە بینەر دەدات، شەرم لە چی؟ تەنها ئەوەی شەرم دەکات کە شتێک یان شوێنێکی داپۆشراوی دەرکەوتبێت. بە نیسبەتی تابلۆی باسمەوە شاردنەوەی ئەو نیگایە جۆرێک لە شەرمی تێدایە، شەرم لەوەی کە هەیە، بۆیە نایهەوێ لە ژێر زریقە و بریقەکانی ئێستە، کارەساتەکانی ڕابردوو فەرامۆش بکات، نایهەوێ ترس و نیگەرانییەکانی داهاتووش فەرامۆش و بڕوا بە فریوەکانی ئێستە و ڕەنگە داهاتووش بکات. هەر ئەمە نائارامیی بە تابلۆکانی دەدات، سەرەڕای ئەو زەمینە بەرینەی ناو تابلۆکان، لە بەرهەمەکانی باسمدا شوێنێک بۆ ئارامی بوونی نییە، بەشێکی تابلۆکانی وەک ئەوەن کە دەڵێی دەست براوەتە ناو ئارامییەکەی، شۆفاری، بەدی، کارەسات و... وەکو شمێشری دامۆکلێس، هەردەم هەڕەشە لە چرکەساتێک دەکات کە لە باکگراوەندا، یان لە پێشزەمینەدا، وەک ئارامی دەردەکەون.

## 6

سەرانسەری مێژووی شێوەکاری دوو شت دەکێشێ ئەوەی کە ڕووی داوە و یان ڕووی نەداوە و تێپەڕیوە و ئەوەی کە بڕیارە ڕوو بدات یان هەرگیز نەدات، ئەم دابەشکارییە سادە و بەڵگەنەویستە دەتوانێ زۆر شتمان لە سەر ڕەوت و تەنانەت هەندێ لە قوتابخانەکانی شێوەکاری بۆ دەربخات. بەدەر لە دەربڕین، تەکنیک و فۆرم دەکرێ بەم شێوەیەش جیایان بکەینەوە ئەوەی ڕووی داوە یان ڕەنگە ڕوو بدات لە هەمبەر ئەوەی کە ڕووی نەداوە و ڕوو نادات، ئەم ڕوونەدانە، هەموو جار بە مانای ناواقیعی نییە، کێشانی ئەوەی کە ڕەنگە ڕوو نەدات بەرەو داهاتوومان دەبات و بازاڕ و فرۆشیاران و کڕیارانی هونەری ئەم ڕووکردەیان بە لاوە گرنگترە و لە ژێر ناوی زانستی- خەیاڵی و... پۆلێن و مەسرەف دەکرێن، بەڵام ڕووکردن بەرەو مێژوو و کێشانی ئەوەی




# باسم رەسام

که رووی نەداوە، پرابلماتیکە. ئەوکات دوو رووکرد دەبینین، گەڕانەوە بۆ مێژوو بۆ وێناکردنی خاڵ، سەردەمێکی زێڕین و کە بەرەو مالیخولیامان دەبات. یان وەک بنیامین دەڵێ، گەڕانەوە بۆ مێژوو لەبەر رزگارکردنی بەشە سەرکوتکراوەکان و رەنجەکانی ناوی. ئەمە دەتوانێ کێشانی هەمان زەمەنی رزگاربوونی لە دەست چوویێت، دەتوانێ هەمان فیرۆدان و دۆڕاندن بێت، دەشتوانێ هەمان فقدان و lessـی فرۆیدی بێت، لە تابلۆکانی باسمدا تەنانەت ئەوانەش کە تێمێک و تێکستۆرێکی عاشقانەی هەیە، دیسان حەسرەتێک، ناکامییەک، لە دەستچوونێک، دەکات، یان ئارەزووی بوونی نەبوونێک دەبینرێت، هەر لێرەوە بە ناچار دوور دەکەوێتەوە لە ریالیزم، بۆیە هیچ کات ئێمە فیگۆری تەواومان نییە، هەمیشە نەقسێک هەیە لە فیگۆرەکاندا، نەک وەک نەقسەکانی فرانسیس بیکۆن... ئەم نەقسەیە کە بۆشاییەک نیشان دەدات و هەر لێرەشەوە مەیلێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم ناکامی و بۆشاییە دروست دەبێت.

مەیلێک کە ئەخلاق ناناسێت بۆیە هاوکات لە نێوان بابەتی پیرۆز و ئیرۆتیکدا لە نێوان ترس و نەترسیدا، لە نێوان کۆنە و نوێدا، لە نێوان رەشوسپیدا سنوورێک نامێنێ، تابلۆکانی باسم هاوکات ئامادەبوونی ئەم دوو لایەنەن، ئامادەبوونێک نەک لە پاڵ یەکدا دانران، بەڵکو بەرهەمهێنی یەکدین. لەم نێوانەدا درزی نێوان ئەو دوووە گرنگە، ئەم درزە قەت ئێستە نییە، قەت مانای ئەم چرکەیە نییە، تەنها فۆتۆگرافییە کە ئێستە دەکێشێ نەک شێوەکاری، بۆیە فیگۆرەکان و ئەندامەکان لە ئەنجامدا بێدەنگ دەدوێن، لە ئەنجامدا شتێک جێبەجێ دەکەن، شتێک کە تێگەیشتن لێی سانا نییە.





# باسم ڕەسام

# وێنەکێشانی ڕووداوە سایکۆلۆژییەکان

## لای هونەرمەند باسم ڕەسام



س قادر

**(یەکەم ئامانجی رەخنەی هونەری دەستەبەرکردنی تێگەیشتنە، دووەم ئامانجیشی چێژلێبینین و خۆشییە)**

**ئەدمۆند فیلدمان**

ئەوەی لەم تابلۆیەدا راستەوخۆ بینەر رووبەڕووی دەبێتەوە پۆرتریتی دەموچاوی فیگەری پیاوێکە لە (پێشەوەی فۆرگراوندی) تابلۆکەدا لە پۆزی حاڵەتی دەموچاویدا بە پێی هەڵکەوتەی لە نێو تابلۆکەدا راستەوخۆ نیگای بینەرانی دەرەوەی تابلۆکە دەکات، بەڵام بە دوو چاوێک کە بینەر دەخاتە نێو گومانێک لەوەی کە چاوانی داخراون یاخود دووچاوی نابینان کە تێمان دەڕوانن، ئەمەش وای کردووە کە تابلۆکەدا جێی سەرنج بێت، ئەو گۆشەگیرییەیەتی کە لە کەمپۆزەیشنەتی تابلۆکەدا هونەرمەند بە مەبەست ئەو کارەکتەرەی پێ بەخشیوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی

که کۆتابلۆکەدا ئەم فیگەرە پشتی کردووەتە سەرجەم فیگورەکانی تری تابلۆکە، کە پێنج فیگەری تری لە باکگراوندا دەبینرێت لە سەرجەم ئەم پێنج فیگەرە، فیگەرێکیان لە رووی رەنگەوە لە چوار فیگەرەکەی تر جیاوازە، بە جۆرێکی تر ئەم فیگەرەی کە لە چوارەکەی تری باکگراونددا لە رووی رەنگ و گۆشەگیرییەوە وەک بەشێک لە فیگورە سەرەکییەکەی فۆرگراوند بەجێ مابێت وا دێتە بەر چاو. فیگەرەکانی نێو ئەم تابلۆیە بە هێڵە رەشەکان ئاوت لاینیان (out lines) کێشراوە، ئەم دیاردەیە وەک خەسڵەتێکی تایبەتمەند و زۆر بەکار براوە لە فیگەرەکانی تری تابلۆکانی تریشدا، ئەمەش لە پێناو زیاتر بەرجەستەکردنی جەستەی کارەکتەرەکانی وێنەکێشە، بە دیوێکی تردا ئەو هێڵە دەرەکییانە جۆرێک لە دیاریکردنی فیگورەکان و ئامادەگییان زیاتر دەخاتە بەر چاو لە کۆی تابلۆکەدا.

لە رووی بەکارهێنانی رەنگەوە هونەرمەند نە لەم تابلۆیەدا و نە لە هیچ کام لە تابلۆکانی تری کە من دیومن پەیوەست نییە بە رەنگی باوی فیگەر و ئەتمۆسفێری گشتیی تابلۆکەوە، بەڵکو ئەوەی کە زۆر بە ئاشکرا و روون بە رەنگە گەرم و ساردەکان بە هاوبەشی و بە پێی هەڵکەوتەی و بەدیارخستنی شتومەک و فیگەرەکان رەنگ بەکار براوە، ئیتر یان باکگروند رەنگی سارده یاخود بەپێچەوانەوە فیگەرەکان بەو جۆرە دیارن، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم جۆرە بەکاربردنەی رەنگکردن و دیاریکردنی دەچێتەوە سەر بەکارهێنانی چۆنێتیی بەکاربردنی هونەرمەندانی سەر بەرێبازی فۆمیزم، واتە سەرشە الوحشیە، بە تایبەتی بەکارهێنانی رەنگ لەلای پێشەوای رێبازی وەحشی هونەرمەند –پول گوگان– کە رەنگە گەرمەکان و ساردەکان لە پاڵ یەک بەکار بردووە، بەپێی تەدەرەجی هەریەک لە رەنگەکان کە رەونەقێکی سەرنجراکێش دەدەنە بینەر و زیندوویەتی لە خۆ دەگرێت. گەر سەرنج بدەینە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنیکە لە رووی رەمزی-سیمبول – بەکاربردنییەوە زیاتر وردتر بڕوانینە تابلۆکەی رەسام، ئەوا فیگەرە سەرەکییەکەی پێشتر ئاماژەمان پێ دا، سەری فیگەرەکە بە هەمان رەنگی فەزا گشتییەکەی کە فیگورەکانی باکگراوند تێدا ئامادەن، بەڵام ئەو رەنگە سوورەی کە لە چوار فیگورەکەی پێ کێشراوە ممارەسەی ژیانێکی زیندووی تێدا دەکەن، سورێکی مەیلەوقاوەییە، ئەمەش ئەوەندی تر بەرجەستەی نامۆیی و گۆشەگیرییەکەی ئاشکرا دەربڕیوە کەوا هەست دەکرێت تەنها بوونی ئەم کارەکتەرە لە یەک شوێندایە و بەس بەبێ ئەوەی کارلێکی زیندووانە لە نێوان فیگورەکانی تردا هەبێت، گەر سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەم تابلۆیە وێنەکێش بدوێین، ئەوا وەک ئاشکرایە بەو جۆرەی کە لە تابلۆکەدا دوایین بەرجەستەکردنی رووداوێکی سایکۆلۆژیی وردی کردووە، ئەوەی کە لە تابلۆکەدا خراوەتە روو پەیوەندییەکی دیالێکتیکی بە لە رووی رەنگ و لە رووی پۆزی هەردوو فیگەرەکەدا هەیە، واتە فیگەری پۆرتریتی فۆرگراوندی پیاوەکە و لەگەڵ مۆدێلی سەوتی ئافرەتێک کە لەلای چەپی تابلۆکەدایە دواتر ئەوانی دی لە پێناو رووداوێکدا کە بووەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەم تابلۆیە و پێ دەچێت زۆر تایبەتمەندانە بێت، بۆیە ئەم ناروونییەی بابەتی راستەوخۆی تابلۆکە هێندەی تر بووەتە جێی سەرنجی بینەر و دەشێ هەر یەکێک لە بینەرانی ئەم تابلۆیە راڤە و کەشفی نوێی لێوە بکەن.

ماوەتەوە ئەوەی کە بڵێین کردەی نیگارکێشان لەم تابلۆیەدا بە چەند چینێک لە رەنگ و هێڵ بەرهەم هاتووە، کە ئەم شێوازە لە وێنەکێشان بەدەر لە باسم






لەلای هیچ و وێنەکێشێکی دی نەبینراوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هونەرمەند لە دەستپێکی تابلۆکانیدا دراسەیەکی پێشوەختی ئەنجام نەداوە، بەڵکو راستەوخۆ بەو کردەیەدا تێپەڕیوە. گەر ئەم تابلۆیە بەنمونەوە وەربگرین ئەوا زۆرێک لە پانتایی رەنگ و هێڵ سڕدراونەتەوە و دیسانەوە بە لێدانەکانی فڵچە و پانتاییە رەنگییەکان لە کۆی ئەتمۆسفێری تابلۆکەدا ئیش کراوە، ئەمەش بۆ خۆی هەندێ لە فەلتان و دەرچوون خولقاوە، ئیتر لە رەنگدا بێت یان لە هێڵەکاندا ئەمەش لە رووی جوانکارییەوە هێزێکی جوانی بەخشیوەتە کارەکە و تەکنیکی تایبەت بە خودی هونەرمەندی نیگارکێش "باسم رەسام" لە وێنەکێشانیدا دەبینرێت.

# ئەوەی من دەیزانم، تۆ نایزانیت!

## باسم ڕەسام و سوژەی هونەر



**بێشرەو محەمەد**

ڤالتەر بنیامین ڕۆژێک لە ڕۆژان گوتبووی: "لیتۆگرافی ئەو توانستەی بە هونەری گرافیکی بەخشی تاوەکو بتوانێت وێنەی ژیانی ڕۆژانە بگرێت، بە جۆرێک ئیتر هەنگاو بە هەنگاوی پیشەسازیی چاپ، ئەویش پێش کەوت، بەڵام چەند دەیەیەک بە سەر لیتۆگرافیدا تێپەڕیبوو، کە فۆتۆگرافی پێشی دایەوە"

دەبێت لێرەوە ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین: ئایا دووکەوتنی فۆتۆگرافی، توانای ئەوەی بە فۆتۆگرافەر بەخشی، لە هونەرمەند زیاتر بزانێت؟ بێگومان لێرەشدا ئێمە ڕوو دەکەینە ئەو هونەرمەندەی ئێش لە نێو ڕۆحی هونەریدا





دەکات و یان بە مانایەکی دی: "دەچێتە نێو ڕۆحی شتەکانەوە." بێنیامین درێژەی پێدەدات و دەڵێت: "دەستپێکی بەرهەمی هونەری، لە بەرانبەر ئیشی کۆپیکراودا، ئەوەی هەمیشە پێی دەگوترێت بەرهەمهێنراو، ڕەسەنێتییەکەی خۆی دەپارێزێت. بەڵام، لە بەرانبەردا، ئیشی دەستکرد و کۆپیکراوی تەکنیکی بە دوو هۆ ئەم ڕۆڵە ناگێڕێت، یەکەم بەرهەمهێنانەوەی ئیشی هونەری زیاتر لە بەرهەمهێنانەوەی ئیشی دەستی سەربەخۆیە لە بەرهەمدا. بۆ نموونە لە فۆتۆگرافیدا، بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکی ئەو لایەنانەی بەرهەم نمایش دەکات، کە چاو ناتوانێت بیانبینێت، بەڵام بۆ لێنزێک، کە دەکرێت ڕێک بخرێت و گۆشەکانی بە ویستی خۆمان بگۆڕین، ئەوا دەشێت ببینرێت". ئیتر پرسیارەکەم لێرەدا بە چەشنێکی دیکە دادەڕێژمەوە، ئەوەی هونەرمەندێک (یان سوژەی هونەر) دەیبینێت، ئایا دەشێت لێنزی کامێراش هەمان شت ببینێت؟ یا بە کۆمەکی گۆستاف فلوبێر بڵێین کامێرا دەتوانێت بچێتە نێو پانتایی و ڕۆحی هەموو شتەکانەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە، کە من دەمەوێت وەڵامی بدەمەوە و بڵێم، کە هونەرمەند (بە تایبەت من باسم ڕەسامم وەک فیگوری هونەر وەرگرتووە) زیاتر لە لێنزی کامێرا و خودی کامێرا، دەتوانێت بچێتە ناو ڕۆحی شتەکانەوە. کەواتە کەمێک لە سەر سوژەی هونەر دەوەستم و



باس لەوەش دەکەم، کە سوژەی هونەر چۆن دەتوانێت میکانیزمی بازدان بێت بە سەر پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا، یان چۆن وەک سوژەیەکی پەرت ناهێڵێت، تەنها شوناسێک لە لایەن سیستەمەوە قبووڵ بکات و لە قۆناغی خەیاڵییەوە و بە ڕێی شوناسێکی ئەوی دیکەوە (ئاوێنە یان باوک) بچێتە نێو قۆناغی هێمایین (سیمبولی) و لە لایەن یاساکانی ئەوی دیکەی گەورەوە بەرگی بە بەردا بکرێت و پاشان توانستی هەر ئەکتێکی دەرچوون لە سیستەمی لێ بسەنرێتەوە.

من لێرەوە وای دەبینم هونەری باسم ڕەسام، هونەرێکە لە دەرەوەی سیستەمی سیمبولی (بە تایبەت ئەمڕۆ کە فۆتۆگرافی و هونەری گرافیک بوونەتەوە بە شتێکی باو و ڕۆژانەیی و هەموان بە کاری دەهێنن، بەڵام نائاگا لەوەی، کە کولتووری ئاپۆرە (عامەپەسند) — فۆتۆگرافی وەک نموونەیەک — لە بنەڕەتدا بەدەرە لە هەر جۆرە توانستێکی ڕزگارکەرانە، چونکە ئەم کولتوورە و داهێنراوەکانی، لە کۆتاییدا دەبن بە کاڵایەک بۆ بازاڕبردن و مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت لە لایەن ئاپۆرەوە). بەڵام با پرسیارێکی دی بکەم، سوژە (یان سوژەی هونەر) چ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەوە هەیە؟ ئایا هونەر دەتوانێت ڕووداوخوڵقێن بێت؟ سوژە دروست ئەو شتەیە، کە ڕوو دەدات کاتێک ئێمە داهێنانێک؛ پرۆسەیەکی نوێ، یان ڕوودانی شتێکمان وەکو ئەنجامی ڕووداو لە جیهانێکدا هەیە. کەواتە دەتوانین بڵێین سوژە هەمیشە پەیوەندییەکی نوێیە لە نێوان پارتیکولار (بەش) و یونیڤێرسال (گشت)دا. بەڵام ئەی پەیوەندیی نێوان پارتیکولار و یونیڤێرسال






چییە؟ لە دنیای پۆستمۆدێرندا هەمیشە یونیڤێرسال دەکرێتە قوربانیی پارتیکولار، بەو مانایە، کە ئێمە دەتوانین لە نێو خودی شتە بچووکەکان و بەبێ گەڕانەوە بۆ شتە گەورەکان (یان بەبێ بوونی حەقیقەتێکی یونیڤێرسال) دەتوانین خەریکی داهێنان بین، بەڵام ئەم کردنە قوربانییەی یونیڤێرسال هەمان ئەو دەرەنجامەی لێدەکەوێتەوە، کە ئێمە هەرگیز بیر لە بوونی حەقیقەتێکی یونیڤێرسال وەک ئەڵتەرناتیڤ ناکەینەوە، هەر ئەم بیرنەکردنەوەیەش لە ئەڵتەرناتیڤ، یەکێکە لە میکانیزمەکانی ئیشکردنی دەسەڵات (و لەمڕۆشدا سیستەم ئینجا بوونی سیستەمێکی بەهێزی دەوڵەتی بێت یان خودی سایبەرسپەیس وەک سیستەمێک یان وەک واقیعییەتێکی ڤیرتوئێل "مەجازی" ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت). لەبەر ئەوە بۆ دەرچوون لەم ڕوانگەیە، دەبێت باوەڕ بە خودی ئەڵتەرناتیڤ بهێنین و جارێکی دی، ئەڵتەرناتیڤ لە زیهنییەتی هەر یەکێکماندا زیندوو بکەینەوە.

بوونی سوژەی هونەر وەک ڕزگاری، لە شۆپنهاوەرەوە تا ئەمڕۆکە بڕ دەکات، بەڵام بە مەبەست و ڕێگەی جیاواز، شۆپنهاوەر هونەر وەک ئامرازێک بۆ ڕزگاربوون لە ویست بە کار دەهێنێت، لای نیتشەش هونەر ڕزگاریبەخشە، بەڵام هەمیشە هونەر دەچێتەوە نێو باوەشی ژیان. کەواتە وەک یەکێک لە پێشمەرجەکانی



ڕووداو، دەبێت خاوەن سوژەی هونەر بین، وەک ئالن بەدیۆ پێی وایە ئەوە دۆخی سوژەیە کە ئێمە دەتوانین وەکو پرۆسەی داهێنان، پرۆسەی بەرهەمهێنان، پرۆسەیەک کە لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان نیشانەی ڕووداوێک و بونیادی گشتێکی نوێ لە جیهاندا ڕێ دەخا، سەیری بکەین. کە وا بوو ئێمە ناچارین شتێک بدۆزینەوە کە لە بواری شەڕی هاوچەرخی نێوان چێژ و قوربانیدا نییە. کەواتە ئەمڕۆ ئەمە مەسئەلەی سوژەی هونەرە- دۆزینەوەی شتێک وەکو پارادایمێکی بیرکردنەوەی نوێ، کە لە دەرەوەی شەڕی هاوچەرخی نێوان چێژ و قوربانیدایە. ئێمە بۆ بەگەڕخستنی ئەم پارادایمە زەینییە نوێیە کێشە و کۆسپی زۆرمان هەیە- پارادایمێکی نوێ کە بۆمان دەرخات چۆن گشتێکی نوێ لەگەڵ ڕەوتێکی زەینیدا بێ جیابوونەوە و ناسینەوە و جیاوازیی خۆی بە گەڕ دەخات. کەواتە ئێمە دەبێت جەخت بکەینەوە لە سەر بڕوای خۆمان دەربارەی دووربوونی نیشانەی ڕووداو و بونیادی سەرجەمێتی (گشت) لە یەکتری. تا ئێرە لەو بڕوایەداین، کە هونەر یان سوژەی هونەر دەبێت ڕووداو بخولقێنێت، هەروەها بەرهەمهێنەری حەقیقەتێکی یونیڤێرسالیش بێت، کە پێچەوانەی ئەو ڕوانگە باوە پارتیکولارەی بۆ بەرهەمهێنانی هونەری هەیە و زیاتریش ئەمڕۆ دەبەسترێتەوە بە هونەری فۆتۆگرافییەوە، هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، لێنزی ئەم هونەرە هەرگیز ناچێتە نێو قوڵایی و ناخی شتەکانەوە، کە دەبێت ئەمڕۆکە بۆمان ئاشکرا ببن، بەڵام ئەمە هونەرمەندە کاتێک هونەر دەکات بە سوژە و دەرچوون لەم سیستەمە باوە شیاو دەکات،





هەر هونەرمەند خۆیشییەتی، کە بە وردی لە جەوهەری ئیشەکەی بەئاگایە.
دێمەوە سەر ئەوەی چۆن هونەرمەند بەدەرە لە شوناسێکی دیاریکراوی نێو قۆناغێکی خەیاڵی یان ڕەمزی. ئێمە لە قۆناغی خەیاڵیدا هەمیشە ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە، کە دەبێت ئەوی دیکەیەک لێرە بێت، تاوەکو بتوانین شوناسی خۆمانی لێوەربگرین، کە هەمیشەیش بۆ هونەری فۆتۆگرافی بوونی ئەوی دیکەیەک لێرە، دەبێتە ئەوەی ئیشێکی هونەری بخوڵقێنێت، بەڵام با بپرسین لەم قۆناغەدا، ئایا بەبێ بوونی من، هونەری فۆتۆگرافی یان بە مانایەکی دی، فۆتۆ ئامادەیی هەیە؟ ئەگەر من نەبم و فۆتۆگرافەر نەیەت و وێنەی من نەگرێت، چۆن بەرهەمی هونەریی فۆتۆگرافی دەخوڵقێت؟ کەواتە باس لەوە دەکەم، کە باسم ڕەسام لە هونەرەکەیدا، هەمیشە خۆی نابەستێتەوە بە بوونی ئەوی دیکەیەک، تاوەکو بتوانێت شوناس بە هونەرەکەی بدات، تۆ بێنە بەر چاوت، لە قۆناغی خەیاڵیدا (با بڵێین، کە مەبەستمان قۆناغی ئاوێنەیی ژاک لاکانە) هەمیشە منێکی منداڵ دەبێت ڕوو بکەمە ئاوێنەیەک یان ئەوی دیکەیەک تاوەکو هەست بە خودی خۆم بکەم، ئەوی دیکەیەک، کە گەورەیە، ئاوێنەیەکی مەجازییە یان دەسەڵاتی باوک/ دایکە، ئەم شوناسە بۆ من دیاری دەکات، بەبێ ئەم ئەوی دیکەیە، هەرگیز ناتوانم درک بە خۆم بکەم، یان خۆم بناسم، من جەستە و سەروەرێتیم بە سەر جەستەی خۆمدا هەمیشە لە ئەوی دیکەوە وەردەگرم، لەبەر ئەوە زەروورییە لێرەدا ئاوێنەکە هەبێت و شوناس بە من بدات، ڕێک ئەمەیش ئەو شتەیە، کە لە دەروونشیکاریدا پێی دەگوترێت شوناسپێدان لە لایەن ئەوی دیکەوە.
کەواتە ئەم قۆناغە چێژێکی وەهمی بۆ من دروست دەکات و ڕامدەهێنێت لە سەر ئەوەی، کە ئەمە شوناسی منە، بەبێ ئەوەی لە بنەڕەتەوە بزانم، کە ئەم شوناسەم لە ئەوی دیکە وەرگرتووە. بۆیە ئەگەر بە دیدی لاکان بڕوانین، ئەوا: ئارەزووی من بوونی نییە، بەڵکو ئەمە ئارەزووی ئەوی دیکەیە ئیش دەکات و منیش دەبێت هەمیشە لە هەوڵی ڕیالیزەکردنی ئارەزووی ئەوی دیکەدا بم. هەر لەبەر ئەمەیشە من بەو دەرەنجامە دەگەیەنێت، کە لە فۆتۆگرافیدا دەبێت هەمیشە ئەم ئەوی دیکەیە ئینجا ئەوی دیکەی گەورە بێت یان تەنها ئەوی دیکەیەک، ئامادەیی هەبێت، تاوەکو لێنزی کامێرا ئیشی خۆی بکات، بەڵام لە هونەری باسم ڕەسامدا ئەم قووڵبوونەوە و چوونەخوارەوەیە بۆ نێو ڕۆحی شتەکان دەبینمەوە، کە بەبێ لێرەبوونی ئەوی دیکە و چوونە نێو قۆناغی خەیاڵییشەوە، خوڵقاندنی ڕەسەنی ئیشی هونەری دەبینم، هونەری ڕەسام، هونەرێکە دەکرێت بڵێین درزی خستووەتە نێو ئەم قۆناغە ڕەمزییەوە، کە دەیەوێت لەگەڵ ئیشکردنی زماندا ئەویش بە گەڕ بکەوێت. لای لاکان سیستەمی هێماین (یان ڕەمزی) ئەو سیستەمەیە، کە مرۆڤ دەباتە نێو جیهانەوە و گرفتاری تەونێکی دەکات، کە بەو ئاماژانەی خۆی پێی دەدات، خەریکی گوزارشتکردن و تەعبیرکردن لە خۆی بێت. هەر هەمان ئەو ڕوانگەیەی ئەرنستۆ لاکلاو لەسەر ئیشکردنی سیستەم پێمان دەڵێت، کە سیستەم خۆی میکانیزمی بیرکردنەوە لە سیستەمت پێدەدات و بە پێی ئەم ئامرازانە نەبێت، تۆ ناتوانیت تەعبیر لە خۆت بکەیت، کەواتە توانستی ئەکت و کردەی داهێنانت لە دەرەوەی سیستەم نییە و بە مانایەکی دی، تۆ ناتوانیت

بیر لە ئەڵتەرناتیڤ بکەیتەوە. واتا لە نێو قۆناغی سیمبولی (ڕەمزی)دا ئەوە تەنها سیستەمی زمانە سوژە یان من دەهێنێتە قسە و بەبێ ئەوە، ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، یاخود هیچ ئەکتێک بنوێنم. هاوکات لای لاکان، سیستەمی هێمایین سیستەمی نەهییەکانی باوکە، چەمکی "بە ناوی باوکەوە" لای لاکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، باوک تەعبیرە لە خودی فەرمان و ڕێساکانی دەوڵەت و کۆمەڵ، هەرچەند دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە باوک برێتی نییە لە باوکێکی بیۆلۆژی، بەڵکو ئاماژە بەو شوێنە ڕەمزییە دەکات، کە هەموو هێز و سەرچاوەیەک دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت و پڕی بکاتەوە.

لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، کە هونەری باو، یان کولتووری ئاپۆرە، دروستکراو و دیلی نێو ئەم سیستەمە ڕەمزییەیە، کە لە دەروونشیکاریدا، قۆناغی بەگەڕکەوتنی زمان و ئیشکردنی خودی سیستەمە، بەڵام ئایا سوژەی هونەر یان هونەری باسم ڕەسام، دەکەوێتە کوێی ئەم سیستەمەوە، یاخود ئایا ئەم هونەرە لە دەرەوەی ئەم سیستەمەیە؟ دەشێت هونەری باسم ڕەسام هەمان ئەو ڕیاڵە بێت، کە ئەم سیستەمە ڕەمزییە ناتوانێت بیگرێت.

سەرەتا دەبێت بڵێم ڕیاڵ پێچەوانەی ڕیالیتییە (واتا پێچەوانەی واقیعییەتە)، چونکە واقیعییەت هەمان قۆناغی ڕەمزییە، کە تێیدا سیستەم یان ڕۆحییەتی سیستەم ئیش دەکات، بەڵام ڕیاڵ ئەو شوێنەیە، یان ئەو پنتەگرێیەیە، کە ڕیالیتی دەستی پێی ناگات و "ریال"ـی لاکانی زاراوەیەکە کەموزۆر پەیوەندیی بە واقیعییەتەوە نییە، وەک لاکان دەڵێت "لەو خەوە دەچێت کە ناگێڕدرێتەوە و ناکرێت بە چیرۆک"، یان وەک ئەو سوژە لاکانییەیە، کە "لەبەر ئەوەی سوژە ڕووبەڕووی لوغزی ئارەزووی ئەوی دیکە دەبێتەوە، ئەوا هەوڵ دەدات ئەم ئارەزووە دەرببڕێت و بەم جۆرە، بە بونیادنانەوەی شوناسی خۆی لەگەڵ دالەکانی نێو کایەی ئەوی دیکە، خۆی دروست بکات، بەڵام لە پڕکردنەوەی درزی نێوان سوژە و ئەوی دیکەدا سەرکەوتوو نابێت. بۆیە لێرەدا بزووتنەوەیەکی بەردەوامی لە دالەوە بۆ دالێکی دیکە پەیدا دەبێت و سوژە لەو میانەدا دەردەکەوێت و بزر دەبێتەوە".

لێرەدا مەبەستی بەردەوامیی سوژە، ئەوەیە خۆی دەخاتە نێو دەستووری سیمبولییەوە و لەم ڕووەوە، توانستی کردەی هەیە. کەواتە سوژەی لاکانی هەمیشە ئاماژە بەو درزە سەرەکییەی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، کە سیستەم هەرگیز ناتوانێت لێی





نزیک بکەوێتەوە و دایبخات. ڕیاڵ تەعبیرە لە هەموو ئەم شتانەی ناچنە نێو دەستوری ڕەمزییەوە، واتا ڕیاڵ ئەو شتەیە، کە ئێمە بەو زمانەی لە لایەن سیستەم یاخود قۆناغی ڕەمزییەوە پێمان دەدرێت، ناتوانین تەعبیری لێبکەین، ڕیال ئەو سیستمەیە، کە ڕەمزی دەستی پێیدا ناگات و ناگیرێت و کۆنترۆڵ ناکرێت. واقیعییەت لە نێو سیستەمی ڕەمزیدا بە گەڕ کەوتووە و ئیش دەکات، دونیای ڕەمزییش دونیای دەسەڵاتە، دونیای زمانە، دونیای سیمبولەکانی باوکە، دونیای فەرمایشتەکانی "ئەوی دیکەی گەورە"یە، دونیای لێکتێکەیشتن و ڕۆشنی و ڕوونکردنەوەکانە، واقیعییەت بریتییە لەو جیهانە ڕەمزییەی دەسەڵاتەکان دروستیان کردووە و سیستمی ئاماژەیی و سیمۆلۆژیی خۆیان پێ بەخشیوە.

بۆچی دەربارەی سیستەم قسەم کرد؟ لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم باسم ڕەسام ئەو هونەرمەندەیە کە بە ڕێی هونەرەکەیەوە، درزی خستووەتە نێو ئەو سیستەمە ڕەمزییەی کە هەموان ئیشی تێدا دەکەن و بە ئامراز و کەرەستەکانی ئەم قۆناغە ڕەمزییەی ئەوی دیکەی گەورە یان باوک، ئیش دەکەن و بە ڕێی هەمان زمانی ڕەمزییەوە، تەعبیر لە خۆیان دەکەن. هەروەها هونەری نێو ئەم قۆناغە ڕەمزییەیش، هونەرێکە بە هەمان میکانیزمەکانی سیستەم ئیش دەکات و تەنها ئەم شتانە دەبینێت، کە هەموان دەتوانن ببینن، شتێک دەرناخات، کە ئەوانی دیکە نایبینن، هەموان لەم قۆناغەدا خاوەن ئەو شوناسە تایبەتەن، کە سیستەم بۆی دیاری کردوون، بەڵام سوژەی هونەر، یان بە مانایەکی دی، باسم ڕەسام خاوەن شوناسێک نییە، کە دەبێت من لێرە بم و شوناسی پێبدەم، تا ئەو بوونی هەبێت، بەڵکو بە هەموو مانایەک، ئەو چووەتە نێو ڕۆحی شتەکانەوە و میکانیزمەکانی ئیشکردنی سیستەمی تێک شکاندووە، سوژەیەکی پەرتە، واتا سوژەیەک نییە، وەک ئەو سوژەیەی دەسەڵات بە ڕێی مایکرۆ-دەسەڵاتەوە زانیاریی لە سەر کۆ بکاتەوە و پڕی بکاتەوە، یان ئەگەر لاکانی بڵێین، سوژەی هونەر لای ئەو بەو میکانیزمانە ئیش ناکات، کە لە قۆناغی سیمبولیدا هەیە، بەڵکو هونەرێکە، دواجار دەڵێم، دەچێتە نێو ڕۆحی شتەکانەوە و ئەو شتانە دەڵێت، کە ئەوانی دیکە نایزانن، کەواتە هونەری باسم ڕەسام شتێک دەزانێت، کە سیستەم و هەموو ئەوانەی بە کەرەستەکانی سیستەم ئیشدەکەن، نایزانن. باسم ڕەسام بە شوناسێک ڕازی نابێت، کە لە پێشەوە بۆی دیاری کرابێت، بەڵکو هونەرە قوڵەکەی و فرەڕەهەندییەکەی، شوناسێکی فرەڕەهەندیشی بە خۆی بەخشیوە.

### سەرچاوەکان:



1. Walter Benjamin: Illuminations, trans. Harry Zhon, ed. Hannah Arendt, 2007, Schoken Books, New York, pp.117-153.

2. آلن بدیو: سوژه هنر، در (آلن بدیو، کتاب رخداد)، گزینش و ویرایش: مرادفرهادپور و دیگران، چاپ دوم، انتشارات رخداد نو، تهران، 1389.

3. بەختیار عەلی، سێوی سێهەم، چاپی یەکەم، ئەندێشە، سلێمانی، ل 116.

4. پێشڕەو محەمەد: سوژەی شۆڕش (ئایا دەشێت ڕووبەڕووی سیستەم ببینەوە؟)، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە (427)، دووشەممە، 2013-7-1.

# باسم ڕەسام:
## من سیمبووڵی ماسیم تێکشکاندووە، لە قوربانییەوە کردوومەتە جەللاد




**سازدانی: ستار قادر**

هونەرمەند باسم رەسام لەم گفتوگۆ هونەرییەدا لەمەڕ وێنەکێشان و تایبەتمەندیی فیگورەکانی و هونەری دیزاین لەو پرۆژەیەی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا لە ژێر ناوی "هاوڕێ ئێرانییەکەم ئازار مەدە" لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی نمایش کرا، دەدوێت











***سەرەتا پێش ئەوەی بێینە سەر قسەکردن لە سەر پرۆژەی ئەم نمایشەت، دەکرێت باس لە وێنەکێشان بکەیت کە لە لات چ مانایەک دەبەخشێت؟**

-لە لای من ڕەسم دابەش بووە بە سەر دوو دونیادا، دونیایەکیان کە ئیشی ڕۆژانەم بووە کە گرافیکە، واتە دیزاینە بۆ کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەکان، ئەوی تریان دونیای وێنەکێشان خۆیەتی، وەک کاری هونەریی پەتی. من بەردەوام لە نێوان ئەم دوو دونیایەدا ژیان دەکەم، زۆر کات هەبووە و ویستوومە ئەم دوانە لە نێومدا جودا بکەمەوە، بەڵام پێناچێت توانیبێتم، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ لێکنزیکی و پەیوەستییەکی دیالێکتیکییانەی کە هەریەک لە رەگەزە سەرەکییەکانی ئەم دوانە پێک دەهێنن.

***ئارەزوو دەکەم زیاتر لە سەر دونیای ڕەسم بدوێین، لەو پرۆسەیەدا پشت بە چی دەبەستیت؟**

-دیارە من لە وێنەکێشاندا- وەک لە ئیشەکاندا دەبینیرێت- پشت دەبەستم بە فیگەر، واتە فۆرمی مەئلوف کەرەسەیەکی هەمیشەیی من بووە بە بەردەوامی بۆ گوزارشتکردن، فیگەریش هەمیشە تووشی ریوایەتکردنێکی چیرۆکئامێزی گێڕانەوەییت دەکات، بەڵام بە جۆری گێڕانەوەیەکی سیناریۆیی رووت ناڵێم، بەڵکو بە شێوەیەکی ئایکۆنی فیگەرەکان تێک دەشکێنم تاکو ئەوەی خۆم مەبەستمە بیخەمە ڕوو، لە دەرئەنجامی پرۆسەی رەسمکردنمدا.

***سەرەتاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵبژاردنی فیگەرێک لای تۆ چۆنە؟**


-هەر فیگەرێک ئیتر فیگەری ئینسان، دڕندە، ماسی..هتد، کە من ئیشی تێدا دەکەم، ئەبستراکتی دەکەم لەو مانا و دەلالەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییەی کە بارگاوییە پێیان، واتە هەتا بۆم بکرێت لە رەمزیەتی رووت دەکەمەوە و ئیش لە سەر خودی فۆرمی فیگەرەکە دەکەم، بۆیە زۆرکات لە ئیشکردنمدا بەهای تایبەتیی خۆمی پێدەبەخشم، بەڵام لەبەر ئەوەی خودی خۆشم خاوەن کەسێتی و باکگراندی کولتووریی تایبەتم، بۆیە ئەو فیگەرانە ڕەنگوبۆی خۆم دەگرن. وەک دەبینرێت فیگەری سەرەکیی ئەم نمایشە کە ئیشم لە سەر کردووە فیگەری ماسییە.


***چۆن ئەم پرۆژەیەت بەئەنجام گەیاند، مەبەستم لە کارکردنە لە پێانگایەکدا کە سەرجەم تابلۆکان لە ژێر ناونیشانێکدا خۆیان خڕ دەکەنەوە؟**

-سەرەتا چوار تابلۆم بە ئەندازەی چوارگۆشە دروست









کرد و ئیتر لە سەر هەمان پێوانە و لە سەر هەمان بابەت بەردەوام بووم لە وێنەکێشاندا، وەک دەبینن لە کارەکاندا سەرجەمیان نیگای گرافیکی باڵی کێشاوە و زاڵە بە سەریانەوە، دیار ئەوکات لە کاتی رەسمکردنی ئەم تابلۆیانەدا چەند خوێندکارێکم ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەبوو لەبەر ئەوان و لەبەر ئیشکردنە رەوایەتنامێژەکانی خۆم ئەم چەند تابلۆیە لە ژێر ئەو ناوەدا بەرهەم هاتن.

***کە دەستت پێکرد ناوی پێشانگەکەت لە لا قورمۆڵە بووبوو؟**



-ناودانان زیاتر پەیوەستە بە مانای گرافیکی و کاریگەرییەکانی ئیشکردن بۆ دەق چونکە لە کاری گرافیکدا سەرەتا ناوێک یان مەفهومێک هەیە بۆ ئیشکردن.

***مانای فیگور و بەهای فیگوری ماسی لە کاری ئیشەکانی ئەم نمایشەدا چییە؟**

-فیگوری ماسی چ دەلالەتێک هەڵدەگرێت، زۆرێک لە مانا لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بەلایەک بە لای منەوە ماسی وەک بوونەوەرێک لە بووندا شایستەی بەزەییە، لێرەوە گوزارشتم لێکردووە، دواتر ئەم سیمبوولەم تێک شکاندووە، لە قوربانییەوە کردوومەتە جەللاد و ئەمە لە خۆیدا دوولایەنەیە، واتە یەکێکیان ئەوەیە کە ماسی ئێمە هەڵدەخەڵەتێنێت بەوەی کە وەک قوربانی خۆیانمان




پێشان دەدات و ئەوی تریان لە لایەن ئێمەوەیە کە هەڵیدەخەڵەتێنین. لە پێشانگەکەی پێشووترمدا زیاتر کاری رەسمم کردبوو و هەندێک درندەییم پێشان دابوو کە وەک دێوە درندەییەکانی نێومان ئامادەن وەک ئینسان، بەڵام ئەم پێشانگەیە زیاتر لە سەر دوالیزمی ماناکانی ماسی بوون.


***لەگەڵ فیگەر و رەنگ و هێڵەکاندا و لە نێو تابلۆکانی ئەم نمایشەتدا نووسینی رستە و وشەکان رۆڵێکی بەرچاویان هەیە، ئەم ستایلی ئیشکردنە لای تۆ لە کوێوە هاتووە؟**

-دیارە وەک کاری نووسین زۆر لە مێژە من دەنووسم و دەقی شیعریشم چاپ کردووە، ئەو نووسینانەی نێو تابلۆکان هەر هەموویان هیی خۆمن. حەز ئەکەم پێت بڵێم کە پیشوەخت هیچ پلانێکم بۆ بەکاربردنی نووسین دانەناوە، بەڵکو لە چرکەساتی ئیشکردنمدا ئەو رستە

و وشانەم بە کار بردووە. وەک پێشتر وتم ئایدیا و بیرۆکە کاریگەریی هەیە لە سەر کاتی ئیشکردنم، بۆیە لەم پرۆژەیەمدا کە تایبەتن بە بیرۆکەیەکی دیاریکراو، نووسینەکانیش بارگاوین بەو بیرۆکانە و مامەڵەیەکی هونەریی هارمۆنییانەم لەتەکدا کردوون، بەڵام جار هەیە لە دوای نووسینی تێکست لایەنی پۆزەیشەن و لایەنی هونەری بە دووی نووسین دەکەون، پێشم وایە کە پیت و وشەکان پێش ئەوەی هەڵگری مانا بن فۆرمێکی ئایکۆنین و من وەک رەسام مامەڵەیەکی شکڵیی لەگەڵدا دەکەیم، بە داخەوە لێرە زۆرێک لە بینەران و هونەرمەندانیش هێندەی دوای مانا دەکەون هێندە لەگەڵ لایەنی فۆرمی پیت و رەنگەکاندا ناژین.

***بەشێک لە کاری سەرەکیی تۆ دیزاینە، هەروەک کاریگەرییەکانی ئەم هونەرە بە سەر کارەکانی ئەم پێشانگایەشەوە دەبینرێن، ڕاتان لە سەر دیزان وەک هونەرێکی تا ڕادەیەک نوێ لە کوردستاندا چییە؟**

-دیزاین خاوەن ناسنامەی خۆیەتی کە پەیوەستە بە مێژوو و کولتووری ئەو شوێنەی کە تێیدا بەرهەم دێت.ئەوکات کە هاتمە کوردستان هەندێک کتێبم بینی کە بڕێکی زۆر لە کارەکانی خۆم دەچوون، واتە وەک شێواز و وەک ئەو موفرەدانەی کە بە کارم هێنابوون لە دیزایندا، دیارە لە ژێر هەندێ ناودا ئەم کارە کرابوون. بە بۆچوونی من دیزاین هێندەی پیشەیەکی ئەندازەیی حیرەفییە، هێند کارێکی هونەری نییە، بەڵام ئەم ئەندازەییە بارگاوییە بە گرافیک و پشتئەستوورە بە رەگەزەکانی رەسم. بۆیە دیزاین لێرە لە هەنگاوە سەرەتاییەکەیدا وەک حرفەیی ئەم کارە دێتە بەر چاو.





# چاوپێکەوتن لەگەڵ

# باسم ڕەسام

باسم ڕەسام

باسم ڕەسام:

●1960 لە بەغداد لە دایک بووە.

●1977 نووسینی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

●1982 بووەتە پێشمەرگە و چووەتە شاخ.

●1992-2000 زیاتر لە 13 پێشانگای تایبەتیی کردووەتەوە.

●دیزاینی زیاتر لە 2000 بەرگی کتێبی شیعری بۆ شاعیرانی ئێرانی چاپ کردووە.

●تا ئێستا دوو کتێبی بە فارسی بە چاپ گەیاندووە.

●لە 2003 خەڵاتی باشترین دیزاینی بۆ بەرگی گۆڤار لە تاران وەرگرتووە.

●تا ئێستا لە سەر کارەکانی هونەرمەند، نامەیەکی ئیلام و دوو نامەی بەکالۆریۆس نووسراوە.


●پێم باشە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین بە گفتوگۆکەمان

- زۆر باشە

●ئەوەندەی لە یادت بێت لە کەیەوە وێنە دەکێشیت؟

- ئەوەندەی لە بیرمە زۆر منداڵ بووم پێش چوونم بۆ قوتابخانە وێنەکێشان تاکە پەناگەم بووە لە ماڵێکی قەرەباڵغدا.

بیرمە بەدەر لە وێنەکێشان پەیکەریشم بە قوڕ دروست دەکرد.



***ئایا لە ماڵەوە کەسێک هەبووە لە بەردەمتدا وێنە بکێشێت و تۆ سەرسام بوویت پێی زیاتر لە هەر کەسێک؟**

-بۆ ئەو قۆناغە کەسێکی وا نەبووە، بەڵام جارێکیان دایکم ڕەسمێکی لە بەرچاوما کرد، هەروەها پووریشم ڕەسمی دەکرد بەڵام بە شێوەیەکی وا نەبوو سوودیان لێوەرگرم، بۆیە پێم وایە زیاتر حەزی ڕەسمکردن وەرسی بووە لە لام.

***ئەی کە چوویتە قوتابخانە مامۆستایەکی وەها نەبوو کە لە ژێر دەستیدا کاریگەری هەبووبێت و پەرە بە وێنەکێشان بدەیت؟**

-بەڵێ لە قۆناغی سەرەتایی مامۆستایەکی هونەرمان هەبوو ناوی عەبدولڕەزاق بوو، زۆر سوودم لێوەرگرت ئەگەرچی ئەو مامۆستایە ڕاستەوخۆ وێنەی لە بەرچاومان نەدەکێشا، بەڵام هەستی دەکرد من و تەلەبەیکی تر لە ڕەسمدا باشین، زۆر گرنگیی پێدەداین و تێبینیی وردی هەبوو لە سەر ڕەسمەکانم، زۆر جار بۆ چاککردنی تابلۆکان بە سەر ئەو هێڵانەدا دەچووەوە و بۆی ڕاست دەکردینەوە. بەڕاستی تێبینییەکانی بونیاتنەرانە بوو. حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم ئەوکات بوو خوشکەکەم فێری پیتە ئینگلیزییەکانی دەکردم هەر هەمان ئیمزای ئێستا کە لە سەر تابلۆکانم دیکەم لەو کاتەوە هەر بەو چەشنە ناوم لە سەر تابلۆکانم دەنووسی.

***وەک دەزانین هونەری شێوەکاری هونەرێکی شوێنگەییە و بۆ بەردەوامبوون و ئەزموونکردنی پێویستی بە شوێنێکی سەربەخۆ هەیە، ئایا تۆ ئەوکات شوێنێکی تایبەتت هەبوو لە ماڵەوە؟**

-بەڵێ. بەدەر لەوەی لە قوتابخانە، لە ماڵەوەیش



له سه‌ریان به موقه‌بای سه‌لاجه كه گه‌وره بوو ژوورێكی بچووكم بۆ خۆم درووست كردبوو كه زۆربه‌ی كات له‌وێ ره‌سمم ده‌كرد و زۆركات هاورێیه‌كی ئه‌و قۆناغه‌م ناوی جاسم بوو به یه‌كه‌وه له‌و ژووره سه‌رقاڵی ره‌سمكردن بووین. هه‌ر له سه‌ره‌تایی و له پۆلی دووه‌م مامۆستایه‌كی تازه‌مان بۆ هات، له قوتابخانه‌ی سه‌لاحه‌دین به ناوی محه‌مه‌د حسێنی، ئه‌گه‌رچی خۆی ئیختساسی شانۆ بوو، به‌ڵام زۆر زانستییانه فێری ئوسوڵی ره‌سمی ده‌كردین. من زۆر سوودم لێوه‌رگرت به تایبه‌ت لایه‌نی قیاساتی ده‌موچاو و قیاساتی له‌شولاری مرۆڤ و لایه‌نی سێبه‌ر و رووناكییش زۆر ملاحزه‌ی وردی پێده‌وتم، هه‌تا وه‌های لێهات له سه‌ر قوتابخانه هونه‌ریه‌كانیش ساڵانی دوایی به‌رچاوروونی كردین تاكو من چه‌ندین ئه‌زموون تابلۆی سوریالیم ده‌كرد. به‌ده‌ر له هه‌موو ئه‌م شتانه به جوهدی ئه‌و مامۆستایه وام لێهات جورئه‌ت په‌یدا بكه‌م و له هه‌موو شوێنێك بێ ره‌سم بكێشم، به تایبه‌تی سكێچ و ستیللایف و دیمه‌نی سرووشتی هه‌تا وه‌هام لێهات هه‌وڵی وێنه‌كێشانی شێوازی سوریالیم ده‌كرد كه وێنه‌ی به‌ده‌ر له شته واقعییه‌كانه.

***ئه‌ی سه‌باره‌ت به خه‌ونی چوونت بۆ په‌یمانگه‌ی هونه‌ره جوانه‌كان چی؟**

-به‌ڵێ هه‌ر له قۆناغه‌كانی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندییه‌وه ئه‌و خه‌ونه‌م هه‌بوو و ده‌شمزانی كه شوێنێكی وه‌ها هه‌یه به‌ڵام به حوكمی ئه‌وه‌ی ئێمه وه‌ك عائیله‌كه‌مان و زۆربه‌ی خه‌ڵك شیووعی بووین پێمان له‌نگی بوو كه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌وێ وه‌ربگیرێم ببمه به‌عسی، بۆیه ئیتر بیرم لێنه‌كرده‌وه، ئه‌مه ته‌ئسیرێكی وه‌های نه‌بوو له سه‌رم و به‌رده‌وام بووم له وێنه‌كێشان، هه‌تا ساڵی 1975 ئیتر نه‌متوانی بخوێنم و وازم له خوێندن هێنا و هه‌تا دوایی ئه‌وه له گه‌ڵ عائیله‌كه‌شم نه‌ده‌ژیام، چووم له دیاله ژیانم ده‌كرد.

***ئه‌ی چوونت بۆ شاخ هۆكاری چی بوو؟ ئایا له‌وێش هه‌ر خه‌ریكی وێنه‌كێشان بوویت له‌گه‌ڵ ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه‌ی كه ئه‌وكات له ئیعلامی یه‌كێتیدا بوون؟**

-من دوای گیرانم به تۆمه‌تی ته‌نزیمی دووساڵ له زیندان به‌رێم كرد، كاتێ به‌ربووم هه‌ر له ژێر سانسۆردا بووم، بۆیه بڕیارم دا بچمه شاخ. له قۆناغی شاخ له به‌ر قڵپبوونه‌وه‌ی ژیانم و چۆنێتیی ژیانی پێشمه‌رگایه‌تیم زۆر خه‌ریكی ره‌سمكردن نه‌بووم، ئه‌ویش به هۆی ئه‌وه‌ی كه پێشتر دوای دوو ساڵ سجن له به‌غدا هاتبووم هه‌تا چوونم بۆ تاران له ساڵی 1982دا، له‌وێ ئه‌و قۆناغه به تا یبه تی



# باسم رەسام


قۆناغی ژیانم لە بەرگەڵوو قۆناغێکی زۆر چارەنووسساز بوو بۆ ژیانی خۆم و ژیانی هونەرییشم. لە تاران وەک دەربرینی ژیانی نێو هاورێیانی ئەوێ و ژیانی پێشمەرگایەتی لەو کۆمەڵە تابلۆیەمدا کە زۆربەیان هێڵکاری بوون بەرجەستەیەکی ئەو زەمەنە بوون.

***ئەگەر لە باسم رەسام بپرسین چ هونەرمەندێک کاریگەریی بە سەرتەوە هەبووە تۆ کام هونەرمەند هەڵدەبژێریت؟**

-دیارە هونەرمەندانی وێنەکێش زۆرن کە زۆر سەرسام بووم پێیان، وەک گۆیا و پیکاسۆ و زۆرێکی تر، بەڵام لە هەموویان زیاتر کە من سەرسامم بە تابلۆکانی فرانسیس بیکۆنە، چونکە تابلۆکانی بیکۆن کردەی رەسمکردن خۆیەتی نەک تابلۆی شیعاری بن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی زۆری کارەکانی من تابعی شیعاری زیاتر پێوە دیارە، بەڵام لەلای بیکۆن جیاواز لە هەر هونەرمەندێکی تر رەسامانە وێنەی کێشاوە.

***وەک لە زۆربەی تابلۆکانتدا دیارە کە تۆ زۆر بە ئاشکرا نووسین و حەرفەکان زۆر بەکار دەهێنی لە ناو تابلۆدا، ئایا ئەمە هۆکارێکی هەیە لەلای تۆ؟**








-زۆربەی هۆکاری بەکارهێنانی نووسین لە تابلۆدا وەک چەند هێڵێکی بەیەکداچوو بە کار دەبەم، ئەمەش دەچێتە خزمەت کەمپۆزەیشەنی ئەو تابلۆیانەوە. هەنێ جاریش ناوی شوێن و رستەی مەفهوم کە پەیوەستە بە ناوەرۆکی ئەو تابلۆیەی لە بەردەستمایە.


*** دوا پرسیام لەسەر ئەوەیە، ئایا دوو کایەی وەک دیزاین و تابلۆکێشان چۆن مامەڵەیەک دەکەیت لەو نێوەندەدا؟**


-وەک دەزانیت ئەو رەگەز و کارکردانەی دەبنە دارشتەی تابلۆیەک هەمان رەگەزیشن کە لە کارێکی دیزایندا بە کار دەبرێن، هەردووکیان دەکرێت بە کاری هونەری ناوزەد بکرێن، بەڵام ئەوەی کە لە یەکترییان جودا دەکاتەوە، هەرچی دیزاینە برێکی زۆر لە سەربەستیم داگیر دەکات لە پێناو بەرجەستەکردنی ناوەرۆکی کتێبەکە یان ئەو جۆرە دیزاینەی کە لە بەردەستمدا هەیە، بەڵام لە رەسمکردندا هەموو ئیحساس و ناوەرۆک هیی خۆمن، بۆیە زۆر سەربەستانە بەرخورد دەکەم لە چاو کارێکی دیزایندا.
















Basim 2011


Basim 2012

